KARAMAX

د. طارق السويدان

# ڕێبەری وتاربێژی سەرکەوتوو

*- Praise Be To Allah "*




وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە: **مەریوان عارف عەلی**

Scanned by CamScanner

به ناوی خودای

بەخشندەی میهرەبان

Scanned by CamScanner



# ڕێبەری وتاربێژی سەرکەوتوو

**نووسینی: د. تارق ئەلسوەیدان**

وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە: مەریوان عارف عەلی

پێداچوونەوەی: عبدالقادر عەلی - شەماڵ ئەبوبەکر

نۆرەی چاپ: یەکەم | ٢٠١٧

نرخ: ١٣٠٠٠ دینار

دیزاین: ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٢٦)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە.

© لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی یاسایی نێوان کۆمپانیای (الابداع الفکری) و وەرگێڕ، هەموو جۆرە مافێکی چاپو بڵاوکردنـەوەی ئـەم پـەڕاوە دراوە بە وەرگێڕ. هەربۆیە هیچ کـەس و دەزگا و لایەنێکی تر مافی ئەوەی نییە بە هیچ جۆرێك ئەم پەڕاوە چاپ یان کۆپی بکات. یاخود سکانی بکاتو لە وێب سایتو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دایبەزێنێت. یاخود بە بێ ڕەزامەندی وەرگێڕ لە شـێوەی دەنگیدا تۆمـاری بکات. بە پێچەوانەوە وەرگێڕ مافی خۆیەتی هەموو ڕێگا یاساییەکان بگرێتەبەر دژی کەس و لایەنی سەرپێچیکار.

Scanned by CamScanner

## پێشکەشە بە:

لە ئاست نرخ و بەهای ئینسان، ئەگەر بدرایە پێی خەڵات

بە تۆم پێشکەش دەکرد دنیا، لە خۆرئاوا تا خۆرهەڵات

Scanned by CamScanner

# پێشکەشکردن

ئەم پەڕاوە پێشکەش بە هەر کەسێك دەکەم کە خوازیارە لە مەیدانی وتاربێژیدا ئەسپی خۆی تاوبدات و بچێتە سەر مینبەری وتاربێژان و، لەناو نوور و جەلال و شکۆمەندی ئەم هونەرە جوان و ناوازەیەدا بەرەو بالآبوون بچێت .. کە ئەویش بریتییە لە ڕێبەری وتاربێژی سەرکەوتوو... زانست دەریایەکی بێ کەناری، بێ پایان و بێ کۆتایە، یەکێك لە پایەکانی ئەم زانستەش توانای گەیاندنی ئەم زانستەیە بەو کەسانەی شایستە و شایانی ئەوەن فێری ئەم زانستە ببن.

ئەم پەڕاوە پێشکەش دەکەم...
بەوانەی دەردەسەری ڕێی گەیاندنی زانیارییان چەشتووە و، بەرپرسیارێتی فێرکردنی خەڵکیان لە ئەستۆ گرتووە، جا بە وانەوتنەوە بێت یاخود بە وتاربێژی یان بە فێرکردن، هەروەها بە هەرکەسێك کە بایەخ بەم هونەرە مەزنە دەدات.

**د. تارق ئەلسوەیدان**



Scanned by CamScanner

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پێشەکی چاپی کوردی

کوردەکان میلەتێکی بەڕێزو تێکۆشەرو ستەم لێکراون، میلەتێکن خۆشەویستیەکی تایبەتیان لەناو دڵمدا هەیە، هەرچی خەسڵەتو بەهای ڕەسەن هەیە لەم میللەتەدا بینیومە، خۆشەویستیەکی قوڵیان هەیە بۆ ئیسلام، لەناخی کوڕانو کچانی کورددا هەستم بەوە کردووە کە دەیانەوێت بەشداری بکەن لە سەرلەنوێ هەستانەوەی نەتەوەی ئیسلامو، بونیادنانی ئەو شارستانیەتەی کە بەڕێوەیە بۆ پێشەوایەتی کردنی مرۆڤایەتی لەسەر بنەماکانی دادگەریو ئاشتی، وە ڕزگاری بکات لەو کوێرەوەریەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا دروستی کردووەو بووەتە هۆی دارمانی مرۆڤو بەهاکانی شارستانیەتێکی هۆشیارو دروست.

ئەو کوڕو کچە لاوە کوردانە سەرقاڵی بەدەستهێنانی ئەو کارامەییانەن کە پێویستە لە هەموو مرۆڤێکی کاراو هەموو سەرکردەو پێشەوایەکدا هەبێت.

کارامەیی هونەری وتاربێژیش لەڕیزی ئەو کارامەییانەدایە کە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر جوڵاندنی جەماوەرو گۆڕینی قەناعەتو باشترکردنی ئاستیان.

دەمەوێت سوپاسی تەواوی خۆم پێشکەشی (مریوان عارف)ی براو (کۆمپانیای کاراماکس بۆ ڕاوێژکاریو ڕاهێنانو گەشەپێدان) بکەم کە هەستاوە بە وەرگێڕانی پەڕاوەکە بۆ زمانی کوردی، ئەمەش دەستپێکی هاوکاری نێوان ئەوانو کۆمپانیاکەمان (الإبداع الفكری)ە، بە ویستی خوای مەزن بە دوای ئەم پەڕاوەدا پەڕاوەکانی تریشمان دەکرێنە کوردی.

هەروەك داوا لە خوای پەروەردگاریش دەکەم کە سێبەری ستەم لەسەر ئەم میللەتە بەڕێزە هەڵبگرێت، بۆ ئەوەی مافی دادگەرانەی خۆی وەربگرێتو خۆی مافی چارەی خۆنوسینی خۆی دیاری بکات، لە خوای گەورەیش داواکارم وەرگێڕانی ئەم پەڕاوە بەشداری بکات لە پەرەپێدانی گەنجانی کورد، بۆ ئەوەی (بە ویستی خوای پەروەردگار) لەگەڵمانداو بە زووترین کات شارستانیەتی هۆشیارو دروستی داهاتوی ئیسلام بونیاد بنێت.

خۆشەویستیو ڕێزی تەواوو نزای خێرم هەیە بۆتان

**د. تارق ئەلسوەیدان**



Scanned by CamScanner

# دەروازەکان




Scanned by CamScanner

# پێڕست


• دەروازەی یەکەم

**بەر لە دەستپێک** ١٠

دەستپێك و پێشکەشکردن ١٢

پێناسەی وتاربێژیی ١٦

چەمکی وتاربێژیی ١٨

سوودەکانی وتاربێژیی ٢٠

وتاربێژیی لە ئیسلامدا ٢١

خەسڵەتەکانی وتاربێژی ناوازە ٢٤

پەیوەندی نێوان بەشەکانی وتار ٢٩

چەند زانیارییەکی گشتی ٣٠

• دەروازەی دووەم

**پلاندانان** ٣٢

ئامادەبووان ٣٣

ئامانجەکان ٣٩

جۆرەکانی وتار ٤٢

دیاریکردنی کات ٦٢

• دەروازەی سێیەم

**ئامادەکاری** ٦٧

ئامادەکردنی شوێن ٦٨

هۆکارەکانی روونکردنەوە ٧٩

وتاری ناڕاستەوخۆ و دوورماوە ١٠٢

مەشقکردن ١٠٥




Scanned by CamScanner

- دەروازەی چوارەم

**ریزبەندی** ١١٦

پێشەکی ١١٧

ناوەرۆکی بابەت ١٢٢

کۆتایی ١٥٢

- دەروازەی پێنجەم

**وتاربێژیی** ١٥٨

ناوازەیی ١٥٩

شێواز ١٧٣

جووڵە ١٨٣

پرسیارەکان ١٩٦

ئەو کەسانەی کێشە دەنێنەوە ٢٠١

- دەروازەی شەشەم

**هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەشکردنی وتار** ٢١٠

کۆتایی هێنان و پەرەپێدان ٢١١

هەندێك گرفت و هەڵەی باو ٢١٦

وتارێك بدە و هەڵی بسەنگێنە ٢١٨

هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی وتارەکە ٢٣٠

چەند نموونەیەك لەسەر ئامادەکردنی وتار ٢٤٧




Scanned by CamScanner

# دەروازەی
# یەکەم
# «بەر لە دەستپێك»


- بەر لە دەستپێك ١١
- دەستپێك و پێشکەشکردن ١٢
- پێناسەی وتاربێژیی ١٦
- چەمکی وتاربێژیی ١٨
- سوودەکانی وتاربێژیی ٢٠
- وتاربێژیی لە ئیسلامدا ٢١
- خەسڵەتەکانی وتاربێژی ناوازە ٢٤
- پەیوەندیی نێوان بەشەکانی وتار ٢٩
- چەند زانیارییەکی گشتی ٣٠




Scanned by CamScanner

# بەر لە دەستپێك



«زگ زگلر»ی وتاربێژی بەناوبانگ وتەیەکمان لە (دوسکۆ درۆمۆند) بۆ دەگوازێتەوە کە دەڵێت:

زگ زگلر

(ئەگەر ناچار بکرێم دەستبەرداری سەرجەم بەهرە و تواناکانم ببم و، تەنها مافی هەڵبژاردنی یەك بەهرەم هەبێت، ئەوە بە بێ هیچ دوودڵییەك توانای قسەکردن هەڵدەبژێرم، چونکە دەتوانم بەو هونەرە تەواوی بەهرەکانی ترم بە خێرایی بەدەست بهێنمەوە).

Scanned by CamScanner

# ١. دەستپێك و پێشكەشكردن



سوپاس و ستایش بۆ پەروەرگاری هەردوو جیهان، دروود و سلاو برژێت بەسەر گیانی پاكی دوایەمین پێغەمبەری خوادا كە خاوەنی وتەی پوخت و پڕمانایە و، تا ڕۆژی دوواییش پەیامەكەی باشترین پەیامە بۆ نەتەوەكەی و تەواوی خەڵكی سەر زەمین.

پاشان، بە ڕاستی نیعمەتەكانی خودای مەزن هێندە زۆرن كە لە ژماردن نایەن، چاكە و بەخششەكانی بەسەر بەندەكانییەوە لە ژمارەی هەناسەكانیان زۆرترە، بەلام پەروەردگارمان لە ناو ئەو بەندانەی خۆیدا هەندێكیان هەڵدەبژێرێت و ئەركی گەیاندنی پەیامەكەی و ڕێنماییكردنی خەڵكیان پێ دەسپێرێت، هەندێكی تریشیان ئەركیان بریتی دەبێت لە گوێگرتن...

بەو پێیەی كە وتاربێژیی یاخود هونەری وتاردان بەهرەیەكی مەزن و بەخششێكی گەورەیە، زانایان لە نووسینەكانیاندا بەند و بەشی تایبەتییان بۆ تەرخان كردووە، كردوویانەتە هونەرێكی سەربەخۆی ئەوتۆ كە پێوەر و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەبێت و، داهێنانی زۆر و ناوازەیان تێدا كردووە، ئەگەر ڕۆژئاوا لە دانانی ڕێسا و یاسا و بناغەكانی ئەم هونەرەدا پێشمان كەوتبێت، ئەوا پێشینانی ئێمە پێش هەموو نەتەوەكانی دنیایان داوەتەوە لە جوانی وتاردان و پێشكەشكردنی ئاستێكی بەرزدا، نموونەی ئەم حاڵەتەش لای موسوڵمانان لەوە زیاترن ئەژمار بكرێن و لەوەش ناوازە و دڵگیرترن كە باس بكرێن، ئەوان زۆر هونەرمەندانە وتاریان دەدا و مامەڵەیان لەگەڵ وتاردانداكرد، دواتر كەسانێكی دیكە هاتن یاسا و ڕێسا و بنەما و مەرجیان بۆ دانا...

ئیشی ئێمەش لەم پەڕاوەدا ئەوەیە كە هەندێك لە ڕاستی و نهێنییەكانی ئەم هونەرە و كارامەیی و شێوازەكانی بۆ خوێنەری بەڕێز و ڕاهێنراوی تێكۆشەری ئەم ڕێگایە ڕوون بكەینەوە، كە بە هۆیانەوە توانای ئەوەی هەبێت بچێتە سەر مینبەر و وتار بۆ خەڵك بدات، هەرچەند ئێمە پێمان وایە بۆ گەیشتن بەو ئاستەی باسمان كرد پێویست دەكات جگە لەم پەڕاوە سەرچاوەی تریش بخوێنرێتەوە، بەلام لە ڕاستیدا ئەم نووسراوەی بەردەستیشتان بە دەروازە و دەستپێكێكی باش دادەنرێت بۆ ئەم زانستە پڕبایەخە و سەرەتایەكی باشە و، هەركەس بیەوێت ئەم ئامانجە مەزنە بەدەست بهێنێت دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت، كە ئەویش ئامانجی هونەری وتاردان و وتاربێژییە.

هەوڵمان داوە شێوازێكی نوێی ئەوتۆ دابهێنین ڕیزبەندیی پەڕاوەكە كورت بكاتەوە، كە دوای بیركردنەوەیەكی زۆر خوای گەورە یارمەتی داین بۆ ئەوەی ئەم شێوازە دابهێنین كە ناوم لێ ناوە پێنج (P)یەكە (5P'S).

**وتوویانە**

له ڕابردوودا ئێمە مامۆستاو سەرداری دنیا بووین، ئەی ئەمڕۆ چیمان لێ بەسەرهاتووە! ئاوابووین بە خزمەتكاری خەڵك.

ئەم کارەشم بۆ ئاسانکردنی ریزبەندی لە خستنەڕووی بابەتەکاندا کردووە، کە لە هیچ پەڕاوێکەوە وەرم نەگرتووە، بەڵکو بەخششێکی خوای بەرز و پاك بوو، بۆیە لە خوا داواکارم کە پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە ببێتە مایەی سوودمەندی خوێنەری بەڕێز، شێوازەکەش بریتییە لە:

## نموونەی (5p's)

| | | |
|---|---|---|
| P 1 | Planning | پلاندانان |
| P 2 | Preparation | ئامادەکاری |
| P 3 | Pattern | ریزبەندی |
| P 4 | Presentation | وتاردان |
| P 5 | Performance Evaluation | هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەنجامدان |

- **دەروازەی یەکەم**
- پێناسەی وتاربێژی
- چەمکی وتاربێژی
- سوودەکانی وتاربێژیی
- وتاربێژیی لە ئیسلامدا
- خەسڵەتەکانی وتاربێژی ناوازە
- پەیوەندی نێوان بەشەکانی وتار
- چەند زانیارییەکی گشتی

پەڕاوەکەمان لە شەش دەروازە پێك دێت، هەر دەروازەیەکیش چەندین بەندی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت. **دەروازەی یەکەم** تایبەتە بە قسەکردن لەسەر **چەمکی وتاربێژیی و پێناسەکانی**، سوودەکانی و هەندێك نموونەی مێژوویی و ئیسلامیی، هەروەها لەم دەروازەیەدا هۆکاری پێویستبوونی وتاربێژییمان روون کردووەتەوە، پێناسەیەکی کورتی خەسڵەتەکانی وتاربێژی لێهاتوویشمان کردووە، هەروەها باسی خەسڵەتەکانی وتاری باشمان کردووە لە ڕووی پەیوەندیی و گونجاوییەوە، بە هەمان شێوە و بەر لەوەی بچینە ناو بابەتەکەمانەوە هەندێك زانیاریی گشتیشمان باس کردووە.





Scanned by CamScanner



**دەروازەی دووەممان** تەرخان کردووە بۆ (**پلاندانان**) کە چەند بەشێکی لە خۆ گرتووەو تیایدا بایەخمان داوە بە لێکۆڵینەوە لە بەژداربووانی وتار و ڕەچاوکردنی بارودۆخی بەژداربووان لە ئامادەکردنی وتارەکەدا، پاشان هاتووین باسی ئەو شوێنەمان کردووە کە وتارەکەی تێدا پێشکەش دەکرێت و، کۆڵینەوە لەو شوێنە و ڕادەی کاریگەرییەکەی لەسەر پێشکەشکردنی وتار و شێوازی وتارەکە، بە هەمان شێوە هاتووین قسەمان لەسەر ئامانجە تایبەت و گشتی و شاراوەکانی وتار کردووە، دواتر چووینەتە سەر قسەکردن دەربارەی جۆرەکانی وتار و دابەشمان کردووە بۆ وتاری تایبەت بە پێدانی زانیاری و وتاری قەناعەت کردن بە بەرامبەر و، وتاری بۆنەکان، جگە لەمانە و هەر لەم بەشەدا هاتووین باسێکی گرنگی کاتمان کردووە لەگەڵ چۆنێتی دابەشکردنی بە سەر بەشەکانی وتارو، کاتی گشتی تەرخانکراو بۆ وتارو هەندێك شتی دیکەی لەم جۆرە....

**دەروازەی سێیەم** تایبەتە بە(**ئامادەکاری**)، چی لەو لایەنەوە بێت کە پەیوەندی بە شوێنی ئامادەکراو بۆ وتاردان و، ئامادەکردنی پێویستیەکانی بیستراوو بینراوەوە هەبێت، یاخود پەیوەندی هەبێت بە مەشقکردن لەسەر چۆنێتی وتاردان، بەر لەوەی لە دنیای واقیعدا وتارەکە پێشکەش بکەین، بە هەمان شێوە باسی جۆرەکانی وتاری ناڕاستەوخۆو دوورماوەمان کردووە.



**دەروازەی چوارەممان** تایبەت کردووە بە (**ریزبەندی**)ەوە، کە تیایدا هەستاوین بە ڕوونکردنەوەی بەشەکانی وتار و سەرجەم لقەکانی، بە پێشەکی و ناوەڕۆکی پێشەکی و نموونە و ئامانجەکانی پێشەکی دەستمان پێکردووە و، دواتر چوینەتە سەر کرۆکی بابەتەکە و چۆنێتی نووسینی ناوەڕۆکی وتارو، شێوازەکانی دابەشبوونی وتارمان باس کردووە، هەروەها بەندێکیشمان تایبەت کردووە بە ئامادەکاری بۆ وتاردان لە ڕووی نووسینی بابەتی وتارەکەو کۆکردنەوەی زانیاری و، بەڵگەی پێویستیشمان بۆ هێناوەتەوە، پاشان چوینەتە سەر کۆتایی و تیایدا ئامانجەکانی کۆتاییهێنانی وتارو ڕێگاکانی

- **دەروازەی دووەم**
  - ئامادەبووان
  - ئامانجەکان
  - جۆرەکانی وتار
  - دیاریکردنی کات

- **دەروازەی سێیەم**
  - ئامادەکردنی شوێن
  - هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە
  - وتاری ناڕاستەوخۆ و دوورماوە
  - مەشقکردن

- **دەروازەی چوارەم**
  - پێشەکی
  - ناوەڕۆکی بابەت
  - کۆتایی



Scanned by CamScanner

- **دەروازەی پێنجەم**
- ئاوازەیی وتاربێژ
- شێواز
- جووڵە
- پرسیارەکان
- ئەو کەسانەی کێشە دەنێنەوە

باس کردووە هەروەها هەندێك نموونەی باشیشمان بۆ چۆنێتی کۆتاییهێنان بە وتار باس کردووە لە هەموو بەندەکانیشدا هەندێك ئامۆژگاریمان خستووەتە پێش چاوی خوێنەر و وتاربێژ.



**دەروازەی پێنجەم** تایبەتە بە **(وتاردان)**، قسەکردنمان لەم بەشەدا تایبەتە بە خودی وتاربێژ و، چۆنێتی وتاردان بە شێوازێکی لێهاتووانە. پاشتریش باسی ئەو شێوازەمان کردووە کە پێویستە هەموو وتاربێژێك بیزانێت لە ڕووی: بایەخدان بە دەنگ و هەمەڕەنگیی، ئاشنابوون بە هونەری شوێنەکانی وەستان. دواتر باسی زمانی جەستەمان کردووە، لەگەڵ چۆنێتی جووڵەکردن لەناو بەژداربووان و هەر بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بەم خاڵەوە، وەك شکڵ و شێوە و جووڵەی دەستەکان و ڕووخسار و چاوەکان، دواتر بە باسکردنی چۆنێتی بەڕێوەبردنی پرسیار و گفتوگۆکانی کۆتایی وتار کۆتاییمان بەم دەروازەیە هێناوە. دواجاریش باسمان لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشە سازکەرانە کردووە کە لەوانەیە وتاربێژ تووشی ببێت بە تووشیانەوە.

- **دەروازەی شەشەم**
- کۆتایی هێنان و پەرەپێدان
- هەندێك گرفت و هەڵەی باو
- وتارێك بدە و هەڵی بسەنگێنە
- هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی وتارەکە
- چەند نموونەیەک لەسەر ئامادەکردنی وتار

بە **دەروازەی شەشەم** کۆتاییمان بە پەڕاوەکەمان هێناوە و تەرخانمان کردووە بۆ **(هەڵسەنگاندنی ئاستی وتاردانی وتاربێژ)**. ئەم دەروازەیان ئیشی ئەوەیە کە بگەڕێت بە دوای بنەماکانی دروستکردنی فۆرمی هەڵسەنگاندن و شێوازی داڕشتن و دابەشکردنی بەسەر بەژداربوواندا. لەگەڵ ئاماژەکردن بەو هەڵە باوانەی کە لە هەندێك نموونەی شیکار(تحلیل)ی بەکارهاتوو بۆ هەڵسەنگاندنی وانە یان وتاردا ڕوو دەدەن. هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو کێشانەی دێنە ڕێی وانەبێژ یان وتاربێژ. پاشان نموونەی وتارێکی ڕاستەقینە دەخەینەڕوو، بۆ ئەوەی لە لایەن خۆتانەوە هەڵی بسەنگێنن.

لە کۆتاییشدا، داواکارین لە پەروەردگار سەرکەوتوو بووبین لە خستنەڕووی زانیاریی بەسوود بۆ هەر کەسێك کە خوازیارە بچێتە مەیدانی وتاربێژیی و وتاردانەوە و، دەپاڕێینەوە لە پەروەردگار کە ئەم کارەمان تەنها لەبەر خاتری ئەو بوو بێت و، بیکاتە مایەی سوودمەندیی هەموو ئەوانەی بایەخ بەم بوارە دەدەن. سوپاس و ستایشیشمان بۆ پەروەردگاری هەردوو جیهان نزای کۆتایی ئێمەیە.

**د. تارق ئەلسوەیدان**



Scanned by CamScanner



## ٢. پێناسەی وتاربێژی

**لە زمانەوانیدا:**
لە زمانەوانیدا وتاربێژی بریتییە لە قسەکردن بە شێوەی پەخشان، بەم ڕێگەیە قسەکەرێکی زمان پاراو کۆمەڵە خەڵکێك دەدوێنێت، بۆ ئەوەی ڕازییان بکات بە ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی کارێك.

**وتاربێژ:**
ئەو کەسەیە کە لە بری کۆمەڵێك قسە دەکات، یاخود ئەو کەسەیە کە وتار دەدات.

**لە پێناسەی زانایانیشدا:**
بریتییە لەو گوفتارەی کە بە شێوازێکی تایبەت ئامۆژگاری و پێ ڕاگەیاندن لەخۆ دەگرێت. بە کورتییەکەی وتاربێژی:

هونەری دواندنی خەڵکە، بە ئامانجی کارتێکردن یان کەمەندکێشکردنیان.

**وتاربێژی هونەرە:**
واتە وتاربێژی زانستێکە یاسا و بنەما و شێواز و مەرجی خۆی هەیە، کە ئەوەی بایەخ بەم بوارە دەدات پێویستە فێری ببێت و پرۆڤەی لەسەر بکات و خۆی ڕابهێنێت لەسەری، هێزی دەروونیو بەهرەی خواییش دەبنە پشتیوان و پاڵپشتێك بۆی. لێرەشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە وتاربێژی لەسەر دوو شتی بنەڕەتی دەوەستێت کە بریتین لە: زانست و بەهرە.

**وتاربێژی دواندنە:**
بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وتارەکە ڕاستەوخۆ و بە بێ هەبوونی نێوەندێك ئاراستەی گوێگران دەکرێت، کە بنەڕەت تێیدا بریتییە لە قسەکردنی سەرپێیی و، خۆ ئامادەکردنی پێشتر.

**کاریگەریی و کەمەندکێش کردن:**
ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕازیکردن یەکێکە لە گەورەترین تایبەتمەندییەکانی وتاربێژی، ئەمەیش مانای وایە کە وتاربێژ پێویستە ئاگاداری شێوازەکانی سەرنج ڕاکێشانی بەژداربووان و، چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی هەست و سۆزو ژیری خەڵك بێت بەرەو ئەو ئامانجەی کە دەیەوێت بیهێنێتەدی. ئەمەیش بە یەکێك لە بنەماکانی وتاربێژی دادەنرێت.

**پێناسە**

وتاربێژی بریتییە لە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو شتانەی کە دەمانگەیەنن بە قەناعەت دروستکردن سەبارەت بە هەر پرسێك لە پرسەکان

ئەرستۆ

## دەستپێك و پێشكەشكردن

### وتاربێژیی لە رابردوودا



لە كۆندا وتاربێژ لەسەر قاچەكانی رادەوەستا. خۆ ئەگەر لە دەشتاییدا بووایە دەچووە سەر بەرزاییەك. یاخود لەسەر پشتی ئاژەڵەكەیەوە وتاری دەدا. ئەمەیشی بۆیە دەكرد تاوەكو هەموو ئامادەبووان بتوانن بیبینن. وتاربێژ سەرپێیی و بێ كاغەز قسەی دەكرد و بیرۆكەكانی لە مێشكیدا ڕیز دەكرد و تەحەدای گوێگرەكانی پێ دەكرد.

وتارەكان پشتیان بە بەهێزی وتاردان و، تەحەداكردنی گوێگران و هونەری هەڵبژاردنی بەهێزترین واتا و دەستەواژەكان دەبەست. وتاربێژ لە وتارەكەیدا هەتا بۆی بكرایە وێنە و لەیەكچوون و هونەری جوانكاری و رەوانبێژیی و روونبێژی بەكار دەهێنا. بەشێوەیەك خەیاڵی گوێگرانی دەگواستەوە بۆ ناو دنیای وێنە و ئەندێشە. كە وایان دەزانی لەناو چیرۆكێكی راستەقینەی ڤیدیۆییدا دەژین، یاخود نمایشی چیرۆكێك دەبینن و چوونەتە ناو ورد و درشتی بەشەكانییەوە.

بەناوبانگترین وتاربێژەكانی سەردەمی نەفامی (قس بن ساعده الايادى)ە. وتارێكی بەناوبانگی هەیە و لە بەشێكیدا دەڵێت:
(ئەی خەڵكینە، ئەوەی ژیا مرد. ئەوەشی مرد ڕۆیی. ئەو شتانەی كە دێن هەر دێن. لە ئاسماندا هەواڵ هەیە و، لە سەر زەویش پەند وەرگرتن. نشینگەی ئامادەكراو و، بانێكی بەرز. ئەستێرەی خولاوە و، دەریای بێ پەی. قس سوێندی قورسی خواردبوو كە: ئەگەر ئەم كارە رازیبوونی تێدا بووبێت ئەوا دەبێتە تورەبوون. خوا ئایینێكی هەیە لە لای خۆشەویستترە لەو ئایینەی كە ئێوەی لەسەرن. دەبینم خەڵكی دەڕۆن و نایەنەوە. ئایا بەو پلە و پۆستەیان رازین و بۆی وەستاون. یان وازیان لێهێنراوە و خەوتوون).



> **ئایا دەزانیت**
>
> یەكەم پەڕاو كە لە هونەری وتاربێژیدا نووسراوە، كتێبی (وتاربێژی) ئەرستۆیە.

> **ئایا دەزانیت**
>
> ئایا دەزانیت: یەكەم كەس كە زانستی وتاربێژییان نووسییەوە یۆنانیەكان بوون!
> فیرعەونیش یەكەم وتاربێژی بەناوبانگە.
> (وَنَادَى فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِ قَالَ يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَذِهِ الأَنْهَارُ تَجْرِي مِنْ تَحْتِي أَفَلا تُبْصِرُونَ) الزخرف ٥١
> پەروەردگار دەفەرموێت:
> (فیرعەون جارێدا بە ناو گەلەكەیدا و وتی ئەی قەوم و هۆزم، ئایا وڵاتی میسر هی من نییە و من پاشای میسر نیم؟ وە ئەم هەموو جۆگە و ڕووبارانەش بە بەردەم كۆشكەكەمدا دەچن؟ ئایا نابینن من لەچی دەسەڵاتێكدام و موسایش چەندە هەژار و بێدەسەڵات).



Scanned by CamScanner

# ٣. چەمکی وتاربێژی

وەك باسمان کرد، وتاربێژی هونەری ڕازیکردن و سەرنجڕاکێشانی خەڵکە، ئەمەیش مانای ئەوەیە کە ئەم هونەرە مامەڵە لەگەڵ سۆز و ژیرییدا دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی ئاشکرا لە هەست و سۆزدا چڕ دەبێتەوە. هەروەها وتاربێژی پەیوەندییەکی یەك لایەنەیە. وتاربێژ بە ئامانجی گەیاندنی زانیاری یان هەندێك چەمکی دیاریکراو بە گوێگرەکانی ئەنجامی دەدات.

وتاربێژی هونەری گەیاندنی هەواڵ یان بیرۆکەیەکە بە کۆمەڵە گوێگرێك بە شێوەیەکی کاریگەر و ڕازیکەرانە.

بەم جۆرە بۆمان روون دەبێتەوە کە رازیکردن و کارتێکردن ئامانج و مەبەستی سەرەکی وتاردانن. پەروەردگار دەفەرموێت:

(وَعِظْهُمْ وَقُلْ لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلًا بَلِيغًا) النساء: ٦٣

واتە: بە وتەیەکی جەرگ بڕانە لەگەڵیان بدوێ، بەشێوەیەك کە هیچ قسەیان نەمێنێت و خۆیان بدەن بە دەستەوە و لە درۆ و دەلەسە دەست هەڵبگرن.



**ئاگاداربە**

وتاربێژی بۆ ئەم خاوەن کارانەی خوارەوەزۆر گرنگە: بەڕێوەبەرەکان،پیاوانی ئایینی، پزیشکان، ڕاگەیاندنکاران، پسپۆڕان، سیاسەتمەداران، ڕاهێنەران، ڕێبەرانی گەشتیاری، ئەوانەی لە بواری کۆمەڵایەتیدا کار دەکەن، ئەوانەی بەخشین و یارمەتییەکان کۆ دەکەنەوە، فرۆشیاران.)

لــە فەرموودەیەکــی دروســتدا هاتــووە کــە **«عرباضــي کــوڕی ســاریيە»** دەیگێڕێتــەوەو دەفەرموویــت: **(وعظنــا رســول الله (صلى الله عليه وســلم) موعظة وجلت منها القلوب وذرفت منها العيون)** ترمزی گێڕاویەتیەوە.

**واتــە:** پێغەمبەر (درودی خوای لەســەربێت) ئامۆژگارییەکی وای کردین، کە دڵەکان ترس دایگرتن و چاوەکانیشی هێنایە گریان.

**شیخ عەلی مەحفوز ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت:** (... وتاربێژیی ئامانجێکی گــەورە و گرانــی هەیــە، کە بریتییە لــە: ڕێنمایی کردنی خەڵــك بۆ ڕێگای ڕاست و هاندانیان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە بۆ ئێستا و داهاتوویشیان باشە. وتاربێژییش بە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکردایەتی و سەرداریکردنی خەڵــك دادەنرێــت، هەروەها بە یەکێــك لە مەرجەکانی پێشــەوایەتیکردنی خەڵك ئەژمار دەکرا، ئەم هونەرە کەســایەتی مرۆڤ کامڵ دەکات و بەرزی دەکاتەوە بۆ لووتکەی ڕێز و شکۆ).

**ئیبــن ســینا لــە کتێبــی الشــفاء دا دەڵێت:** ئــەم هونەرە ئەگــەر هیچ پلەو پایەیەکی تری نەبوبێت ئەوە نەبێت کە پیشەی پێغەمبەران و، ئەوانە بووە کــە ڕێی ئەوانیــان گرتووە لە زانایانی بانگخواز و، گــەورە فەرمانڕەوایان و سیاسەتمەداران، ئەوە تەنها ئەوەی بەس بووە).

**پێناسە**

قسەکردن ئاوێنەی ڕۆحە، قسەکردنی مرۆڤیش ئاوێنەی ناخیەتی. بابلیوس سیروس.



د. سەید ئەحمەد پێنجوێنی



Scanned by CamScanner

# ٤. سوودەکانی وتاربێژیی

وتاربێژیی سوودی زۆری هەیە، لێرەدا هەندێکیان باس دەکەین:

### أ - سوودە کۆمەڵایەتییەکان:



- هاندانـــی ئامادەبـــووان بۆ هەســـتان بەو کارانەی کە سوودی گوێگرانی تێدایە.
- دوورخستنەوەیان لەو کارە خراپانەی کە زیان بە تاك و کۆمەڵگە دەگەیەنێت.
- وروژاندنی جۆش و خرۆشی خەڵك بەرامبـەر بابەتێکی دیاریکراو.
- رازیکردنی گوێگران دەربارەی بابەتێکی گرنگ.
- فێرکردن و هۆشیارکردنەوە.

### ب - سوودە کەسییەکان:

- هەلێکە بۆ پەیوەندیکردنی راستەوخۆی وتاربێژ لەگەڵ خەڵکدا.
- بوارێکـە بـۆ دروســتکردنی پەیوەندی (بـە تایبەتی لەگەڵ کەسـانی دیار و کاریگەر).
- فێربوونی لێهاتووییەکی تازە، کە هەموو کەسێك پێویستی پێیەتی.
- زیادبوونی هەلی سەرکەوتن لە ژیاندا.

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت) دەفەرموێت: (نضر الله إمرأ سمع منا شیئا فبلغه كما سـمعه فرب مبلغ أوعى من سـامع) رواه الترمذي وقال: حدیث حسن صحیح.

**واتە:** رووگەش و جوان بێت ئەو کەسـەی شـتێك لە ئێمەوە دەبیستێت و دواتر بەو جۆرەی گوێی لێبووە دەیگەیەنێت بە کەسانی دیکە، لەوانەیە ئەو کەسەی ئەو شتەی پێ دەگات لەو کەسەی لە ئێمەی بیستووە زیاتر بەهرەمەند ببێت.

**لە یادت بێت**

پێناو خۆشبێت یاد نا ئەو کەسـانەی کە لە بەردەم خەڵکیدا قسە دەکەن بە زیرەکتر دێنە هەژمار و بەو چاوەوە تەماشایان دەکرێت کە خاوەنی لێهاتوویی سەرکردایەتی ئەوتۆن کە لە کەسانی تر جیایان دەکاتەوە.

وتاربێژی بەناوبانگ زگ- زگلر

**ئایا دەزانیت؟**

ساڵانە لە ئەمەریکا ٥ ملیۆن وتار دەدرێت، لەو ژمارەیە ١ ملیۆنی بۆ پیاوانی کارە.



Scanned by CamScanner

## ٥. وتاربێژیی لە ئیسلامدا

- لە ئیسلامدا وتاربێژیی رەگەزێکی بنەڕەتی بووە لە رەگەزەکانی بانگەوازو رۆشنبیرکردنی خەڵك. لە سەردەمی نەفامیدا بازاڕی (عوكاز)ی بەناوبانگ هەبوو، کە وتاربێژان تیایدا رادەوەستان و هەرچی لە هەگبەیاندا بووایە لە هۆنراوە و وتاری نەدەبی لە بەرامبەر خەڵکەکەدا دەیان خوێندەوە. هەر لێرەشەوە بوو هۆنراوە هەڵواسراوە ناوادارەکان ناوبانگیان پەیداکرد.



- یەکەم دەستنووسی کۆن کە ئاماژەی کردووە بۆ سوودەکانی وتاربێژیی، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٣٠٠ی پێش زایین.

- یەکەم وتاریش کە پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر بێت) پێشکەشی کرد ئەوکاتە بوو کە خوای مەزن فەرمانی پێکرد هەستێت بە ئاگادارکردنەوەو بانگکردنی خزم و کەسە نزیکەکانی، بۆیە سەرکەوتە سەر کێوی سەفا و یەکەم روونکردنەوەی میدیایی خۆیی بڵاوکردەوە. هەتا کۆتا رۆژەکانی ژیانیشی لە وتاردان بەردەوام بوو، ئەوەبوو لە وتاری ماڵئاواییدا بە کورتی گرنگترین رێنماییەکانی ئیسلامی خستەڕوو، لەوانەش:

**(خوێن و ماڵ و شەرەفتان لە یەکتر حەرامە، وەك حەرامی ئەم رۆژە، لەم شارەدا، لەم مانگەدا، ئایا پێم رانەگەیاندن؟).**

تەنانەت لەبەر ئەو هێز و کاریگەرییەی وتاربێژیی هەیەتی لەسەر گوێگرانی، خەڵکی وەك جادوو سەیری هەندێك لە هۆنراوە و وتارەکانیان دەکرد. ئیمامی بوخاری لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە (رەزای خوا لە هەردووکیان) دەگێڕێتەوە کە دوو پیاو لە رۆژهەڵاتەوە هاتن و وتاریان دا، خەڵکەکە زۆر سەریان سووڕما لە رەوان بێژییەکەیان، ئەوەبوو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: **إن من البيان لسحرا.**

**واتە: زمان پاراویو روونکردنەوە کاریگەریو جادووی خۆی دەکات.**



**بەڵگە**

(ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) النحل : ١٢٥

واتە: ئەی پێغەمبەر، ئەی ئیماندار، هەر بە ژیرانەو نەرم و قسەی خۆش و حیکمەت و، ئامۆژگاری شیرین و جوان خەڵك بۆ رێگای پەروەردگارت بانگ بکە.



**بەڵگە**

هەر لە قورئاندا هاتووە:

(يَاأَيُّهَاالنَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ) الأنفال ٦٥

واتە: ئەی پەیامبەر، هانی باوەڕدارەکان بدە با بچنە جەنگ.



Scanned by CamScanner

هەندێك لەو ئایەتانەی كە هەڵنانی مرۆڤی تێدایە بۆ فێربوونی وتاربێژی و شارەزابوونی و، باسی حاڵی پێغەمبەران و ڕەوانبێژییان دەكات:

• (خلق الإنسان (٣) علمه البيان (٤)) الرحمن

واتە: ئادەمی دروستكرد، فێری دەربڕینی كرد لەناخی خۆی و تێگەیاندنی خەڵكی دیكە.

• لە بارەی داوود (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرموێت:

(وآتيناه الحكمة وفصل الخطاب) ص ٢٠



واتە: پەیامبەرێتی و كارزانیو قسەی یەكلاكەرەوەمان پێدا، تا كێشەی خەڵكی پێ چارە بكات.

• هەروەها دەفەرموێت:

(وما أرسلنا من رسول إلا بلسان قومه ليبين) إبراهيم ٤

واتە: هەموو پەیامبەرێكمان بە زمانی هۆز و نەتەوەكەی خۆی ناردووە، بۆ ئەوەی شەریعەت و بەرنامەكەی خوایان بۆ ڕوون بكاتەوە.

• لەسەر زمانی موسا (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت:

(وأخي هارون هو أفصح مني لسانا فأرسله معي ردءا يصدقني إني أخاف أن يكذبون) القصص ٣٤

واتە: هاروونی برام لە من زمان پاراوترە، بینێرە لەگەڵمدا تا ببێتە هاوكارمو وتەكانی منیان پێ بسەلمێنێت، چونكە دەترسم بڕوام پێ نەكەنو بە درۆم بخەنەوە.

**نموونەی فەرموودە**

• فەرموودەكەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) كە ئاراستەی موعازی كوڕی جەبەل و ئەبی موسای ئەشعەری كرد كاتێك بۆ بانگەواز ناردنی بۆ یەمەن: «كارئاسانی بكەن، كارگرانی مەكەن، مژدەدەر بن نەك هەواڵی ناخۆش بدەن، گوێڕایەڵی بكەن و ڕاجیاواز مەبن» بوخاری گێڕاویەتیەوە.

**لەیادت بێت**

ئێمە سوورین لەسەر بەدەستهێنانی توانای ڕازیكردنی خەڵك بۆ وەرگرتنی حەق و ڕاستی، نەك بەدەستهێنانی ئەو توانایە بۆ كاری پووچەڵ و فریودان و یاریكردن بە دەستەواژەكان. پێغەمبەریش ئاگاداری كردوینەتەوە لەم كارەو فەرموویەتی: (ئێوە بۆ دادگەریكردن دێنە لای من، لەوانەیە هەندێكتان لە باسكردنی بەڵگەكانتاندا لە هەندێكی ترتان قسەزانتربن، جا ئەگەر من بەهۆی قسەزانیەكەیەوە هەقێكم بۆ وەرگرت كە مافی براكەی بوو، ئەوا پارچەیەك لە پارچەكانی ئاگری جەهەننەمم بۆ بڕیوە، با وەری نەگرێت) بوخاری لە ئوممو سەلەمەوە گێڕاویەتیەوە.

- وتەی عائیشـە خاتوون (رەزای خوای لێبێـت): (وتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) راست و رەوان و ئاشکرا بوون) ئەبوداود گێڕاویەتیەوە.
- وە ئەو وتەیەی تری کە دەفەرموێت : (کاتێك پێغەمبەر وتارێکی دەدا گەر کەسێك بیویستایە دەیتوانی وتەکانی بژمێرێت) بوخاری گێڕاویەتیەوە..
- وە ئـەو فەرموودەیـەی کـە عەبـدولای کـوڕی مەسـعود گێڕاویەتیـەوە: (جـاری وا هەبـووە پێغەمبەر (درودی خوای لەسـەربێت) بـۆ چەند رۆژێك ئامۆژگاری نەدەکردین، لە ترسی ئەوەی نەوەکو ماندوو بێزار بین) بوخاری گێڕاویەتیەوە.
- عەبـدولای کـوڕی مەسـعود دەڵێـت: (گەر وتـار بۆ خەڵکـی بدەیت و لێت تێنەگەن، ئەوە بۆ هەندێکیان دەبێتە سەرچاوەی پشێوی و کێشە).

### وتەی بەنرخ

ئەگەر قەدی دارێك کەوتە نرکە و ناڵە بۆ دوورکەوتنەوەی لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت)، ئەوە لەم سەردەمەدا مینبەرەکان ئەکەونە نرکەو ناڵە لەدەست ئەوانەی کە لەوێوە قسە دەکەن و نازانن چی دەڵێن، قەدی ئەو دارانە تامەزرۆی کەسانی وەك تۆن.

## ئامانجەکانی وتاربێژیی پێغەمبەران:

١. روونکردنەوەی حوکمێکی شەرعی (وتاری رزگارکردنی مەککە).

٢. روونکردنەوەی حیکمەت و مەبەستەکانی یاسادانان (التشریع).

٣. راستکردنەوەی چەمکێکی هەڵە. وەك ئەوەی کاتێك خەڵکی وایان دەزانی خـۆر بە هـۆی مردنی کوڕەکـەی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسـەر) گیراوە، بۆیە هەستا و وتارێکی بۆ دان و فەرمووی:

(خۆر و مانگ دوو نیشـانەن لە نیشـانەکانی خوا، نە بۆ ژیان و نە بۆ مردنی هیچ کەسێك ناگیرێن، بۆیە ئەگەر بینیتان گیراون ئەوە لە خوا بپاڕێنەوەو نوێژبکەن هەتاکو دەردەکەونەوە) بوخاری گێڕاویەتیەوە

٤. دۆزینەوەی دۆخی خەڵك و زانینی مەیل و ئارەزوویان.

٥. ڕەواندنەوەی گومانێك کە بیری خەڵکی داگیر کردووە.



٦. راڤە و شـیکردنەوە و خستنەڕوی فەرمان (أحکام)ی گشتی.

٧. راڤەکردنی قورئانی پیرۆز.

٨. هاندانـی خەڵـك لـە کاتـی جەنـگ یـان بەخشـین یـان بـۆ ئەنجامدانـی کارێکی شەرعی.

٩. خسـتنەڕووی پلـە و پایـەی یەکێـك لـە هاوەڵەکانی (رەزای خوایان لێبێت).

١٠. پێشبینیکردنی ئەو شتانەی لە داهاتوودا روو دەدەن، یاخود باسی پەند و ئامۆژگاری وەرگرتنە لە رابردوو.



Scanned by CamScanner

## ٦. خەسڵەتەکانی وتاربێژی ناوازە

### ١- زانست:

پێویستە وتاربێژ خاوەنی زانین و زانیارییەکی باش بێت و بە تەواوی شارەزای ئەو بابەتە بێت کە لەبارەیەوە دەدوێت. ئەگەرنا ئەوە خۆی بە درۆ دەخاتەوە و خەڵکیش هەر زوو ئەو ڕاستییەیان بۆ دەردەکەوێت. چونکە بە بێ زانیاری ناتوانێت لەو بارەیەوە قسە بکات. لە زوویشەوە وتراوە:

«جام چی تیابێت ئەوەی لێ دەڕژێت».




### ٢- باش خۆ ئامادەکردن:



هەروەك چۆن زانیاری پێویستە بۆ وتاربێژ، ئاوهایش پێویستە ئامادەکاری بکات بۆ ئەو بابەتەی دەیەوێت قسەی لەبارەوە بکات. چونکە وتاربێژ بەم جۆرە باشتر دەتوانێت خۆی بگەیەنێتە دڵی بەژداربووان و سەرنجیان ڕابکێشێت.

**وتویانە**

زمانی کەسێك نیوەیەتی و نیوەکەی تریشی دەروونیەتی، ئەوەی ماوەتەوە تەنها گۆشت و خوێنە.

### ٣- شارەزایی زمانەوانی:

مەبەست پێی ئەوەیە کە وتاربێژ هەگبەی زمانەوانی پڕبێت و، توانایەکی گەورەی پێ ببەخشێت بۆ دەربڕینی قسەکانی بەجوانترین و ناوازەترین شێواز. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) دەفەرموێت:

«من وشەی کورتو پڕمانام پێبەخشراوە».




### ٤- گەیاندنی پەیامێکی گرنگ:

ئەو وتارە گشتیانەی ئامانجێکی دیاریکراویان نییە هەمیشە کاریگەرییان لاوازو کەمە. لەبەر ئەوە دەبێت وتاربێژ ئامانجێکی سەرەکی گرنگ بۆ خۆی دیاری بکات کە پەیوەندی بە ژیانی گوێگرانەوە هەبێت و سەرنجیان رابکێشێت. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە وتاری ماڵئاواییدا فەرمووی:

«خەڵکینە، گوێم بۆ بگرن تا بۆتان روون بکەمەوە»

**لە یادت بێت**

لە وتاردا سێ شتی گرنگ هەن: ئەو کەسەی وتارەکە دەدات کێیە؟ چۆن پێشکەشی دەکات؟ و چی دەڵێت؟ ئەمەی کۆتاییشیان کەم بایەخترینیانە.





Scanned by CamScanner

### ٥- متمانە بەخۆبوون:



بێگومان ئەو وتاربێژەی متمانەی بە خۆی هەیە زیاتر دەتوانێت بکات بە دڵ و ژیری خەڵك. هەروەها ئەو کەسەی خاوەنی کەسایەتیەکی جێگیرو دامەزراوە، ئەنجام و ئامانجی بەرز و باشتر دێنێتە دی.

**بەڵگە**

(فەرمانڕەوای بڕواداران
تیردانەکەی خستە بەردەستی،
تیرەکان تێکەڵ بوون،
لەناویاندا منی وەك تیرێکی
تیژڕەوو قایم دۆزیەوەو
ئاراستەی ئێوەی کردم)

بەشێك لە وتارێکی
حەجاجی سەقەفی




### ٦- راستگۆیی:

لەوانەیە ئەمەیان لە گرنگترین خەسڵەتەکانی وتاربێژی ناوازە بێت، چونکە جووڵاندنی هەست و سۆزو راستگۆ بوون لەگەڵیدا و، گواستنەوەی زانیاری بە ئەمانەتەوە و، راستکردن لە قسە و هەست و سۆزدا، پێویستە لە وتاربێژی باشدا هەبن.

خەسڵەتەکانی وتاربێژی ئاوازە

### ٧- ڕەچاوکردنی بارودۆخی گوێگران:

لە کۆنەوە وتراوە: «بەپێی ئاستی ژیری خەڵك لەگەڵیان بدوێن» لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر وتاربێژ کە بە باشی بزانێت قسە بۆ کێ دەکات و، کام بابەت و دەستەواژانە گونجاون بۆیان.



### ٨- باش گوێگرتن:

هەروەك چۆن پێویستە وتاربێژ لە وتاردانەکەیدا باش بێت، ئاواهایش پێویستە لە گوێگرتندا باش بێت. هەروەها پێویستە بە باشی و لێهاتووانە هەستی گوێگرتنی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی متمانەی بەژداربووان بەدەست بهێنێت.

### ٩- بڕوابوون بەوەی دەیڵێت:

بە هەمان شێوە پێویستە وتاربێژ پێشەنگێکی باش بێت بۆ گوێگرانی و، یەکەم کەس بێت قسەکانی خۆی بکات بە کردەوە، تاریقی کوڕی زیاد لە وتارە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: «بزانن ئەو قسانەی بۆ ئێوەم کردووە خۆم یەکەم کەس دەبم کە دەیانکەم بە کردەوە».

هۆنەریش دەڵێت:

| | |
|---|---|
| لاتنه عن خلق وتأتی مثله | عار علیك اذا فعلت عظیم |
| إبدأ بنفسك فانهها عن غیبها | فإذا انتهت عنه فانت حکیم |

داوای نەکردنی شتێك لە خەڵك مەکە کە خۆت دەیکەیت
شەرمە ئەگەر کارێکی وا بکەیت کارێکی گەورەت کردووە
لە خۆتەوە دەست پێبکە و ڕێگری بکە لە بێئاگایی دەروونت
گەر دەروونت وازی لەوە هێنا، ئەوا تۆ دانایت

واتە: بە خەڵك مەڵێ ئەو شتە مەکەن و خۆشت بیکەیت

**وتەی بەنرخ**

دانایان دەڵێن: تۆ خاوەنی قسەی زاری خۆتی بەر لەوەی بیڵێیت، بەڵام کە لەزار دەرچوو ئەو دەبێتە خاوەنی تۆ.



Scanned by CamScanner

## خەسڵەتەکانی وتاربێژی ناوازە

وتاربێژی ناوازە ئەو کەسەیە کە بە باشی لەم شەش یاسایەی وتاربێژیی تێگەیشتووە:

١. دەزانن کەی قسە دەکەن و کەی بێ دەنگ دەبن.

٢. لە بارەی ئەو شتانەوە قسە دەکەن کە بە لای خەڵکەوە گرنگن.

٣. بە زمانی سادەی ڕۆژانەی ناو خەڵك قسە دەکەن.

٤. بە بێ خۆهەڵکێشان و بەخۆوەنازین قسە دەکەن.

٥. بە شێوەیەکی سروشتی ئاماژەکانی زمانی جەستەیان بەکار دەهێنن.

٦. بەردەوام چاویان لە پەیوەندیدایە لەگەڵ گوێگرەکانیاندا.

**وتەی بەنرخ**

هیچ کەس لە کەسێکی تر ناچێت، لە یەکنەچوونیش خاڵی جیاوازییە، لەبەر ئەوە لاسایی کەس مەکەرەوە.





Scanned by CamScanner

پەیوەندی نێوان
بەشەکانی وتار

## ٧- پەیوەندی نێوان بەشەکانی وتار

**پێناسە**

لە بارەی وتەی پەماناوە وتراوە، ئەوەیە کە سەراسیما و سەرسوڕهێنەری زۆری تێدا بێت و، سەرەتا و کۆتاییەکەی لەگەڵ یەکدا هەماهەنگ بێت.

١- ئەو وتارەی کە وتاربێژ ئامادەی دەکات وەك جەستەیەك وایە کە لە چەند بەشێك پێك هاتووە. بۆیە پێویستە بەشەکانی ئەم جەستەیە بە جۆرێکی ئەوتــۆ هەماهەنگــی و تەبایيان لەنێواندا هەبێت کە بە یەك شـێوە بێنە بەرچاو.

٢- پێویستە وتاربێژ شارەزای هونەرەکانی گواستنەوە بێت لە نێوان بابەت و بەشەکانی وتارەکەدا. لە پێشەکییەوە بچێت بۆ ناوەڕۆك و لە ناوەڕۆکیشەوە بۆ کۆتایی.

٣- وتــاری پێکــەوە گرێــدراو ئەو وتارەیە کە گوێگر هەســت بــەوە ناکات کە وتاربێژ لەبابەتێکەوە چووەتە سەر بابەتێکی تر.

- ئەو وتارەی کە پەرشـوبڵاوە و زیاد لە بابەتێك چارەسـەر دەکات بە بێ ئــەوەی پەیوەندی لە نێــوان بابەتەکانی وتارەکەیــدا هەبێت. ئەوە وەك وێنەیەك وەهایە کە ڕەنگ و شێوەکانی لەگەڵ یەکدا نەگونجێن.

**لە یادت بێت**

کاتێك هەماهەنگی لە نێوان زانیارییەکانی مرۆڤدا نەبوو، ئەوە زانیارییەکانی هەرچەند زیاتربێت ئەوەندە زیاتر بیروهۆشی ئاڵۆزتر دەبێت.





Scanned by CamScanner

# ٨- چەند زانیارییەکی گشتی

بە باشم زانی ئاماژە بە نموونەیەکی تر بکەم کە باسی دیارترین پێویستییەکانی وتاربێژی و وتاردان دەکات و، هەمووی لە وشەیەکدا کۆکراوەتەوە کە بریتیە لە وشەی:

## Presentation پێشکەشکردن

| | | |
|---|---|---|
| P | Practice | بە کردەوە وتاربێژی بکە |
| R | Read your audience | بزانە ئامادەبووانی وتارەکەت کێن |
| E | Ear, Not eye | قسە بۆ گوێچکە بکە، نەك بۆچاو |
| S | Short words, Short sentences | ڕستە وشەی کورت بەکاربهێنە |
| E | Examples | نموونە بهێنەرەوە |
| N | Never Be boring | کەسێکی بێزارکەر مەبە |
| T | Transitions | بە ڕەوانیی لە بابەتێکەوە بچۆ بۆ بابەتێکی تر |
| A | Answers and questions | وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە |
| T | Time | کاتەکانت بە باشی دابەش بکە |
| I | Introduction | پێشەکی |
| O | Opening and closing | کۆبیر بخەرە سەر پێشەکی و کۆتایی |
| N | Nervous, stage fright | بە سەر ترس و تووڕەییدا زاڵ ببە |

### وشەی بەنرخ

### وتویانە

زمان پێنووسی دڵ و...
پەیامبەری عەقڵە..

باهبان بی باکودا
شاعیرێکی تبەتی سەدەی (١١)
یازدەیە.



Scanned by CamScanner

چەند زانیارییەکی گشتی



**ئیمرسون دەڵێت**

تەواوی قسەکەرە مەزنەکان سەرەتا قسەکەرێکی خراپ بوون.

**بیرت بێت**

ئازادی قسەکردن مافێکی مەزنە.



Scanned by CamScanner

# دەروازەی دووەم
# «پلاندانان»




- پلاندانان ٣٢
- ئامادەبووان ٣٣
- ئامانجەکان ٣٩
- جۆرەکانی وتار ٤٢
- دیاریکردنی کات ٦٠


Scanned by CamScanner

# بەندی یەکەم

## ئامادەبووان



هەرچەند سەرقاڵ بیت یان کاتت
کەمبێت، هەر دەبێت کاتێك تەرخان
بکەیت بۆ ئەوەی ئەو هەستە لای
ئامادەبووان دروست بکەیت کە ئەوان
بەلای تۆوە گرنگن.

ماری ئاش

- چەند بنەما و پێشەکییەکی گشتی
- نموونەیەکی شیکارکردنی جەماوەر
- کاریگەریی قەبارەی ئامادەبووان
- راهێنان

Scanned by CamScanner

## ١. چەند بنەما و پێشەکیەکی گشتی

چەند بنەما و پێشەکیەکی گشتی

کاتێك داوات لێ دەکرێت وانەیەك بلێیتەوە یاخود وتارێك پێشکەش بکەیت یاخود لە شوێنێکدا خولێکی راهێنان بلێیتەوە، بەر لە هەرشتێك ئەم کارانە ئەنجام بدە:



١. بزانە ئەو رێکخراوەی سەرپەرشتی خولەکە دەکات کێیە و، هەرچەند بۆت دەکرێت زانیاری لە بارەیەوە کۆ بکەرەوە.
٢. لەو لایەنەی بانگهێشتیان کردوویت بپرسە کە: بۆچی تۆیان بۆ ئەو کارە هەڵبژاردووە.
٣. لێیان بپرسە ئایا: هەر تۆ قسە دەکەیت یاخود قسەکەری دیکەشت لەگەڵدایە؟
٤. لێیان بپرسە: کێ ئامادە دەبێت و داوای زانیارییە کەسیەکانیان (CV) بکە.

**پاشان کار بکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر بەژداربووان و رەچاوی ئەم خاڵانەیش بکە:**

١. بریاری پێشوەخت مەدە لە بارەی ئەو ئامادەبووانەی کە دەیان ناسیت، بەڵکو زانیاری کۆ بکەرەوە و پرسیاری زۆریش لە بارەیانەوە بکە.
٢. هیچ دوو ئامادەبوویەکی خولەکەت وەك یەك نابن، لەبەر ئەوە وتارەکەت بە پێی پێویستی هەموو ئامادەبووان رێك بخە.
٣. سووربە لەسەر رەچاوکردنی بنەما ئاڵتونیەکەی دنیای وتاربێژی کە دەڵێت: بە پێی ئاستی بەژداربووانی خولەکەت قسەکانت ئامادە بکە.
٤. هەوڵ بدە بزانیت ئامادەبووان تا چی رادەیەك شارەزاییان لە بابەتەکەدا هەیە و پاشان وتە و بابەتەکەت بە گوێرەی زانیارییەکانی ئەوان ئامادە بکە.
٥. ئەگەر ئامادەبووان لەگەڵتدا هاورا نەبوون، ئەوە رادەی جیاوازییەکانیان لەگەڵتدا دیاری بکە و، بە خاڵە هاوبەشەکان دەست بکە بە وتارەکەت.
٦. ئەگەر پێشتر بابەتەکە دیاری کرابوو، ئەوا بەوە دەست پێبکە و پاشان بچۆرە سەر ئەو بابەتەی کە بۆ بەژداربووان دەگونجێت.
٧. بزانە ئەو شتانە چین کە بەژداربووان بێزار دەکات و ئینجا بە وریاییەوە چارەسەری بکە.
٨. بەر لەوەی کۆبیر بخەیتە سەر ئەو خاڵانەی کە دەتەوێت باسیان بکەیت، دڵنیابە لەوەی پێویستیەکانی بەژداربووانت لەبەرچاو گرتووە.

### لەیادت بێت

ئەگەر پێشتر چەندجارێکیش هەمان وتارت پێشکەش کردبێت، هەر هەوڵ بدە بزانیت ئەوشتانە چین بەلای بەشێك لەئامادەبووانەوە جێی بایەخن، جا کاتێك دەگەیت بەو خاڵە ئاوڕ بدەرەوە بەلای کەسەکەداو بڵێ: ئەم خاڵە بەتایبەتی بۆتۆ گرنگ و بەسوودە.
(لەیادت نەچێت کە پەیرەوکردنی ئەم شێوازە بوو بەهۆی سەرکەوتنی رۆناڵد ریغان لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکادا)

د.جیفری لانت



Scanned by CamScanner

چەند بنەما و پێشەکییەکی گشتی

**وریابە**

ئامادەبووان هیچ بەلایانەوە گرنگ نییە تۆ چەند شارەزایت لە بابەتەکەتدا، هەتا ئەو کاتەی نەزانن چەندە بایەخیان پێ دەدەیت.

**بیرۆکە**

دڵنیابەلەهەبوونی کارتی ناوی بەژداربووان، بۆئەوەی بتوانیت بە ناوی خۆیانەوە بانگیان بکەیت.

دیل ویر

• پێویستە لەو نموونانەدا کە دەیانخەیتە ڕوو ڕەچاوی دۆخی ئامادەبووانی خولەکەت بکەیت (ئەو وتارەی پێشکەشی ئەو کەسانەی دەکەیت کە ڕاهێنان بەلایانەوە گرنگە جیاوازە لەو وتارەی پێشکەشی ئەو کەسانەی دەکەیت کە بابەتی دارایی بەلایانەوە گرنگە).

**نموونەیەک لە ڕەچاوکردنی دۆخی بەژداربووان:**

سەیری ریکلامی ڤۆلڤۆ و چۆنێتی ڕەچاوکردنی دۆخی جەماوەری ئۆتۆمبیلەکە بکە:




**ئەو هەشت پرسیارەی تایبەتن بە ئامادەکاری کردن بۆ وتاردان:**

**١- کێ ئامادە دەبێت؟**
**٢- چۆن زانیاریم دەستکەوێت لە بارەیانەوە؟**
**٣- تا چەندێك شارەزای بابەتەکەن؟**
**٤- ئایا ڕای جیاواز لە ڕای منیان هەیە؟**
**٥- پێگەی من چییە لە ناو قسەکەراندا؟**
**٦- ئایا شوێنی قسەکردنەکە کاریگەری لەسەرم هەیە؟**
**٧- دۆخی سیاسی چۆنە؟**
**٨- ئایا هیچ بارودۆخێکی تایبەتی هەیە کە پێویست بکات ڕەچاو بکرێت؟**



Scanned by CamScanner

## ٢- نموونەیەکی شیکارکردنی جەماوەر

| ژ | پرسیار | نموونە | وەڵام |
|---|---|---|---|
| ١ | بەژداربووانی سەرەکی وتارەکەم کێن؟ زۆربەی قسەکانم بۆ کێیە؟ | بازرگانان، قوتابی، لاوانی زانکۆ، مامۆستایان، ژمێریاران، ڕاهێنەران... | |
| ٢ | تاچەند زانیاریم لە بارەیانەوە هەیە؟ | تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن، پلەی پیشەیی، ئایین... | |
| ٣ | ڕا و بۆچوونیان چۆنە لەسەرم؟ | ئامانس، سەرسامن پێم، زانیارییەکی سەرەتاییان هەیە، هەندێکیان باش دەمناسن، گومانیان لە تواناکانم هەیە | |
| ٤ | تا چەند زانیارییان لەسەر بابەتەکە هەیە؟ | بنەما سەرەکییەکان دەزانن، شارەزان و مەبەستیانە پەرە بە تواناکانیان بدەن، هیچ بیرۆکەیەکیان لەسەر بابەتەکە نییە، ئاستی زانیارییەکانیان جیاوازە... | |
| ٥ | دەیانەوێت لە بارەی بابەتەکەوە چی بزانن؟ (گرنگترین شتەکان) | زانیاری دیاریکراو کە بریتییە لە... لێهاتوویی دیاریکراو کە بریتییە لە... ئەگەر بابەتەکەیان پەیڕەو کرد چ گۆڕانێك لە ژیانیاندا دروست دەکات؟ | |
| ٦ | دەیانەوێت چی فێربن؟ (شتە گرنگەکان) | زانیاری دیاریکراو... ئەم شارەزاییانە: ... گۆڕینی ئەم چەمك یان بیر و بۆچوونانە.. | |
| ٧ | سەرەکیترین کێشە کە لەم بابەتەدا دێتە ڕێی بەژداربووان چییە؟ | ترسان لە... نەتوانینی ..... کاردانەوەی خراپی دەبێت بۆ ژیانیان ئەگەر... لە کیس چوونی... | |
| ٨ | گرنگترین ئەو خاڵانە چین کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێشنیاریان دەکەم؟ | دەکرێت بەسەر ترسدا زاڵ بین ئەگەر... دەکرێت شوێنەواری ئەرێنی زیاد بکرێتو شوێنەواری نەرێنیش کەم بکرێتەوە ئەگەر ئەم شتانەت کرد... | |
| ٩ | ئایا کەسێك هەیە بەشداری خولەکە نەبێت و ڕا و بۆچوونیم بەلاوە گرنگ بێت یاخود بابەتەکەی لەگەڵدا تاووتوێ بکەم؟ | بەرپرسی کار... بەرپرسی ئەو کۆمپانیایەی کە فلان کەس نوێنەرایەتیان دەکات لە خولەکەدا... فلان ڕۆژنامەنووس یاخود ڕاگەیاندنکار. ئەو کەسانەی کە دواتر لە تەلەفزیۆن یاخود ڤیدیۆدا وتارەکە دەبینن. | |
| ١٠ | چۆن وتارەکەم بە جۆرێکی ئەوتۆ پێشکەش بکەم کە تێیدا ڕەچاوی دید و بۆچوونی کەسانی بەشدارنەبووی خولەکەیش بکەم؟ | ناردنی وێنەیەکی وتارەکە بۆیان. ناردنی کورتەی بابەتەکە بە نووسراو یاخود تۆمارکراوی. کۆبیرکردنە سەر ئەو بابەتەی کە جێگای بایەخی ئەوانە. | |

### لە یادت بێت

بزانە ئەوانەی لە وتارەکەتدا ئامادە دەبن کێن، هەموو فرۆشیارێکی سەرکەوتوو بەر لەوەی لەگەڵ کڕیارەکانی خۆی بدوێت، دەیانناسێت.

شێری بوشر

### بیرۆکە

ئەگەر بە ناوی خۆمەوە بانگت کردم ئەوە منت بە کەسێکی گرنگ داناوە.

دریك دایفنز

کاریگەری قەبارەی ئامادەبووان

تێبینی

کاتێك لەگەڵ خەڵکیدا هێدی و نەرمونیان دەبیت، ئەوانیش حەزدەکەن هێدی و نەرمونیان بن لەگەڵتدا.

جاك کانفیلد

لەیادت بێت

سەرکەوتن دەرگایەك نییە لێوەی بچیتە ژوورەوە و تەواو، بەڵکو پەیژەیەکە و دەبێت پیایدا سەربکەویت.

ووتر ولترز

## ٣- کاریگەری قەبارەی ئامادەبووان

| ئامادەبووان | تایبەتمەندییەکانیان | ئەم کارە بکە |
|---|---|---|
| بەژداربووی کەم (کەمتر لە ٢٥) | - زیاتر بەئاگابوون.<br>- نموونەی زۆر هێنانەوە.<br>- پرسیاری راستەوخۆی پەیوەست بە بەژداربووانەوە. | - لە ڕێگەی چاوەوە پەیوەندیت لەگەڵ بەژداربوواندا هەبێت.<br>- سەبریان بکە. چونکە ئەمە یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی بتوانیت سەرنجیان رابکێشیت. |
| بەژداربووی زۆر (زیاتر لە ٢٥) | - خەواڵوویی زیاتر.<br>- چپەچپ کردن لەگەڵ تەنیشتەکەیدا.<br>- پەرتوبلاوی بیر و هۆش. | - دڵنیابە لەوەی کە سەرجەم بەژداربووان دەتبینن و گوێیان لێتە. بە تایبەتی ئەوانەیان کە لە بەشی دواوە دانیشتوون.<br>- بابەتەکان ببەستەرەوە بە یەکەوە کورتیان بکەرەوە. خاڵە گرنگەکان دووبارە بکەرەوە بۆ ئەوەی هۆش و بیریان لای خۆت بهێڵیتەوە. |

## ٤- ڕاهێنان

جوانترین نموونە بهێنەرەوە بۆ هەریەك لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

| برگە | بەژداربووی لاو | بەژداربووی ئافرەت | بازرگانان | مامۆستایان |
|---|---|---|---|---|
| جۆری بابەتەکە | | | | |
| ئامانجی وتارەکە | | | | |
| ماوەی وتارەکە | | | | |
| جۆری زمانەکە | | | | |
| هۆکارەکانی رونکردنەوەی بابەتەکە | | | | |
| جلوبەرگت | | | | |
| نموونە هێنانەوە لە بارەی | | | | |



Scanned by CamScanner

راهێنان

## وەلامێکی پێشنیارکراو

| بڕگە | بەژداربووی لاو | بەژداربووی ئافرەت | بازرگانان | مامۆستایان |
|---|---|---|---|---|
| جۆری بابەتەکە | هەڵسوکەوت/ لێهاتوویی | کۆمەلایەتی/ پەروەردەیی | تایبەتمەندی/ لێهاتوویی | پەروەردەیی |
| ئامانجی وتارەکە | گۆڕینی شێوازی هەڵسوکەوت | گۆڕینی بیروبۆچوون | پیدانی لێهاتوویی | گۆڕینی بیروڕاو پیدانی شارەزایی |
| ماوەی وتارەکە | مام ناوەندە | درێژە | کورتە | درێژە |
| جۆری زمانەکە | ئاسانە | مام ناوەندە | قووڵ | مام ناوەندە |
| هۆکارەکانی رونکردنەوەی بابەتەکە | زۆرە | مام ناوەندە | مام ناوەندە | زۆرە |
| جلوبەرگت | ئاسایی (عادی) | زۆر سەرنج راکێش و جوانە | سەرنج راکێشە | باشە |
| نموونە هێنانەوە لەبارەی | پەیوەندییەکان یاخود حەز و خولیاکان | پەروەردە یاخود پەیوەندییەکان | ماڵ یاخود دەستکەوت | پەروەردە یاخود بەڕێوەبردن |



### تێبینی

بۆیان دەربخە کە تۆیش وەکو ئەوان حەز و کێشەو ئاستەنگی تایبەت بە خۆت هەیە. ئەگەر ئەوەت کرد ئەوە ڕادەی ڕاستگۆییت زیاتر دەکات لە لایان.

شێری بوشر.

### بیرۆکە

زوو لە هۆڵی وانەوتنەوە ئامادەبە و، گفتوگۆی باش و تایبەت لەگەڵ هەندێك لە ئامادەبوواندا بکە و، لە کاتی قسەکردندا بە ناوی خۆیانەوە بانگیان بکە.

بانزل ئورولی

# بەندی دووەم
## ئامانجەکان



تۆ ئامانجت ئەوەیە ئەو جۆرە زانیارییانە بدەیت بە بەژداربووانی خولەکەت کە بەسوودبێت بۆیان، جا ئەگەر تۆ بەڕاستی بڕوات بەمە هەیە، ئەوا دڵنیابە لەوەی کە بەژداربووەکان دەکەونە ژێر کاریگەریتەوە.

تونی واڵکر

- پێشەکی.
- ئامانجەکانت دیاری بکە.
  - ئامانجە گشتیەکان.
  - ئامانجە تایبەتەکان.
  - ئامانجە شاراوەکان.

Scanned by CamScanner

# پێشەکی

وەك ڕاهێنەر، زۆر گرنگە ئامانجێکی دیاریکراوی تایبەت بەو وتارەی کە پێشکەشی دەکەیت بخەیتە مێشکی خۆتەوە، چونکە دیاریکردنی ئەو ئامانجە لە قۆناغەکانی خۆئامادەکردن بۆ وتارەکە و کاتی پێشکەشکردنی وتارەکەشدا یارمەتیت دەدات، لەبەرئەوە ڕستەیەکی(٢٥) وشەیی یاخود کەمتر بنووسەو ئەوە ڕوون بکاتەوە کە لەسەر چی بابەتێك قسە دەکەیت، پاشان ئەم ڕستەیە دەبێت بە ئامانجی قسەکردنەکەت، واتا ئەو ناونیشانەی دەینووسیت ئەو شتەیە کە تۆ دەتەوێت گوێگرەکانت بیزانن یاخود ئەنجامی بدەن و، پێویستە هەموو بەشێکی قسەکانت پەیوەندی هەبێت بە ئامانجەکەتەوە، جا ئەگەر تۆ خۆت ئامانجەکەت بەلاوە ڕوون نەبوو ئەی ئیتر گوێگرەکانت چۆن دەتوانن لەو ئامانجە تێبگەن؟

- پرۆسەی دیاریکردنی ئامانج بە کارێکی ئاسان دادەنرێت، ئەمەش وا دەکات بە ئاسانی هەموو شتێکی تر بە دوای خۆیدا ڕابکێشێت، سەرەتا ئامانجەکەت دیاری بکە ئینجا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە هەموو شتەکانی تری دوای ئەو ئاسان دەبێت... ئەوە ئامانجەکەتە وای لێکردوویت ئەم وانەیە بڵێیتەوە یاخود ئەم وتارە بدەیت، ئەو ئامانجەیش بریتییە لە یەکێك لەمانە:

١- ئەو شتانەی کە تۆ دەتەوێت بەژداربووانی خولەکەت بیزانن یان هەستی پێبکەن یان بیری لێ بکەنەوە.
٢- ئەو شتانەی بەژداربووانی خولەکەت دەیانەوێت بیزانن (هۆکاری بانگهێشت کردنیان).
٣- هەردووکیان پێکەوە...

**ئەم ڕستەیەی خوارەوە تەواو بکە کە تایبەتە بە دیاریکردنی ئامانج، لەوانەیە یارمەتیت بدات لە دیاریکردنی ئامانجەکەتدا:-**

لە میانەی قسەکانمەوە دەمەوێت گوێگر ..................
......................................
......................................
......................................
......................................
......................................
......................................




## لە یادت بێت

ڕوونیی ئەو ئامانجەی کە دەتەوێت بەدی بهێنێت بناغەی سەرکەوتنی تۆیە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، جا ئەمە لە کۆبوونەوەکان و ڕاهێنان و وتاردانیشدا هەمان شتە، ئەگەر نەتزانی چیت دەوێت ئەوە ناگەیت بەوەی کە پێویستە.

ڕاهێنەری ناودار. جورج لویس

## ئاگاداربە

وتاردان گەشتێکی ئامانجدارە و، پێویستە تایبەتمەندی خۆیی هەبێت.

دایل کارنیگی



Scanned by CamScanner

## ئامانجەکانت دیاری بکە

زۆربەی وتارەکان (تەنانەت وتارە کورت یان ئاسانەکانیش) سێ ئامانجی سەرەکیان هەیە کە بریتین لە:

| جۆری ئامانج | ڕوونکردنەوە |
| --- | --- |
| ١- ئامانجی گشتی | • وەڵامێکی گشتی ئەم پرسیارەیە: بۆچی ئامادەبووان گوێت لێ دەگرن؟ (وەڵامی ئەم پرسیارە لێرەدا گشتییە) ئامانجی گشتی پەیوەندی هەیە بە پەیامی ئەو ڕێکخراوەوە کە ئەم وانە یان وتارەی ڕێك خستووە. • هەوڵی تەواو بدە وانەکە ئەم ئامانجە گشتیە بهێنێتەدی. |
| ٢- ئامانجی تایبەت | • پشت دەبەستێت بەوەی کە قسەکەر یان ئامادەبووان چیان پێویستە. ئامانجی دیاریکراو دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: چیت لە ئامادەبووان (یان هەندێکیان یان کەسێکی دیاریکراوی ناو ئامادەبووان) دەوێت کە ئەنجامی بدەن؟ • ئەمەش پشت بە سروشتی بابەتەکە و جۆری ئامادەبووان دەبەستێت. • پێویستە وەڵامەکەت بە وردی دیاری کردبێت و لەسەر شێوەی خاڵیش ڕێکت خستبێت. • دڵنیابە لەوەی قسەکانت یەك بە یەکی ئەو خاڵانەی تێدابێت و هیچیان پشتگوێ نەخات. |
| ٣- ئامانجی شاراوە | هەموو مرۆڤێك حەز و ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە، تۆیش وەك قسەکەرێك حەز و ئامانجی تایبەت بە خۆتت هەیە (هیچ عەیبەیەکیشی تێدا نییە)، قسەکردنیش لە بەردەم خەڵکدا ـ بەدەر لە بابەتەکە ـ چانسێکت دەداتێ بۆ هێنانەدی هەندێك لە ئامانجەکانت (وەك ناوبانگ، ماڵ، بەژداربوویەکی دیاریکراو قەناعەت پێ بکەیت کە تۆ خاوەنی ئەو توانایانەیت کە بانگەشەی دەکەیت، هەلێکت دەداتێ بۆ بەڕێوەبردنی کارێکی دیاریکراو، بەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ خۆت یان بۆ ڕێکخراوەکەت، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانێکی دیاریکراودا، هەلێکت دەداتێ بۆ بەشداریکردن لە بڕیاردا...هتد). • تا بۆت دەکرێت نموونەی گونجاو بهێنەرەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نهێنییەکانت. |

### ئایا دەزانیت؟

یەکەم کتێب لە بارەی هونەری وتاردانەوە نووسرا بریتییە لە کتێبی (وتاربێژی) ئەرستۆ.



Scanned by CamScanner

# بەندی سێیەم

## جۆرەکانی وتار



د. عثمان هەڵەبجەیی

قسەکردن ئامانجێکی هەیە و...
گەرموگوڕی گوێگرانیش سنووردارە!

أبو عثمان الجاحظ

- پێشەکی
- وتاری پێدانی زانیاری
- وتاری ڕازیکردن
- وتاری بۆنەکان
- وتارە ئیسلامیەکان

Scanned by CamScanner

# پێشەکی

هەڵبژاردنی بابەتی وتارەکەت بە تەواوی گوك و تەبایە لەگەڵ شێوازی خۆئامادەکردن بۆ وتاردانەکەت. لەبەر ئەوە لە سەرەتای هەر وتارێکدا کە پێشکەش بە گوێگرانی دەکەیت پێویستە ڕەچاوی ئەم پێشەکیانە بکەیت:

**أ- بزانە ئامادەبووان کێن:**

ئامادەبووان سروشتی ئەو وتارە دیاری دەکەن کە دەتەوێت پێشکەشی بکەیت. چونکە لەوانەیە جەماوەرەکەت خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی زانستیی یان تەکنیکی یان ئایینی یان گشتی بن..

**وتەی بەنرخ**

وتاربێژیی چەکی دەستی بانگخوازە (ڕەنگە تاکە چەکیش بێت) بۆ خستنەڕووی ڕاستی و خزمەتکردنی ئەو شتانەی باوەڕی پێیانە.

**ب- شوێنەکەت دیاری بکە:**



زۆرجار شوێن کاردەکاتە سەر جۆری ئەو وتارەی کە هەڵی دەبژێریت، چونکە شێوازی ئامادەکاری و پلان دانان بۆ پێشکەشکردنی وتارەکەت بە پێی شوێنەکە دەگۆڕێت. لەوانەیە شوێنەکە هۆڵێکی داخراوبێت، یاخود شوێنێکی کراوەبێت، یان لە قوتابخانە یان مزگەوتدا بێت...

**ت- ئەو ڕێگایانەی ڕازیکردن دەستنیشان بکە کە لەگەڵ تۆدا دەگونجێن:**

ئاشکرایە کە ئامانجی وتار بریتیە لە گەیاندنی بیرۆکە و زانیاری بە بەژداربووان بە شێوازێکی کاریگەر و ڕازیکەرانە، بەڵام ڕێگای ڕازیکردن پێویستی بەوە هەیە کە بەر لەوەی دەست بکەیت بە وتاردان بە وردی هەڵی بژێریت و لێی بکۆڵیتەوە.



Scanned by CamScanner

**پ- ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی وتارەکەت پشت دەبەستێت بەو بارودۆخانەی کە دێنەپێش:**

لەبەر ئەوە خۆت بۆ هەموو پێشهاتەکان ئامادە بکە و، با هەمیشە وتاری بەدیلت ئامادەبێت کە لەگەڵ بارودۆخە تازەکەدا بگونجێت.




**سێ جۆری سەرەکی وتار هەیە:**

أ- زانیاری بەخشین.
ب- ڕازیکردن.
ت- بۆنەکان.

لێرەشدا بە درێژی لە هەریەکەیان دەدوێین:

## 1 وتاری پێدانی زانیاری

**نموونە:**

**ئەو وتارانەیە کە بە ئامانجی یەکێك لەم شتانەی خوارەوە پێشکەش دەکرێن:**

١- ڕوونکردنەوە.
٢- ڕاپۆرت.
٣- وەسفکردن.
٤- ڕاڤەکردن (الشرح).
٥- پێناسە و ناساندنی شت.
٦- خستنەڕوو بە ڕوونی (البیان).
٧- ڕاهێنان.
٨- فێرکردن.
٩- چاوپێکەوتن.
١٠- شایەتیدان لە بەردەم دادگادا.

**ئامانجی ئەم جۆرەی وتار:**

گەیاندنی زانیارییە بەو جۆرەی کە گوێگران لێی تێبگەن و بتوانن لێی سوودمەند بن.





**زانیاری**

ئەگەر دەتەوێت جێگای متمانە بیت، پێویستە فێربیت کە چۆن بە بەڵگەی بەهێز پشتیوانی لە بۆچوونەکانت دەکەیت.

ڤیڤیان بوکان



Scanned by CamScanner

## چەند ئامۆژکارییەك بۆ بەخشینی زانیاری

١- بۆ هەر (١٥) خولەکێك خاڵێکی سەرەکی دابنێ.
٢- هەموو قسەکانت ببەستەرەوە بە بابەتە سەرەکیەکەتەوە.
٣- بە پێی ئەو کاتەی بۆت دیاریکراوە لە هەر وتاریکدا چەند خاڵێکی سەرەکی دابنێ (تەنها ٣ بۆ ٥).
٤- گرنگ ئەوە نییە زۆرترین بڕی زانیاری باس بکەیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە خاڵە هەرە گرنگەکان باس بکەیت.
٥- ئەم ئامۆژکارییەی ئێمەت لەیاد بێت: قسەکانت بە پێی بایەخپێدانی بەژداربووان دابڕێژە.
٦- ئامانجەکانت بە نووسین بنووسە و، وا دامەنێ کە دەیان زانیت...
٧- هەوڵ مەدە هەموو بابەتەکە باس بکەیت، ئەو خاڵانەی ماندووکەرن یان شتی سادەن لایان بەرە و پێشەکیەکانت کورت بکەرەوە و درێژەیان پێ مەدە.
٨- ئەو شتانەی وتاربێژەکانی پێش تۆ وتوویانە دووبارەی مەکەرەوە، تەنانەت ئەگەر بەشێك بن لە قسەکانیشت، بەڵکو بە خێرایی تێپەڕە بەسەریاندا.
٩- زانیارییەکانت بە گوێرەی کات یان گرنگی ڕیز بکە، چونکە بەم جۆرە باشترە.
١٠- لە خستنەڕووی پێوەر و زانیارییە تەکنیکیەکاندا وردەکاربە.
١١- لە خولەکانتدا شێوازی گرووپکاری بەکاربهێنە.



### زانیاری

نووسین بۆ گوێ وانە:
- ڕستەی کورت.
- بیر و بۆچوونی بەش بەشکراو.
- وشەی ئاسان.
- بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە.



Scanned by CamScanner

وتاری پێدانی زانیاری

## هەڵبژاردنی بابەت

پرسیار: لەم لیستەی خوارەوە بابەتێك هەڵبژێرە بۆ ئەوەی بۆ ماوەی (٣٠) خولەك لە بەردەم خەڵكدا قسەی لەسەر بكەیت:

### هەڵسەنگاندنێکی خێرا

1. دایەنگە
2. چۆن دایەنگەیەك بۆ منداڵەکەت هەڵدەبژێریت؟
3. جیابوونەوە (تەڵاق)
4. ڕۆڵی ڕاوێژکارییە دەروونییەکان لە کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاقدا.
5. لیباقەی جەستەیی.
6. چۆن یانەیەکی تەندروستی گونجاو بۆ خۆت هەڵدەبژێریت؟
7. بازاڕی دراوە دارایییەکان.
8. بنەماکانی وەبەرهێنان لە بازاڕی دراوە دارایییەکاندا.
9. سەرکەوتن لە ژیاندا.
10. چۆن بواری تایبەتمەندیت لە ژیاندا هەڵدەبژێریت؟

جارێکی تر و وردتر بابەتەکان بخوێنەرەوە و ئینجا بڕیار بدە...

بابەتی ژمارە [ ] هەڵدەبژێرم

**وتوویانە:**

وشەکان هێزێکی لەتوانا بەدەریان هەیە، وشەکان ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕی و ژیانی قسەکەرانی بوێریشیان گۆڕی.

ترێیس مکان





## تێبینی

بابەتەکە هەڵبژێرە بەپێی:

١- خۆت حەزت لێی بێت قسەی لەبارەوە بکەیت و بەشداربووانیش حەزیان لێیەتی گوێی بۆ بگرن.

٢- شارەزای بابەتەکە بیت و بەشداربووان شارەزای نەبن.

وەڵام:

١- ئەگەر یەکێک لە ژمارە تاکەکانت هەڵبژاردووە (٩،٧،٥،٣،١) ئەوە هەڵبژاردنەکەت هەڵەیە، چونکە ئەوانە بابەتی گشتین و پێویستیان بە (٣٠) خولەک زیاتر هەیە.

٢- سەیری بابەتەکانی ژمارە جووتەکان بکە، دەبینیت باس لە بەشێکی دیاریکراوی بابەتە گشتییەکانی ناو ژمارە تاکەکان دەکەن و دەتوانرێت لە (٣٠) خولەکدا ڕوون بکرێنەوە.

## پرسیار

ناوی بابەتێک بنووسە کە حەز دەکەیت لە ماوەی (٣٠) خولەکدا باسی بکەیت.



## 2 وتاری ڕازیکردن (الإقناع)

مەبەست لەم جۆرەی وتار دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر گوێگر، بە مەبەستی گۆڕینی بیرکردنەوە یان ئاراستەی بیرکردنەوە یاخود بۆ گۆڕینی ڕەفتاری گوێگر، ئەمەش لە ڕێگەی یەکێك لە شێوازە سەرەکییەکانی ڕازیکردنەوە دەبێت کە بریتین لە:

1. سوود وەرگرتن لەو متمانەیەی خەڵك بە تۆی هەیە.
2. کارکردنە سەر هەست و سۆز.
3. بەکارهێنانی ژیربێژی.

### جۆرەکانی

| پەسەندکردنی ڕێوشوێنێکی دیاریکراو بەرامبەر شتێك. | سەلماندنی لە پێشتر بوونی شتێك (الافضلیە). | سەلماندنی ڕاستیەکان |
|---|---|---|
| پێویستە بەرهەمی فلان دەوڵەت نەکڕین لەبەر ئەوەی کە.... | ئەم بەرهەمە لە سەرجەم بەرهەمەکانی تر باشترە لەبەر ئەوەی... | ئەم پاڵێوراوەی هەڵبژاردن هەمیشە پشتیوانی دۆزی ئافرەت بووە و بە بەڵگەشەوە قسەکانی دەکات.... |

| م | ئامانج | نموونە |
|---|---|---|
| ١ | پێدانی زانیاری بۆ گۆڕینی ڕەفتار | • هەڵبژاردن |
| ٢ | تێپەڕاندنی ڕەخنەکان و بەدەستهێنانی پشتیوانی | • فرۆشتن |
| ٣ | جوڵاندنی خەڵکی بۆ ڕازیکردنیان بە شتێك یان ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو | • خولەکانی پەرەپێدانی خود |
| ٤ | پێشنیار بۆ پەسەندکردنی بۆچوونێکی دیاریکراو لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا | • پەسەندکردنی ڕێوشوێن یان یاسایەك |

**وتەی بەنرخ:**

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) هیچ نەیارێك بە ڕوویدا هەڵنەدەستایەوە و هیچ وتاربێژێکیش بە سەریدا سەرنەدەکەوت، ئەو وتاری درێژی بە وشەی کورت چڕ دەکردەوە، بە شتێك بەرامبەری بێدەنگ دەکرد کە بەرامبەرەکە تێی بگەیشتایە، بەڵگەیەکیش ڕاست نەبوایە باسی نەدەکرد).

أبو عثمان الجاحظ.



Scanned by CamScanner

وتاری پێدانی زانیاری

**زانیاریی**

کاتێك تۆ ئامانجی وتارەکەت دەزانیت، ئەو کاتە گوێگرەکەشت تێدەگات لە ئامانجەکە.

ڤیڤیان بوکان





# بۆئەوەی لە ڕازیکردنی خەڵکدا ئامانجەکانت بهێنیتەدی

1 هیچ شتێك وەك ئەو ڕاستیانە قەناعەت بە خەڵك ناکات کە گومانیان تێدا نییە، لەبەر ئەوە بەڕاستیە حاشاهەڵنەگرەکان وژیربێژی دەست بکە بە وتارەکەت.

2 لە کۆکردنەوەی زانیاریدا خۆت ماندوو بکە، هەتا دەتوانیت زانیاری کۆ بکەرەوە و پاشان چیت پێویست بوو لێیان هەڵبژێرە.

3 دڵنیابە لە سەرچاوە و وردی زانیارییەکان و گونجاوییان لەگەڵ بابەت و ئامادەبووواندا. (بە وریاییەوە هەڵیان بژێرە).

4 کتێب و وتار و ڕاپۆرتەکان کۆبکەرەوەو لە ئەرشیفەکەتدا هەڵیان بگرە، چونکە لەوانەیە دواتر بۆت نەدۆزرێتەوە (سوود لە کتێبخانە، ئینتەرنێت، ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە) وەربگرە.

5 وتاری ناوازە سۆزو ژیربێژی ئاوێتەی یەکتر دەکات.

6 پلانەکەت بەباشی دابنێ.

وتاری رازیکردن

## ڕێگاکانی ڕازیکردن

| ڕێگا | ڕوونکردنەوە |
|---|---|
| دەرئەنجام | لە بەشەوە بۆ گشت |
| دەرهێنانی واتایەکی دیاریکراو لە دەقێك | لە گشتەوە بۆ بەش |
| هەست و سۆز | لە دوای بەکارهێنانی زانیاری و ژیریێژی بایەخ بە هەست و سۆز بدە بۆ جوڵاندنی خەڵك و سەرنج ڕاکێشانیان (سۆزی خۆشویستنی خاك، ئازادی سەربەرزی، نیشتیمان، ئینتیما)، هەروەها کۆبیر بخەرە سەر (خواردن، شوێنی نیشتەجێبوون) و پێویستییە دەروونیەکان (خۆشەویستی - ئارامی) |
| بەدەستهێنانی متمانە | (تۆیش وەك ئەوان وایت، تۆ کەسێکی ناوازەیت، تۆ شارەزای بابەتەکەیت، ئەوان دەتوانن ئەو کارە بکەن، پێشەنگێکی هاوبەشمان هەیە، بەمتمانە بەخۆ بوون و گوڕ و تینەوە قسە بکە) بەم شێوەیە وایان لێ دەکەیت کە هەوڵ بدەن لاسایت بکەنەوە. |

### تێبینی

- کاتێك پێدەکەنیت ئەوە بە ئامادەبووانت دەڵێیت: بەخێربێن.
- کاتێك بابەتەکەت پێشکەش دەکەیت، گوێگرەکانت دەبن بە تۆ.
- کاتێك وتار دەدەیت، گوێگرەکانت سەیرت دەکەن.
- کاتێك دەگەیتە کۆتایی بابەتەکەت، گوێگریش دەگاتە کۆتایی.

## شێوازە هەڵەکانی بەکارهێنانی ژیربێژی

| ڕێگا | نموونە | پاساوهێنانەوە |
| --- | --- | --- |
| پرسیارەکە خودی وەڵامەکەیە | ئایا خالید سەرەڕای خراپی ئاستی لێهاتووییەکەی هەر شیاوی وەرگرتنی ئەم پۆستەیە؟ | ئەم پرسیارە لە هەناوی خۆیدا ئەگەرێکی هەڵگرتووە کە بریتییە لەوەی خالید لێهاتوو نییە و ئەمەش ئەو شتەیە کە لێرەدا جێگەی باس لەسەر کردنە |
| بانگەشەکردنی شتێك بە بێ بەڵگە | ئەو لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە و سەرژمێرییانەی لەم دواییانەدا ئەنجام دراون ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە... | لە کاتێکدا هیچ سەرژمێری یان لێکۆڵینەوەیەکی لەبەردەستدا نیە.. |
| بەراوردی هەڵە لە نێوان ئەو شتانەدا کە لەیەك ناچن | ژن هێنان وەکو تۆپ تۆپێن وایە، ئەگەر یاریزان پابەندبوو بە یاساکانیەوە ئەوە دەیباتەوە | لە کاتێکدا ژنهێنان و تۆپ تۆپێن ئەوەندەی لە یەکتر جیاوازن ئەوەندە لە یەك ناچن |
| وشە وروژێنەکان کە مانایەکی خراپ یان سەرنج ڕاکێشیان هەیە. | «سیستم» لە بری «حکومەت»، «باڵاخانە بەرزەکان» لە بری «بەڕێوەبردن» | ئەم وشانە سەرنجێکی خراپ لای ئامادەبووان دروست دەکەن |



### زانیاری

- ئەگەر قسەی خەڵکی تر دەگێڕیتەوە... ئەوا بە ڕاستی بیگێڕەوە.
- خۆ ئەگەر بانگەشەی شتێکت دەکرد... ئەوە بەڵگەکەی بخەرەڕوو.



Scanned by CamScanner

| ڕێگا | نموونە | پاساوهێنانەوە |
|---|---|---|
| گۆڕینی ڕاستیی و قسەکان | درۆ، گشتاندن، بەش بەشکردن، تەرکیز خستنە سەر شتە لەیەکچووەکان، پشت بەستن بەو سەرژمێرییانەی ورد نین یاخود پشتیان بەستووە بە داتای کەم، بەکارهێنانی سەرژمێری لە شوێنی نەگونجاودا. | ناتوانرێت ڕاستیەکان لە جەماوەر بشاردرێتەوە، چونکە درەنگ یان زوو هەر ئاشکرا دەبن |
| ئاسانکاری | دوو بژاردەمان لە بەردەمدایە:<br>١- پلانێك کە کارەساتی لێ دەکەوێتەوە.<br>٢- پلانێك کە دەبێتە هۆی بردنەوەمان | قەتیس کردنی جەماوەر لەنێوان دوو بژاردەداو داخستنی دەرگا بە ڕووی چارەسەرەکانی تردا |
| بەکارهێنانی وشەکانی (دواترو لەبەر ئەوە) | دوای ئەوەی ئەوان کاروباری بەڕێوەبردنیان گرتە دەست، نرخی پشکەکان دابەزین بۆ نیوەی نرخەکانی پێشوو (لەبەر ئەوە ئەوان هۆکاری ئەوەبوون) | کە لەوانەیە هۆکاری تر هەبن بۆ ئەو گۆڕانکارییە |
| ژێربێژی ئاوەژووکراو | فلان کۆمەڵە هەمیشە هێرش دەکەنە سەر زانایان، وە فلانە کەس هێرش دەکاتە سەر زانایان، کەواتە ئەویش سەر بەو گرووپەیە... | لە کاتێکدا ناکرێت لە ڕێگای پێوانەکردنەوە (قیاس) ئەم چەمکە بەسەر هەموو خەڵکدا جێبەجێ بکرێت. |

**تێبینی**

بابەتەکەت پڕ مەکە لە بەڵگە و نموونە هێنانەوە.



Scanned by CamScanner

## هەندێك نموونەی وتاری رازیکردن

### وتاری هەڵبژاردن

1. ئەو خەسڵەتانە بخەرە روو کە بۆ کرتنەدەستی ئەو پۆستە پێویستن.
2. لە پاڵێوراوەکەدا هەبن
3. کۆبیر بخەرە سەر لایەنە باشەکان
4. لایەنە باشەکانی پاڵێوراوەکەو خەسڵەتە پێویستەکان بەیەکەوە ببەستەرەوە.
5. بە جۆشوخرۆش و سۆزەوە قسە بکە
6. هێرش مەکەرە سەر خەڵکانی تر
7. لە کورتی ببیرەوە
8. بە زەردەخەنەوە کۆتایی بە وتارەکەت بهێنە
9. با کۆتاییەکەت سۆزدار و وروژێنەر بێت

مژدەت لێبێت زۆر نزیك بوویتەتەوە لە ئامانجەکەت

### ناگاداربە

وتاری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پێویستە هەردوو لایەنی ژیربێژیو هەستو سۆزیشی تێدابێت.

### پێیان بڵێ:

- پێیان بلێ کە چیت لێیان دەوێت (هەلم بژێرن).
- پێیان بلێ کە بۆچی تۆ گونجاوترین کەسیت بۆ ئەو پۆستە (من کاردەکەم).
- پێیان بلێ داوای چیان لێ دەکەیت (دەنگم بدەنێ).

## وتاری چارەسەرکردنی کێشەکان

چارەسەری گونجاو هەڵبژێرە و بیخەرە ڕوو.

لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرەکاندا چارەسەرەکان هەڵبسەنگێنە.

باسی چارەسەری جێدار (بدیل) بکە.

باسی کاریگەری چارەسەرەکە بکە لەسەر هەموو بوارەکانی کارگێڕی، کریارەکان، کرێکارەکان

کێشەکە دەستنیشان بکەو هۆکارەکانیشی ڕوون بکەرەوە

پێوەرەکانی چارەسەری پێویست دەستنیشان بکە.

باسی کێشە کەسیەکان مەکە.

ئەو شتانەی پێویستە ئەنجام بدرێت دیاریان بکە.

دەست خۆش ... پڕۆڤەی زیاتر بکە

### وتەی بە نرخ

وتاربێژ وەك چرا وایە، ڕێگا ڕووناك دەکاتەوە و ڕێنمایی کەسی ونبوو دەکات و، قسەی کۆتایی و یەکلاکەرەوە لای ئەوە.



Scanned by CamScanner

وتاری رازیکردن

**ئامۆژگاریت دەکەین بە:**

١- لە شێوەی چیرۆکدا باسی بابەتەکەت بکە.
٢- ئامادەبووان نوقمی ناو ئامارەکان مەکە.
٣- بە کوێرەی سروشتی بەژداربووان نەرمی بنوێنە.
٤- وتار مەدە، بابەتەکە بخەرەروو.
٥- ئاگاداری کاردانەوەکانی ئامادەبووان بە.
٦- توندوتیژ یان توورە مەبە.
٧-ڕاستییەکان مەشێوێنە.
٨- لە بەڵگەکانتدا وردەکار بە.
٩- بەڵێنی شتێك مەدە کە ناتوانیت ئەنجامی بدەیت.

## شێوازی رازیکردن

**1 شێوازی راستەوخۆ**

**لەگەڵ جەماوەری هاوسۆزو لایەنگردا**

أ. قولاپ (سەرنج راکێشان - بەك خولەك)
ب. لیست ( درێژەی بابەت و زانیاری و بەڵگەکان)
ت. ئاسانکاری (هەستی ئەوەیان لا دروست بکە کە دەتوانن کارەکە ئەنجام بدەن)
- مەڵێ ئەگەر: چونکە ئەوە مانای گریمانە دەگەیەنێت، لە کاتێکدا پێویستە تۆ تەئکید لە بەتواناییت بکەیتەوە.
- ئەنجامی ئەرێنیان بدەرێ: (کاتێك ئەو شتانە ئەنجام دەدەن کە داوایان لێ دەکەیت ئەو کاتە شتەکە بەدەست دەهێنن).

**2 شێوازی ناڕاستەوخۆ**

**لەگەڵ جەماوەری بەرگریکار**

أ. خاڵە هاوبەشەکان.
ب. کێشە هاوبەشەکان (باسی خراپی بارودۆخی ئێستا بکە و پێیان بڵێ: پێویستە پێکەوە چارەسەری بکەین).
ت. چۆن چارەسەری بکەین (لە بری ئەوەی بڵێیت من، بڵێ ئێمە).
پ. باسی سوودەکانی چارەسەرەکە بکە (بڵێ: ڕاستە زیانی هەیە، بەڵام سوودەکانی زیاترن، بەمەش بەر لە ڕەخنەکان دەگریت).
ج. باسی ئەوە بکە کە ئەوان چیان لێ داواکراوە؟ بۆچی ئێستا؟

**لە یادت بێت**

دووبارەکردنەوە تاکە بنەمای گرنگە لە وتاربێژیدا.

ناپلیۆن



Scanned by CamScanner

# ٣. وتاری بۆنەکان

وتاری بۆنەکان

**وریابە**

لە وتاری بۆنەکاندا درێژدادڕی مەکە، تەنها نزیکەی (١٠) خولەك قسە بکە.

**مەبەست لێی:** بەدەمەوەچوونی پێویستییەکی کۆمەلایەتییە، بە مەبەستی بنیاتنانی پەیوەندییەکان:

**نموونەکان:**

١. بەخێرهێنان.
٢. کۆکردنەوەی کۆمەك.
٣. ڕێزلێنان (پیاهەڵدان، سوپاس کردن).
٤. کۆتاییهێنان بە ئاهەنگێك.
٥. کردنەوەی پرۆژە یان خولێك یان... (دانانی بەردی بناغەی پرۆژەیەك).
٦. دامەزراندنی بەرپرسێکی نوێ.
٧. ناساندنی کەسێك.
٨. پاڵاوتنی کەسێك.
٩. خانەنشین بوون (واز هێنان لە کار).
١٠. پیرۆزبایی.
١١. سەرەخۆشی کردن.
١٢. ئاهەنگەکانی دەرچوون.
١٣. دابەشکردنی بڕوانامەی ڕێزلێنان...




## ئامانج (تایبەتمەندییەکان)

أ. عادەتەن ئەم جۆرە قسەکردنە کورتە.
ب. ڕۆڵێکی باشتر دەبینێت لە بنیاتنانی پەیوەندییەکاندا.

ئامادەبووان بۆ مەبەستی فێربوونی زانست نەهاتوون، بەڵکو تەنها بۆ بەشداریکردنە لە بۆنەیەکی کۆمەلایەتیدا.



Scanned by CamScanner

**لە یادت بێت**

بەر لەوەی دەست پێ بکەیت.. بزانە بۆ چی جۆرە بۆنەیەك بانگهێشت کراویت.

## خەسلەتەکانی بابەتی وتاری بۆنەکان

١- گونجاوە بۆ قسەکردن
٢- گونجاوە بۆ ئامادەبووان
٣- ڕاهێنانکاری تێدایە.
٤- وروژێنەرە، بەڵام جیاوازی و دژیەکی تێدا نییە.
٥- بەلایەنــی کەمەوە یەك بیرۆکەی ئامانجداری تێدایە (بەڵام بابەتەکە مەکۆرە بۆ جدیەتێکی تەواو).
٦- گەشبینانەیە.
٧- ئاڵۆز نییە.
٨- کەسی یان کۆمەڵایەتیە...

### دوازدە ڕاسپاردەکەی تایبەت بە وتاری بۆنەکان

١- لە بۆنەکاندا ئامادەبووان زۆر مەخەرە پێکەنین.
٢- تەرکیز بخەرە سەر چەند خەسلەتێکی دیاریکراو (ڕۆڵی فلان کەس لە پارمەتیدانی هەژاراندا).
٣- باســی بابەتەکە بکە نــەك خۆت (مەڵێ: خۆشــحاڵبووم بەو بەخێر هێنانــەی فلانە کــەس، بەڵکو «بۆ نموونە» بڵێ: ئەو بەخێر هێنانە گەورەیەی کە فلان کەسی دڵخۆشکرد، یان هەموو بەو بەخێرهێنانەی دڵخۆشبووین)
٤- بە دڵسۆزی و نەرمونیانییەوە قسە بکە.
٥- ئاگات لە ئاستی دەنگت بێت و هەوڵ بدە هەمووان گوێیان لێت بێت.
٦- تەرکیز بخەرە سەر ڕاستییە گرنگەکان و هیچی لێ پشتگوێ مەخە.
٧- چیرۆکی وروژێن و کاریگەر بەکار بهێنە، بە تایبەتی ئەوانەی خۆت بینیوتن.
٨- هەموویان وابەستەی بابەتەکە بکە (کۆن و نوێ) و تەنها بۆ کۆنەکان قسە مەکە.
٩- بەڵگــە بە قســەی هەندێــك لە ئامادەبــووان بهێنــەرەوە و بەناوی خۆیانەوە بیان دوێنە.
١٠- بە قســەیەکی کاریگەر کۆتایی بە بابەتەکەت بهێنە (ئێســتا ئەو شتە بووە بە بەشێك لە مێژوو، ئەمڕۆ یادی دەکەینەوە بەڵام هەرگیز لە یادی ناکەین).
١١- دڵخۆش و گەشبینبە بۆ ئەوەی کار بکەیتە سەر ئەوانی تر.
١٢- هەستێکی جوان لای ئامادەبووان دروست بکە.



Scanned by CamScanner

# ٤- وتاری ئیسلامی

وتاری ئیسلامی بە یەکێك لە جۆرەکانی وتاری بۆنەکان دادەنرێت و دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

**أ- ئەو وتارانەی لە شەرعدا دەقیان لە بارەوە هاتووە:**

- وتاری هەینی (مەرجە بۆ دروستی نوێژ).
- وتاری دوو جەژنەکە (سوننەتە).
- وتاری نوێژە بارانە (سوننەتی جەخت لەسەر کراوە).
- وتاری خۆرگیران و مانگ گیران (لای ئیمامی شافیعی سوننەتە).

**ب- ئەو وتارانەی لە ڕووی شەرعەوە بەڵگەیان لەسەر نییە:**

- وتاری یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت).
- وتاری یادی شەوڕەوی.
- وتاری یادی کۆچی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت).



**وتەی بەنرخ**

وتەی بەنرخ: وتاربێژیی بریتییە لە کرۆکی فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگرتن لە خراپە.

د.توفیق الواعی

# هێڵکاری ڕێکخستنی وتاری هەینی

## وتاری یەکەم

1 به (الحمد) دەست پێکردن

2 دوو شایەتمانەکە

3 صەلاواتدان لەسەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت)

4 ئامۆژگاریکردنی خەڵك بە ترسان لە خودا

5 چوونە ناو بابەتەکەوە

6 پێشەکی

7 خاڵە سەرەکی و لاوەکییەکان

8 کۆتایی

9 دانیشتنێکی کورت

## وتاری دووەم

10 سوپاسکردنی خودا (الحمد...)

11 صەلاواتدان لەسەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت)

12 فەرمانکردن بە لەخوا ترسان

13 تەواوکردنی بابەتەکە

14 کۆتایی و پاڕانەوە

### پێناسە

خەسڵەتەکانی وتاری خراپ

- الجذماء:
ئەو وتارەیە کە دوای (الحمد...) دوو شایەتمانەکەی تێدا نییە.

- الشوهاء:
ئەو وتارەیە کە قورئانی تیادا نییە.

البتراء:
ئەو وتارەیە کە بە سوپاسی خوا (الحمد لله) دەست پێناکات.



Scanned by CamScanner

# بەندی چوارەم
## دیاریکردنی کات



ئەو شتەی کە وتاربێژان زۆر کۆڵەوارن
تیایدا بریتیە لە ڕەچاوکردنی کات.

شارل دی مونتسیکو

- پێشەکی
- چەند ئامۆژگارییەکی گشتی سەبارەت بە ماوەی قسەکردن.
- پلانی سێ ڕەهەندی.
- دابەشکردنی کات.

Scanned by CamScanner

پێشەکی

# پێشەکی

کاتێك پێشینان وتویانە: (کات وەك شمشێر وایە ئەگەر نەیبڕیت دەت بڕێت). ئەوەیان نەزانیوە کە ئەم وتەیە بە پلەی یەکەم پەیوەندی هەیە بە وتاربێژان و وانەبێژانەوە بەڵام ڕێك وەکو ئەوە وایە کە بۆ ئەمانیان نووسیبێت. چونکە بڕبایەخترین شت بۆ وتاربێژ بڕینیە لە کات بە تایبەتیش ئەو کاتەی دەکات بە بیداری خەڵك چونکە ئەوە تاکە هەلی ڕەخساوی بەردەستی ئەوە بۆ ئەوەی بوونی خۆی تێدا بسەلمێنێت و ئامانجەکەی بهێنێتە دی.

لەبەر ئەوە پێویستە بزانین کە هەر کاتێك لە کاتی خۆیدا کۆتاییت بە قسەکانت هێنا. ئەوە بەژداربووان بەوپەڕی شەوقەوە گوێت بۆ دەگرن و، هەموو کۆبیریان لای تۆ جەم دەبێت. بە پێچەوانەشەوە هەرکاتێك کاتی زیاتر قسەت کرد ئەوە دەبێتە هۆی پەرتەوازەبوونی زەینیان و ناچاردەبێت سەرلەنوێ بابەتەکە دووبارەبکەیتەوەو بەمەیش کۆبیرت لەدەستدەدەیت و ڕیزبەندی ئەو خاڵانەت لێ تێکدەچێت کە باست کردوون. بەژداربووانیش هەرکاتێك زانیان وتاربێژ لە کاتی دیاریکراو لایداوە، ئەوە ئەگەر بە جەستەیش لەوێ بن بە خەیاڵ لە شوێنێکی دیکە دەبن و، وتارەکە فەرامۆش دەکەن.

لەبەر ئەوە هەتا دەتوانیت وتارەکەت لە کاتی دیاریکراودا تەواو بکە و، هەوڵ بدە هەموو چرکەکانت بەکاربهێنیت لە خستنەڕووی ئەو شتانەدا کە سوودی بۆ بەژداربووەکانت هەیە و، دەبنە هۆی دروستکردنی بۆچوونێکی ئەرێنی لەسەر خۆت و ئاستی پێشکەشکردنی وتارەکەشت لەلای ئەوان.

## بیرۆکە

ئەگەر قسەکانت زۆری خایاند و پاشان بە کۆمەڵ پشوویەکتان وەرگرت، ئەوە بۆ کۆکردنەوەیان داوا لە یەکێك لە بەژداربووان بکە خۆبەخشانە بەژداربووەکانت بۆ کۆبکاتەوە.

الان جونز

## لەیادت بێت

کاتبەندی گونجاو بەڵگەی خۆ ئامادەکردنی باشە.





Scanned by CamScanner

## ١- چەند ئامۆژگارییەکی گشتی تایبەت بە ماوەی قسەکردن

١- ماوەی قسەکردن پشت دەبەستێت بە بابەت یان جۆری وتارەکە:-
أ- بۆ بۆنەکان: کەمتر لە (٢٠) خولەك.
ب- وانە (المحاضرە): کەمتر لە کاتژمێرێك.
ت- خولەکان: بە گوێرەی ماوەی خولەکە، بەڵام هەر کاتژمێرێك یاخود هەر کاتژمێر و نیوێك پشوویەك وەرگرە.

٢- هەتا دەتوانیت بە کورتی قسە بکە (کەم بڵێی زۆر گەیەنەر بە، نەك زۆر بڵێی کەم گەیەنەر بیت).

٣- کاتێك بابەتەکەت تەواوبوو بووەستە، تەنها بۆ ئەوەی کاتەکەت پڕکەیتەوە درێژە مەدە بە قسەکانت.

٤- زیاد لەو کاتەی بۆت تەرخانکراوە قسە مەکە.

٥- هەوڵ بدە بەر لە کاتی تەرخانکراو کۆتایی بە بابەتەکەت بهێنیت چونکە ئەمە باشترە لەوەی کە لە کاتی تەرخانکراوی خۆت زیاتر قسە بکەیت.

٦- هەوڵ بدە خاڵە لەیەکچووەکان لە یەك خاڵی سەرەکیدا کۆ بکەیتەوە چونکە هەتا خاڵەکان زیاتربن ئاستی تێگەشتنی بەژداربووان کەمتر دەبێتەوە.

٧- ئەگەر یەکێك لە بەژداربووان مۆڵەتی چوونە دەرەوەی خواست دەستبەجێ لە قسەکردن بووەستە.




**زانیاری**

ئاستی کۆبیر (ترکیز) لای مرۆڤ بریتیە لە تەنها (٥بۆ ١٠) خولەك، لەبەرئەوە قسەکانت بەجۆرێکی وا دابەش و هەمەڕەنگ بکە کە بەهۆیەوە بەژداربووان بەباشی ئاگایان لات بێت و بەردەوام هۆشیان لات بێت.

تونی جیری



Scanned by CamScanner

وتاری سێ دووری

## ٢. پلانی سێ دووری
## 3D Outline

جیاوازی نێوان ئەم جۆرەی پلان و پلانی ئاسایی ئەوەیە کە ئەمیان (واتە پلانی سێ دووری) تەنها ئەوە لە خۆی ناگرێت کە دەیڵێیت, بەڵکو ئەوەشی تێدایە کە: کەی و بۆچی و چۆن دەیڵێیت..

**ناوەڕۆکی پلانەکە:**

١- کات (کەی؟): ئەو ماوەیەی دانراوە بۆ هەر بڕگەیەکی وانەکە.

٢- ناوەڕۆک (چی؟): درێژەی ناوەڕۆکی هەر بڕگەیەکی وانەکە.

٣- ئامانج/ هۆکار (بۆچی؟): مەبەستت چییە لە خستنەڕووی ئەم بیرۆکەیە؟

٤- هۆکاری بەکارهێنراو (چۆن؟): بە چ شێوازێك بابەتەکە دەخرێتە ڕوو؟

**سوودەکانی:**

١- وات لێدەکات بتوانیت بە شێوەیەکی باشتر بابەتەکەت پێشکەش بکەیت.

٢- دەتوانیت بە پێی پێویستی خۆت بیگونجێنیت.

٣- وێنەیەکی ڕوونی باشتر و تەواوتر دەداتی لە بارەی باروودۆخەکەوە.

| کات | چی؟ | بۆچی؟ | چۆن؟ |
|---|---|---|---|
| (٥) خولەك | بەخێرهێنان | خاوکردنەوەی ماسولکەکان | وشەکانی بەخێرهێنان |
| (١٠) خولەك | بەستەڵەك شکاندن | گوێ گرتن | یاری – ڕاهێنان |
| (٣٠) خولەك | خستنەڕووی بابەت | ڕووماڵکردنی بابەتەکە | وانەو گفتوگۆ |
| (٧) خولەك | نیشاندانی ڤیدیۆ | هەمەڕەنگکردنی خستنەڕووی وتارەکەت | ڤیدیۆ |
| (١٠) خولەك | پشوو | چوستوچالاك کردنەوە | پشوو |

**زانیاری**

قسەکانت بەش بەش بکە بۆ کەمتر لە (٢٠) خولەك، ئەگەر واتکرد ئەوە خەڵك خۆشیان دەوێت.

دیل ویر

**وریابە**

ژمارەیەکی زۆری وانەبێژان هەوڵ دەدەن لە یەك وانەدا زانیارییەکی زۆر بخەنە ڕوو، کە بێگومان ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە، بۆیە سووربە لەسەر ئەوەی قسەکانت سادە و سانا بن.

دیل ویر



Scanned by CamScanner

## ٢. دابەشکردنی کات

پێشنیارێك بۆ دابەشکردنی کات لە وتاری کورتدا **(٣٠) خولەك**

| دابەشکردن | ناوەڕۆك |
| --- | --- |
| (١-٥) خولەك | پێشەکی (ئامانجی بابەتەکە و خاڵە سەرەکییەکانیان پێ بڵێ) |
| (٢٠) خولەك | - ئامانج و خاڵە سەرەکیەکانیان بۆ ڕوون بکەرەوە<br>- بەڵگە و نموونەیان بۆ بهێنەرەوە |
| (١-٥) خولەك | کۆتایی (ئەوەی وتووتە کورتی بکەرەوە و بە بەڵگەیەکی وروژێن کۆتایی بە بابەتەکەت بهێنە). |

پێشنیاری دابەشکردنی کات بۆ وتاری ماوە درێژ **(١ کاتژمێری)** بە گوێرەی یاسای ٣ بۆ ٥

| دابەشکردن | ناوەڕۆك |
| --- | --- |
| (٣-٥) خولەك | پێشەکی (ئامانجی بابەتەکە و خاڵە سەرەکییەکانیان پێ بڵێ) |
| (١) خولەك | - ئامانج و خاڵە سەرەکییەکانیان بۆ ڕوون بکەرەوە<br>- بەڵگە و نموونەیان بۆ بهێنەرەوە |
| (١٥-١٧) خولەك | کۆتایی (ئەوەی وتووتە کورتی بکەرەوە و بە بەڵگەیەکی وروژێن کۆتایی بە بابەتەکەت بهێنە) |
| (١) خولەك | ڕۆیشتن بۆ خاڵی دواتر |
| (١٥-١٧) خولەك | ٢-خاڵی سەرەکی دووەم<br>پاشان: لقێك و خاڵەکانی/ خاڵە لاوەکیەکانی هەر لقێك/ بەڵگەکان/ هۆکارەکانی ڕونکردنەوە |
| (١) خولەك | ڕۆیشتن بۆ خاڵی دواتر |
| (١٥-١٧) خولەك | ٣-خاڵی سەرەکی سێیەم<br>پاشان: لقێك و خاڵەکانی/ خاڵە لاوەکیەکانی هەر لقێك / بەڵگەکان/ هۆکارەکانی ڕونکردنەوە |
| (٣) خولەك | کۆتایی (ئەوەی وتووتە کورتی بکەرەوە و بە شتێکی وروژێن کۆتایی پێ بهێنە) |

دابەشکردنی کات

**وتوویانە**

ترپەکانی دڵی مرۆڤ پێی دەڵێن ژیان چەند خولەك و چرکەیەکە

**بەڵگە**

کورتی وتاری مرۆڤ و درێژی نوێژەکەی نیشانەی تێگەیشتووییەتی.
موسلیم گێراویەتیەوە



Scanned by CamScanner

# بیرۆکە کەسیەکانت

١- ئەو خاڵانەی لەم دەروازەیەدا پێیان سەرسام بوویت کامانەن.

.....................................................................................

.....................................................................................

.....................................................................................

.....................................................................................

.....................................................................................

.....................................................................................

٢- ئەو خاڵانەی دەتەوێت ئەنجامیان بدەیت کامانەن.

.....................................................................................

.....................................................................................

.....................................................................................

.....................................................................................

.....................................................................................

.....................................................................................

Scanned by CamScanner

**٣- ئەو خاڵانەی دەتەوێت بیانگۆڕیت (زیادی بکەیت) بۆ بابەتەکە کامانەن**

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

**٤- ئەو بیرۆکە کردارییانەی لەم بابەتەوە فێریان بوویت چیی‌و چین؟**

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

Scanned by CamScanner

Preparation

# دەروازەی
# سێیەم
# «ئامادەکاری»


ئامادەکاری ٦٧
ئامادەکردنی شوێن ٦٨
هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە ٧٩
وتاری ناڕاستەوخۆ و دوورماوە ١٠٢
مەشقکردن ١٠٥


Scanned by CamScanner

# بەندی یەکەم

## ئامادەکردنی شوێن



گرنگ بەڕێوەبردنی ئەو سەرکەوتنە نییە کە بەدەستت هێناوە، چونکە هەموو کەس ئەوە دەتوانێت، بەڵکو گرنگ خۆئامادەکردنە بۆ سەرکەوتن.

بوبی نایت

- پێشەکی.
- بنەماکانی شوێنی باش.
- شێوە و تایبەتمەندییەکانی هێڵکارییەکان.

Scanned by CamScanner

## پێشەکی

شارەزابوونی شوێنی قسەکردن یارمەتیت دەدات کە لە زۆر هەڵە پارێزراو بیت، هەروەها لەوەشدا یارمەتیت دەدات کە زیاتر بەسەر قسەکانتدا زاڵ بیت. چەندین وتار هەبوون کە زۆر سەرکەوتووانە کۆتاییان دەهات ئەگەر هەڵەی زەق و گەورەی هەڵبژاردنی شوێنی وتار و ئامادەکردنی جێگاکە نەبووایە. بۆیە باشترین شت کە ئامۆژگاری هەموو لایەکی پێ بکەم ئەوەیە کە حسابی باش بکرێت بۆ ژمارەی ئەو کەسانەی بڕیارە ئامادەی خولەکە بن و، ماوەیەك پێشتر سەردانی شوێنەکە بکە، بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی ئامادەکارییەکان و ڕێکخستنی شوێنەکە گونجاو و لەبارە.

### ١- بنەماکانی شوێنی باش

١. قەبارەی هۆڵەکە گونجاو بێت لەگەڵ ژمارەی ئەو کەسانەی چاوەڕوان دەکرێت ئامادە بن.
أ- ئەگەر قەبارەی هۆڵەکە لە ژمارەی بەژداربووان گەورەتر بوو ئەوە ئەگەری شکستهێنانی وتارەکەت زیاتر دەبێت.
ب- هۆڵی بچووك دەبێتە هۆی دروستکردنی قەرەباڵغی و بەشێك لە بەژداربووانی وانەکەت لەدەست دەدەیت.
٢. هەتا دەتوانیت خۆت بپارێزە لە قسەکردن لە شوێنی سەربەتاڵدا، چونکە هۆکارەکانی بێزارکردن زۆرن و خەڵکی سەرقاڵ دەکەن.
٣. جەخت بکەرەوە لە دابەشکردنی کورسیەکان بە گوێرەی سروشتی وتارەکەت.
٤. هەوڵ بدە بە ماوەیەکی گونجاو بەر لە پێشکەشکردنی وتارەکەت شارەزای شوێنی وتارەکەت ببیت (لانی کەم دووکاتژمێر پێشتر).
٥. بە ماوەیەکی گونجاو بەر لە پێشکەشکردنی وتارەکەت ڕێگای هۆڵەکە شارەزابە (بیر بکەرەوە کاتێك لە میوانخانەیەکی هەڵەدا بە دوای هۆڵی وانەوتنەوەکەدا دەگەڕێیت).
٦. لە کورسیەکانی دواوە دابنیشە بۆ ئەوەی دڵنیابیت لەوەی کە هەمووان توانای بینین و بیستنیان هەیە.



**وریابە**

لە شوێنی کراوەدا قسە مەکە، چونکە شتی زۆری تێدایە کە سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشن و سەرقاڵی دەکەن.



Scanned by CamScanner

بنەماکانی شوێنی باش

## دڵنیابە لەم شتانە



- دانیشتن لەسەر کورسیەکان مریحو خۆش بێت.
- دەنگ و مایك و بڵندگۆ.
- تەوالێتی پێویست و گونجاو.
- ئاوی خواردنەوە.
- ڕێنماییەکانی ڕۆشتن بۆ هۆڵی وانەوتنەوە.
- هەوا گۆڕکێ (فێنك كەرەوە و گەرمكەرەوە).
- شوێنی دەرچوونو ڕێڕەوی گونجاو.
- پلاكو تەقسیمی كارەبا.
- دەستەسر.
- هەبوونی سەرپەرشتیارێکی کارگێڕی و هونەری.



**تێبینی**

هەوڵ بدە بەر لە وادەی خۆی سەردانی ئەو هۆڵە بکەیت کە وتارەکەتی تێدا پێشکەش دەکەیت.

کاریس کالیش



Scanned by CamScanner

بەمەلالانی شوێنی باش

## لە هۆڵی بووکدا

١- دڵنیابە لەوەی دەنگت دەگاتە لای هەموو بەژداربووان.
٢- دڵنیابە لەوەی هەمووان هۆکارەکانی ڕونکردنەوەی وانەکە دەبینن.
٣- هەوڵ بدە شێوازی بەشداریکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئامادەبواندا بە شێوەیەکی زیاتر بەکار بهێنیت.
٤- دڵنیابە لە هەبوونی تابلۆی ناو لە بەردەم هەر بەژداربوویەکدا.
٥- کاتێك بەژداربووان قسەکانت پێ دەبڕن بواریان بدە قسەکانیان بکەن.



**وریابە**

وریابە: لە هەر شوێنێکی هۆڵەکەدا بوویت دڵنیابە لەوەی کە هەموو ئامادەبووان بە باشی گوێیان لێتە.

## لە هۆڵی گەورەدا

١- دڵنیابە لەوەی بڵندگۆکان دەنگ نادەنەوە.

٢- داوا لە ئامادەبووان بکە بێنە ریزەکانی پێشەوە و هەندێك لە سوودەکانیشی باس بکە (ڕوونی، بەشداریکردن، گەیشتنی دەنگت)، ئەمە ئەگەر کورسی چۆڵ لە پێشەوە هەبوو.

٣- دڵنیابە لە بەهێزی مایکەکە.

٤- هۆکاری ڕوونکردنەوەی گەورە بەکار بهێنە (باشتر وایە فلیپ چارتی گەورەی ئەوتۆ بەکار نەهێنرێت کە نەبینرێت) لە بری ئەوە ئامێری نمایشکردن (پاوەرپۆینت یاخود شاشەی گەورە) بەکار بهێنە.

٥- بواری کەس مەدە بەردەوام بوەستێت لە بەردەم بەژداربوواندا، وەك وێنەگران و ئەوانەی پرسیار دەکەن.

شێوازو تایبەتمەندییەکانی هێلکاری جێگاکان

## ٢- شێواز و تایبەتمەندییەکانی هێڵکاری جێگاکان

**بیرۆکە**

لە شوێنی یەکێك لە بەژداربووواندا دابنیشە بۆ ئەوەی لە بارەی هۆڵەکەوە سەرنجێك وەربگریت.

هێڵکاری ژمارە (١): دانیشتن بە درێژی




### باشیەکانی:

- پەیوەندیگرتنی قسەکەر لەگەڵ بەژداربوواندا لە ڕێگای چاوەوە ئاسانە.
- بۆ مەشقە تاکەکەسیەکان دەگونجێت.
- جێگای ژمارەیەکی زۆر دەبێتەوە.

### خراپییەکانی

- ئەوانەی لە پشتەوەن ناتوانن بە ئاسانی شت ببینن.
- بۆ راهێنانی بە کۆمەڵ دەست نادات.
- ئەوانەی لەدواوە دانیشتوون بە ئاسانی خۆیان سەرقاڵ دەکەن.



Scanned by CamScanner

شێوازو تایبەتمەندییەکانی هێڵکاری جێگاکان

### پاشیەکانی:

جێگای ژمارەیەکی زۆر دەبێتەوە.

بۆ مەشقی تاکەکەسی دەست دەدات.

### کەموکورتیەکانی

- پەیوەندیکردن لە ڕێگای چاوەوە کارێکی گرانە.
- دەست نادات بۆ مەشقی بەکۆمەل.
- ئاگاداربوون لەو بەژداربووانەی لە لاتەنیشتەکانەوە دانیشتوون کارێکی گرانە.

**هێڵکاری ژمارە (٢): دانیشتن بە پانی**




### تێبینی

ئەوانەی لە دواوە دانیشتوون زوو خەو دایان دەگرێت.

شێوازو تایبەتمەندییەکانی هێڵکاری جێگاکان

**کەموکورتییەکانی**

- ژمارەیەکی کەم خەڵك دەگرێت.
- بۆ مەشقە بەکۆمەڵەکان دەستنادات.

**باشییەکانی:**

- هەمووان دەتوانن بە ئاسانی ببینن.
- پەیوەندیگرتن بە چاو لەگەڵ بەژداربوواندا ئاسانە.
- بۆ مەشقە تاکە کەسیەکان دەست دەدات.

**لە یادت بێت**

هەمیشە دەتوانیت هۆڵەکە بەجۆرێك ڕێك بخەیتەوە کە لەگەڵ بابەتی وتارەکەتدا بگونجێت.

**هێڵکاری ژمارە (٣): دانیشتن بە شێوەی نیمچە بازنەیی**



شێوازو تایبەتمەندییەکانی هێڵکاری جێگاکان

**تێبینی**

هەتا زیاتر بتوانیت بەژداربووەکانت ببینیت ئەوەندە زیاتر هۆش و سەرنجی بەژداربووەکانت بۆخۆت ڕادەکێشیت.

**هێڵکاری ژمارە (٤): دانیشتنی مێزی بازنەیی**



**باشیەکانی:**

- بینین ڕوونە.
- پەیوەندیکرن لە ڕێگای چاوەوە بەهێزە.
- بۆ مەشقە تاکە کەسی و بەکۆمەڵەکان زۆر باشە.

**کەموکورتیەکانی**

- جێگای ژمارەیەکی کەم دەبێتەوە.
- هەندێك كەس ناچار دەبن لەسەر لا دابنیشن.
- قسەکردنی لابەلا تیایدا ڕوودەدات.

## هێڵکاری ژمارە (٥): دانیشتنی بە شێوەی پیتی U



### ئایا دەزانیت؟

لە گرنگترین شێوازە تازەکانی ڕاهێنان و قسەکردن ئەوەیە کە لە هۆڵی ڕاهێنانەکەدا بەردەوام گفتوگۆ لەگەڵ بەژداربوواندا بکەیت.

### باشیەکانی:

- بۆ گفتوگۆ زۆر باشە.
- وانەبێژ بە ئاسانی دەتوانێت هاتووچۆ بکات.
- پەیوەندیکرن لە ڕێگای چاوەوە بەهێزە.
- بینین ڕوونە.

### کەموکورتیەکانی

- ژمارەیەکی کەمی بەژداربوو جێگای دەبێتەوە.
- دەستنادات بۆ مەشقە بەکۆمەڵەکان.
- هەندێك لە ئامادەبووان بە بەردەوامی لا دەکەنەوە.

شێوازو تایبەتمەندییەکانی
هێڵکاری دیکەکان

**هێڵکاری ژمارە (٦): شێوەی دانیشتنی ٣ کەس لەسەر مێزێك.**



**وریابە**

بەناو ئامادەبووانادا هاتوچۆ بکەو ئەنجامی ئەو ڕاهێنانانەیان پێ بڵێ کە پێت سپاردوون.

### باشیەکانی:

- پەیوەندیکردن لە ڕێگەی چاوەوە باشە.
- ژمارەیەکی زۆر جێگای دەبێتەوە.
- بۆ مەشقە تاکە کەسیەکان زۆر باشە.
- هاتووچۆی وانەبێژ ئاسانە.

### کەموکورتیەکانی

- ئەوانەی لە ڕیزەکانی پشتەوە دانیشتوون قورسە بۆیان بتوانن هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە ببینن.
- ئەگەری سەرقاڵبوونی ڕیزەکانی دواوە زۆرە.



Scanned by CamScanner

## خشتەی بەراوردی نێوان باشی و خراپیەکانی سەرجەم شێوە هێلکارییەکانی دانیشتن

| جۆری هێلکاری شوێنەکە | باشیەکانی | خراپیەکانی |
|---|---|---|
| دانیشتن بە شێوەی درێژکۆلەیی | - بە ئاسانی دەتوانیت چاوت لە هەمووان بێت.<br>- بۆ مەشقە تاکەکەسیەکان دەست دەدات.<br>- جێگای ژمارەیەکی زۆر دەبێتەوە. | - ئەوانەی لە دواوە دانیشتوون ناتوانن بە باشی ببینن<br>- بۆ مەشقە بە کۆمەڵەکان ناگونجێت<br>- ئەوانەی لە دواوە دانیشتوون بە ئاسانی سەرقاڵی شتی تر دەبن. |
| دانیشتن لەسەر شێوەی پانیی | - جێگەی ژمارەیەکی زۆر دەبێتەوە.<br>- بۆ مەشقە تاکە کەسیەکان دەست دەدات. | - لە ڕێگای چاووە پەیوەندیکردن بە بەژداربووانەوە قورسە.<br>- بۆ مەشقە بە کۆمەڵەکان ناگونجێت.<br>- چاودێری کردنی بەژداربووان لە لاتەنیشتەکانەوە قورسە. |
| دانیشتن بەشێوەی نیمچە بازنەیی | - هەمووان دەتوانن بە ئاسانی ببینن.<br>- ئاسانی پەیوەندی کردن لە ڕێگای چاووە.<br>- بۆ مەشقە تاکەکەسیەکان دەست دەدات. | - جێگای ژمارەیەکی کەم دەبێتەوە.<br>- بۆ مەشقە بە کۆمەڵەکان ناگونجێت. |
| دانیشتن بە شێوەی بازنەیی | - بینین ئاسانە.<br>- لێرەدا پەیوەندی کردن لە ڕێگای چاووە بەهێزە.<br>- بۆ مەشقە تاکەکەسی و کۆمەڵییەکانیش زۆرباشە. | - جێگای ژمارەیەکی کەم دەبێتەوە.<br>- بەلای هەندێك کەسەوە کۆبوونەوەیەکی لاوەکییە و جدی و سەرەکی نییە.<br>- قسەکردنی لابەلا تێیدا ڕوودەدات. |
| دانیشتن بەشێوەی پیتی U | - بۆ گفتوگۆکردن زۆر باشە.<br>- وانەبێژ بە ئاسانی دەتوانێت هاتوچۆ بکات<br>- پەیوەندی کردن بەچاو تیایدا بەهێزە.<br>- بینین تیایدا ڕوونە | -. جێگای ژمارەیەکی کەم دەبێتەوە.<br>- بۆ مەشقە بە کۆمەڵەکان ناگونجێت.<br>- هەندێك لە بەژداربووان بەردەوام لا دەکەنەوە. |
| دانیشتن بەشێوەی(٣) کەس لەسەر مێزێك | - پەیوەندیکردن تیایدا لەرێگای چاووە زۆر باشە.<br>- جێگای ژمارەیەکی زۆر دەبێتەوە.<br>- بۆ مەشقە تاکەکەسیەکان زۆرباشە<br>- وانەبێژ بە ئاسانی هاتوچۆی تێدا دەکات. | - ڕیزەکانی دواوە بە قورسی دەتوانن هۆکارەکانی ڕاهێنان ببینن.<br>- بوار بۆ ڕیزەکانی دواوە دەڕەخسێنێت کە خۆیان سەرقاڵ بکەن. |



**بیرۆکە**

هەمیشە هەوڵ بدە بە ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ بەر لە وادەی وتارەکەت سەردانی شوێنەکە بکەیت.



Scanned by CamScanner

# بەندی دووەم
## هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە




شتە بینراوەکان زۆر مەزنترن
لە شتە بیستراوەکان.

کارین

- پێشەکی
- خەسڵەتەکانی هۆکاری ڕوونکردنەوەی چاك.
- بنەماکانی مامەڵەکردن لەگەڵ هۆکاری ڕوونکردنەوەدا.
- بنەماکانی بەکارهێنانی وێنە.
- بنەماکانی بەکارهێنانی نوسین.

- چەند بنەماو یاسایەکی سەرەکی:

یەکەم: ئۆڤەرهێد و پاوەرپۆینت.
دووەم: فلیپ چارت.
سێیەم: فیلم و ڤیدیۆ.
چوارەم: نەخشە و وێنە بەیانیەکان.
پێنجەم: ئامێری تۆمارکردنی دەنگ.
شەشەم: وایت بۆرد

Scanned by CamScanner

# پێشەکی

هەروەکو چۆن قسەکردن و ناوەڕۆکی قسەو شێوازی قسەکردن لەسەرکەوتنی وتاردا بە کۆمەڵە شتێکی سەرەکی دادەنرێن، هەر بەو جۆرە ئەوەی بینەرانیش دەیبینن هەر گرنگە. هۆکارەکانی ڕوونکردنەوەیش بە یەکێك لە ڕێگا کاریگەرەکانی گەیاندنی مەبەستی وانەبێژو بەجێهێشتنی شوێنەوارێکی بەردەوام لەزەینی ئامادەبووواندا دادەنرێتو، تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی وانەکەش ئەو شوێنەوارە هەر دەمێنێتەوە.

هەروەکو چۆن بەکارهێنانی ئەو هۆکارانە بە شێوەیەکی باش دەبێتە هۆی باشکردنی شێوازی ئەنجامدانی کارەکەت، هەر بەو جۆرە خراپ بەکارهێنانیشیان بە خراپ دەشکێتەوە بەسەرتا و کاریگەری وتارەکەیشت لەسەر ئامادەبووان لاواز دەکات.

## تێبینی

بۆ جەخت کردنەوە لەسەر خاڵە گرنگەکان مەشق و هۆکاری ڕاهێنان و هۆکاری ڕوونکردنەوە بەکار بهێنە، بەتەنها پشت بەستن بە قسەکردن دەبێتە هۆی ئەوەی ئامادەبووان خەو بیان باتەوە.

تۆنی جیری

## گرنگی هۆکارەکانی ڕونکردنەوە

- ئەو خاڵەی خراوەتەڕوو زیاتر ڕوونی دەکاتەوە.
- خاڵە قورسەکان ئاسان دەکات.
- ئەو شتانەی ناتوانرێت وێنا بکرێن ئەم هۆکارانە بەرجەستەیان دەکات.
- بەراوردی پێ دەکرێت لەنێوان بیرۆکە کۆن و نوێیەکاندا.
- زاراوە قورسەکان ڕوون دەکاتەوە.
- ئاشنامان دەکات بە شتە نوێیەکان.
- هاوکار دەبێت لە پاراستنی ڕیزبەندی قسەکان لای قسەکەر و بەژداربووانیش.
- لە ڕوونکردنەوەی بیرۆکە قورسەکاندا کاتمان بۆ دەگێڕێتەوە.
- هەمەڕەنگی بە قسەکانت دەبەخشێت.
- جەخت لەسەر ئەو خاڵانە دەکاتەوە کە خراونەتەڕوو.
- یارمەتی بیرکەوتنەوە و تێگەشتن دەدات.



Scanned by CamScanner

خەسڵەتەکانی هۆکاری ڕوونکردنەوەی چاك

## ١- خەسڵەتەکانی هۆکاری ڕوونکردنەوەی چاك

| | |
|---|---|
| ١- لەگەڵ ئەو خاڵەدا گونجاو بێت کە دەخرێتە ڕوو. | - هەمیشە دڵنیابە لەوەی هۆکارەکە دەگونجێت لەگەڵ ئەو خاڵەدا کە خراوەتە ڕوو.<br>- بزانە کە ئەو هۆکارەی بەکاری دەهێنیت هەرچەند سەرنجڕاکێش بێت هیچ بەهایەکی نابێت ئەگەر پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبێت.<br>- ناوەڕۆك و، هەروەها ڕادەی بەکارهێنانی قسەی خۆشیش تیایدا لەبار بێت. |
| ٢- شیاو بێت (بۆ بەژداربووان، بۆ حاڵەتەکە و بۆ ئەو خاڵەیش کە خراوەتە ڕوو). | - بەکارهێنانی وێنەی ڕوونکاری زۆر ناگونجێت بۆ قسەکردن بۆ کۆمەڵە خەڵکێك.<br>- قسەکردن بۆ کۆمەڵێك کەسی تایبەتمەند ڕەنگە پێویستی بە بەکارهێنانی وێنەی بەیانی و پاوەرپۆینت هەبێت. بەڵام قسەکردن بۆ کۆمەڵێك خەڵکی ئاسایی پێویستی بە هۆکاری ئاسان هەیە.<br>- دەکرێت لە کاتی قسەکردن لە ئاهەنگی خێزانی یان لە مزگەوتدا هەندێك وێنەی گونجاو و وایت بۆرد بەکار بهێنرێت. بەڵام پێویستە بە وریاییەوە هەڵبژێردرێت. |
| ٣- سەرنجڕاکێش بێت. | - ئەو هۆکارەی بەکاری دەهێنیت بە وریاییەوە هەڵی بژێرە و با پاکوخاوێن و ڕێکوپێك بێت. سەرنجڕاکێش بێت و ڕەنگەکانیشی جوان بێت.<br>- نوێگەری و داهێنانکاری تێدا بێت. |
| ٤- ئاسان بێت | - بە خاڵی زۆر هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە پڕ مەکەرەوە، بەڵکو بەسەر زیاد لە هۆکارێکدا دابەشی بکە، چونکە بەو جۆرە بۆ تێگەشتن و شیکردنەوەیش ئاسانترە.<br>- بۆ هەر خاڵێکی سەرەکی هۆکارێك بەکار بهێنە. |
| ٥- قەبارەی گەورە و ڕوون بێت. | - بۆ ئەوەی ئەوانەی لە ڕیزی دوواوە دانیشتوون بتوانن بە ڕوونی ببینن، ئەگەرنا دەبێتە هۆی بێزاری و ئەنجامی خراپیشی لێ دەکەوێتەوە.<br>- هۆکارێك بەکار مەهێنە کە بەژداربووان نەتوانن ببینن و بیخوێننەوە، تاوەکو ناچار نەبێت لەیەك کاتدا بابەتەکە شی بکەیتەوە و بیشی خوێنیتەوە. |

ماویەتی

**وتوویانە**

کونفۆشیۆسی دانای چینی دەڵێت:

پێم بڵێ: دواتر بیرم دەچێتەوە.

نیشانم بدە: لەوانەیە بیرم بکەوێتەوە.

بەشداریم پێ بکە: ئیتر تێدەگەم.



Scanned by CamScanner

سیماکانی هۆکاری ڕوونکردنەوەی چاك

| | |
|---|---|
| ٦- ڕەنگا و ڕەنگ بێت | - زیاد لە هۆکارێکی ڕوونکاری بەکار بهێنە، چونکە بەم جـۆرە سەرنجراکێشـتر دەبێت وەك لـەوەی تەنها یەك هۆکار بەکاربهێنرێـت، بە جۆرێك کە هەر (٢٠) چرکە بـۆ (٢) خولـەك بە گوێرەی ئاسـتی سەرنجڕاکێشبی هۆکارەکە بگۆڕدرێت. |
| ٧- زۆربێت | - ئامانجیش لە زۆر بەکارهێنانی بریتییە لە:<br>- بەدیهێنانی ئامانجەکان.<br>- هاوکارە لە تێگەیشتندا.<br>- وا لە جەماوەر دەکات بایەخ بە بابەتەکە بدەن. |
| ٨- ڕێكو تەبابن | - ڕەنگەکان هەماهەنگ بن.<br>- وێنەکان ڕوون و گونجاو بن (وێنەی ئەستێرە ناسراوەکان بۆ هاندان، وەرزش بۆ سەرکەوتن). |
| ٩- ئاسۆیی بێت | - هەتاوەکو هۆکارەکە ئاسـۆیی بێت باشترە وەك لەوەی ستوونی بێت . |



**تێبینی**

بۆ ئەوەی بتوانیت بڕی ئەو زانیاریانە زیاد بکەیت کە لەلای ڕاهێنراو دەمێنێتەوە و ئاگایشیان لە لای تۆ بێت، ئەوە هەتا بۆت دەکرێت و کات بوارت دەدات، زۆرترین هۆکاری ڕوونکاریی بەکار بهێنە. تۆنی جیری



Scanned by CamScanner

## ٢- بنەماکانی مامەڵەکردن لەگەڵ هۆکاری ڕوونکاریدا

### وا بکە

- هەتا دەتوانیت هۆکاری ڕوونکارییەکەت با جوان و سەرنجڕاکێش بێت.
- لە لاتەنیشتەوە بوەستە بۆ ئەوەی بەردەمی هۆکاری ڕوونکردنەوەکە لە بەژداربووان نەگریت.
- خۆت هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە بەڕێوەبەرە و مەیسپێرە بە یاریدەدەرەکانت. بەڵکو خۆت بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبردنی لە ئەستۆ بگرە:

١- ڤیدیۆکە ئیش پێ بکە یاخود بیوەستێنە.
٢- سلایدی پاوەرپۆینتەکەت بگۆڕە.
٣- کاغەزی فلیپ چارتەکانت هەڵگێڕەوە.
٤- کاغەزەکان دابەش بکە (ئەگەر بەسەر بەشێکی کەمی بەژداربووانیشدا بێت). چونکە تۆ بەمە کۆنترۆڵی بابەت و کاتی وانەکەبشت دەکەیت. (چەند هەڵەی زۆرم بینیوە لە بەکارهێنانی هۆکارەکان یان ڕێکخستیان یان تەرخانکردنی کات بۆیان، کاتێك خەڵکانی تر ڕاسپێردراون بۆ بەڕێوەبردنیان. هەرچەندە پێشتر چەندین جار ئەمەم بۆ ئەو کەسانە ڕوون کردووەتەوە و لەو بارەیەوە مەشقم پێکردوون).

- با سلایدەکانت هۆکاری ڕوونکاری بن. نەوەکو ئەوان ببنە وانەکە و تۆیش ببیتە یارمەتیدەریان. لەبەر ئەوە هەمیشە لە یادت بێت کە قسەکانی تۆ شتە سەرەکییەکەن و هۆکارەکانی ڕوونکاریش یارمەتیدەرتن.
- با چاوت لای ئامادەبووان بێت نەك چاو ببڕیتە هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە. بۆ ئەوەی بزانیت کاردانەوەیان بەرامبەر قسەکانت چییە و، ئایا تێگەشتوون یان نا (ئێستایش دیمەنی ئەو وانەبێژەم لەباد ناچێت کاتێك کە قسەی دەکرد ڕووی دەکردە هۆکاری ڕوونکارییەکە و پشتیشی لە ئێمە).
- هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە ژمارەبەند بکە (دیمەنی ئەو وانەبێژە بهێنەرە بەرچاوت کە لە کاتی قسەکردندا کاغەزەکانی وانەکەی لێ دەکەوێتە خوارەوە و ژمارەبەندیشی نەکردوون).

### وا مەکە

- با هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە جێگرەوەی (بدیل)ی قسەکانت نەبن. بۆیە هەموو شتێکی تێدا مەنووسەرەوە. بەڵکو چەند وشەیەکی کەمی تێدا بنووسە کە پێویستیان بەوە هەبێت ڕوونکردنەوەیان لە بارەوە بدەیت.
- مەیخوێنەرەوە (ئای ئەو وانەبێژە چەندە ماندوومان دەکات کاتێك ئەو شتانەمان بۆ دەخوێنێتەوە کە لەبەر چاوی خۆماندایە و دەی بینین). بەڵکو بە وشەی نوێ و بە شێوازێکی جیاواز بابەتەکە ڕوون بکەرەوە.
- با هەر سلایدێك لە (٢٠) چرکە زیاتر لەسەر شاشەکە نەمێنێتەوە (ئەو پەڕی (٢) خولەك). چونکە خەڵك زوو ماندوو دەبن.
- بەر لەوەی قسە لەسەر خاڵێك بکەیت نمایشی مەکە و. کاتێکیش لە ڕوونکردنەوەی خاڵێك دەبیتەوە هۆکاری ڕوونکردنەوەکەت دابخە تا ئەو کاتەی پێویستت پێی دەبێتەوە. چونکە ئەگەر ئیش بکات ئەوە خەڵك سەرقاڵی سەیرکردنی ئەو دەبن نەك تۆ.
- بە دەستت ئاماژە مەکە بۆ هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە. چونکە ئەگەر وات کرد ئەوە ناچار دەبیت لە نێوان هۆکارەکە و بەژداربوواندا بوەستیت و نەتوانن بیبینن. لە بری ئەوە ڕاستەیەك یاخود لەیزەر بەکاربهێنە.
- ڕیزبەندی بابەتەکەت لێ ون نەبێت. بزانە لەچی کاتێکدا کام هۆکار بەکار دەهێنیت و لە چی شوێنێکی وتارەکەشتدا بەکاری دەهێنیت.
- بە جۆرێك لە بەردەم ئامادەبوواندا مەوەستە کە ببێتە هۆی ئەوەی نەتوانن هۆکارەکە ببینن. بەڵکو لە یەکێك لە لاتەنیشتەکانەوەبوەستە.

کاتێك هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە ئامادە دەکەیت بەژداربووانی وانەکەتت لەبیرنەچێت. بەڵکو ئەو هۆکارانە بە جۆرێك هەڵبژێرە و دیزاینیان بکە کە ڕەچاوی پێویستیو هەستیاری ئەوانت تێدا کردبێت (هەندێك لە بەژداربووان بێزار دەبن بە وێنەی سەربازی یان مۆسیقا....هتد).

### وتوویانە

ئەو وتاربێژانەی کە هۆکاری ڕوونکاری بینراو بەکار دەهێنن، بەو چاوەوە سەیریان دەکرێت کە باشتر لە کەسانی دیکە خۆیان ئامادە کردووە و، لێهاتووتر و ڕاستگۆتر و چێژبەخشتر و لە ڕازیکردنی خەڵکدا بەتواناترن.

کارین





Scanned by CamScanner

## ٣-بنەماکانی بەکارهێنانی وێنە لە هۆکارەکانی ڕوونکردنەوەدا

### وا بکە

- هەتا دەکرێت لە هۆکارەکانی ڕوونکردنەوەدا وێنەی ڕاستەقینە یان نیگار بەکار بهێنن، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی هۆکاری ڕوونکردنەوەکە سوودێکی زیاتری هەبێت لە گەیاندنی بیرۆکەکەدا. لە ئێستاشدا ئەم وێنانە زۆر و هەرزانیشن.
- با سلایدەکان جوولەیان تێدا بێت ( لە وێنەکاندا)، بەڵام زیادەڕەوی لە بەکارهێنانیدا مەکە، چونکە ئامادەبووان سەرقاڵ دەکات.
- باشترین هۆکاری ڕوونکاری ئەوەیە کە نووسراوی کەم بێت و وێنەی گەورەی تێدا بێت.
- دڵنیابە لەوەی ڕووناکی هۆڵەکە گونجاوە بۆ ئەوەی وێنەکە بە ڕوونی ببینرێت، بە شێوەیەك کە بەژداربووان تۆیش و هۆکارەکەیش ببینن (بۆ ئەمەیش دەتوانیت داوا بکەیت ڕووناکییەکە ڕێك بخەن).

### وا مەکە

- هۆکاری ڕوونکارییەکە پڕ مەکە لە وێنە، بەڵکو هەندێك بۆشایی بەجێ بهێڵە کە چاو بەهۆیانەوە پشوویەك بدات.
- مێژوو یان ناوی کۆمپانیا یان ناوی خۆت یان دروشمی کۆمپانیاکەت لەسەر هەموو سلایدێك دامەنێ لەبەر ئەوەی ئەمە سلایدەکە لاواز دەکات و پێویستیش نییە.
- وێنەی جولاو بەکار مەهێنە (وەکو میکی ماوس و کەسایەتییە پێکەنیناوییەکانی تر). چونکە ئەم شتە زیادەڕەویی تێدا کراوە بۆ سەرنج ڕاکێشانی ئامادەبووان و سەرقاڵیان دەکات و کاریگەری قسەکانیشت کەم دەکاتەوە، لەبەر ئەوە لێیان دوور بکەوەرەوە.
- وێنەیەك بەکار مەهێنە کە کوالێتی بەرز نییە (خۆت ماندوو بکە لە ئامادە کردنیدا).

### تێبینی

ئامادەبووانت لەبیرمەکە:
کاتێك هۆکارەکانی بینین
هەڵدەبژێریت و دیزاینیان
دەکەیت (بەکارهێنانی ئەو
وشەو هۆکارانەی کە ڕەچاوی
پێویستیەکانی ئامادەبووان
ناکات دەبێتە هۆی
لەدەستدانی کاتێکی بەنرخ)

کارین




وێنەیەك
کە بەشێوەیەکی خراپ بەرهەم هێنراوە.

بنەماكانی نوسین
لەهۆکارەکانی ڕوونکردنەوە

## ٤- بنەماكانی نووسین لە هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە

### وا بکە

- خەتێك بەكار بهێنە كە لەگەڵ هەموو سلایدەكاندا بگونجێت (خەتی جیاواز زۆر بەكار مەهێنە).
- بە خەتێكی گەورە بنووسە، بەجۆرێك كە هەمووان بتوانن بە ئاسانی ببینن ( ئەگەر ئەوە ببێتە هۆی ئەوەی چەند بەرەیەكی فلیپ چارت یان سلایدیش پڕ بكەیتەوە).
- بۆ هەر فلیپ چارت یان سلایدێك ناونیشانێك بنووسە (لە كاتێكدا نەبێت كە وشەكان كەم بن).
- لە سەر خاڵە گرنگەكان نیشانە دابنێ.
- بە خەتێكی ڕوون بنووسە و بە خێرایی مەنووسە، چونكە ئەگەر بە خێرایی بنووسیت ئەو كاتە خەتەكەت ناشیرین دەبێت و ناخوێنرێتەوە.
- ئەگەر خەتت ناخۆش بوو، ئەوە زۆر بە هێواشی بنووسە، بۆ ئەوەی خەتەكەت ڕوون بێت و بخوێنرێتەوە.
- دڵنیابە لەوەی كە لە ڕووی ڕێزمانیی و ڕێنووسەوە بەڕاستی دەنووسیت و هەڵە ناكەیت.
- ئەگەر پێویستت بەوە بوو بابەتەكە زیاتر ڕوون بكەیتەوە ئەوە وێنە بكێشە (ئەگەرچی وێنە یان هێڵكارییەكی سادەیش بێت).
- بۆ نووسین لەسەر تەختەڕەش تەباشیری نەرم (ئەوەی دەنگی كەمە) بەكار بهێنە.

### وا مەکە

- خەتی جۆراوجۆری زۆر بەكار مەهێنە. لەسەر یەك سلاید تەنها دوو جۆر خەت بەكار بهێنە.
- لە یەك سلایددا لە دوو قەبارەی جیاوازی خەت زیاتر بەكار مەهێنە.
- خەتی سەیر بەكار مەهێنە، وەك خەتی كوفی و ئەندەلوسی، چونكە هەندێك كەس ناتوانن بیخوێننەوە (خۆم یەكێكم لەوان).
- بەلاری شت مەنووسە (بە جۆرێك بەژداربووان ناچاربن ملیان لار بكەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن نووسینەكە بخوێننەوە).
- پیتە ئینگلیزییەكان بە ستوونی مەنووسە، چونكە ئەم جۆرەی نووسین بۆ هۆكارەكانی ڕوونكردنەوە خراپە.
- گۆڕانكاری زۆر مەكە لە خەتی هەموو وشەیەكدا (وەك تۆخ یان لار یان خەتی لەژێردا بێت). بەڵكو تەنها بۆ ئەو وشانە بەكاریان بهێنە كە دەتەوێت تەركیزیان بخەیتە سەر.
- لە بەشی خوارەوەی كاغەزی فلیپ چارتەكەتدا شت مەنووسە.
- ئەگەر شتت نەدەنوسی ئەوە هیچ ماجیكێك مەگرە بە دەستتەوە.
- هۆكاری ڕوونكارییەكەت پڕ مەكە لە نووسین، بەڵكو تەنها چەند وشەیەكی كەمی تێدا بنووسە و ئەوانی تر بە قسە ڕوون بكەرەوە.
- ئەگەر دەستوخەتت نەدەخوێنرایەوە هیچ دوودڵ مەبە لەوەدا كە داوای یارمەتی لە یەكێك لە سەرپەرشتیارانی خولەكە بكەیت (پێشتریش لەسەر ئەمە لەگەڵیان ڕێك بكەوە).
- كاتێك شت دەنووسیت یان وێنەیەك دروست دەكەیت قسە مەكە.
- نووسین بەكار مەهێنە بۆ خاڵە سەرەكی یان دووبارەكان ( پێشتر هۆكاری ڕوونكاری بۆ ئەم جۆرە شتانە ئامادە بكە).



**وریابە**

ئەگەر نەتدەتوانی بە خەتێكی ڕوون بنووسیت، ئەوە هیچ شەرم مەكە لەوەی كە داوای یارمەتی بكەیت.





Scanned by CamScanner

## ٥- هەندێک بنەما و یاسای سەرەکی

### یاسای ( ٨× بەرزی )



هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە لەسەر سەکۆکە دابنێ و (٨) ئەوەندەی بەرزی هۆکارەکە لێی دوور بکەوەرەوە (بۆ نموونە ئەگەر هۆکارەکە فلیپ چارتێک بوو بەرزیەکەی (٥٠) سانتیمەتر بوو ئەوە (٨×٥٠ =٤٠٠) سم لێی دوور بکەوەرەوە. یاخود ئەگەر هۆکارەکە سلایدێک بوو بەرزییەکەی (٥)سم بوو ئەوە (٤٠)سم لێی دوور بکەوەرەوە. جا ئەگەر توانیت لەو دوورییەوە بیخوێنیتەوە ئەوە مانای ئەوەیە کە قەبارەکەی گونجاوە. ئەگەر نا ئەوە مانای وایە خەتەکە یان قەبارەکەی بچووکە و پێویستی بەوەیە بیگۆڕیت. ئەم بنەمایە بە سەر هەموو هۆکارە ڕوونکارییەکانی تریشدا جێبەجێ دەبێت).

### یاسای ( ٥×٥ )




لە هەر هۆکارێکی ڕوونکردنەوەدا (هەر هۆکارێك بێت) لە (٥) دێڕ زیاتر مەنووسە و هەر دێڕێکیش با لە (٥) وشە زیاتری تێدا نەبێت. خۆ ئەگەر ناچار بوویت ئەوە دابەشی بکە بەسەر چەند هۆکارێکدا و لە هەر یەکێکیاندا چەند دێڕێك بنووسە.

**لە یادت بێت**

هەمیشە ئامادەبە و، لە کاتی ڕوودانی ئەو شتانەدا کە چاوەڕوانت نەکردوون با پلانی جێگرەوەت هەبێت.

### یاسای جێگرتنەوە (البدیل)



هۆکاری ڕوونکاری جێگرەوە ئامادە بکە. هەروەها ئامادەباشبە بۆ پێشکەشکردنی ئەو وتارەی ئامادەت کردووە بە بێ بەکارهێنانی هۆکاری ڕوونکاری، یاخود ئەگەر نەتوانرا ئەو هۆکارە بەکار بهێنیت ئەوە جێگرەوەی بۆ ئامادە بکە.
(جارێکیان خولێکم دەوتەوە کۆمپیوتەرەکە ئیشی نەکرد و ئۆڤەرهێدەکەش ئەوەندە لاوازبوو تەنانەت ئەوانەی لێیشیەوە نزیك بوون نەیان دەبینی، بۆیە هەندێك لەو کاغەز و وێنە و مەشقانەی کە بەردەوام پیمە کۆپیم کردن و بەکارم هێنان و لەو هەڵوێستە ڕزگاری کردین).



Scanned by CamScanner

## ٦- بنەماکانی بەکارهێنانی ڕەنگ لە هۆکارەکانی ڕوونکردنەوەدا

### وا بکە

- ڕەنگ بەکار بهێنە، چونکە سەرنج ڕادەکێشێت و یارمەتی زیاتر تێگەیشتنی بابەتەکە دەدات و جوانی زیاتر دەبەخشێت بە هۆکاری ڕوونکارییەکە (ئەمڕۆ بەکارهێنانی ڕەنگ زۆر ئاسان بووە بە هۆی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە).
- ڕەنگە دیار و زەقەکان بە کا ر بهێنە .
- زیاد لە ڕەنگێک بەکار بهێنە لە نووسین یان لە کێشانی چوارچێوەکاندا.
- ڕەنگە تاریکەکان بەکار بهێنە بۆ نووسین (ڕەش، شینی تۆخ، وەنەوشەیی، سەوزی تۆخ، قاوەیی،...).
- کام بەش یان وشەیە زۆر گرنگە بە تۆخترین ڕەنگ بینووسە (بۆ هێڵی بەیانی گرنگیش هەمان شت بکە).
- ڕەنگی کراوە (وەك زەرد و سەوز) بەکار بهێنە بۆ نووسین لەسەر ئەو باکگراوەندانەی کە تۆخن (بۆ نموونە ڕەش)، ئەمە باشترە لە نووسین بە ڕەنگی سپی لەسەر باکگراوەندی ڕەش.
- ڕەش یان شینی تۆخ یان وەنەوشەیی بەکار بهێنە بۆ نووسین لەسەر باکگراوەندی سپی.
- لە قسەکانت یان دەفتەری یاداشتەکەتدا خاڵێکی سوور لەسەر ئەو شوێنانە دابنێ کە هۆکاری ڕوونکاریت ئامادەکردووە بۆ خستنەڕوویان.

### وا مەکە

- ئەوەندە زۆر ڕەنگ بەکار مەهێنە سلاید (یان سلایدەکان) وا دەربکەون کە هەماهەنگیان لە نێواندا نییە.
- ڕەنگی سوور لە نووسینەکەتدا بەکار مەهێنە، بەڵکو بۆ کێشانی هێڵ و نیشانە و بازنە و...تد بەکاری بهێنە.
- ڕەنگی بزرکاو لە نوسیندا بەکار مەهێنە.
- هەتا بۆت دەکرێت ڕەنگی سوور لەگەڵ سەوزدا بەکار مەهێنە، چونکە هەندێك کەس کێشەی ڕەنگ کوێرییان هەیە و قورسە بەلایانەوە لە یەکیان جیا بکەنەوە.
- بۆ هێڵی بەیانی یان نووسین لەسەر یەك سلاید لە (٤) ڕەنگ زیاتر بەکار مەهێنە.
- زۆر ڕەنگی سوور بەکار مەهێنە، چونکە مرۆڤ بێزار دەکات.
- ڕەنگی زەرد بەکار مەهێنە بۆ نووسین لەسەر کاغەزی سپی یان باکگراوەندی سپی، چونکە نابینرێت.
- با باکگراوەندی ئەو بابەتانەی کە لەیەك بەشدان یەك ڕەنگبن، چونکە ئەو ڕەنگە هاوبەشە مانای بەردەوامیتی دەگەیەنێت.
- ڕەنگی نەگونجاو لەگەڵ یەك بەکار مەهێنە (بۆ نموونە ڕەنگی سوور بۆ بەستەڵەك ناگونجێت و ڕەنگی شینیش بۆ ئاگر ناگونجێت).
- ڕەنگێك بەکار مەهێنە کە زۆر جیاوازبێت لە ڕەنگی باکگراوەندی سلایدی پێشووت، چونکە پلەبەندی لە ڕەنگەکاندا مانای بەردەوامیتی دەگەیەنێت.
- لە کاتی چوونە سەر دەروازەیەکی تازە یان خاڵێکی سەرەکی نوێ دەتوانیت ڕەنگێکی نوێ بەکار بهێنیت، بەڵام بۆ ئەو خاڵە لاوەکیانەی کە سەر بە هەمان بەش یان خاڵن ئەوە هەمان ڕەنگ بەکار بهێنە.

### ئایا دەزانیت

هۆکاری ڕوونکاری باش ئەو هۆکارەیە کە بەتەواوی گوزارشت لە بیر و بۆچوونەکانت بکات.





Scanned by CamScanner

## ٧- جۆرەکانی هۆکاری ڕوونکاری

### یەکەم

**ئۆڤەرهێد و داتاشۆ و سلاید**

**ئایا دەزانیت**

کاتێك هۆکاری تەکنیکی نوێ بەکاردێنیت ئامادەبووان زیاتر بڕوا بە تواناکانت دەکەن.



### باشییەکانی

- ئاسان ئامادە دەکرێت (بە تایبەتی کە کۆمپیوتەر پێشکەوتووە و بەرنامە ووینەکانیشی بڵاو بوونەتەوە بە هەموو لایەکدا، هەرچی ئۆڤەرهێدە ئەوە بەرەو بوکانەوە دەچێت).
- دەتوانرێت وێنەی سروشتیی یان ڕاستەقینەی تێدا دابنرێت و دەنگ یان جوولەیشی لەگەڵدا بێت.
- هەرزانە (بە بەراورد لەگەڵ ڤیلم و ڤیدیۆدا).
- دەتوانرێت بە ئاسانی وێنەی بەیانی و نەخشەی تێدا دابنرێت.
- بە ئاسانی ڕیزبەند دەکرێتەوە.
- دەتوانرێت بە ئاسانی کۆپییەکی کورتکراوە لەوانەکە وەربکیردرێت.
- ئاسانی ڕێزکردنەوەی زانیارییەکان بۆ وانەبێژ و ئامادەبووانیش.
- گۆڕانکاری کردن تیایدا ئاسانە (بە کۆمپیوتەر).
- دەکرێت هۆکاری ڕوونکاری بۆ هەرخاڵێك زیاد بکرێت (تەنانەت بۆ خاڵە لاوەکییەکانیش).
- دەکرێت دەستبەرداری فلیپ چارت یان وایت بۆرد ببین (بۆ زۆربەی خاڵەکان).
- بە بەراورد بە هۆکارە ڕوونکارییەکانی تر دەتوانرێت بە ئاسانی بگوازرێتەوە.
- دەتوانرێت ئۆڤەرهێد و سلایدی ئامادە لە بازاڕدا بکڕدرێت.
- دەتوانرێت بە ئاسانی گۆڕانکاری لە سلایدەکاندا بکرێت.

## وتەی بەنرخ

ئەو کەسەی ناتوانێت بە باشی ئامێرە تەکنیکیەکان و کۆمپیوتەر بەکاربهێنێت ئەوا قۆناغێك لە دواوە دەژی و، وادەکات ئەوانی تر بە کۆن و بێکەڵکی بزانن.

## بنەماکانی بەکارهێنانی

- ئاگاداری ڕێکخەرانی وانەکەت بکەرەوە کە چی ئامێرێکت پێویستە و تایبەتمەندیەکانیشی چین (ئامێری پاوەرپۆینت، کۆمپیوتەر، سلاید، شاشە، کێبڵ و تەقسیم،...هتد) بەر لە وادەی وانەکەت (بۆ نموونە بە (٧) ڕۆژ)و ڕۆژێکیش بەر لە وانەکەت بزانە ئامادەکارییەکان کراون یان نا.
- بەر لە دوو کاتژمێر لە شوێنی وانەکە ئامادەبە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو ئامێر و هۆکارەکان ئامادەن و گونجاون و ئیش دەکەن (زۆرجار وانەکانم دواکەوتوون کاتێك پێیان ڕاگەیاندووم کە هەموو شتێك ئامادەیەو تاقی کراونەتەوە، کەچی وانەبووە).
- دڵنیابە لەوەی تەقسیمی کارەبایی ڕاکێشراوە و لکێنراویشە بە زەوییەوە.
- لەگەڵ خۆتدا تەقسیمی کارەبایی و سەرەپلاکیش هەڵ بگرە، لەبەر ئەوەی سویچ پلاکەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت.
- دڵنیابە لە چۆنێتی بەکارهێنانی ئامێرەکان و ئیش پێکردنیان.
- دڵنیابە لە هەبوونی گڵۆپی یەدەگ بۆ ئامێری ئۆڤەرهێد، یان کۆمپیوتەری یەدەگ یان دیسکی یەدەگ.
- دڵنیابە لە دانانی ئامێرەکان لە شوێن و بەرزایی گونجاودا.
- با کۆمپیوتەر و ئامێر و هۆکارە گرنگەکانی دیکە بە خۆت بێت و لەگەڵ جانتاکانتدا باریان مەکە (لە کاتی گەشتەکانتدا)، بزانە چی هەڵویستێکی ناخۆشە ئەگەر دوای تەواوکردنی وانەکەت ئینجا شتەکانت بگەن.



Scanned by CamScanner

## بنەماکانی بەکارهێنانی شاشە

### وا بکە

- شاشـەکە لە بەرزاییەکـی گونجاودا دابنێ (هەتـا دەتوانیـت با لـە ئاسـتی زەوییەوە بەرزتر بێت).
- دڵنیابە لەوەی قەبارەیەکی گونجاوی شاشە بەکاردەهێنیت (هەتا گەورەبێت باشترە).
- دڵنیابە لەوەی لە ناوەڕاستدایە.
- ئەگەر بۆ ماوەی دوو خولەك یان زیاتر قسەت کـرد بێ ئەوەی پێویسـتت بـە پاوەرپۆینت بێت، ئەوە گڵۆپەکانی هۆڵەکە هەڵ بکە.
- دڵنیابە لەوەی ڕووناکی شوێنەکە گونجـاوە، بـە جۆرێـك کـە ئامادەبـووان بتوانـن لە هەمان کاتدا خۆت و شاشەکەیش ببینن.
- دڵنیابـە لـەوەی کە ماوەی نێوان کورسـی دواوەو شاشـەکە یەکسـانە بـە (بـەرزی شاشەکە×٨).

(نموونە: ئەگەر بەرزی شاشەکە (٣) مەتربوو ئـەوە نابێـت دوایەمین کورسـی لـە (٢٤) مەتـر دوورتر بێت) ئەگـەر وا نەبوو ئەوە شێوازی دانیشتن یان شاشەکە بگۆڕە.

### وا مەکە

- لە بەردەم ڕووناکییەکەدا مەوەستە کە سـێبەرەکەت لەسەر شاشەکە ببینرێـت (هەروەهـا دیمەنیشت پێکەنیناوی دەبێت کاتێك ڕووناکی و ئەو وێنەیەی لەسـەر شاشـەکە بە سەر و چاوتەوە ببینرێت).
- لەگـەڵ شاشـەکەدا قسـە مەکـە (واتـە ڕوو بکەیتـە شاشـەکە و خەریکـی ئـەوە بێـت شتەکانی سـەری بخوێنیتەوە)، بەڵکو لەگەڵ ئامادەبوواندا بدوێ.
- بـا هۆڵەکـە زۆر تاریـك نەبێت، چونکـە ئامادەبـووان سـەرنجیان دەچێت بەلای شاشـەکەدا نەك تۆ، هەروەها ناشـتوانن تێبینیەکانیان بنوسن.
- لەسـەر دیوار شت نماییش مەکە، بەڵکو لەسـەر شاشەیەکی گونجاو نماییشی بکە (مەگەر ناچاربێت).



### وتووێانە

تەنها ئەوە بەس نیە کە بزانیت پێویستە چی بڵێیت، بەڵکو دەبێت بەو جۆرە بیڵێیت کە پێویستە.

دیمانەی جەماوەر



دووەم

## فلیپ چارت

### باشیەکانی

- بۆ خستنەڕووی هەندێک هەنگاوی کرداری دیاریکراو زۆرباشە (فلیپ چارتێک بۆ هەر هەنگاوێک).
- بۆ نووسینی تێبینی یان بەدەنگەوەچوونی خێرای داواکاریی ئامادەبووان باشە.
- بە ئاسانی لە شوێنێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر.
- بەکارهێنانی پێویستی بە هیچ ئامێرێک نییە و ترسی ئەوەیشی لەسەر نییە لە ڕووی تەکنیکی یان کارەباییەوە لە کار بکەوێت.
- بۆ بەژداربووی کەم گونجاوە.
- هەرزانە.

## بیرت بێت

زۆرجار و بەر لە دەستکردن بە وانەکەت کاغەزەکانت پەرشوبڵاو و تێکەڵ دەبن!.

## بنەماکانی بەکارهێنانی

- پێشتر فلیپ چارتەکان ئامادە بکە و بە وردی شتەکانی تێدا بنووسە.
- لای ڕاستی کاغەزەکەوە بوەستە (مەگەر چەپە بیت لە نووسیندا).
- بەر لەدەستپێکردن دڵنیابە لەوەی بەرزییەکەی گونجاوە.
- ئەگەر لە شوێنێکەوە دەتبرد بۆ شوێنێکی تر ئەوە بیپێچەرەوە و بیخەرە ناو لوولەکێکەوە.
- کاتێک فلیپ چارتەکان نمایش دەکەیت ماوەیەکی گونجاو وازیان لێ بهێنە، بۆ ئەوەی ئامادەبووان تێبینییەکانی خۆیانی لێ وەرگرن و زانیارییەکانی ناوی بخوێننەوە.
- ژمارە بۆ پەڕەکان دابنێ.
- بۆ بەژداربووی کەم بەکاری بهێنە نەک زۆر.
- بۆ بەژداربووی زۆر ئۆڤەرهێد بەکار بهێنە بۆ نووسین، چونکە ڕوونترە و وێنەکەیشی گەورەترە.
- ئەگەر فلیپ چارتەکە پێشتر ئامادە کرابوو، ئەوە لە کاتی خۆیدا نمایشی بکە نەک پێشتر.



Scanned by CamScanner



## سێیەم
## فلیم و ڤیدیۆ

### باشیەکانی

- سەرنج و هەست و سۆزی خەڵکی ڕادەکێشێت.
- زۆر بەسوودن بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر.
- جوولە و دەنگی هەیە (لە هۆکارەکانی تردا ئەمە بە دەگمەن بەدی دەکرێت).
- دەتوانیت خۆت هەستیت بە ئامادەکردنی (بەڵام زۆری تێ دەچێت، بۆ کەسێك کە شارەزا نییە ئامۆژگاری ناکەین بەکاری بهێنێت).
- دەتوانیت ئەوەیان بکرێت کە بۆت گونجاوە.
- بەکارهێنانی ئاسانە.

## بنەماکانی بەکارهێنان

### وا بکە

- پێشتر خۆت بە وردی سەیری فیلمەکە بکە، لەوانەیە هەندێك دیمەنی نەگونجاوی تێدابێت.
- دڵنیابە لە ڕوونی وێنە و قەبارەی شاشەکە و گونجاوی دەنگی فیلمەکە.
- دڵنیابە لەوەی فیلمەکەت لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات کە دەتەوێت نمایشی بکەیت.
- بەرلەوەی نمایشی بکەیت باسی ئامانجی فیلمەکە بکە (ئەگەر ویستت شتێکی چاوەڕوان نەکراو پێشکەشی ئامادەبووانت بکەیت ئەوە لە سەرەتادا باسی ئامانجەکە مەکە).
- دوای تەواوبوونی فیلمەکە بەکورتی سەرنجی خۆت لە بارەی فیلمەکەوە بڵێ، یاخود دەرگای گفتوگۆ بکەرەوە.

### وا مەکە

- زۆر بەکاری مەهێنە، چونکە خەڵك هاتوون بۆ ئەوەی گوێیان لە تۆ بێت.
- ئەو فیلمانە نمایش مەکە کە لە ماڵاندا وێنەیان گیراوە و ئامادە کراون، چونکە سەرنجێکی خراپ لای ئامادەبووانت بەجێ دەهێڵێت، لەبەر لاوازی ئامادەکردنی.
- لە ناساندنی فیلمەکەدا زیادەڕەوی مەکە (ئەمە جوانترین فیلمە، ناوازەترین گرتەیە..) چونکە پێ دەچێت بەلای ئامادەبووانەوە وا نەبێت.
- لە کاتی نمایشکردنی فیلمەکەدا سەرقاڵی شتی تر مەبە و خۆیشت لەگەڵ ئامادەبوواندا سەیری بکە.
- هەموو ئەوەی لە فیلمەکەدا نمایش دەکرێت پێشتر بۆ ئامادەبووانی باس مەکە، چونکە ئەمە وا دەکات ئامادەبووان ماندووبن لە فیلمەکە کاتێك کە نمایش دەکرێت.
- فیلمەکە مەوەستێنە و سەرنجی خۆتی لەبارەوە بڵێیت، تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە فیلمەکە درێژبێت، ئەو کات دەتوانیت لە شوێنی گونجاودا بیوەستێنیت (هەموو ١٥-٢٠ خولەك جارێك)

### تێبینی

هەوڵ بدە سەرنجی ئامادەبووان ڕابکێشیت بەرەولای ئەو بابەتەی کە پێشکەشیان دەکەیت، بە بێ ئەوەی سەرقاڵی ئەو هۆکارە ڕوونکارییە بن کە بەکاری دەهێنیت.



## چوارەم

# نەخشەو وێنە هێڵكارییەكان

## باشیەكانی

- ژمارەو خاڵە ئاڵۆزەكان ڕوون دەكاتەوە.
- سەبارەت بە ئاراستەكانی ئاییندە، بەراوردی ڕوونو پێشبینی كردنی باش دەدات.
- بەكارهێنان و گواستنەوەی ئاسانە.
- هەرزانە.
- نەخشەكان بە تاقە ڕێگا دادەنرێن بۆ خستنەڕووی زانیارییە جوگرافییەكان.

### ئایا دەزانیت

وێنەهێڵکارییەکان کاریگەرییان لەسەر بەژداربووان زیاترەو باشتریش دەتوانێت قەناعەتیان پێبکات.






Scanned by CamScanner

## بنەماکانی بەکارهێنان

- کام جۆرەیان لەگەڵ ئامانجەکان و ئامادەبووەکانتدا دەگونجێت ئەوەیان هەڵبژێرە.
- لە هەر وێنەیەکدا بیرۆکەیەك دابنێ.
- ناونیشانێك هەڵبژێرە کە ئاماژە بە مەبەستی وێنەکە بکات.
- لە ناونیشانەکەتدا شێوازی کردار (فعل) بەکار بهێنە.

### بۆ نموونە: لە ڕۆژهەڵاتدا ڕێژەی فرۆشتن لە پاشەکشەدایە.

دەمی فرمانەکە (زمن الفعل) بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەیانخەیتەڕوو هەڵبژێرە.




- ئەگەر کەمتر لە (٥) خاڵت هەبوو ئەوە ستوون بەکار بهێنە.



- ئەگەر زیاتر لە (٥) خاڵت هەبوو ئەوە هێڵ بەکار بهێنە.



- ئەگەر لە یەك کاتدا بەراوردت کرد لەنێوان چەند شتێکدا ئەوە ستوونی ئاسۆیی بەکار بهێنە (بۆ نموونە: بەراوردکردن لە نێوان قازانجی ناوچە جیاوازەکان یان فرۆتەنییەکاندا).



**تێبینی**

ئەو زانیارییانەی لەبەردەستتدان زۆر بە وردی لێیان بکۆڵەرەوە، چونکە ئامارەکان هەموو کاتێک ئەو ئەنجامانە نادەن بەدەستەوە کە چاوەڕوانییان لێ دەکرێت.
شیری بوشر



Scanned by CamScanner

جۆرەکانی هۆکاری ڕوونکاری

• بۆ بەراوردکردنی ڕێژە سەدییەکان شێوازی کێک یان بازنە بەکار بهێنە.




• کاتێك باسی ناوچەکان دەکەیت یاخود بەراوردی وڵاتان دەکەیت: نەخشە بەکار بهێنە و، بۆ جیاکردنەوەیشیان پشت ببەستە بە ڕەنگ یان سێبەر یان قەبارەی وێنەکان.



• ئاماژەکەرێك بەکار بهێنە بۆ ئەوەی کاتێك بابەتەکە بۆ ئامادەبووان ڕوون دەکەیتەوە، چاوت لێیان نەبڕێت.



• هۆکاری ڕوون بەکار بهێنە (هۆکارە ئاڵۆزەکان تەنها بۆ جەماوەرێکی تایبەت دەست دەدەن و گونجاون).





**ئاگاداربە**

بۆ جەماوەرێکی نا تایبەتمەند (غیر متخصص) هۆکاری ڕوونکاری ئاڵۆز بەکار مەهێنە.

## لە کاتی بەکارهێنانی نەخشەکاندا دڵنیابە لەم خاڵانە:

- لە دوورەوە دەتوانرێت بە ئاسانی بخوێنرێتەوە.
- خاڵە گرنگەکان بە خەتی گەورە بنووسە.
- کام بەشە زۆر گرنگە ئەوانە بنووسە.
- لە ژمارە و زانیارییەکاندا وردەکاربە.
- ئەو خاڵ و زانیاریانەی کە گرنگ نین و خزمەت بە ئامانجەکەت ناکەن لایان بەرە.
- لە هەر سلایدێکدا لە (٤) ڕەنگ زیاتر بەکار مەهێنە.
- ئەگەر پێویست ئەکات سێبەر بۆ نووسینەکان بەکار مەهێنە.
- لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕەنگەکان یان سێبەر یان هێڵ یان سیمبولە دیارەکانەوە تەرکیز بخەرە سەر خاڵە گرنگەکان.
- بە خەتێکی ڕوون بنووسە.
- سلایدێکی جوان و سەرنجراکێش بەکار بهێنە.
- سەرژمێری و ژمارەی زۆر لە یەك سلایددا مەنووسە (ئەگەر پێویستت بوو چەند سلایدێکی بۆ بەکار بهێنە).

پێوەری دوور لە یەك بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری



## لە کاتی بەکارهێنانی وێنەی هێڵکاریدا لەم خاڵانەی خوارەوە دڵنیابە:

- سەرەتای وێنەی هێڵکارییەکە لە خاڵی سفرەوە دەست پێبکات.
- بە هێڵی ستوونی و ئاسۆیی و...هتد مەبەستی خۆت لە وێنە هێڵکارییەکە بنووسە.
- تەنها شتە لەیەکچووەکان بەراورد بکە.
- هیچ هێڵێك لە نێوانەکاندا مەکێشە کە پێویستت نییە، هەروەها هیچ خاڵێك مەکێشە کە وێنەکەت قەرەباڵغ دەکات.
- لە هەر سلایدێکدا زیاد لە (٣) وێنەی هێڵکاری بەراورد مەکە.
- بۆ خاڵە زۆر گرنگەکان ڕەنگێکی تۆخ یان دیار بەکار بهێنە.
- ئەگەر داتاکەت خاڵی سفری زۆر تێدابوو ئەوە لە ناونیشانەکەتدا بە وشەی (هەزار یان ملیۆن) کورتی بکەرەوە.
- ئەگەر حەزت کرد کاریگەری وێنەکەت زیاتربێت، ئەوە پێوەری وێنەکەت فراوانتر بکە (پێوەری نزیك لە یەك).
- ئەگەر حەزت کرد کاریگەری وێنەکەت کەم بێت ئەوە پێوەری وێنەکەت بچووك بکەرەوە (پێوەری دوور لە یەك).

پێوەری نزیك لە یەك بۆ زەقکردنەوەی کاریگەری





Scanned by CamScanner

**زانیاری**

زۆر بەکارهێنانی هۆکارەکانی بیستن دەبێتە هۆی ئەوەی جەماوەری ئامادەبوو هەست بە بێزاری و بێتاقەتی بکەن.

پێنجەم

ئامێری دەنگ تۆمارکردن (ریکۆردەر)



## کەی بەکار دەهێنرێت؟

- بۆ پەیامە کورتەکان (کەمتر لە خولەکێك).
- بۆ لێدانی سروود لە کاتی پشووەکاندا.
- بۆ نمایشکردنی نموونەیەکی مێژوویی یان وتەی کەسێك.

## بنەماکانی بەکارهێنان

**وا بکە**

- لە کاتی ئامادەکارییدا و هەروەها بەر لە وتارەکەیش دڵنیابە لەوەی دەنگەکە ڕوونە و بە باشی دەبیسترێت.
- ئامێرێکی زۆرباش بەکار بهێنە.
- شریتەکە ئامادە بکە (واتە ئەو بابەتەی کە دەتەوێت بەژداربووان گوێبیستی بن).
- ڕیکۆردەرەکە لە شوێنێکی گونجاوی وادا دابنێ کە هەمووان بتوانن بە باشی گوێیان لێی بێت.
- با ئاستی دەنگەکە گونجاو بێت (نە زۆر بەرز و نە زۆر نزم).
- با کۆپییەکی یەدەگی بابەتەکەت پێبێت.
- بەر لە لێدانی تۆمارە دەنگیەکە باس لە ئامانجەکەی بکە.

**وا مەکە**

- زۆر بەکاری مەهێنە.
- تا دڵنیا نەبیت هەمووان بێدەنگبوون ئیشی پێ مەکە.
- لە کاتی ئیشکردنی تۆمارە دەنگیەکەدا قسە مەکە.
- بابەتێکی دوور و درێژ لێ مەدە.



Scanned by CamScanner

## شەشەم

## وایت بۆرد




تەختـەڕەش لەگـەڵ تەباشـیردا، یاخـود وایت بـۆرد لەگەڵ ماجیكـدا (لەبەر ئاسـانییەكەی) تا ئێسـتاش زۆر بـەكار دەهێنرێت، بۆیە بـە گرنگی دەزانین باسی ئەوە بكەین كە چۆن بە باشی بەكاری بهێنین..

### كەی بەكار دێت؟

- بـۆ سەرنجڕاكێشـان (ئـەو جووڵەیـەی لە كاتـی نووسـیندا دەیكەیت زیاتر سەرنجی ئامادەبووان بەلای بابەتەكەدا ڕادەكێشێت).
- بۆ باسكردنی خاڵێكی كتوپڕ یان ڕوونكردنەوەی وەڵامی پرسیارێك.
- بۆ ئەو كۆمەڵانە بەكاردێت كە ژمارەیان كەمە.
- هـەر كاتێـك پێویسـتت بـە باسـكردنی شـتێك هەبـوو كـە لـە هـۆكارە ڕوونكارییەكاندا نین ئەم هۆكارە بەكار بهێنە.

### بنەماكانی بەكارهێنان

- لـە لاوە بوەسـتە، بـە جۆرێـك ڕێگـە نەگریـت لـە بینینی ئەو شـتەی كە دەینووسیت.
- بە خەتێكی گەورە و ڕوون بنووسە.

**ئاگاداربە**

ماوەیەك بدە بەو كەسانەی دەیانەوێت ئەو شتانە بنووسنەوە كە نووسیوتن!



Scanned by CamScanner

بەراوردی نێوان هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە

## بەراوردی نێوان هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە

| هۆکار | گرنگترین باشییەکانی | گرنگترین کەموکورتییەکانی |
|---|---|---|
| تەختەڕەش و وایت بۆرد و فلیپ چارت | • لە کاتی خۆیدا شتی تێدا دەنووسیت.<br>• جەماوەری ئامادەبوو دەتوانن تیایدا بنووسن.<br>• کەشوو هەوایەکی نافەرمی دێنێتە کایەوە. | • وا نیشانت دەدات کە خۆتت ئامادە نەکردووە.<br>• کاتی زۆرت لێ دەگرێت.<br>• پێویستی بە خەتێکی جوان هەیە.<br>• بۆ بەژداربووی زۆر ناگونجێت. |
| ئەو مەشقانەی بە کاغەز دەکرێن | • بواری بەژداریکردن بۆ ئامادەبووان دەرەخسێنێت.<br>• بواری نوسینی تێبینییەکان دەرەخسێنێت. | • کات دەبات.<br>• جەماوەری ئامادەبوو سەرقاڵ دەکات. |
| فیلم و سلایدەکان | • سەرنجڕاکێشە.<br>• هەمەڕەنگی دەبەخشێت بە وتارەکە | • دەبێت ژوورەکە تاریک بکرێت.<br>• تێچوونی ئامادەکردنی زۆرە. |
| داتاشۆ | • ئاسان دەگوازرێتەوە.<br>• جوانە و سەرنج ڕادەکێشێت.<br>• وەك پیشەوەر و شارەزایەك دەتخاتە پێشچاوی ئامادەبووان.<br>• بەڵگەی ئەوەیە باش خۆتت ئامادە کردووە.<br>• لە هەموو هۆکارەکانی تر نایابترە بەلای ئامادەبووانەوە. | • پێویستی بە ئامێری زۆرە.<br>• هەندێك جار پێویستی بە ژوورێکی نیمچە تاریکە.<br>• ئەگەر لە کار بکەوێت چاککردنەوەی ئاسان نییە.<br>• ئامادەکردنی پێویستی بە شارەزایی هونەرییە.<br>• لەوانەیە ببێتە هۆی سەرقاڵ کردنو خەیاڵ بردنی جەماوەر. |

**بیرۆکە**

ئەگەر قسەکان کورت بوون ئەوە تەنها یەك فلیپ چارت دابەش بکە.

دایل ویر



Scanned by CamScanner

# بەندی سێیەم:

## وتاری ناڕاستەوخۆ و دوورماوە



ئەگەر قسەت بۆ کەسانێک کرد و تێی نەگەیشتن، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێکیان سەریان لێ بشێوێت.

موسلیم گیراویەتیەوە

- پێشەکی
- جیاوازی بەها و کلتوورەکان.
- هەندێک ئامۆژگاری بۆ وتاردان لە وڵاتانی تر.
- وتاردان لە ڕێگەی شریت یان تەلەفۆنەوە.
- وتاری تەلەفزیۆنی.

Scanned by CamScanner

جیاوازی بەهاو کلتوورەکان

## پێشەکی

ئەو پێشکەوتنە تەکنیکیەی کە هەموو سەرزەمینی گرتووەتەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە وتاردانی ناڕاستەوخۆ ڕوو لە زیادبوون بکات، بە جۆرێك وای لێهاتووە وتاربێژ یاخود قسەکەرێك لە دوورییەکی زۆرەوە و لە ڕێگای تەلەفۆن یان تەلەفزیۆن یان شریت یان ئینتەرنێتەوە بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك دەدوێت، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆری بنەماکانی وتاردان لەم شێوازەدا هەیە، بەڵام چەند بنەمایەکی تر هەن کە پێویستە ئاگامان لێیان بێت و سەرنجیان بخەینە سەر، کە ئێمە لەم بەشەی کتێبەکەماندا چارەسەریان دەکەین و باسی هەموو ئەو شتانە دەکەین کە پەیوەندییان بە قسەکردنەوە هەیە لە وڵاتانی تردا.

## 1 جیاوازی بەها و کلتوورەکان

- لە قسەکردنی ئاساییدا تۆ قسە بۆ کەسانێك دەکەیت کە لە زۆر بەها و داب و نەریت و لایەنی ڕۆشنبیریدا هاوبەشن، بەڵام لە قسەکردنی ناڕاستەوخۆدا تۆ قسە بۆ کەسانێك دەکەیت کە جیاوازن لەو شتانەدا، لەبەر ئەوە لەو لایەنانەوە ئاگاداری جیاوازییەکانیان بە.
- هەروەها ئاگاداربە لە جیاوازی شێوەزارو زاراوەکان، بۆ نموونە (شاد و سەلامەت بن) لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا وشەیەکی جوانە، بەڵام هەمان گوزارشت لە ڕۆژئاوای عەرەبی واتە ئاگرتان تێبەربێت.



**ئاگاداربە**

- لە یەکێك لە هۆتێلەکانی ڤیەننادا ئەم ڕێنماییانە هەن:(لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا تەوپەڕی تواناکانت بخەرەگەڕ بۆ بێزارکردنی کارگوزاری هۆتێلەکە)!
- ڕێنوشوێنی سکاڵاکردن لە یەکێك لە هۆتێلەکانی شاری ئەسینا: (چاوەڕێی ئەوە لە میوانەکانمان دەکەین کە ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩-١١)ی بەیانییەوە سکاڵاکانیان تۆمار بکەن)!
- ریکلامێك لە پرووکاری دووکانی بەرگدروویەکی شاری ئەسینادا: (داوای بەدلە هاوینەییەکەت بکە، چونکە لۆدێکی زۆرمان لە سەرەو بە سەرە هەڵدەستین بە پاکتاوکردنی کڕیارەکانمان)!

چەند ئامۆژگارییەك بۆ ئەو کەسانەی لە وڵاتانی تردا وتار دەدەن

## 2 چەند ئامۆژگارییەك بۆ ئەو کەسانەی لە وڵاتانی تردا وتار دەدەن




- پێیان بڵێ کە زۆر خۆشحاڵیت بەوەی لە وڵاتەکەیاندا قسە دەکەیت.
- بەڵگە بە قسەی شارەزا یان بیرمەندانی وڵاتەکەیان بهێنەرەوە.
- پەندێك باس بکە کە بەناوبانگە لە لایان.
- هەندێك شت باس بکە کە پەیوەندی بە وڵاتەکەتەوە هەیە.
- ڕستەیەك لە زمان یان شێوەزاری خۆیان بەکار بهێنە.
- ئەو پێوەر و زاراوانە بەکار بهێنە کە دەیزانن (بۆ نموونە: لە مەغریبی عەرەبی بە «التدریب» دەڵێن «التکوین»).
- ئاگاداربە لە جیاوازی کات و کاتی نوێژەکان.
- جەخت بکەرەوە لە گرنگی و بایەخی ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی و ڕۆشنبیری لەگەڵ یەکتردا.
- بزانە لەکوێدا و بە چی بۆنەیەکەوە نوکتە و قسەی خۆش دەکەیت.
- هەتا بۆت دەکرێت بە کوردییەکی ڕەوان بدوێ.

**ئاگاداربە**

- ڕیکلامی دووکانێکی فەرو لە سوید: (ملپێچی فەرۆی دروستکراو لە ئافرەت بە بەکارهێنانی پێستی تایبەتی خۆیان)!
- لە بازاڕی هۆنگ کۆنگدا ئەم ڕیکلامە دەبینیت: (لەپێناو خزمەتکردنی ئێوەدا ئامۆژگاریتان دەکەین بە بەکارهێنانی خزمەتێکی خودی خێرا و باش.)!
- لە باخچەی ئاژەڵانی بوداپستدا ئەمە نووسراوە: (خۆت خواردن مەدە بە ئاژەڵەکان، ئەگەر خواردنی باشت پێبوو ئەوە بیدە بە پاسەوانەکە.)!



Scanned by CamScanner

## 3 وتاردان لە ڕێگەی شریت یان تەلەفۆنەوە

- لە یادت بێت کە جەماوەری ئامادەبوو تۆ نابینن، لەبەر ئەوە پشت ببەستە بە شێوازی قسەکردن و بەرز و نزمی دەنگت.
- هەوڵ بدە بە دەنگت ئەو بیرۆکەیە نمایش بکەیت کە دەتەوێت بۆ بەژداربووانی باس بکەیت.
- لە کاتی گاڵتەکردندا گاڵتە بکە، لە کاتی خەمناکیدا خەمبارە، لە کاتی پێکەنینیشدا پێبکەنە.... و بەم شێوەیە.
- بە دەنگێکی ڕوون قسە بکە.
- خاوتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆت قسە بکە.
- بە ئاستێك لە قسەکردن بدوێ کە تەنانەت بۆ منالیش بگونجێت. (بەلام بۆ منالان قسە مەکە، چونکە ئەوە سوکایەتی تێدایە بۆ گەورەکان).
- بۆ دەربرینی مانای مەزنی یان لەخۆباییبوون دەنگت گەورە بکە.
- هەندێك پیت دووبارە بکەرەوە بۆ دەربرینی ترس یان لاوازی یان سەرشۆڕی.
- قسەکانت سادە بکەرەوە بۆ دەربرینی قسەیەك کە منداڵێك دەیکات.
- دەنگ نزمکردنەوە و بەرزکردنەوە زۆر بەکار بهێنە.
- هونەری وەستانەکان بەکار بهێنە (بگەڕێرەوە سەر بەندی تایبەت بەم بابەتە)
- لە یادت بێت تۆ قسە لەگەڵ کەسانێکدا دەکەیت کە لە چەند وڵاتێکی جیاوازدان، لەبەر ئەوە ئاگاداری ئەو خاڵانەبە کە لە باسی وتاردانی ئاراستەوخۆدا ئاماژەمان پێکرد.

**وتوویانە**

دەنگ لە پەنجەمۆر دەگمەنترە، دەنگت کەسێتی و میزاج و هەستەکانت ئاشکرا دەکات، هەر جارێک دەم دەکەیتەوە بۆ قسەکردن، خۆت و بیرو بۆچوونەکانت و کاڵا و خزمەتگوزاریەکانیشت دەخەیتە ڕوو.

ڤیڤیان بۆکان



## 4 وتاردان لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە

- ئاگات لە هەرشتێك بێت کە پەیوەندی هەیە بە هونەری وتاردانەوە، چونکە جەماوەری بەژداربوو دەتبینن و گوێیشیان لێتە، بەڵام قورسییەکە لەوێدایە کە تۆ ئەوان نابینیت و گوێیشت لێیان نابێت و نایشزانیت کاردانەوەی ئەوان بۆ قسەکانی تۆ چۆنە، لەبەر ئەوە هەوڵبدە کاتێك قسە دەکەیت وا دابنێ کە بۆ جەماوەرێکی وەهمی قسە دەکەیت.
- ئاگاداربە لە هەموو ئەو شتانەی کە لە باسی وتاردان لە وڵاتانی تردا ئاماژەمان پێکرد.
- لە کامێرا مەترسە، چونکە زۆر بێ ترس ترە لەوەی لە بەردەم جەماوەرێکدا بووەستی.
- ئەگەر قسەکانت تۆمارکراو بوو ئەوە دۆخەکەت ئاسانترە لەوەی ڕاستەوخۆ قسە بکەیت، چونکە دەتوانی دووبارە تۆماری بکەیتەوەو هەڵەکان ڕاست بکەیتەوە.
- کەسێکی ئاسایی بە، خۆت چۆنی بەو شێوەیە قسە بکە، وەك ئەوەی لەگەڵ کەسێکدا بدوێیت کە لەبەردەمتدا دانیشتووە.
- زۆر ڕاناوەکانی: تۆ، ئێوە بەکار بهێنە.
- لە یادت بێت کە ئەوان دەتبینن، بۆیە زمانی جەستە و جووڵەی دەستەکان و کاردانەوەکانی رووخسار و ڕوانینی چاوەکانت بەکار بهێنە (بگەڕێرەوە بۆ بەندی تایبەت بە جووڵە).
- ئەگەر لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا بوویت ئەوا سەیری ئەو کەسە بکە کە قسەت لەگەڵ دەکات، بەڵام نیوەی ڕوخسارت ڕوو مەکەرە کامێراکە، بەڵکو با سێ بەش یان زیاتری ڕوخسارت ڕووی لە کامێراکە بێت.
- ئەگەر لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆدا بوویت ئەوە قسە بۆ کامێراکە بکە و لا مەکەرەوە بە لای ڕاست و چەپتدا، هەروەها سەیری دەرهێنەر یان وێنەگرەکانیش مەکە.
- هۆکانی ڕوونکردنەوە بەکار بهێنە (وێنە، کتێب، داتاشۆ،...هتد).
- بەر لەوەی دەست بکەیت بە بەرنامەکە سەیری ئاوێنە بکە، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە هیچ شتێکی نامۆ بە جلوبەرگ یاخود ڕووخسار یان جەستەتەوە نییە.



### بیرۆکە

تۆ لەبەرچاوی خەڵکدا دەوەستیت، بۆیە لە هەر شتێکدا لە خۆت ڕازی نیت بیگۆڕە و هەرشتێکیش کە ناتوانیت بیگۆڕیت پێی ڕازیبە و خەمی لێ مەخۆ.



Scanned by CamScanner

# بەندی چوارەم:

## مەشقکردن



سەری وتاربێژیی بریتییە لە خووپێوەگرتن و، کۆڵەکەکەی بریتییە لە فێربوون و، باڵەکانیشی بریتیین لە گێڕانەوەی قسەکان.

ئەبو داودی کوڕی جەریر

- لێهاتووییەکانت مشتوماڵ بکە.
- زاڵ بوون بەسەر بابەتەکەدا.
- چارەسەری ترس.
- کاتژمێری کۆتایی.

Scanned by CamScanner

## 1 مشتومالکردنی لێهاتوویی

هەرووەك چۆن ئەکتەرەکان مەشـق دەکەن، بە هەمان شـێوە وتاربێژەکانیش مەشـق لەسـەر وتاردان دەکـەن. کەواتە ڕاهێنان زۆر گرنگـە، بە تایبەتی بۆ ئەوانـەی تـازە دەسـتیان بە وتاربێژیی کـردووە، هەروەها لـە کاتی وتنەوەی وانەیەکی نوێدا دیسانەوە مەشق کردن گرنگە.

ڕاسـتە ڕاهێنـان  تۆ ناکات بە کەسـێکی تەواو و نموونەیـی، بەڵام یارمەتیت دەدات لـە تێپەڕاندنـی هەڵـەی زۆردا، ئەمە سـەرەڕای ئـەوەی ڕادەی متمانە بەخۆبوونت زیاد دەکات.

هەتـا ڕاهێنانـی زیاتریش بکەیت ئاسـتی وانە وتنەوەت باشـتر دەبێت و وات لـێ دەکات خاڵە هـەرە لاوازەکانی وتارەکەت بزانیت، تاوەکو بتوانیت سەرنج بخەیتە سەریان و چاکیان بکەیت.

وا گومـان نەکەیـت لەبەر ئـەوەی بابەتەکەت بە باشـی ئامادە کـردووە ئیتر وتارەکەت زۆر باش دەبێت، چونکە زانیاری شتێکە و گەیاندنیشی شتێکی ترە.

**بنەمای ٦ (پی)یەکانت لەبیر بێت**

**Proper Preparation and Practice**

**Prevent Poor Performance**

خـۆ ئامادەکردنـی گونجاو و پراکتیزەکـردن ڕێگری دەکەن لـەوەی وتارەکەت خراپ پێشکەش بکەیت.

- وتاردان هونەری ڕاوەسـتان و لە خاڵێکەوە ڕۆشـتنە بـەرەو خاڵێکی تر، لەبەر ئەوە مەشقی لەسەر بکە.
- هـەوڵ بدە دیمەنی هۆڵ و ئامادەبووان بهێنیتە پێشـچاوی خۆت و، دەموچاوت بجووڵێنیت و چاوەکانت ئاڕاستەی هەموو بەژداربووان بکەیت، زمانی جەستە و جووڵەی دەستەکانیشت بەکار بهێنە.
- بیهێنە پێشچاوی خۆت کاتێك لە وشەیەکدا هەڵەیەك دەکەیت یان سەرسمێك دەدەیت، ئاخۆ دەبێت چۆن ئەم هەڵوێستە تێ بپەڕێنیت؟
- هـەوڵ بـدە ئەوەی لە (٢٠) چرکەی یەکەم و (٢٠) چرکەی کۆتاییدا دەتەوێت بیڵێیت لەبەری بکەیت، چونکە گرنگترین بەشی وتارەکە و کلیلی قسەکردن و سەرکەوتنە.

**زانیارییەك**

بیر لە سەرکەوتنت بکەرەوە: لە زەینی خۆتدا وێنەیەك بکێشە بۆ کۆتایی وتارەکەت و بیهێنە پێش چاوت کە خەڵکی لەسەر ئەو کارە باشەت دەستخۆشی و پیرۆزبایت لێ دەکەن، دواتر بە جددی هەوڵ بدە بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەی کە بە ئەندێشەت پێی گەیشتویت.

بانزل أورولی

**وتەی بەنرخ**

لەوانەیە هەمووکات براوە نەبیت، بەڵام هەمیشە دۆڕاویش نیت، ئەگەر هەوڵەکانت بەردەوام بن.

ڤیڤیان بۆکان



Scanned by CamScanner

## خشتەی بنەماکانی مشتوماڵکردنی لێهاتووییەکان

### وا بکە

- لەکاتی مەشقکردندا ماوەی قسەکردنەکەت حساب بکە و ئینجا بە گوێرەی ئەو کاتەی بەردەستدایە بۆ پێشکەشکردنی وتارەکەت گۆڕانکاری لە کاتەکەدا بکە.
- بەو وشــە و زاراوانەدا بچۆرەوە کە وتنیان قورسە و پرۆڤەیان لەسەر بکە.
- مەشق بکـە لەسـەر بەکارهێنانـی ئامێر و هـۆکاری ڕوونکردنـەوە و کاتی بەکارهێنانیشیان.
- لە بەردەم ژمارەیەکی کەمی هاوڕێ یان کەسـوکارتدا قسە بکە و پاشـان داوایان لێبکە هەر تەنهـا پێتدا هەڵنەدەن بەڵکو ڕەخنەشت لێبگرن.
- تەنهـا ئـاگات لـە لای قسـەکانت نەبێت، بەڵکـو ئـاگاداری جموجووڵەکانیشـت بە (بگەڕێرەوە بۆ بەشی جووڵەکردن).
- ئەگەر کرا لەو شـوێنەدا مەشـق بکە کە دواتر وتاری تێـدا دەدەیت، چونکە دواترو لەکاتـی وتارەکەتـدا ئاسـودەبیت پـێ دەبەخشێت.
- بـەو جلانەوە مەشـق بکە کـە وتارەکەی پێوە دەدەیت، خۆ ئەگەر ئاسوودە نەبوویت پێیانەوە ئەوە بیگۆڕە.
- بـە ڤیدیـۆ دیمەنی خۆت تۆمـار بکە (بۆ ئەوانـەی سـەرەتای دەسـتکردنیانە بـە وتاردان و هەروەها وتارە گرنگەکان).
- لە بەرامبەر ئاوێنەیەکی گەورەدا وتارێك پێشکەش بکە.
- ئەوەندە مەشـق بکە هەتاوەکو هەسـت دەکەیت زاڵ بوویت بەسەر بابەتەکەدا و ئاسودەیت.
- سوربە لەسەر ئەوەی مەشق لەسەر ئەم شتانە بکەیت:
- پێشەکی
- چیرۆك
- گواستنەوە لە باسێکەوە بۆ یەکێکی تر.
- کۆتایی.
- تەنهـا ئـاگات لـە لای قسـەکانت نەبێت، بەڵکو ئاگات لە جووڵەکانیشت بێت.

### وا مەکە

- ئەگـەر زانیـت قسـەکانت زیـاد لەوکاتـەی پێویسـتە کە لەبەردەستدایە، ئەوە هەوڵی ئـەوە مەدە بە پەلەپەل قسـەکانت بکەیت، بەڵکـو چەنـد بەشـێکی وتارەکـەت لابەرە و تەنهـا بەشـە گرنگـەکان بـاس بکـە، (ئـەوە بزانە کە هیـچ کام لـە ئامادەبووان لێپرسـینەوەت لەگەڵ ناکات لەسـەر ئەوەی بۆچی وات کردووە) هەروەها ئەوەیش بزانە کـە قسـەکردنی خێرا دەبێتە هـۆی ئەوەی ئامادەبـووان نەتوانن لە هەموو قسـەکانت تـێ بگەن.
- ڕسـتەی درێژ بەکار مەهێنە و، بەو شتانەدا بچۆرەوە کە لە کاتی مەشـقکردندا وتووتن (ئەوەی تۆمارت کردووە) و ڕسـتە درێژەکان بگۆڕە بۆ ڕستەی کورت.
- شەرم مەکە لەوەی لە ڤیدیۆدا خۆت ببینیت قسـە دەکەیـت. هەروەها ڕەخنـە لە خۆتو شکڵو شێوەشت مەکرە (یاخود جوانییەکەت) چونکە جەماوەر بەو شێوەیە سەیرت ناکەن کە خۆت سەیری خۆت دەکەیت.
- لە کاتی وتارەکەتدا مەوەستە، بەڵکو هەوڵ بـدە هەموو وتارەکەت پێشـکەش بکەیت و تێبینیەکان هەڵگریت بۆ دوای وتارەکە.
- لـە ژووریکـی ئارامدا مەشـق مەکە، بەڵکو تەلەفزیۆنێـك یاخود ڕادیۆیەك داگیرسـێنە بۆئـەوەی ڕابێیـت لەسـەر قسـەکردن لـە کـەش و هەوایەکی پڕ لە دەنگەدەنگدا (لە کاتـی ئامادەبوونـی جەماوەردا ئەم شـتانە ڕوودەدات): کۆکیـن، پژمیـن، هەسـتان و دانیشتن، قسەی لابەلا،...هتد.
- تەنها ڕیکۆردەر بەکار مەهێنە.
- دەنگـت لـە ڕیکـۆردەرو ڤیدیـۆدا دەگۆڕێت، لەبەر ئەوە بێزار مەبە لەوە.
- تەنها یەك جار مەشق مەکە، بەڵکو تا وەکو ئەو کاتەی زاڵ دەبیت بەسـەر بابەتەکەدا و ئاسودە دەبیت هەر مەشق بکە.
- هیـچ دوودڵ مەبـە لـەوەدا کـە داوا لـە قسـەکەرەکانی تر بکەیت (ئەگەر لەسـەر سـەکۆی وتاردانەکە خەڵکی تـرت لەگەڵدا بوو) هەماهەنگی لەگەڵ یەکدا بکەن یاخود پێکەوە ڕاهێنان بکەن.

### ئاگاداربە

هەتا زیاتر قسە بکەیت متمانە بەخۆبوونت زیاتر دەبێت، نەك تەنها لە توانای قسەکردنتدا بەڵکو لە توانا کرداریيە جیاوازەکانیشدا متمانەی زیاتر بەخۆت پەیدا دەکەیت.

هێزی وشە

### وتوویانە

سەرکەوتووەکان ئەو کەسانەن کە ڕاهاتوون لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارانەی شکستخواردووەکان تاقەتی ئەنجامدانیان نییە.

إدفورمان



Scanned by CamScanner

## چی ڕوودەدات ئەگەر مەشقت لەسەر بابەتەکە نەکردبێت؟

١- بە شێوەیەکی بەردەوام چاوت دەتروکێنیت.
٢- بە دوای وشەدا دەگەڕێیت.
٣- خۆتت ئامادە نەکردووە و، دەشڵەژێیت و هەرشتێك بە خەیاڵتدا بێت دەیڵێیت
٤- چەندین جار دەڵێیت (ئا ئا ئا).
٥- لە لاپەڕەکەدا بە دوای ئەو ڕستەیەدا دەگەڕێیت کە خەریکبوویت دەتخوێندەوە.
٦- بە دوای وشەکانتدا دەگەڕێیت و، ئەمەش گوێگر دەشڵەژێنێت.



### لە یادت بێت

پراکتیزەکردن باشترین ڕێگایە بۆ سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر بابەتەکەدا.

### وتوویانە

هەمووکەس باسی سەرکەوتن دەکات، بەڵام بە دەگمەن کەست دەست دەکەوێت کە (ئەگەر شتێکی کەمیش بێت) بیکات بۆ خۆئامادەکردن بۆ گەیشتن پێی.

بول مایر



Scanned by CamScanner

## 2 زاڵبوون بەسەر بابەتەکەدا

وانەبێژی باش ئەو کەسەیە کە زۆرباش شارەزای ئەو بابەتەیە کە پێشکەشی دەکات، ئەو تەنها پشت نابەستێت بە هونەری وتاردان (ئەگەرچی گرنگترین بەشی وتارەکەیە بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر جەماوەر) بەڵکو لەگەڵ ئەم هونەرەدا بابەتێکی دەوڵەمەند و چڕوپڕیشی ئامادە کردووە، لە نیشانەکانی بابەتی باشیش:

- بابەتێك بێت کە زانیاری تازەی تێدا بێت بۆ ئامادەبووان.
- بە باشی پۆلێن و دابەش کرابێت.
- بەڵگە و نموونەی زۆری تێدا بێت.
- هەتا دەکرێت هەڵقوڵاوی ئەو ژینگەیە بێت کە بەژداربووان تێیدا دەژین.
- سەرچاوەی زۆری بەکارهێنابێت.
- زانیاریو بەڵگەو سەرژمێرییەکان تازەبن.
- وانەبێژ ئەو زانیارییانەی لەبەربێت.
- زۆر زیاتر لەوە زانیاری لابێت کە لە وانەکەدا باسی دەکات.

### وا بکە

- بەجۆرێك قسە بکە وەك ئەوەی سەرپێیی بدوێیت.
- قسەکان لەبەر مەکە و بێ ئەوەی بزانیت مانای چییە بیڵێیت.
- ئاساییە ئەگەر لە کاتی جێبەجێکردنی شتێکدا جیاوازی ڕووبدات.
- خۆت ئامادە بکە، خۆت ئامادە بکە، خۆت ئامادە بکە، (ئەو یاسایەی من ئیشی پێ دەکەم: بۆ هەر کاتژمێرێك قسە کردن (١٠) کاتژمێر خۆت ئامادە بکە).
- هەوڵ بدە خاڵە سەرەکیو لاوەکیەکان و بڕگەکانیان لەبەر بکەیت (بۆ نموونە: باس لە سێ لایەن دەکەم، لە بەشی یەکەمدا ٤ رەگەز باس دەکەین و لە بەشی دووەمدا (٥) رەگەز و لە سێیەمیشدا (٣) رەگەز).
- بە بێ بەکارهێنانی هیچ کاغەز یان هۆکارێك مەشق بکە، بۆ ئەوەی بزانیت تاچی رادەیەك توانات بەسەر بابەتەکەدا هەیە و خاڵە لاوازەکانیشت بزانیت.

### وا مەکە

- هەموو بابەتەکە مەنووسەرەوە، بەڵکو لە بابەتەکە تێبگە و بۆ هەر خاڵێك تەنها چەند وشەیەکی کەم بنووسە.
- بابەتەکەت بە جۆرێك مەنووسە وەك ئەوەی دارشتن بنووسیت، بەڵکو دابەشی بکە بۆ دەروازە و بەند و بەش.
- تەنها پشت بە سەرچاوەیەك مەبەستە، بەڵکو سەرچاوەی جۆراوجۆر بەکار بهێنە.
- مەهێڵە بڕگەیەکی دیاریکراو کاتێکی زۆرت لێ بگرێت، بەڵکو ئەو کاتەی هەتە دابەشی بکە بەسەر هەموو بڕگەکاندا.
- ئەو بابەتەی ئامادەی دەکەیت با تەنها ئەوەندە نەبێت کە پێشکەشی دەکەیت، بەڵکو زیاتر لەو بابەتەی کە پێشکەشی دەکەیت ئامادە بکە ( یاسای من بریتییە لە: دوو ئەوەندەی ئەو بابەتەی دەیڵێم ئامادەی دەکەم) ئەوی تری بۆ پرسیارو گفتوگۆ بەجێ بهێڵە، یاخود بڵێ (کات بوارمان نادات ئەگینا زانیاری زیاتر لەمەی وتوومانە هەیە) چونکە ئەمە وادەکات جەماوەر زیاتر متمانەیان پێت هەبێت.

### وتەی بەنرخ

کلیلەکە بەکار بهێنە:
کلیلی سەرکەوتن یاخود پێشکەشکردنی وتارێکی باش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە وا بیر بکەیتەوە دەتوانیت بە شێوەیەکی زۆر جوان بابەتەکەت پێشکەش بکەیت.
هێزی وشە







Scanned by CamScanner

## 3 چارەسەری ترس

له راستیدا کاتێك ناولەپت تەڕو نارەقاوی دەبن ئەوە بە دووان لە هاوڕێکانت ئەژمار دەکرێن، چونکە بەڵگەیەکی گرنگن لەسەر ئەوەی تۆ مرۆڤێکی ئاساییت و، دەبێت ئەو ترس و پشێوییە تێکەڵی خوێنت ببێت.

خوای گەورە ئەم ترسەی لە ناو جیناتە بۆماوەییەکانتدا داناوە، لە باپیرانتەوە ئەم ترسو پشێوییەت بۆ ماوەتەوە، بە دڵنیاییەوە خوای مەزن سەرچاوەیەکی وزەی پێ بەخشیوین، کە پاڵمان دەنێت بۆ کوشتار یان راکردن لە هەڵوێستە ناخۆشەکان، یاخود ئەو حاڵەتانەی کە سەرئێشە و نارەحەتیمان بۆ دروست دەکەن. ئەو سەرچاوەیەش بریتییە لە هۆرمۆنی ئەدرینالین (adrenaline) کە یارمەتیمان دەدات بۆ رزگاربوون. جا مادام تۆ خاوەنی ئەم جۆرە هۆرمۆنە بیت ئیتر با دڵت پڕبێت لە خۆشی و شادی.

### ١٠ ترسە گەورەکە

1. قسەکردن لەبەردەم خەڵکدا
2. بەرزاییەکان.
3. مار و مێروو.
4. کێشە داراییەکان
5. ئاوی قوڵ
6. نەخۆشی
7. مردن
8. فڕۆکە
9. تەنهایی
10. سەگ



تێبینی: لای ئەمەریکییەکان ریزبەندی ترس بەم جۆرەیە

### لە یادت بێت

ئەگەر هەست بە کەمێك ترس نەکەیت، ئەوە قسەکانت رووکەش و بێزارکەر و لاواز دەبێت.

کارێن

### وتەی بەنرخ

ترس و گومانەکانت گەورەترین دوژمنەکانتن.

ویلیم ریجلی

### زانیاری

ترس شتێکی ئاسایە و هەموو کەس تووشی دەبێت، بە خەڵکە شارەزاکانیشەوە، بەڵام دیاردەیەکە و دەتوانرێت تێ بپەڕێنرێت.

چارەسەری ترس

## هەندێ خەڵك قسە ناكەن لەبەر چەند هۆكارێك



١- هیچم نییە بیڵێم.

٢- دەمـم كـو نـاكات لە كاتی قسەكردندا.

٣- دەبمە مایەی گاڵتەجاڕی لای بەژداربووان.

٤- دەلەرزم و ناتوانم قسە بكەم.

٥- پێشتر خۆم بۆ ئەم بابەتە ئامادە نەكردووە.

٦- ئەوەی دەمەوێت بیڵێم بیرم دەچێتەوە.

٧- من شەرمنم و ناتوانم قسە بكەم.

٨- نووسینەكەم لێ ونبووە.

٩- شێوەزارێكی نامۆم هەیە و ناتوانم لە بەردەم بەژداربوواندا قسەی پێبكەم.

١٠- دوای ئەوەی وتارەكەم پێشكەش دەكەم، لە هەڵسەنگاندنی بەژداربووان دەترسم.

١١- هەست بە ترس دەكەم.

١٢- دەترسم شكست بهێنم.

١٣- بەژداربووەكانم خوێنەوارو ڕۆشنبیرن، ناتوانم لە بەردەمیاندا قسە بكەم.

### وتەی بەنرخ

من باوەڕم وایە هەموو كەسێك دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئەو ترسەدا كە لە ناخیدایە، ئەویش بەوەی كە هەستێت بە ئەنجامدانی ئەو شتەی كە لێی دەترسێت. بە مەرجێك بەردەوام بێت لەسەر ئەنجامدانی ئەو شتە تاوەكو چەندجارێك تیایدا سەركەوتوو دەبێت.

ئەلینور روزفلت.

### تێبینی

تەركیز خستنە سەر فێركردنی بەژداربووان شتێكی پێویستە و، وات لێدەكات ئەوەندەی بیر لە بەژداربووەكانت دەكەیتەوە ئەوەندە بیر لە خۆت ناكەیتەوە، ئەمەش دەرمانی پێویستی پاراستنی مرۆڤە لە ترس.

هێزی وشە

### پێناسە

ترس: هەستێكی بێزاركەرە، بەهۆی ئازار یان مەترسی یان خراپە یاخود بیركردنەوە لە یەكێك لەم شتانە دروست دەبێت.



Scanned by CamScanner

## دیاردەکانی ترس و ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا

| دیاردە | چۆن هەڵسوکەوت دەکەیت |
|---|---|
| ئارەقکردنەوە | فەرامۆشی بکە، کەس نازانێت ئەوە نیشانەی ترسە. |
| زیادبوونی ترپەی دڵ | بە قووڵی هەناسە هەڵکێشە و ڕاستەوخۆ سەیری بەژداربووان مەکە. |
| وشکبوونەوەی ناو دەم | بە هێواشی قسە بکە.<br>لە نێوان ڕستەکاندا بوەستە.<br>چەند قومێك ئاو بخۆرەوە.<br>لێو تەڕکەر بەکار بهێنە. |
| دەنگ لەرزین | فشار بخەرە سەر هەندێك لە وشەکانو بەهێواشیش قسە بکە. |
| دەست لەرزین | کارتی بچووك بگرە بە دەستەوە.<br>بە دەستێکت دەستەکەی ترت مەگرە.<br>دەست بگرە بە شتێکەوە. |
| خێرا هەناسەدان | بە لووت هەناسە بدە نەك بە دەم.<br>بە قووڵی هەناسە بدە.<br>پەلە مەکە. |
| ترسی گشتی | سەیری سەری بەژداربووان بکە، نەك ناوچاوانیان.<br>سەیری هاوڕێیەکت بکە لەناو بەژداربووواندا.<br>جلوبەرگی پۆشتە و پەرداخ لەبەر بکە. |
| ساردبوونەوەی دەست | دەستەکانت لە یەك بخشێنە. |

### ئاگاداربە

ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك بێت ترسایت، ئەوە هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە و بە هێواشی بیدەرەوە. پاشان بۆ ماوەیەك سەیری سەری بەژداربووان بکە (بەڵام سەیری ناوچاویان مەکە). هەروەها دەتوانیت لەگەڵ خۆشتدا قسە بکەیتو پێی بڵێیت کەوا کارەکە زۆر ئاسانە. بە هەمان شێوە هەوڵ بدە زەردەخەنە بخەیتە سەر لێوەکانت. بەر لە هەموو ئەمانەش پشت بە خوا ببەستەو داوای کارئاسانی لێبکە.

هێزی وشە

### وتوویانە

ڕزگاربوون لە ترس واتە لەوە تێ بگەیت کە هەستکردنت بە ڕاڕایی مانای ئەوە نییە کێشەیەك لە ئارادایە، چونکە بەژداربووان نازانن تا چی ڕادەیەك ڕاڕایتو ناشتوانن بیبینن یاخود هەستی پێبکەن.

هێزی وشە



Scanned by CamScanner

## ئەو شتانەی یارمەتیمان دەدەن بۆ رزگاربوون لە ترس چین؟

**بەر لە وتاردان**

- بە باشی وتارەکەت بنووسە.
- رای خەڵکانی تر و بەتایبەتیش رای شارەزایان وەربگرە.
- بە باشی راهێنان بکە لەسەر وتارەکەت.
- چەند جارێك وتارەکەت بخوێنەرەوە.
- بیر لە شتێکی پێکەنیناوی بکەرەوە.
- بەر لەوەی بچیتە ناو هۆڵەکەوە دەستەکانت لە یەك بخشێنە.
- بەر لە وتارەکە هەندێك مەشقی وەرزش ئەنجام بدە.
- بە قوڵی هەناسە بدە.
- ئەو بەشەی لاشەت بکشێنە کە هەست بە ترس دەکەیت تیایدا.
- پەیامێکی ئەرێنی بنێرە بۆ خۆتو پێی بڵێ کە تۆ ئامادەیت.

**لە کاتی وتاردانـدا**

- دەست بگرە بە مایکەکەوە.
- بڵندگۆی گەرۆك مەگرە بە دەستتەوە.
- پەرداخ مەگرە بە دەستتەوە.
- ئەگەر دەستەکانت دەلەرزین ئەوە لە بەژداربووانی بشارەوە.
- ئەگەر دەستەکانت دەلەرزین ئەوە کاغەز مەگرە بە دەستتەوە.
- بە هەردوو دەستت دوانگەکە بگرە.
- ئەگەر دانیشتبوویت هەردوو ئەژنۆت بگرە.
- جگە لە بابەتەکەت بیر لە هیچی تر مەکەرەوە.
- شیکار(تحلیل)ی بەژداربووانت مەکە.
- خۆت بە وانەبێژێکی تر بەراورد مەکە.
- سەیری سەری بەژداربووان بکە نەك ناوچاویان.
- بیر لە سەرکەوتن بکەرەوە.
- دان بنێ بەوەدا کە دەترسیت.

### لە یادت بێت

ئەگەر دەترسایت؛ ئەوە بزانە کە ئەو ترسەت شتێکی ئاساییە، لەبیرت بێت ئێمە هەموومان مرۆڤین و کاتێك بۆ یەکەم جار سواری پاسکیل بووین هەستمان بە ترس کردووە.

تونی جیری

### وریابە

رارایی ئەنجامی ترسانە لە نادیار، لەبەر ئەوە هەوڵ بدە سەرچاوەی ترسەکە بدۆزیتەوە، ئیتر دەتوانیت بەسەریدا زاڵ بێت.

تۆنی جیری.





Scanned by CamScanner

## 4 کاتژمێری کۆتایی بەر لە قسەکردن

### بەر لەوەی دەست بکەیت بە قسەکردن هەوڵ بدە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەیت:

**وا بکە**

- پشووبدە و لەشت خاوبکەرەوە و شپرزە مەبە.
- دڵنیابە لە هەبوونی ئامێرە پێویستەکانی ڕاهێنان و ئامادەیی شوێنەکە.
- دڵنیابە لەوەی هەموو کاغەز و هۆکارە یارمەتیدەرەکانت پێیە.
- بچۆ بۆ تەوالێتو، پاشان دڵنیابە لەوەی کە شکڵو شێوەت تەواو و ڕێکوپێکە.
- زوو وەرە بۆ هۆڵەکە و پێشوازی لە بەژداربووان بکە (لە خولەکانی ڕاهێناندا).
- دوای ئەوەی هەموو ئامادەبووان دەچنە هۆڵەکەوە و سەرپەرشتیارانی وتارەکە ئامادە دەبن بۆ دەستپێکردن، ئینجا تۆ بچۆرە ژوورەوە (ئەگەر وتارت پێشکەش دەکرد).
- یادی خوا بکەرەوە و داوای سەرکەوتنی لێبکە.

**وا مەکە**

- لە کاتژمێری کۆتاییدا مەچۆرەوە بە وتارەکەتدا و متمانەت بە ئامادەکارییەکەت هەبێت. چونکە لەو کاتەدا پێداچوونەوە تووشی ڕاڕاییت دەکات.
- خۆت شەکەتو ماندوو مەکە.
- زۆر مەخۆ.
- ڕاڕا و گرژ و مۆن مەبە، بەڵکو پشت بە خوا ببەستە و داوای لێبکە سەرکەوتووت بکات.
- زۆر خۆت خەریك مەکە بە شکڵ و شێوەتەوە، بەڵکو هەر ئەوەندە بەسە کە سەیرێکی ئاوێنە بکەیت.
- بیرت نەچێت کە زەردەخەنە بکەیت.
- بە خۆشییەوە دەرگای گفتوگۆ بکەرەوە لەگەڵ هەندێك لە ڕێکخەرانی خولەکە یاخود گەورە میوانان.

### لە کۆتاییشدا



١- ئامادەبووان دەیانەوێت سەرکەوتووبیت لە کارەکەتدا، ئەوانیش ئەگەر هەست بکەن کە دەترسیت، ئەوە وات لێ دەکەن زیاتر بترسیت.

٢- هەتا زیاتر لە بەژداربووان بترسیت زیاتر لاواز دەبیت لە پێشکەشکردنی بابەتەکەدا.

٣- خۆشەویستیت بۆ بابەتەکە یارمەتیت دەدات بۆ کەمکردنەوەی ترسەکەت.

٤- وا دەرمەخە کە دەترسیت، کەس هەستت پێ ناکات.

**وتەی بەنرخ**

ئێمە لە خودی ترس خۆی نەبێت لە هیچی تر ناترسین.
ڕوزفلت

**تێبینی**

- ترس لەو ساتەوە دەست پێدەکات کە داوات لێدەکرێت قسە بکەیت.
- ئەگەر مانگانە یەك جار وتار بدەیت، ئەوە دوای ساڵێك لە ڕاهاتن لەسەر وتاردان ئینجا ترست نامێنێت.



Scanned by CamScanner

# بیرۆکە کەسیەکانت

**١- ئەو خاڵانە چین کە لەم دەروازەیەدا پێیان سەرسام بوویت.**

.....................................................................................................

.....................................................................................................

.....................................................................................................

.....................................................................................................

.....................................................................................................

**٢- ئەو خاڵانە چین کە دەتەوێت ئەنجامیان بدەیت.**

.....................................................................................................

.....................................................................................................

.....................................................................................................

.....................................................................................................

.....................................................................................................

**٣- ئەو خاڵانەی دەتەوێت گۆڕانکارییان تێدا بکەیت (شتی بۆ زیاد بکەیت).**

.....................................................................................................

.....................................................................................................

.....................................................................................................

.....................................................................................................

.....................................................................................................

Scanned by CamScanner

# دەروازەی چوارەم

# «ریزبەندی»


ریزبەندی ١١٦

پێشەکی ١١٧

ناوەڕۆکی بابەت ١٢٢

کۆتایی ١٥١




Scanned by CamScanner

# بەندی یەکەم
## پێشەکی



پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: هەرکارێك بە ناوی خوداوە دەست پێنەکات، ئەوە بێ کەڵك و بێ خێرە.

احمد و ابو داود و النسائی گێڕاویانەتەوە

- پێشەکی
- ناوەڕۆکی پێشەکی
- ئامانجەکانی
- هەندێك نموونەی پێشەکی

Scanned by CamScanner

# پێشەکی

پێشەکی بە کلیل و ناونیشانی وتار دادەنرێت. لە ڕێگای پێشەکییەوە زۆربەی جار دەتوانرێت هەست بە بابەتی وتارەکە و پێگەی وتاربێژیش بکرێت، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم پێشەکییە پەیوەندی هەبێت بە بابەتی وتارەکە و ڕێگای بۆ خۆش بکات و لەگەڵ خواستەکانی وتارەکەدا بسازێت.. هەروەها پێویستە بۆ بەژداربووانیش گونجاوبێت..



## ١ ناوەڕۆکی پێشەکی

- باسی سوودەکانی وتارەکەت بکە (بۆ هەموو کەسێکە یاخود بۆ هەندێك کەسی تایبەتە).
- هەندێك لە ڕاستییەکانی پەیوەست بە وتارو وردەکارییەکانی تری خول یان وانەکە بۆ بەژداربووان ڕوون بکەرەوە.
- هەندێـك لـەو شتانە باس بکە کە جێگـەی نیگەرانییانە یاخـود بیری لێ دەکەنەوە و پەیوەندی هەیە بە بابەتەکەوە.
- بە کورتی ئاماژە بکە بۆ ئامانجی وتارەکەت.
- باسی خشتە و ڕیزبەندی یان هێڵکاریی گشتی قسەکانت بکە.

### زانیاری

شێوازی پێشکەشکردنی پێشەکییەکەت لەوانەیە ببێتە خاڵی نێوان شکست و سەرکەوتنت. ببێتە هۆی ئەوەی گوێگران خۆشیان بوێت و حەزبکەن گوێت بۆ بگرن یاخود شوێنەکەت بۆ چۆڵ بکەن و بڕۆن.

کارین کالیش

### بیرۆکە

هەمیشە قسەکانت بە سوپاسکردنی تایبەتی میوانەکانت دەست پێبکە و یەك یەك ناویان بێنە و هەنا دەکرێت پیایاندا هەڵبدە (بەڵام دوور لە درۆ) چونکە ئەو دان پێدانانەت لای خۆیان تۆمار دەکەن.

د.جیفری لانت.

### ئاگاداربە

هەمیشە هەوڵ دەدەم بە خێرایی بچمە ناو بابەتەکەمەوە. زۆرجاریش بەپرسیارێك دەست پێ دەکەم کە وەڵامدانەوەی پێویستی بە ئەزموونی بەژداربووان هەیە، چونکە ئەمە لە هەمان کاتدا دەبێتە پێشەکی و بەربەست شکاندنیش.

بول بوتیمان

ئامانجەکانی

## ٢ ئامانجەکانی

- بنیاتنانی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا.
- سەلماندنی ڕاستگۆیی و تواناکانت (بە تایبەتی ئەگەر پێشکەشکارەکە باسی نەکردبێت).
- ڕاکێشانی سەرنجی بەژداربووان بە لای بابەتەکەتدا.
- ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی لە وتارەکەتدا دەیانخەیتە ڕوو.
- باسکردنی بیرۆکەیەکی گشتی لەبارەی بابەتەکە و ڕیزبەندی خاڵەکانی وتارەکەوە.
- شکاندنی بەربەستی دەروونی نێوان خۆت و بەژداربووان.

## ٣ چەند نموونەیەکی پێشەکی

- باسی چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشی نەبیستراویان بۆ بکە.

چیرۆکی کورت باشترە لە چیرۆکی درێژ.

- وێنە یاخود شتێکیان بۆ نمایش بکە.

بۆ نموونە فیلمێکی ڤیدیۆییان بۆ نمایش بکە.

- بەژداربووان هۆگر و وابەستەی خۆت بکە.

منیش وەك ئێوە فرۆشیارم، هەموومان فرۆشیارین.

- قسەی خۆش لەگەڵ بەژداربوواندا بکە.

پیایاندا هەڵبدە و پێشیان بڵێ بۆچی وادەکەیت، بە شان و باڵی شارەکەیاندا هەڵبدە و بە باشە باسی بکە..

- نموونە بە بەڵگەیەکی سەرنجڕاکێش یاخود قسەیەکی کاریگەر بهێنەرەوە، بەڵام:

أ- لە پێشەکیدا بەڵگەی زۆر مەهێنەرەوە.
ب- بەڵگە مەهێنەرەوە بە شتێك تەنها لەبەر ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە، بەڵکو دەبێت لەگەڵ پێشەکییەکەتدا بگونجێت.

### تێبینی

هەموو فیلم و چیرۆکەکان سەرەتا بەقولابێك (شتێکی سەرنجڕاکێش) دەست پێ دەکەن، ئەمەیش بەوەی کە لە ناوەڕاستی چیرۆکەکەوە دەست پێ بکەیت و پاشان بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتاکەی و ئینجا تەواوی بکەیت... ئەم شێوازە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەژداربووان تاقیکراوەتەوە و سەرکەوتوو بووە.

### وتوویانە

محمد ئەبو زوهرە دەڵێت:
یەکەم سەرنج دەربارەی شتێك یاخود کەسێك بە خێرایی لە دەروونی مرۆڤدا جێگیر دەبێت و، سڕینەوەشی پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆرە، جا ئەگەر ئەو بیرۆکەیەی بۆ مرۆڤ دروست دەبێت لەسەر ئەو کەس یان شتە باشبوو ئەوە ناشیرینکردنی زۆر گرانە و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ناشیرین بوو جوانکردنی قورسە.
دیمانەی جەماوەر

### لە یادت بێت

وتاردان تا ڕادەیەك لە فڕین دەچێت و دەستکردن بە فڕینیش مەترسیدارترین قۆناغیەتی.



Scanned by CamScanner

چەند نموونەیەکی پێشەکی

• پرسیارێکی سەرنجڕاکێشی وایان لێ بکە کە وەڵامەکەی ڕوون نەبێت، پاشان وازیان لێ بهێنە بیر لە وەڵامەکەی بکەنەوە.

خێراترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ناوبانگ چییە؟

• باسی ڕاستییەك یاخود شتێکی سەرسامکەریان بۆ بکە.

گەردەلولێکی قەبارە مامناوەند بەهێزترە لە بۆمبێکی ئەتۆمی، وە هێزی هەورەتریشقە (٣٠) ملیۆن فۆڵتەو بەشی ڕووناك کردنەوەی شاری نیویۆرك دەکات.

• سەرژمێرییەك باس بکە کە گوێگر سەرسام بکات، یاخود زانیارییەکی نوێی تیادابێت.

قوتابی زانکۆ لە ئەمریکا لە ماوەی چوار ساڵەکەی خوێندنیدا (٦٠) هەزار پەڕە دەخوێنێتەوە.

• باسی هەواڵێکی نوێ بکە.

بەر لەوەی بچیتە ژوورەوە ڕۆژنامە بخوێنەرەوە یاخود گوێ لە هەواڵەکان بگرە، یاخود بەر لە وتارەکەت لەگەڵ هەندێك کەسدا قسە بکە و پرسیاری دوایەمین هەواڵی ڕۆژیان لێ بکە.

• باسی ئەزموونێکی سەرنجڕاکێش بکە کە بەسەر خۆتدا هاتبێت.

بیر لەو حاڵە بکەنەوە کە منی تێدابووم کاتێك ئۆتۆمبیلەکەم وەرگەڕاو خۆشم لەناویدا بووم.

• هەندێك زانیاری ئەوتۆیان بدەرێ کە کاریان تێ بکات.

ئایا دەزانن کەمێك لەمەوبەر چەند گرام ڕۆنتان خوارد؟

### ئایا دەزانیت؟

کاتێك لە ڕێگەی پێشەکییەوە سەرنجی بەژداربووان ڕادەکێشیت و دەست دەگریت بەسەر هەست و هۆشیاندا، ئەوە نیوەی جەنگەکەت بردووەتەوە.

### ئاگاداربە

هەڵەیەکی گەورە کە پێشکەشکار لە سەرەتای وتارەکەیدا ئەنجامی دەدات بریتیە لە پۆزش هێنانەوە، «من وتاربێژ نیم... ئامادەنیم بۆ وتاردان...هیچم نییە بیڵێم» هەرگیز وا مەکە. دایل



Scanned by CamScanner

## چەند ڕێنماییەك سەبارەت بە پێشەكی

**وا بكە**

- پێشەكییەكەت بە ڕستەیەكی سەرنجڕاكێش دەست پێبكە (هەموو ئەوانەی لەم ژوورەدان وەك بووەوە دەبینن كە ڕۆژێك لە ڕۆژان ببنە ملیۆنێر).
- پێشەكییەكـــــەت با وەك پێشەكی بێتە بەرچاو نەك وەك بەشێك لە قسەكانت (هەرچەندە خۆی بەشێكی سەرەكی قسەكانتە).
- با پێشەكییەكەت كورت بێت.
- حەزی زانینی شتی زیاتر لە لای بەژداربووان بوروژێنە.



**وا مەكە**

- پێشەكی، نە بیخوێنەرەوەو نە سەیری كاغەزیش بكە، بەڵكو لەبەری بكە یاخود بە لاچاو سەیری بكە.
- بە شتێكی پێكەنیناوی دەست پێ مەكە (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم خاڵە سەیری بەشی كاڵتەوكەپ بكە).
- بە پۆزش هێنانەوە دەست پێمەكە (من وتاربێژ نیم بەلام...).
- بەو ڕستە بەسەرچووە دەست پێ مەكە: بەڕێزان بەیانیتان باش..

## ٣ خولەكی یەكەم

### لە تەواوی كاتەكانی تر جیاوازترە

ا- ئەركیزی بەژداربووان لە ئاستێكی زۆر بەرزدایە.

ب- زۆربەی بەژداربووان لەم خولەكانەی سەرەتادا سەیری وتاربێژ دەكەن.

ت- تەنها یەك هەلت لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی سەرنجی یەكەمی خۆت بگەیەنیتە بەژداربووان.

ج- یەكەم سەرنج كە بەژداربووان لەسەر تۆ بۆیان دروست دەبێت هەر ئەوەیان لە بیردا دەمێنێتەوە، باشترین هەلی بەردەمی تۆیشە بۆ سەرنجڕاكێشانی بەژداربووان.


ئەنتۆنی رابنز

چەند نموونەیەكی پێشەكی



**زانیاری**

**خەسڵەتەكانی پێشەكی باش:**

**چڕوپڕە:** زۆر ناخایەنێت، بۆ ئەوەی گوێگر لێی بێزار نەبێت.

**ڕووناكە:** وەك ڕووناكی گڵۆپ سەرنجی بەژداربووان بەلای خۆیدا ڕادەكێشێت.

**خۆش و سەرنجڕاكێشە:** گوێگر دەكاتە دڵێكی گەورە، چاوەڕێی وەرگرتنی هەموو ئەو شتانەیە كە لە بابەتەكەتدا باسی دەكەیت.

دیمانەی جەماوەر



**تێبینی**

تۆ تەنها بۆ ماوەی (١٢٠) چركە نادیاریت و ناناسرێیت، دوای ئەوە هەموو ئەوەی دەیڵێیت لەسەر بنەمای ئەو سەرنجە یەكەمیە لێك دەدرێتەوە كە لە دوو خولەكی یەكەمدا لەلای بەژداربووان بۆ خۆت دروست كردووە.

دیڤید پیبولز



Scanned by CamScanner

# بەندی دووەم
## ناوەڕۆکی بابەت



بە ئاگابە و لە سکەی شەمەندەفەرەکەت لامەدە، ئەگەر تەوەری سەرەکی بابەتەکەت بەسەر ئەو هێڵە ئاسنینەدا ببەیت، ئەوە ئارامترین هۆکارە بۆ ئەوەی ئەو شتەی مەبەستتە بتوانیت بیگەیەنیتە جێ، هێشتنەوەی سەرنجی بەژداربووەکانیشت هەمان شتی پێویستە.

- پێشەکی.
- ئامادەکاری.
- زانیاری و بەڵگەکان.
- ڕێکخستنی وتار.
- نووسینەوەی وتار.
- هێڵە گشتیەکان و کارتەکان.

Scanned by CamScanner

# پێشەکی

ئەگەر هەموو زانیارییە پێویستەکانیشت لەبەردەستدابێت بۆ پێشکەشکردنی وتار یان وانەکەت و، هەمووشیانت لەبەر بێت، هەر دەبێت خۆت ئامادە بکەیت بۆ پێشکەشکردنی وتارەکەت.

وتارەکەت هیچ سوودێکی نابێت ئەگەر بابەتەکانی ناساز و نەگونجاو و ناپەیوەندیدار بێت، یاخود ماندووکەر بێت یان هەر گێڕانەوە بێت و هیچ تازەگەری یان هەمەڕەنگییەکی تێدا نەبێت.

قۆناغی ئامادەکاری هەموو ئەو شتانە لەخۆ دەگرێت کە باسمان کردن. بێگومان پێویستت بە بەڵگەی زۆر دەبێت تاوەکو بیخەیتە ناو بابەتەکەتەوە، هەروەها پێویستت بەوەش دەبێت کە ئەم بەڵگانە و بڕگەکانی بابەتەکە بە یەکەوە ببەستیتەوە، تەنانەت ئەگەر خاوەن توانایەکی تایبەتیش بێت لە وتارداندا، هەر پێویستت بەوە هەیە هەندێک زانیاری بە یادی خۆت بهێنیتەوە، بۆ ڕێکخستنەوەی بیرکردنەوە و کۆکردنەوەی زانیارییەکانت و، خۆ ئامادەکردنت بۆ ئەو پرسیارانەی کە لەوانەیە لەلایەن بەژداربووانەوە ئاڕاستەت بکرێن.

## بەر لەوەی دەست پێ بکەیت ئەمانە کۆ بکەرەوە

١- زانیاری لەسەر ئامادەکاری خولەکە.
٢- چیرۆک و بەڵگەی ئەوتۆ کە پەیوەندییان بە باتەکەوە هەبێت.
٣- ڕووداوی ڕاستەقینە یاخود خەیاڵی لە چیرۆکەکانەوە.
٤- نوکتەی گونجاو.
٥- سەرژمێری.




### تێبینی

بۆزش مەهێنەرەوە..
بۆ ئەوەی کە خۆتت ئامادە نەکردووە یاخود ناتوانیت وتار بدەیت یان زاڵ نیت بەسەر بابەتەکەدا.

### ئاگاداربە

بڕی ئەو پارەیەی وەری دەگریت هەرچەندبێت، تەنها باسی ئەو شتانە بکە کە دەیان زانیت.

### لەیادت بێت

ئامادەکاری واتە: بیرکردنەوە و ئەنجامگیری و بیرکەوتنەوە و هەڵبژاردنی ئەو شتانەی پێت باشە و، پاك و پوخت کردنیان و، پاشان کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەیەکی هونەریدا کە دەستکردی تایبەتی خۆتە.
دایل کارنیگی



Scanned by CamScanner

ئامادەکاری

## ١- ئامادەکاری



١- بکەرێ و زانیاری کۆ بکەرەوە.
٢- ئەو بابەتەی دەتەوێت بیڵێیتەوە بیخەرە ڕوو بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن.
٣- مەشقی زەین گوشین بکە.
٤- مەبەستو ئامانجی وتارەکەت دیاری بکە.
٥- هێلکارییەکی سەرەتایی ئامادە بکە.
٦- بیرۆکەیەکی سەرەکی دیاری بکە.

**لە خوارەوە نموونەی فۆرمێکی ئامادەکاری تایبەت بە خۆتت بۆ دەخەینە ڕوو. دەتوانیت پشتی پێ ببەستیت و سوودی لێ وەرگریت:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی وانەکە: | | | |
| مێژوو | کاتژمێر | | |
| کاتی بەردەست بۆ ئامادەکاری | لایەنی ڕێکخەری خولەکە | | |
| ماوەی وانەکە | کاتی تەرخانکراو | | |
| شوێنی وتار | ژووری کۆبوونەوە | پۆل | ژووری ڕاهێنان |
| | ژووری میوان | شتی تر | |
| ژمارەی ئامادەبووان | ئاستەکەیان | | |
| بودجەی تەرخانکراو | زۆرە | کەمە | نییە |
| هۆکاری یارمەتیدەری ئامادە | | داتاشۆ | کۆمپیوتەر |
| وایت بۆرد | فلیپ چارت | شتی تر | |

ئەو کەلوپەلانە چین کە پێویستە دابینیان بکەم/ بە کرێیان بگرم؟ یان هەر تێبینیەکی گرنگی تر:

### بیرت بێت

بابەتێك هەڵبژێرە.
بەڵگەکانی بۆ کۆبکەرەوە.
ڕەگەزەکانی بابەتەکەت دابنێ.
پۆلێنیان بکە و ڕێکیان بخە.
بیانخەرە ڕستەوە.

توێژینەوەی تیۆری

### وتەی بەنرخ

ئاوات بۆ ئەوە مەخوازە کە کارەکە ئاسانتر بووایە...
بەڵکو ئاوات بۆ ئەوە بخوازە کە خۆت باشتر بوویتایە.
جیم ڕوهن



Scanned by CamScanner

## چۆنێتی خۆ ئامادەکردن

١- بخوێنەرەوە...
٢- هەڵبژێرە.. (بۆ ئەوەی شتی جوان هەڵبژێریت ڕێگە مەدە ئەو گەوهەرانەت لە کیس بچێت کە لە دووتوێی کتێب یان بڵاوکراوەکانی وەک ڕۆژنامەی ڕۆژانە و گۆڤارەکاندا دەیان بینیت. بەڵکو کۆیان بکەرەوە و هەڵیان بگرەوە، ناونیشانیان بۆ دابنێ ).
٣- جۆری ئەو پەراوانە دیاری بکە کە لەوانەیە بەسوود بن بۆت.
٤- بزانە چۆن بابەتە گونجاوەکان دەخوێنیتەوە.
٥- فێربە چۆن باشترین تێبینیەکان تۆمار بکەیت، بۆ ئەوەی ببنە بناغەی وتارەکەت.
٦- بزانە چۆن زیاتر تێدەگەیت لەو شتانەی کە دەیانخوێنیتەوە.
٧- بزانە کە چۆن بیرت بەگەڕ بخەیت و باشتری بکەیت.



### ئاگاداربە

ئەو کێشەیەی ڕووبەڕووی زۆربەی وتاربێژان دەبێتەوە ئەوەیە کە پێویستیان بە کاتێکی زۆر زۆر هەیە هەتا وایان لێدێت بتوانن سەرپێیانە قسە بکەن.
بوب جیرولد

### لە یادت بێت

بەر لەوەی دەست بکەیت بە پرۆسەی ئامادەکاری:
١- هەندێك مەشقی وەرزشی ئەنجام بدە.
٢- لە شوێنێکی گونجاودا دابنیشە.
٣- لە هەر شتێك دووربکەوەرەوە کە سەرقاڵت دەکات.
٤- پلان بۆ پشووەکان دابنێ.



Scanned by CamScanner

ئامادەکاری

## هەندێك ئامۆژگاری خۆئامادەکردنی بابەت

- تەرکیزت لەسەر یەك بابەت چڕ بکەرەوە.
- لە بابەت دەرمەچۆ.
- خەڵك تەنها (٣-٧) خاڵیان بیر دەکەوێتەوە. (خاڵەکانی بابەت هاوشێوەکان هەموویان تەنها لە (٣-٧) بەشدا کۆ بکەرەوە، لە ژێر هەر بەشێکیشدا خاڵە هاوبەشەکان کۆ بکەرەوە و بەم شێوەیە...).
- هەوڵ مەدە باسی هەموو شتێك بکەیت، بەڵام خاڵە گرنگەکان جیا بکەرەوە و تەرکیزیان بخەرەسەر.
- زیاد لەو بڕە زانیارییەی بەتەمایت باسیان بکەیت ئامادە بکە، لەوانەیە پێویستت پێیان بێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.
- هەوڵێکی زۆر لە ئامادەکاریدا بەگەڕ بخە (ڕێز لە بەژداربووەکانت بگرە).
- پشت بە شارەزایان ببەستە و ڕاوێژ لەگەڵ تایبەتمەندانی ئەو بوارەدا بکە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن بۆ زاڵبوون بەسەر خاڵە قورسەکاندا.
- هەوڵ بدە لەو شتانەدا قسە نەکەیت کە باش تێیان نەگەشتوویت.
- بایەخ بە بەڵگەهێنانەوە و باسکردنی سەرژمێری بدە و، تەنها بە بابەتەکە خۆی واز مەهێنە.
- هەوڵ بدە شێوازێك بۆ قسەکردن بەکار بهێنیت، بۆ نموونە (5p،s) و حەوت(s)ەکە و نموونەی **ABC** و لەم جۆرە، چونکە ئەمە یارمەتیت دەدات ڕەچاوی ڕیزبەندی بکەیت لە قسەکانتدا.



### تێبینی

سەرکەوتنی وتارەکەت و ڕادەی کاریگەرییەکەی پەیوەندی بە باش ئامادەکردنی و هەماهەنگی نێوان بەشەکانی و هاوپەیوەندی بیرۆکەکانیەوە هەیە، چونکە هەرکاتێك ڕەگەزەکانی وتارەکەت هەماهەنگ و هاوپەیوەندبوون و یەکتر تەواوکەر و دەست لەملان بوون، ئەوا لە دڵی بیسەراندا جێی خۆی دەگرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەژداربووان باشتر لە بابەتەکە تێ بگەن و پەندی لێ وەربگرن.

توێژینەوەی تیۆری

## کردن و نەکردنی ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە ئامادەکردنی وتارەوە هەیە

**ڕاست**

- ڕستەی کورت بەکار بهێنە.
- بەرزەوە قسە بکە و ڕەچاوی هەموو ئامادەبووان بکە.
- وشەی ئاسان و دیار بەکار بهێنە.
- سەرژمێری ڕوون و دیار بەکار بهێنە.
- بەڵگەی نوێ بەکار بهێنە.
- نموونەی دیار و بیستراو بەکار بهێنە.
- ئەگەر ناچاربوویت، دەستەواژە قورسەکان ڕوون بکەرەوە.
- تایبەت کردن (بۆ هەندێک کەس).
- بە شێوەی ڕێزمانی قسە بکە.
- ئەو وشانە بەکار بهێنە کە لەگەڵ یەکێک لە هەستەکاندا دەدوێت یاخود وێنەیەک لە زەینی گوێگردا دروست دەکات.
- بەراوردکردن لەگەڵ شتە دیار و زانراوەکاندا.
- شێوازی درکە و لەیەکچوون و خوازە بەکار بهێنە.
- دووبارە کردنەوەی هەندێک وشەی گرنگ (بەشێوەیەکی گونجاو).
- کۆکردنەوەی وشە دژیەکەکان (خۆر ئاریک داهات).
- پاش و پێش خستنی وشەکان (بە نەبەردییەوە سەرکردەکە پێشکەوت).
- قسەکردنی ساکار و سروشتی.
- پیاهەڵدانی ئافرەت.
- نووسین بۆ گوێ (قسە دەبیسرێت و ناخوێنرێتەوە).
- نووسین بە شێوازی ڕێزمانی، یان ڕستەی ناوی یان کرداری لە ڕابردوو یان داهاتوو یان ئێستادا (بە کوردی ستاندارد و دوورکەوتنەوە لە زمانی ناوچەگەریتی - وەرگێڕ)
- لەکاتی بەکارهێنانی ڕستەی کرداریدا بە شێوازی بکەردیار بنووسە.

**هەڵە**

- ڕستەی ئاڵۆز.
- بە شێوەیەک قسەکردن کە گیانی تایەفەگەری بوروژێنێت یاخود هەستیاری سیاسی دروست بکات.
- وشەی قورس و ئاڵۆز.
- سەرژمێری ئاڵۆز.
- باسکردنی ئەو بەڵگانەی کە نەزانراوو نەبیستراون.
- پەندی پێشینان هێنانەوە لە وڵاتێکدا کە تێی ناگەن (تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە بۆیان ڕوون بکەیتەوە).
- بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەی کە کەس تێیان ناگات، ئەگەر ڕوونکردنەوەیان لە بارەوە نەدرێت.
- گشتاندن (هەموو - سەرجەم).
- قسەکردن بە جۆرێک کە بەرامبەر نەزانێت چی دەڵێیت (واتە مانایەک نادات بەدەستەوە).
- یان بەراورد نەکردن، یان بەراوردکردن بە شتێک کە خەڵک نایزانێت.
- قسەی وشک و برینگ کە هیچ ڕەوانبێژییەکی تێدا نییە.
- زیادەڕەوی کردن بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا.
- زۆر لەخۆکردن و بە قورگ قسەکردن.
- قسەکردن بە جۆرێک کە سووکایەتی بۆ ئافرەت تێدا بێت.
- نووسین بۆ چاو (بۆ خوێندنەوە).
- تێکەڵکردنی زیاد لە دەمێکی فرمان لە ڕستەکاندا.
- ڕستەکانت بە شێوەی بکەر نادیار مەنووسە.
- زۆر سەروا بەکار مەهێنە لە قسەکانتدا، چونکە ئەمە وا دەکات وتارەکەت زۆر لەخۆکردنی پێوە دیاربێت و، بەژداربووان وادەزانن لە چاخە کۆنەکاندا قسە دەکەیت.

### لە یادت بێت

ئەم ماوەیەی کە ڕێگەی پێدراوە بۆ خستنەڕوو و باسکردنی هەر خاڵێکی سەرەکی بریتییە لە(١٤-١٦) خولەک، کە ئەم ماوەیەش بەشی ئەوە دەکات(٥-٦) پەرەی تیادا ڕوون بکەینەوە.



Scanned by CamScanner

## ٢- زانیاری و بەڵگەکان

هەمیشە گونجاوترین و باشترینی زانیاری و بەڵگەکان بۆ بابەتی وتار یان وانەکەت بەکار بهێنە، ڕەچاوی وردەکاری و گونجاوی بەڵگەکە لەگەڵ بابەتەکەتدا بکە، چونکە بەژداربووان تووشی شەکەتی دەبن ئەگەر ئەوەی دەیزانیت هەموویان پێ بڵێیت. جا ئەگەر ئەو زانیارییانە پەیوەندیان بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە هەبوو یاخود تا ڕادەیەك پەیوەندی پێیەوە هەبوو، پێویستە بە وردی جۆری بەڵگە یان ئەو زانیارییەی کە دەتگەیەنێت بە ئامانجەکەت هەڵبژێریت.

هەروەها پێویستە ڕەچاوی پلەبەندی بکرێت لە خستنەڕووی زانیارییەکانداو، لە سووکەوە بۆ قورس بڕوات. لەو شتانەوە کە لای بەژداربووان زانراوە بۆ ئەو شتانەی نایزانن، لە شتی بەناوبانگەوە بۆ شتی نامۆ، چونکە ئەوە بۆ بەدواداچوون ئاسانترە و، باشتریش لە زەینی گوێگراندا دەچەسپێت. هەروەها زامنیکیشە بۆ ئەوەی بەژداربووان لەگەڵتدا بمێننەوە و خەیاڵیان نەڕوات.

لە یادت نەچێت دوای ئەوەی ئەو نموونانەت هێنایەوە، دەرەنجامێکی باشی لێ وەربگرێت کە پەیوەندی بەو بیرۆکانەوە هەبێت کە پێشتر ئاماژەت پێداون، ئەمەش بۆ ئەوەی نموونەکانت تەنها نەبنە چیرۆك و بەسەرهاتی بێ ئامانج.



**بیرۆکە**

لەوتاربێژیدا چیرۆك بەکاربهێنە، چونکە سەرنجی بەژداربووان ڕادەکێشێت.



Scanned by CamScanner

زانیاری و بەڵگەکان

## هەندێك ئامۆژگاری گشتی لەبارەی زانیارییەوە

١- بەر لەوەی زانیارییەکانت کۆ بکەیتەوە ئامانجەکانت دیاری بکە.
٢- وێڕای زانیارییە کەسییەکانی خۆت، زۆرترین بڕی زانیارییش لە کەسانی ترەوە کۆ بکەرەوە.
٣- هیچ دوودڵ مەبە لەوەی داوای یارمەتی لە کەسانی تر بکەیت.
٤- هەموو زانیارییەکانت لە یەك سەرچاوە وەرمەگرە (وەك پەرتووك یان گۆڤارەکان)، بەڵکو لە بری ئەوە لە ئینتەرنێتیشدا بگەڕێ و، پرسیار لە شارەزایان بکە و گوێ لە کاسێت و شتی دیکەش بگرە.
٥- هەرچی لە سەرچاوەکاندا هەیە مەیگوازەرەوە، بەڵکو تەنها ئەو شتانە هەڵبژێرە کە پەیوەندی بە بابەتەکەتەوە هەیە.
٦- زانیاری یان سەرژمێری کۆن بەکار مەهێنە (ئەگەر هی تازەت دەست نەکەوت ئەوە زانیاری کۆن بەکار مەهێنە).
٧- هەرشتێك بە باشی لێی تێنەگەیشتویت مەینووسە و مەیڵێ.
٨- ئەو زانیارییانەی لێیان دڵنیا نیت مەیانخەرە ناو بابەتەکەتەوە.
٩- ئەگەر ئەو بەڵگەیەی دەتەوێت باسی بکەیت ناوی خاوەنەکەی یان مێژووەکەی یان سەرچاوەکەییت نەزانی باسی مەکە.
١٠-لە بارەی لایەنی سەرپەرشتیاری خولەکەوە زانیاری کۆ بکەرەوە، بۆ ئەوەی لە پێشەکییەکەتدا سوپاسیان بکەیت.




١١- ئەو زانیاری و بەڵگانە کۆبکەرەوە کە پەیوەندییان بە بابەتەکەتەوە هەیە.
١٢- هەوڵ بدە چیرۆکی ڕاستەقینە بەکاربهێنیت و دوورکەوەرەوە لە چیرۆکی خەیاڵی.
١٣- نوکتەی گونجاو و شیاو کۆ بکەرەوە (نوکتەی ئابڕووبەرانە نا).
١٤- سەرژمێری سەرنجڕاکیش و گونجاو کۆ بکەرەوە.

### لە یادت بێت

هەریەك لە ئێمە چیرۆکێك دەزانێت و دەیەوێت بیگێڕێتەوە، خەڵکیش حەزیان لە بیستنی چیرۆکە، بۆیە هەمیشە بە گەرموگوڕی و چستوچالاکییەوە چیرۆکەکانت بگێڕەرەوە، ئەگەر ئەمەت کرد ئەوە هەمیشە بەژداربووەکانت حەز دەکەن گوێت لێ بگرن.
فرانك والكر

## هەندێك نموونە لەسەر بەڵگەکان

هەروەها پێشیان دەوترێت خاڵی پاڵپشتی، لەبەر ئەوەی قسەکانت بەهێز دەکەن. بۆیە هەتا بۆت دەکرێت هەوڵ بدە بە لایەنی کەمەوە بۆ هەرخاڵێك بەڵگەیەك بهێنیتەوە. بەڵگەیش چەند جۆرێکن:

| نموونە | باشیەکانی | بۆ بەدیهێنانی باشترین ئەنجام |
|---|---|---|
| ئایەتی قورئانی | ١- پاڵپشتێکی بەهێزی بابەتەکەتە.<br>٢- وا دەکات بەژداربووان زیاتر باوەڕیان بەو بیرۆکەیە هەبێت کە دەیانخەیتە ڕوو.<br>٣- گوێگرەکانت حەز بە خۆشی دەکەن لەبەر ئەوەی لە قسەکانتدا پشت بە بەڵگە دەبەستیت. | ١- دەقی قسەکە بە باشی لەبەر بکە و لە گۆکردنی وشەکاندا هەڵە مەکە.<br>٢- تا بۆت دەکرێت ئایەتەکان بە تەجویدەوە بخوێنەرەوە.<br>٣- هەوڵ بدە ئەو ئایەتانە نەهێنیتەوە کە زۆر بیستراون. |
| فەرموودە | | ١- تەئکید بکەرەوە لە دروستی فەرموودەکە.<br>٢- مەتنی فەرموودەکە لەبەر بکە و بە وردی بیگێڕەوە.<br>٣- لە کاتی خوێندنەوەیدا تۆنی دەنگت بگۆڕە.<br>٤- وشە لێڵ و ناڕوونەکان ڕوون بکەرەوە. |
| چیرۆکی ورووژێنەر | ١- هەڵسوکەوت دەگۆڕێت و فیکر پەروەردە دەکات.<br>٢- مانا زەینیەکان دەگۆڕێت بۆ ڕاستی بەرجەستە.<br>٣- ئەو مانایەی دەتەوێت بیگەیەنیت لە زەینی بەژداربووی نزیك دەکاتەوە.<br>٤- وا دەکات بەژداربووان زیاتر تێکەڵی بابەتەکە ببن. | ١- هەتا دەتوانیت هەوڵ بدە تازە و سەرنجڕاکێش بێت.<br>٢- هەمووی بە دوای یەکدا مەگێڕەرەوە، بەڵکو دابەشیان بکە بەسەر قسەکانتدا.<br>٣- وەریان بگرە لە:<br>• قورئان (فاقصص القصص لعلهم يتفكرون) الاعراف/١٧٦<br>• سوننەت<br>• مێژوو.<br>• ڕووداوەکانی ژیانی هاوچەرخ.<br>٤- با سادە و ڕاستەوخۆ بێت. |
| بەراوردکردن | دەبێتە هۆی جێگیرکردنی وێنەی بابەتەکە لە زەینی بەژداربوودا. | هەوڵ بدە بەراوردی بابەتەکەت بە شتێك بکەیت کە لای بەژداربووان ڕوون بێت. |
| هۆکانی ڕوونکردنەوە | بگەڕێرەوە بۆ بەشی سێیەمی ئەم پەڕاوە. | کۆمپیوتەر و داتاشۆ و... هتد بەکار بهێنە. |

**وتوویانە**

بۆ سەلماندنی ڕاستیودرووستی ئەوەی دەیڵێیت پێویستە بە بەڵگە پاڵپشتی قسەکانت بکەیت.

د.توفيق الواعی



Scanned by CamScanner

## تەواوکەر/ هەندێك نموونە لەسەر بەڵگەکان

| نموونە | باشیەکانی | بۆ بەدیهێنانی باشترین ئەنجام |
|---|---|---|
| زانیاری (هەواڵ) | وا دەکات بەژداربووەکانت زیاتر باوەڕ بە بابەتەکەت بکەن | ١- دڵنیابە لە ڕاستی زانیاری یان هەواڵەکە.<br>٢- سەرچاوەکەی باس بکە.<br>٣- تا بۆت دەکرێت با زانیارییەکە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەبێت. |
| سەرژمێری | ئەگەر بە باشی بەکارت هێنا ئەوە بە یەکێك لە باشترین هۆکارەکان دادەنرێت بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکان و سەلماندنی ڕاستی قسەکانت.<br>هەروەها بە بەکارهێنانی ئەم هۆکارە دەتوانێت کاریگەرییەکی درامییانە زیاد بکەیت بۆ ئەو لایەنانەی بابەتەکەت کە تێگەشتنیان قورسە. | ١- نزیکی بکەرەوە بۆ ئەوەی لەبەرکردنی ئاسان بێت.<br>٢- بە لەسەرخۆیی زانیارییەکان بخەرە ڕوو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵەی باسی دەکەیت.<br>٣- لە ڕێگای هۆکانی ڕوونکردنەوەوە بیخەرە ڕوو، تەنها پشت بە قسە مەبەستە.<br>٤- ئەوەندە بەکاری مەهێنە، کە بەژداربووان ماندوو بکات.<br>٥- دڵنیابە لەوەی زانیارییەکان نوێ و وردن.<br>٦- بە شتێك بەراوردی بکە کە لای بەژداربووان زانراو بێت. |
| وتە | وتە بە هۆکارێکی بەهێزی پاڵپشتیکرنی ئەو بیرۆکانە دادەنرێت کە لەکاتی قسەکانتدا دەیانخەیتەڕوو، بەتایبەتی ئەگەر وتەکان هی کەسانێکی بەناوبانگ بوون یاخود خاوەنی پێگەو سەنگی خۆیان بوون لەناو خەڵکدا. | ١- دڵنیابە لەوەی وتەکە هی خاوەنەکەیەتی و، وتەی کەسانی ناسراو باس بکە.<br>٢- قسەکە وەکو خۆی و بێ کەم و زیاد باس بکە.<br>٣- ئاماژە بۆ ئەو سەرچاوەیە بکە کە وتەکەت لێ وەرگرتووە.<br>٤- وتەی هاوەڵان و شوێنکەوتووانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و زانایانی موسوڵمان و بیرمەندان بهێنەرەوە. |
| پەندی پێشینان | ١- هاوکارێکە بۆ قەناعەت کردن بە خەڵك.<br>٢- دەبێتە هۆی نزیککردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی دەتەوێت لە زەینی بەژداربوودا ڕوونی بکەیتەوە.<br>٣- پاڵپشتێکە بۆ قسە و بیرۆکەکان.<br>٤- بۆ ئەوەی کاریگەری خوازراوی لێ بێتە بەرهەم، وا بکە پەیوەندیداربێت لەگەڵ جۆری بیسەرەکاندا.<br>٥- پەندەکان مۆرکێکی مرۆڤانە دەبەخشێت بە بابەتەکە.<br>٦- بیر تیژ دەکاتەوە بۆ یادکەوتنەوە و بیرکردنەوە. | ١- لەوانەیە پەندەکە ڕاستی یان گریمانە بێت.<br>٢- پشت ببەستە بە:<br>ئەو نموونانەی لە قورئاندا باس کراون.<br>ئەو نموونانەی لە فەرموودەدا باسکراون.<br>ئەو نموونانەی لە قسەی هاوەڵان و پێشینی چاکاندا باسکراون. |

**تێبینی**

چیرۆکەکان دەکرێت خەمبار یان دڵشادکەر بن، میهرەبان یان دڵهەژێن بن، دڵتەزێن یان دڵفڕێن بن، یان دڵ بەتاسەوە بێت بۆیان یان جەرگبڕ بن.
ڤیڤیان بۆکان

**بەڵگە**

فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ.

الاعراف/ ١٧٦

واتە: چیرۆکەکانیان بۆ بگێڕەرەوە بەڵکو بیر بکەنەوە.



Scanned by CamScanner

## هەندێك ڕێنمایی بۆ بەکارهێنانی بەڵگە

- یەکەم جار بەڵگەکە باس بکەو پاشان ئاماژە بۆ خاوەنەکەی بکە.
- لە شوێنی گونجاوی وتارەکەتدا باسی بکە.
- ئەو بەڵگانە باس مەکە کە زۆربەی خەڵك دەیزانن.
- ئەگەر ناوی خاوەنی بەڵگەکەت نەزانی یاخود نەتزانی چۆن ناوەکەی بڵێیت، ئەوە باسی مەکە و لەبری ئەوە بڵێ: یەکێك لە زانایان یان فەیلەسوفان یان بیرمەندان وتوویەتی.
- بیکە بە بەشێك لە زنجیرەی قسەکانت.
- لە گواستنەوەی قسەدا وردەکاربە.
- با بۆ بەژداربووان گونجاو و لەبار بێت.
- لە کارتەکانی یادخستنەوەدا هەر هەمووی بنووسەرەوە.
- مەیخوێنەرەوە بەڵکو لەبەری بکە.
- دای بڕێژەرەوە (ئەگەر لە هەندێکیاندا پێویستت پێی بوو).
- بۆ وانەکانی داهاتووت بەڵگەکان کۆ بکەرەوە.



### لە یادت بێت

لە کاتی بەکارهێنانی سەرژمێرییەکاندا لە یادت بێت:

أ- ژمارە هیچ بەهایەکی نییە ئەگەر ناوەڕۆکێکی هاوبەشیان نەبێت.

ب- لەگەڵ شتێکی دیار و زانراودا بەراوردی بکە (ژمارەی کوژراوان لە ڕووداوی ئۆتۆمبیل لە ئەمریکا زیاترە لە ژمارەی کوژراوەکانیان لە سەرجەم ئەو شەڕانەدا کە کردوویانە).



Scanned by CamScanner

## ٣- ڕێکخستنی وتار

### یاسای (٣ بۆ ٥)

- هەوڵ بدە (٣-٥) خاڵی سەرەکی بۆ وتارەکانت ئامادە بکەیت (بە پێچەوانەی پێشەکی یان کۆتاییەوە). ئەم یاسایە جێبەجێ نابێت بەسەر وتاری کورتدا، کە تێیدا تەنها باسکردنی یەك خاڵی سەرەکی بەسە.
- بۆ هەر خاڵێکی سەرەکی (١٥-٢٠) خولەك دابنێ.
- خاڵە سەرەکییەکان بە جۆرێکی وا دابەش بکە کە هەر بەشێك نزیکەی (٣-٥) خولەکی بەرکەوێت.
- بۆ ڕۆشتن لە خاڵێکی لاوەکییەوە بۆ خاڵێکی تر خولەکێك بژمێرە.
- ئێستاش خاڵەکانی هەر لقێك دابەش بکە بۆ (٣-٥) خاڵی لاوەکی و بۆ هەر یەکێکیشیان بەڵگەیەك بهێنەرەوە (چیرۆك، وتە، نوکتە، سەرژمێری، هۆنراوە.....هتد).
- بۆ هەر خاڵێکی لاوەکی خولەکێك تەرخان بکە.
- بەم شێوەیە دەبیتە خاوەنی وتارێك کە پەیوەندی لە نێوان بەشەکانیدا هەبێت و بە ڕوونی دابەش کرابێت و بتوانیت بە ئاسانیش چاودێری بکەیت.
- ئەم یاسایە تەنها بۆ ڕێنموونی کردنە، ئەگینا لە هەندێك کات یان بەشی بابەتەکەتدا دەتوانیت (٧) خاڵ باس بکەیت (جا خاڵی سەرەکی بێت یان لاوەکی) بەڵام من ئامۆژگاری کەس ناکەم لە خاڵەکانی یاساکە زیاتر باس بکات.
- بۆ پابەندبوون بە یاسای (٣-٥) ەوە هەوڵ بدە ئەو خاڵانەی لە یەکەوە نزیکن لە یەك خاڵدا کۆیان بکەیتەوە.




**تێبینی**

وتاری ڕێکخراو بە شێوەیەکی باش، بەرهەمی عەقڵێکی ڕێکخراوە.



Scanned by CamScanner

## پێشنیارێکی گشتی بۆ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی وتار

نیستاش پێشنیارێك دەخەینە پێشچاوتان بۆ ڕێکخستنی وتار، کە دەکرێت وەك نموونەیەکی گشتی بەکار بهێنرێت. بەڵام بە تەواوی پێوەی پابەند مەبە. چونکە هەموو وتارێك مۆرکی جیاوازی خۆیی هەیە کە پێویستە قسەکانت لەگەڵیدا بگونجێنیت...(ئەم پێشنیارەش کە کردوومانە ڕەچاوی یاسای (٣-٢-٥) دەکات).

### یەکەم: پێشەکی

أ- سەرنجی بەژداربووان ڕابکێشە.
ب- باسی ئامانجی خولەکە بکە.
ت- بیرۆکەیەکی گشتی لەبارەی بابەتەکەوە باس بکە.

### دووەم: خاڵی سەرەکی یەکەم لە ناوەڕۆکی بابەتەکە

أ- لقێك
١- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.
٢- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.
ب- لقێك
ج- لقێك
١- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.
٢- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.
٣- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

### سێیەم: خاڵی سەرەکی دووەم لە ناوەڕۆکی بابەتەکە

أ- لقێك
ب- لقێك
١- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.
٢- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

**وتوویانە**

سەرنجی ئامادەبووان ڕابکێشە...
«کراوم بە فەرمانڕەواتان بەڵام من باشترینتان نیم»

ئەبوبەکری صدیق
لە وتاری بوون بە خەلیفەییدا



Scanned by CamScanner

ڕێکخستنی وتار

ج- لقێك

١- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

٢- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

٣- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

٤- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

بەم جۆرە بۆ هەموو خاڵەکانی تریش...

## چوارەم: کۆتایی

١- ئەوەی وتووتە کورتی بکەرەوە.

٢- چیرۆکێکی سەرنجراکێش بگێڕەرەوە یاخود یەکێك لە شێوازەکانی کۆتاییهێنان بەکار بهێنە.

**بنووسە**

١- یەك بیرۆکە لە هەر دێڕێکدا، بە جۆرێکیش کورتی بکەرەوە کە لە دێڕێك زیاتر نەبێت.

٢- خاڵە لاوەکیەکان بە شێوەیەك بنووسە کە ببێتە بەشێکی لقێك، کە ئەو لقەیش خۆی بەشێکە لە خاڵە سەرەکییەکە.

٣- خاڵە لاوەکییەکان لە لای چەپەوە بنووسە، بچووکتر لە لقێك.

**وتەی بەنرخ**

ئەگەر ئامۆژگاری خەڵکت کرد لە کورتی بیبڕەوە، لەبەر ئەوەی لە قسەکردنی زۆردا هەندێك بەشی قسەکە هەندێکی تری لە بیری گوێگر دەباتەوە.

لە ئامۆژگارییەکانی ئەبوبەکری صدیق.






Scanned by CamScanner

## جۆرەکانی دابەشکردن

بۆ دابەشکردنی بابەتی وتار شێوازی زۆر هەیە، لە کاتی قسەکردنمان لە بارەی ڕێکاکانی ڕێکخستنی وتارەوە ئاماژەمان بۆ هەندێکیان کرد، وا لە خوارێشەوە باسی هەندێک جۆری گرنگی دیکەی دابەشکردن دەکەین (لێرەدا قسە لەسەر ناوەڕۆکی بابەت دەکەین، واتە دوای پێشەکی و بەر لە کۆتایی).

| شێواز | ڕوونکردنەوە |
| --- | --- |
| ١- ڕیزکردن لە ڕووی کاتەوە | بە گوێرەی ڕیزبەندی لە ڕووی مێژوویەوە، لە کۆنەوە بۆ نوێ یان بە پێچەوانەوە بابەتەکە بخەرە ڕوو، دەشتوانیت دوای هەر ڕووداوێک یان کۆمەڵە ڕووداوێک تێبینیەکانت بڵێیت یان دەرئەنجامەکان دوا بخەیت بۆ کۆتایی قسەکانت. ئەمەش یەکێکە لە شێوازە جوان و کاریگەرەکان و وا دەکات بەژداربووان بە ئاسانی لەگەڵ وانەکەدا بڕۆن. (دڵنیابە لەوەی کە ڕیزبەندی مێژوویی ڕووداوەکان ورد و ڕاستن، بۆ ئەوەیش سەیری زیاد لە سەرچاوەیەک بکە). |
| ٢- کێشە و چارەسەر | ئەم شێوازە لەگەڵ زۆربەی بابەتەکاندا دەگونجێت و یارمەتی قسەکەر دەدات کە بابەتەکەی ڕێک بخات و قسەکانی ڕیز بکات، لە کاتی بەکارهێنانی ئەم جۆرە دابەشکردنەدا ئەم هەنگاوانە دەنێین:<br>١- کۆمەڵێک دیاردە و زانیاری و سەرژمێری باس بکە کە قەبارەی کێشەکە و ئاستی مەترسیدارییەکەی ڕوون بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش قسەی هەندێک لە شارەزایان بە بەڵگە بهێنەرەوە.<br>٢- کێشەکە بناسێنە و دەستنیشانیشی بکە، بۆ ئەوەی بەژداربوو داوای خستنەڕووی ڕای خۆت و چارەسەرت لێ نەکات بۆ هەندێک کێشەی تر کە پەیوەندییان بە کێشەکەوە هەیە، بەڵام شتێکی جەوهەری نییە تیایدا.<br>٣- زیاد لە چارەسەرێک پێشنیار بکە بۆ کێشەکە و ئاماژە بە قسەی شارەزایانیش بکە (ناویشیان بهێنە)، هەروەها هەندێک شێواز باس بکە کە لایەنی دیکەی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی بەکاری هێناوە بۆ چارەسەرکردنی هەمان کێشە و ئەو کێشانەی لەم دەچن (ئاماژە بکە بۆ ناو و مێژوو، ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی بۆچوونەکانت لای بەژداربووان، چونکە بەڵگەت هەیە بۆ ئەو قسانەی دەیانکەیت).<br>٤- تەرکیز بخەرە سەر یەکێک لە چارەسەرەکان کە بە لای تۆوە لەوانی تر پەسەندترە، دەشتوانیت شێوازەکانی بڕیاردان بەکار بهێنیت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی ئەم چارەسەرەت هەڵبژاردووە، بۆ نموونە: |

**زانیاری**

یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی وتاربێژی سەرکەوتوو ئەوەیە کە زۆر بەڕوونی بگاتە ناوەڕۆکی بابەتەکەی، و هەر ناڕوونیەک لە قسەکردندا لەوانەیە ببێتە هۆی تێنەگەیشتنی بەژداربووان.

وتاربێژی سەرکەوتوو

| شێواز | ڕوونکردنەوە |
|---|---|
| تەواوکەرا<br>٢- کێشە و چارەسەر | أ- شێوازی خستنەڕووی باشی و خراپییەکان: باسی باشی و خراپییەکانی هەر یەکێك لە چارەسەرەکان بکە و ئەوەش ڕوون بکەرەوە کە ئەو چارەسەرەی هەڵت بژاردووە زۆرترین باشی و کەمترین خراپی تێدایە.<br>ب- شێوازی ڕیزبەندی: باسی ئەو مەرجانە بکە کە پێویستن بۆ ئەو چارەسەرەی هەڵت بژاردووە و، پاشان ئەوە ڕوون بکەرەوە کە ئەو چارەسەرەی هەڵت بژاردووە زیاد لە هەموو چارەسەرەکانی تر مەرجەکانی چارەسەری کێشەکەی تێدایە.<br>٥- ڕێگای کرداری پێشنیار بکە بۆ جێبەجێکردنی ئەو چارەسەرەی هەڵت بژاردووە. |
| ٣- دابەش کردنی بابەتی | ١- هەر بابەتێك دابەشکردنێکی تایبەتی خۆیی هەیە، دابەشکردنەکەش لە ڕووی لۆژیکییەوە ڕوون دەبێت، ئەمەش لە بابەتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا لەوە دڵنیابە کە دابەشکردنەکەت ئاسانە و ڕیزکراوە، بە جۆرێك کە بەژداربووان بتوانن بە ئاسانی لەگەڵ بابەتەکاندا بڕۆن، لە نموونەی ئەو دابەشکردنە بابەتییانەش ئەمانەیە:<br>٢- گرنگی بابەتەکە.<br>٣- جۆر یان دابەشکردن یان پێشە یان بەکارهێنانەکان.<br>٤- هەڵبژاردنی پەسەندکراو بە لای تۆوە، یاخود خاڵی گرنگتر.<br>٥- هەڵسەنگاندن یاخود پێشنیارە کردارییەکان. |
| ٤- ڕیزبەندی کردنی لۆژیکیانە | ڕیزبەندییەکی لۆژیکیانە هەیە بۆ هەندێك بابەت کە دەتوانرێت بە ڕوونی بەکار بهێنرێت، بۆ نموونە: کاتێك باسی هونەری وتاردان دەکەین وتارەکە بریتی دەبێت لە (پێشەکی، ناوەڕۆك، کۆتایی) خۆ ئەگەر (ئامادەکاری و خۆ ئامادەکردنیشت) بۆ زیاد کرد و دواتریش (هەڵەکان و هەڵسەنگاندنت) بۆ زیاد کرد، ئەوە دەبێتە خاوەنی ڕیزبەندییەکی لۆژیکیانە، دەتوانیت هەندێك خاڵی تریشی بۆ زیاد بکەیت، وەك (هۆیەکانی ڕوونکردنەوە لە شوێنێکی گونجاودا). بەم شێوەیە بەژداربووان دەتوانن هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ بابەتی وتارەکەدا بڕۆن و لێی دانەبڕێن. |

## ئایا دەزانیت

ئەگەر بابەتی وتارەکەت بە زنجیرەیی (یەك لە دوای یەك) دابەش بکەیت ناهێڵیت زەینی گوێگرەکانت پەرش و بڵاو بێت و خەیاڵیان بڕوات.



Scanned by CamScanner

## بەراوردی نێوان ڕێگاکانی ڕێکخستنی وتار

ڕێگایەکی دیاریکراوی ڕاست یان هەڵە نییە بۆ ڕێکخستنی هیچ وتارێك. چونکە ڕێکخستنی وتار پەیوەندی هەیە بە بابەتی وتارەکە و بەژداربووەکانت و شێوازی خۆت وەك قسـەکەرێك. لە خوارەوە هەندێك شێوازی بەکارهاتووی ڕێکخستنی وتار دەخەینە ڕوو:

| ژ | جۆر | ڕوونکردنەوە | باشیەکانی |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ڕیزبەندی ئەلف بێیی | دەست کردن بەو خاڵەی کە بە پیتی (ئەلیف) دەست پێ دەکات و پاشان پیتی (بێ)و بەم جۆرە | - ئاسانە<br>- ڕوونە<br>- بەتایبەتی بۆ ناوو شوێنەکان باشە |
| دووەم | ڕیزکردن بە گوێرەی هۆکارو ئەنجام | زۆر بە ڕوونی هەلومەرجەکە ڕوون بکەرەوەو هۆکار و ئەنجامەکانی بخەرەڕوو | لە کاتی هەوڵدان بۆ دیاریکردنی هۆکاری ڕوودانی کارێکدا بەکار دەهێنرێت. نموونە: بەرنامە گەنجانەییەکانو کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان. |
| سێیەم | ڕیزکردن لەسەر بنەمای چارەسەرکردنی کێشە (ڕێکخستن بۆ چارەسەر) | زۆر بە ڕوونیو بێ هیچ زیادەڕەویەك ڕووبەڕووی کێشەکان بەرەوە و چارەسەری گونجاویشی بۆ بخەرە ڕوو ئەو هەنگاوانەی کە پەیڕەو دەکرێن: | ١- ئەو زانیارییانە باس بکە کە ئاماژەن بۆ مەترسیداری کارەکە.<br>٢- چارەسەری جۆراوجۆر بخەرە ڕوو شێوازی داهێنانکارانەی بۆ بەکار بهێنە.<br>٣- داوا لە بەژداربووان بکە پێشنیاری دیکەت پێ بڵێن.<br>٤- بە بەکارهێنانی ڕێگاکانی (بڕیاردان) یەکێك لە چارەسەرەکان هەڵبژێرە.<br>٥- هۆکاری کرداری پێشنیار بکە بۆ جێبەجێکردنی چارەسەرەکە. |

**وتوویانە**

هەموو بانگەوازێکی دڵسۆزانە لە ژیاندا تایبەتمەندی خۆیی هەیە، کە لەسەر ناوازەیی شێوازی خستنەڕوو بنیاتنراوە.

جیمس ب.کونانت



Scanned by CamScanner

| ژ | جۆر | ڕوونکردنەوە | باشیەکانی |
|---|---|---|---|
| چوارەم | ریزکردن بەگوێرەی گرنگی | خاڵەکان بە گوێرەی گرنگیان بەلای بەشداربووانەوە بخەرە روو | بەو خاڵانە دەست پێ بکە کە کەمتر گرنگن و بەژداربووانیش زۆر پێی رازین بۆ ئەوەی وایان لێ بکەیت هەست بکەن ئیشەکە ئاسانە. |
| پێنجەم | ریزکردن بە گوێرەی شوێن | - لە رووی جوگرافییەوە<br>- لەسەرەوە بۆ خوارەوە و (یان بە پێچەوانەوە).<br>- لە ناوەوە بۆ دەرەوە (یان بە پێچەوانەوە). | بەکاردێت ئەگەر بابەتەکە لە نێوان چەند خاڵێکی جوگرافییدا دابەش کرابوو. |
| شەشەم | ریزکردن بە گوێرەی شوێن | بە گوێرەی ریزبەندی مێژوویی | بەکاردێت ئەگەر چیرۆکێك یان کۆمەڵە رووداوێکت بە دوای یەکتردا دەگێڕایەوە. |
| حەوتەم | شێوازی بەراوردکاری | باسی لایەنی جیاوازی و لەیەکچوونی نێوان ئەو شتەی دەتەوێت لە بارەیەوە قسە بکەیت لەگەڵ شتێکی تردا کە لای خەڵك دیار و زانراوە. یاخود لەیەکچوون و جیاوازی نێوان دووکار یان زیاتر کە دەتەوێت بەژداربووان بیزانن. | بەکاردێت ئەگەر بابەتەکە قورس بوو دەتویست ئاسانی بکەیت. |

**وریابە**

سلایدێك كە پڕبێت لە زانیاری، لە كاتی وتاردا ٣-٤ خولەكی پێویستە بۆ باسكردنی.



Scanned by CamScanner





## زانیاری

**سوودەکانی نووسینەوەی وتار:**

١- پاراستنی لایەنی جوانیی لە دەربڕیندا.
٢- کەمکردنەوەی هەڵەی زمانەوانیی یان دەربڕین یان ڕێزمانیی.
٣- دیاریکردنی لایەنەکانی بیرۆکە یان بابەتەکەت.
٤- پابەندبوون بە کاتی دیاریکراوەوە.



## ٤-نووسینەوەی وتار

- لەوانەیە ناچار بێت بەوەی هەموو وتارەکەت بنووسیتەوە، ئەگەر هاتوو بابەتی وتارەکە گرنگ بێت، وەك وتاری سیاسی یان فەرمی (لەبەر ئەوەی ئەگەر دەقێکی نووسراوت لەبەردەستدا بێت ئەوە بوارت بۆ دەڕەخسێنێت بیرۆکەکەت بە متمانە بەخۆبوونەوە بگەیەنیت، کە سەرچاوەگرتوو بێت لە ڕادەی تێگەشتنو شارەزاییت لە بابەتەکە).
- وتاربێژە سیاسیەکان ئەم ڕێگایە بەکار دەهێنن بۆ زامنکردنی وردی دەربڕینەکانیان و باش ڕێکخستنی وتارەکەیان و هەروەها باش لێکدانەوەی لە لایەن خەڵکانی ترەوە.
- ئەگەر نەتدەتوانی بەسەر ترسدا زاڵبیت یاخود بە باشی خۆتت ئامادە نەکردبوو، ئەوە دەتوانیت وتارەکەت بخوێنیتەوە.

بەو پێیەی کە ناوەڕۆکی بابەت بە کرۆکی وتار و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی وتار و درێژترین بەشی وتار دادەنرێت، بۆیە ئامادەکردنی پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆرو لێبڕانێکی باش هەیە، لەبەر ئەوە ناوەڕۆك بەر لە نووسینی پێشەکی یان کۆتایی دەنووسرێت.



Scanned by CamScanner

هەنگاوەکانی نوسینەوەی وتار

## أ- هەنگاوەکانی نوسینەوەی وتار

| هەنگاوەکان | دریژە |
|---|---|
| ١- ئامادەکاری | بابەتەکە دیاری بکە، بەژداربووانت شیکار بکە، ئامانجت دیاری بکە، بیرۆکەی نوێ دابهێنە. |
| ٢- کۆکردنەوەی زانیاری | لە: پەڕاو، ئینتەرنێت، قسەکردن لەگەڵ شارەزایاندا |
| ٣- ڕێکخستن | سەیری برگەی پێشوو بکە کە تایبەتە بە ڕێکخستنی وتارو یەکێک لەو ڕێگایانە هەڵبژێرە کە ڕوونمان کردووەتەوە. |
| ٤- ڕەشنووس یەکەم | هەموو بابەتەکە بنووسەرەوەو هیچ وردبینیەك مەکە، دواتر لەسەر کۆمپیوتەر تایپی بکە، بۆ ئەوەی بتوانی بە ئاسانی هەڵەکان (ئەگەر هەبوو) ڕاست بکەیتەوە. |
| ٥-هەڵسەنگاندنی یەکەم | ئەوەی نووسیوتە هەڵی بسەنگێنە و گۆڕانکاری تێدا بکە و دڵنیابە لەوەی لەگەڵ بەژداربووان و ئامانجەکەتدا دەگونجێت. |
| ٦- ڕاهێنان | وتارەکەت لە لای کۆمەڵێك لە نزیك و دۆستانت بخوێنەرەوەو گوێ بۆ ڕا و بۆچوونەکانیان بگرە |
| ٧- هەموارکردن | لە ژێر ڕۆشنایی هەڵسەنگاندن و تێبینیەکاندا گۆڕانکارییەکانت بکە: بۆی زیاد بکە، لێی لابەرە، بیگۆڕە، سەرلەنوێ ڕیزبەندی بابەتەکەت بکەرەوە. |
| ٨- وردبینی | بە لایەنی زمانەوانی وتارەکەتدا بچۆرەوە و هەڵە زمانەوانیەکان ڕاست بکەرەوە، بە تایبەتی ئەگەر وتارەکە چاپ دەکرا (تەنانەت ئەگەر هیچ کەسێکیش نەی دەخوێندەوە هەر وردبینی تێدا بکە). |
| ٩- پێداچوونەوەی کۆتایی | بۆ جاری کۆتایی سەیری وتارەکەت بکەرەوە و دڵنیابە لەوەی هەموو شتێك لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدایە. |
| ١٠-کورتکردنەوەی کۆتایی | دڵنیابە لە دریژی بابەتەکەتو گونجانی لەگەڵ ئەو کاتەی بۆی تەرخانکراوە، وە ئەگەر پێویستیشی کرد کورتی بکەرەوە... |



**تێبینی**

گرنگترین بەشی وتارەکەت بریتییە لە بەیەکەوە بەستنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکەو وەڵامدانەوەی پرسیاری بەژداربووان: «چی فێر دەبم؟!»

تۆنی جیری



Scanned by CamScanner

هەندێك ئامۆژگاری بۆ نووسینی وتار

## ب- هەندێك ئامۆژگاری بۆ نووسینی وتار

- بە خەتێکی گەورە بنووسە.
- بۆشاییەکی گونجاو بەجێ بهێڵە لە نێوان دێڕەکاندا.
- ڕستەی تەواو بنووسە.
- بە لایەنی ڕێنووس و ڕێزمانیی وتارەکەتدا بچۆرەوە.
- پەڕەکان لەسەرەوە ژمارەبەند بکە.
- لە سێیەکی خوارەوەی لاپەڕەکەتدا هیچ شتێك مەنووسە.
- لە هەرچوارلای لاپەڕەکەدا بۆشاییەك بەجێ بهێڵە.
- دەرزی مەدە لە کاغەزەکان، بۆ ئەوەی لە کاتی وتارداندا بە ئاسانی بتوانیت ئەمدیو و ئەودیویان بکەیت.
- بیانخەرە ناو فایلێکەوە بۆ ئەوەی بە پاکی و ڕێکوپێکی بمێنێتەوە.
- کۆپیەکی بەدەك لە شوێنێکی پارێزراودا هەڵ بگرە (بۆ نموونە لە ئۆتۆمبیلەکەتدا).
- بەر لە وتاردان بیخوێنەرەوە و مەشقی لەسەر بکە.




**وتوویانە**

زانست نێچیرە و، نووسین پێوەندەکانیەتی، کەواتە نێچیرەکانت بە پەتی توندوتۆڵ ببەستەرەوە.

ئیمامی شافیعی



Scanned by CamScanner

## خشتەی هەڵبژاردنی وشەکان

| بەکاری بهێنە | لێی دووربکەوەرەوە |
|---|---|
| زۆربەی جار | بەردەوام |
| جارجار | بۆ هەمیشە |
| زۆرجار | هەرگیز |
| بە دەگمەن | هەرگیز ڕووی نەداوە |
| ئەگەری زۆری هەیە | بێگومان |
| بە شێوەیەکی بەجێ | بە دڵنیاییەوە |
| بە زۆری | بێ هیچ دوودڵیەك |
| وشەی ناسك | وشەی توند |
| دەکرێت باشتر بێت | ئاستی بەجێگەیاندنی لاوازە |
| تواناکانی باشترە لەوە | خاو و خلیچك |
| گیان سپاردن، کۆچکردن | مردن |
| ئافرەتان | هاوسەر/کچان |
| نێر یان مێ | (تەنها) ئەو |
| خەڵك | (تەنها) پیاوان |
| خوای پەروەردگار | تەنها خوا |
| پاك و بێگەرد | تەنها وشەی خوا |
| محمد درووی خوای لەسەربێت | یان محمد (بەتەنها) |
| پەیامبەر، هەواڵدەر | تەنها ناوی پەیامبەرەکە |

**وریابە**

ئەگەر بە عەرەبی قسەت کرد ئەوا بە زمانی عەرەبی ڕەوان قسە بکە، چونکە زمانی ڕەوان زمانی زانستە، وریای سەروبۆری گونجاوبە وەك (ڕەفعی مەنصوب و نەصبی مەجرور و جەڕی فاعیل)، چونکە شورەییە بۆ عەقڵ و مایەی گاڵتەجارییە.

د.علی الحمادی



Scanned by CamScanner

## پ- ڕۆیشتن لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر

وتاربێژە لێهاتووەکان هەنگاو بە هەنگاو لە بڕگەیەکەوە دەچنە سەر بڕگەیەکی تر، بەجۆرێك کە بەژداربووان بێزار نەبن یان خەیاڵیان نەڕوات. ئەم گواستنەوانە زەینــی گوێگر لە بەشێکی وتارەکــەوە دەگوازنەوە بۆ بەشــێکی تر. هەروەها لەوانەیە ئاماژەش بن بۆ گۆڕانکاری لە بارودۆخێکدا یاخود ئاماژەبن بۆ ئەوەی کە دژیەکییەك لەگەڵ خاڵەکەی پێشتردا بەڕێوەیە.

پێویستە گواستنەوەکان گونجاو بن و قسەکان بەدوایەکدا هاتنیان تێدا بێت. لە خواریشەوە هەندێك تێبینی و ئامۆژگاریت بۆ دەخەینە ڕوو کە یارمەتیت دەدات بۆ ئەم کارە:

١- بەژداربووان ئاگادار بکەرەوە لە کاتی ڕۆیشــتن لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر، چونکە یارمەتیان دەدات لەگەڵتدا بەردەوام بن و لێت دانەبڕێن.
٢- یەکێك لە هۆکارەکانی گواستنەوە بەکار بهێنە و کتوپڕ مەچۆرە سەر خاڵی نوێ.
٣- کاتێــك لــە خاڵێکەوە دەچیتە ســەر خاڵێکــی نوێ بەژداربووانــی لێ ئاگادار بکەرەوە و گریمانەی ئەوە مەکە کە خۆیان ڕیزبەندییەکە دەزانن.
٤- لــە بنیاتنانــی وتارەکەتــدا خاڵ بە خاڵ بە ڕیزبەندی بــڕۆ هەتا دەگەیت بە ئامانجەکــەت، هەروەهــا دەتەوێت بەژداربووان فێــری چی ببن یان بە چی هەستن.
٥- بــا بەشــەکانی وتارەکــەت هەماهەنگی لــە نێوانیدا هەبێــت، بەجۆرێك کە بیرۆکــە و ڕســتەکانی ڕیزبەندکرابن و هەماهەنگیــان لەنێوانیدا هەبێت و هەمــوو خاڵێکیــش پەیوەنــدی بەوەی پێــش خۆیەوە هەبێت.
٦- ئامــرازی گواســتنەوە بــەکار بهێنــە بــۆ ئــەو ڕســتە و وشــانەی کــە بەشەکانی قسەکەت بەیەکەوە دەبەســتێتەوە بــە گوێــرەی بابەت و بەژداربووان.



وتوویانە

کاتێك هەر ڕستەیەك دەنووسیت ئەم پرسیارانە لە خۆت بکە:

١- ئایا پەیوەندی بە ئامانجەکەوە هەیە؟
٢- ئایا ڕستەکە سەرنجڕاکێشە؟
٣- ئایا خۆشی بەخشە؟
٤- ئایا پەیامەکەم دەگەیەنێت؟
٥- ئایا پەیوەندی بە گوێگرەوە هەیە؟

کارین

خشتەی هۆکارەکانی گواستنەوە

دەشتوانیت پشت بەم خشتەیەی خوارەوە ببەستیت

## خشتەی هۆکارەکانی گواستنەوە

| پەیوەندی | وشەو ڕستەکان |
|---|---|
| شوێن | بە تەنیشت و نزیکیەوە، ئێرە، ئەوێ، پاش، پێش، سەر، ژێر، دوور لەمە |
| کات | پێچەوانەی ئەمە، پاشان، بەم نزیکانە، دوای ئەوە، دەستبەجێ، لە دواتردا، لە کۆتاییدا، ئێستا، دواتر، یەکەم – دووەم، لە داهاتوودا، دواتر. |
| کورتکردنەوە | پوختە و ئەنجام، لە کۆتاییدا، بە کورتی، بە گشتی |
| ئەنجام | لەبەر ئەوە، بە پشت بەستن بەمە، بەم جۆرە، لەبەر هەموو ئەمانە |
| بەراورد | لە بەرامبەردا، بەڵام بە شێوەیەکی سروشتی، لەگەڵ ئەوەشدا، جگە لە، بە بەراورد، بە پێچەوانەی ئەمەوە، لە هەمان کاتدا، بە هەمان شێوە. |
| نموونە | بە نموونە و بە دیاریکراوی، بۆ نموونە، لەبەر ئەوە، وەك ڕوونکردنەوەیەك بۆ... |
| خستنەسەر و گرنگیتی | هەروەها، پاشان، لەوەش زیاتر، جگە لەوەش، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دواتر، بە هەمان گرنگییەوە، لە کۆتاییدا. |
| هۆکاری تر | - دووبارەکردنەوەی هەمان وشە لە سەرەتای خاڵێکی نوێدا.<br>- بەکارهێنانی یەکێك لە شێوازەکانی ڕەوانبێژی، وەك قسەکردن لەسەر داهاتوو.<br>- گۆڕینی هۆکاری ڕوونکاری وەك ئاماژەیەك بۆ گواستنەوە لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر.<br>- خاڵێکی نوێ. |

**ئاگاداربە**

ئەرکەکانی گواستنەوە :
١- گۆڕینی ئاراستە.
٢- زیادکردنی شتێکی نوێ.
٣- ڕونکردنەوەی بیرۆکەیەك.
٤- لادان لە بابەتە بنەڕەتیەکە.
٥- جوڵان بەرەو بیرۆکەیەکی نوێ.

ڤیڤیان بۆکان



Scanned by CamScanner

## د- تەواوبوون لە نووسینەوەی وتار

١- کاتێك لە نووسین تەواو بوویت پێشەکی و کۆتایی بۆ وتارەکەت بنووسەوە، وایان لێبکە کاریگەر بن و پەیوەندییش لە نێوانیاندا هەبێت.

٢- ئەگەر وتارەکەت کورت بوو، ئەوە پێشەکی و کۆتاییەکەی کورت بکەرەوە با ڕاستەوخۆیش بن. بۆ وتارە درێژەکانیش با کەمێك درێژبن.

٣- دوای تەواوبوون لە وتارەکەت پێیدا بچۆرەوە و گۆڕانکاری تێدا بکە، شتی بۆ زیاد بکە و شتی لێ لابەرە، بۆ ئەوەی باشتر بێت.

٤- بۆ دڵنیابوون لەوەی هیچ هەڵەیەکی زمانەوانی و ڕێنووسی تێدا نییە، هەروەها بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بڕگە و بەشەکانی لە شوێنی گونجاوی خۆیاندان. بە بابەتەکەتدا بچۆرەوە.

٥- وتارەکە چاپ بکە و دڵنیابە لەوەی بە ڕاستی چاپت کردووە.

٦- لە پرۆسەی پێداچوونەوەدا عادەتەن (٦) جار هەر وتارێك دەخوێنمەوە .

٧- لە سەرجەم قۆناغەکانی نووسینەوەی وتارەکەتدا داوا لەوانی تر بکە بابەتەکەت بۆ هەڵبسەنگێنن.

### دوای تەواوبوون لە نووسینەوەی وتارەکەت، بەم لایەنانەیدا بچۆرەوە:

١- ناوەڕۆکی وتارەکە.
٢- ڕێکخستنی وتارەکە.
٣- شێوازی وتارەکە.
٤- زمان.
٥- ڕێزمان.



**وتوویانە**

ئەو کەسەی خۆی تەرخان کردووە بۆ هیدایەتدانی خەڵك و بانگکردنی خەڵك بۆ کاری خێر، پێویستە خۆی زۆر بەدوور بگرێت لە خۆنمایشکردن و هەوڵی تەواو بدات بۆ گەیشتن بە کەماڵ، چونکە بچووکترین هەڵە بکات ڕێزی نامێنێت و بە ئاسانی گاڵتەی پێ دەکرێت، قسەکانی کار لە دڵ ناکەن و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دەبنە گاڵتەجاڕی و خەڵك بۆ ڕابواردن دەچن.

الشيخ حسين المرصفي



Scanned by CamScanner

هەڵبژاردنی ناونیشان

## هـ - هەڵبژاردنی ناونیشان

**هەندێك بنەمای گشتی هەن بۆ هەڵبژاردنی ناونیشان و گرنگترینیشیان بریتین لە:**

١- کورتکردنەوەی ناونیشـان و دەربڕینی بە چەند وشـەیەك (تاکە هەلاویری ئەم بنەمایەش بریتییە لە وانە زانسـتیەکان) لـە ئەزموونی خۆمەوە بۆم دەرکەوتووە کە باشتر وایە لە (٣) وشە زیاتر نەبێت.

٢- ئەوەت لەبیر بێت کە ناونیشان ڕیکلام کردنە بۆ وتارەکەت. بۆیە بە باشی هەڵی بژێرە.

٣- با ئاماژەیەکی تێدا بێت بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکەت نەك ئەوەندە هێما (رمز) ی تێدا بێت کەس تێی نەگات.

٤- بـا هاندانـی تێـدا بێت بـۆ بابەتەکە و حـەزی زانینی زیاتـر لای بەرامبەر دروست بکات.

٥- لەگەڵ بەژداربووان و پێداویستیەکانیان و زمان و ئاستیشیاندا گونجاو بێت.

٦- دووبارە یان بیستراو نەبێت.

٧- داهێنان و نوێگەری تێدا بێت.

٨- با ناونیشـان دوایەمین شـت بێت کە دەینووسیت. دەبینیت کە هەڵبژاردنی ناونیشان لە کۆتاییدا ئاسانترە.

٩- تەنانـەت ئەگەر چاوەڕێی ئەوەت نەدەکرد کە یەك کەسـیش بیخوێنێتەوە هەر ناونیشـانێك بۆ بابەتەکەت هەڵبژێرە. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە لەسـەر ناونیشـان نووسـین ڕابێیت (تۆ نازانیت. لەوانەیە پێویسـتت بە نووسـینی ناونیشان هەبێت).

١٠- لە نووسـینی ناونیشـاندا سوود لە شارەزایی پێشـینان وەربگرە و لەسەر ڕێبکەی هەمان ئەو ناونیشانانە بڕۆ کە بەدڵتە.

**بیرۆکە**

کاتێك ناوی بابەتێك هەڵئەبژێریت، لەسەر بەرگێکی گەورە بینووسەو بەسەر دیواری ئۆفیسەکەتدا هەڵیبواسە، دڵنیابە لەوەی کە لەکاتی خوێندنەوەتدا شتێك دەدۆزیتەوە کە پەیوەندی پێیەوە هەبێت... بینووسە و بیخەرە ناو فایلێکەوە، دوای ماوەیەك دەبینیت دەبیتە خاوەنی بابەتێکی بەهێزو هەمەڕەنگ لە هەر سەرباسێکدا کە نووسیوتە و هەڵتواسیوە.

### ڕاهێنان

**کۆمەڵێك بیرۆکەت هەیە، ناونیشانی سەرنجڕاکێشیان بۆ دابنێ:**

| ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش | بیرۆکەیەکی تەوەرەیی (محوری) |
|---|---|
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |



Scanned by CamScanner

## ٥- هێڵە گشتیەکانو کارتەکان

مەبەست لێی نووسینەوەی کورتەی وتارەکەتە لەسەر کاغەز یان کارت. ئەمە شێوازێکە ئەنانەت شارەزاکانی بواری وتاربێژیش بەکاری دەهێنن..




**جۆرەکانی:**

**یەکەم: ڕستەی تەواو:**
واتە نووسینەوەی هەر بیرۆکەیەکی سەرەکیو لاوەکی لە ڕستەیەکی تەواودا و نووسینی بەڵگە و سەرچاوەی تەواو بۆ هەر بیرۆکەیەکیش.

**دووەم: وشە سەرەکیەکان**
واتە نووسینەوەی چەند وشەیەکی دیاریکراو کە بیرۆکە سەرەکی و لاوەکییەکانت بیر بخاتەوە.

**سێیەم: کارت**
واتە کورت کردنەوەی قسەکانت لەسەر کارت و بە قەبارەی دیاریکراوی ئەوتۆ کە هەڵگرتنی ئاسان بێت..

**تێبینی**
ئەنانەت وتاربێژی سەرکەوتوویش پێویستی بەوە هەیە کە بەر لە دەستکردن بە وتارەکەی هێڵە گشتییەکانی بابەتەکەی لەبەردەم خۆیدا دابنێت.

**نموونەی کارتێك**






Scanned by CamScanner

## بنەماکانی بەکارهێنانی هێڵە گشتییەکان و کارتەکان

### وا بکە

- کارتی بچووک بەکار بهێنە، چونکە پاشتر لەبەر ئەوەی بە ئاسانی لەگیرفاندا هەڵدەگیرێت.
- کارتی گەورە بەکار بهێنە ئەگەر:
  - ١- ئاماری زۆرت بەکار دەهێنا.
  - ٢- چاوت لاوازبوو.
  - ٣- دەستوخەتت گەورەبوو.
- لاستیکێکی پێوە ببەستە بۆ ئەوەی نەکەوێت یان تێکەڵ نەبێت.
- بە چەند وشەیەک خاڵە سەرەکیی یاخود لاوەکییەکانی تێدا بنووسەرەوە.
- ئەو ئامار و بەڵگانەی کە لەبەرت نەکردووە بیان نووسە.
- لە نێوان وشەکاندا دێری بەتاڵ بەجێ بهێڵە
- هەوڵ بدە هیچ جۆرە کاغەزێک بەکار نەهێنیت (تەنها هۆکارەکانی بینین بەسە).
- لە بابەتەکەتدا بەتوانابە، بۆ ئەوەی پێویستت بە بەکارهێنانی کاغەز نەبێت.
- کارت بەکار بهێنە ئەگەر:
  - ١- بەسەر بابەتەکەتدا زاڵ نەبوویت.
  - ٢- یەکەم جارت بوو ئەو بابەتەت باس دەکرد.
  - ٣- بابەتێکی قورست پێشکەش دەکرد.
  - ٤- ئەگەر بەهۆی نەگونجاوییانەوە نەتەوێت هۆکارەکانی بینین بەکار بهێنیت

### وا مەکە

- زۆر بەکاری مەهێنە.
- بەتەواوی پشتی پێ مەبەستە.
- شتی زۆری لەسەر مەنووسە.
- بەیەک ڕەنگ شتی لەسەر مەنووسە، بەڵکو خاڵە گرنگەکان بە ڕەنگێکی دیار بنووسە.
- با کارتەکان نەبنە هۆی بێئاگابوونت لە بەژداربووان.
- لە هەر کارتێکدا لە خاڵێك زیاتر مەنووسە.
- کارتەکانت ژمارەبەندی بکە (بیر لەو کاتە بکەرەوە ئەگەر کارتەکانت لەدەست بکەونە خواری و ژمارەبەندت نەکردبوون).
- هەموو شتێکی تێدا مەنووسە، ئەگینا ناچار دەبێت هەمووی بخوێنیتەوە (خوێندنەوە وا دەتخاتە پێشچاو کە شارەزاییت لە بابەتەکەدا نییە، ئەم قسەیە وتارە گرنگەکان ناگرێتەوە جا سیاسی بێت یان یاسایی یان لێدوانی ڕۆژنامەوانی کە دەکرێت هەموو شتەکانتی تێدا بنووسیت).
- نووسینی هەموو شتەکان لەسەر کارتەکانت مانای وا نییە کە دەکرێت مەشقی کەمتر بکەیت.



### زانیاری

لە سوودەکانی کارت:

١- هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ بیرکەوتنەوەی خاڵ و ڕیزبەندی وتارەکەت.
٢- بەکارهێنانی ئاسانە.
٣- بەژداربووان سەرقاڵ نابن و ناگایان لێت دەبێت.



Scanned by CamScanner

«١»

تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەن و دیوانی خزمەتی شارستانی

↓

- پەیوەست بە پەرەپێدانی کارگێری لە لایەنە حکومییەکاندا
- هێزی کارکەری نیشتیمانی لە لایەنە جیاجیاکاندا

↓

بە جۆرێک ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی

↓

- پلانی هێزی کارکەر تیایدا
- سیستمی هاندان
- ڕەخساندنی هەلی گونجاو لە نێوان سەرجەم کارمەندەکاندا
- ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەزگاکانی حکومەت پێشکەش بە هاولاتیانی دەکەن.



# بەندی سێیەم

## کۆتایی



هونەری پێشەکی دڵگیرو گرنگە، لەوەش گرنگتر هونەری کۆتاییهێنانی وتارەکەیە.

هێنری لۆنگ فێلۆ

- چۆن کۆتایی بە وتارەکەت دەهێنیت.
- هەندێك ئامۆژگاری بۆ کۆتایی هێنان بە وتار.
- چەند ڕێگایەك بۆ کۆتایی هێنان بە وتار.
- هەندێك ڕێگای خراپی کۆتایی هێنان بە وتار.
- چەند نموونەیەکی کۆتایی هێنان بە وتار.

Scanned by CamScanner

جۆن کۆتایی بە
وتارەکەت دەهێنیت؟

## 1 چۆن کۆتایی بە وتارەکەت دەهێنیت؟

سێ ئامانجی سەرەکی بۆ کۆتایی هێنان بە وتاردان.

- بۆ جەختکردنەوە لە خاڵە گرنگەکانی ناو وتارەکەت.
- بۆ تەرکیز خستنەسەر ڕەفتار یان کارێك کە داواکراوە بەژداربووان لەژێر ڕۆشنایی ئەو بابەتەی گوێیان لێ بووە ئەنجامی بدەن.
- بۆ ئەوەی بەژداربووان بە هەستێکی جوانەوە هۆڵی وانەوتنەوەکە بەجێ بهێڵن.

**لە یادت بێت**

هەمیشە بە زەردەخەنەیەکی ڕاستگۆیانەوە کۆتایی بە وتارەکەت بهێنیت.

- ئەگەر وتارەکەت لە جۆری وتاری زانیاری پێدان بوو... ئەوە بەژداربووان بە زانیاری نوێ و بەسوودەوە چوونەتە دەرەوەی هۆڵەکە.
- ئەگەر وتاری ڕازیکردن بوو... ئەوە بڕوایان هێناوە بە دید و بۆچوونەکانت.
- خۆ ئەگەر وتاری بۆنەکان بوو... ئەوە بەژداربووان چێژیان وەرگرتووە.
- خۆ ئەگەر دەتویست بەشداربوانی خولەکەت لە هۆڵەکە بچنەدەرێ و بە قووڵی بیر بکەنەوە لەوەی کە وتووتە، ئەوە با کۆتاییەکەت هێمن و شاعیرانە بێت.
- ئەگەر هێشتا کاتت مابوو بۆ تەواوکردنی بابەتەکەت ئەوە پێیان مەڵێ کەمێکی تر تەواو دەبین، چونکە خەڵك کاتێك هەست دەکەن کۆتایی هاتنی بابەتەکە زۆری نەماوە، ئەوە لە ڕووی جەستەیی و دەروونیشەوە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ چوونە دەرەوە.
- لە هەموو حاڵەتێکدا وشەکانت پێویستە ئەو پەیامە بگەیەنن کە قسەکانت کۆتاییان هاتووە و بابەتەکەش وتراوەتەوە.

چەند ئامۆژگارییەك
بۆ کۆتایی هێنان

## 2 چەند ئامۆژگارییەك بۆ کۆتایی هێنان

- بە بەکارهێنانی لۆژیك و ئاوەز (المنطق و العقل) هەست و سۆزی بەژداربووان بجووڵێنە.
- بابەتەکەیان بۆ کورت و دووبارە بکەرەوە، بەڵام بە وشەی نوێ.
- لە کاتی کۆتایی هێناندا درێژەی مەدەرێ چونکە خەڵك خۆی بۆ تەواوبوون ئامادە کردووە (کۆتایی باش تەنها دوو خولەکی پێ دەچێت).
- ئیجابیو گەشبین بە.
- هانیان بدەو پێیان بڵێ کە کردەوەکانیان کاریگەری دەبێت لەسەر خۆیانو ژیانی ئەوانەی دەوروبەریشیان.
- چست و چالاکبە و مەهێڵە ماندوویەتی و سستیت پێوە دیار بێت، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی سەرنجی کۆتایی بەژداربووان لە بارەی تۆوە باش نەبێت.
- کۆتاییەکەت ئامادە بکە و مەیدەرە دەست ڕێکەوت یاخود هەرچی بە خەیاڵتدا هات لە کاتی کۆتاییدا مەیڵێ، چونکە ئەوەی لە کۆتاییدا لە زەینی بەژداربوودا دەمێنێتەوە بریتییە لە وشەکانی کۆتایی.
- ڕەوانبێژی لە کۆتایی وتارەکەتدا زۆر بەکار بهێنە، وەك نموونە و درکە و خوازە و سەروا، بەڵام بە بێ ڕۆچوون و زۆرلەخۆکردن.
- هەندێك وشە یان نیمچە وشە دووبارە بکەرەوە، چونکە کاریگەرییەکی باشی هەیە.
- لە وتارە درێژەکاندا کاتی زیاترت لە بەردەمدایە بۆ کۆتایی هێنان (٣-٥ خولەك) بەڵام لە وتارە کورتەکاندا پێویستە کۆتایی لە (٢) خولەك تێنەپەڕێت.



**وتوویانە**

قسەکردن ئامانجێکی هەیە... توانای گوێگرانیش سنوورێکی هەیە...

ابو عثمان الجاحظ

## 3 ڕێگاکانی کۆتایی هێنان بە وتار

| ڕێگا | باشیەکانی |
|---|---|
| کورتکردنەوە | ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە کورت بکەرەوە، یاخود بە کورتی ئەو خاڵە سەرەکیانە دووبارە بکەرەوە کە لە وتارەکەتدا باست کردوون، بەڵام هەوڵ بدە بە شێوازێکی جیاوازتر باسیان بکەیت. یان هەوڵ بدە هەموو خاڵەکان لە (٣) خاڵی سەرەکیدا کۆ بکەیتەوە. |
| داواکاریو ڕاسپاردەکان | دوای تەواوبوون لە ڕونکردنەوەی بابەتەکەت، داوای ئەنجامدانی هەندێك کاری دیاریکراو لە بەژداربووان بکە بۆ ئەوەی ببنە کەسێکی ئیجابی. زۆربەی داواکارییەکانیش بریتی دەبن لەوەی کە کات یان سامانیان بە شێوازێکی دیاریکراو ببەخشن، یاخود لەڕێگەی وتار یان هەندێك چالاکی دیاریکراووە بەژداری بکەن لە ئاڕاستەکردنی بڕیاری سیاسی یان کارگێڕیدا. |
| دووبارە کردنەوەی خاڵەکانی پێشەکی | چونکە ئەمە بابەتەکە دەبەستێتەوە بەیەکەوە و هەلێکی باشیش دەڕەخسێنێت بۆ کورتکردنەوەی، بۆ ئەوەی کۆتاییەکەشت باش بێت هەندێك شتی عاتیفیو جۆش و خرۆشانەی بۆ زیاد بکە، جەختیش بکەرەوە لەوەی کە ئەوەی لە پێشەکیی وتارەکەتدا بەڵێنت پێدابوون بە زیادەوە بۆت باس کردوون. |
| پرسیاری ئاڕاستەکردن | پرسیارێکیان لێبکە کە نەتوانن دەستبەجێ وەڵامی بدەنەوە، بەڵکو وەڵامدانەوەکەی پێویستی بە ئەنجامدانی شتێکی کرداری هەبێت. نموونە: ئێستاو دوای ئەوەی ئەم خولەتان بینی لە بارەی هونەری جوان وتاردانەوە، چی دەکەن بۆ پەرەپێدانی ئاستی وتاربێژی و پەیڕەوکردنی ئەوەی لێیەوە فێربوون؟ تکام وایە ماوەیەك دانیشنو بیر لە وەڵامەکەی بکەنەوە، بۆئەوەی بتوانن وەڵامێکی ڕوونی پرسیارەکە بدەنەوە، بۆ ئەوەی ببینین پشت بە خودا هەمووتان وتاربێژێکی زمان پاراوتان لێ دەردەچێت. |
| چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێش | بەو مەرجەی کە جۆش و خرۆشی بەژداربوان بوروژێنێت بۆ جێبەجێکردنی بابەتەکە و جولاندنی هەست و سۆزیان، باشترین جۆری بەراوردیش ئەوەیە کە ڕاستەقینە بێت، لەوەش باشتر ئەوەیە کە بەسەر خۆتدا هاتبێت، لە هەردووکیشیان باشتر ئەوەیە کە بەراوردەکە هەنگاونان بێت لە شکستەوە بۆ سەرکەوتن. |

**بیرۆکە**

سادەترین و ئاسانترین و باشترین ڕێگە بۆ کۆتاییهێنان بریتیە لە کورتکردنەوەی خاڵە سەرەکییەکان.

ڤیڤیان بۆکان



Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| بەراورد | لە نێوان کەسێك یان لایەنێك کە ئەوەی باسکراوە جێبەجێی کردووە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەدا کە جێبەجێیان نەکردووە، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ جیاوازیو ئەنجامە دیارەکانیش. |
| بەڵگە | ئایەت یان فەرمووده یان وتە یان هۆنراوە کە ئەوەی باسکراوە کورتیان بکاتەوە و بە شێوەیەکی کاریگەرانە جەختیان لێ بکاتەوە، بەو مەرجەی کە بەڵگەکان پەیوەندییەکی بەهێزیان هەبێت بە بابەتەکەوە. |

**وتوویانە**

وتار وەکو نامە وایە، سەرەتا و کۆتایی هەیە.
(ابن منظور) لە (لسان العرب) دا

## 4 چەند ڕێگایەکی خراپ بۆ کۆتایی هێنان

- چیرۆکی درێژی بێزارکەر.
- نوکتەیەك کە پێکەنیناوی نییە یاخود پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە.
- چەند جارێك دووبارەکردنەوەی وشەی (لە کۆتاییدا).
- وتنی (ئەوە هەموو ئەو شتانەیە کە من دەیزانم) یاخود شتی تری لەم جۆرە یان بەشێوەیەکی کاریگەرانە کۆتایی نەهێنان بە بابەتەکە.
- پۆزش هێنانەوە بەهۆی ئەوەی کە بویتەتە هۆی ماندووکردنیان یان درێژەت بە بابەتەکە داوە (بەردەوام).
- خستنەڕووی بابەتێکی نوێ یاخود خاڵێکی نوێ و تەواونەکردنی بەهۆی کەمی کاتەوە.
- بە تەمبەڵ دانان یان بە سست زانینی بەژداربووان یان گومانکردن لە تواناکانیان.
- ڕەشبینیو بێ هیوابوون.
- بە پرسیار و وەڵام کۆتایی بە وتارەکەت مەهێنە، با ئەمە بکەوێتە دوای کۆتاییەکەتەوە. لەبەر ئەوەی پرسیار و وەڵام دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی سەرنجی بەژداربووان لە خاڵە سەرەکییەکان، لەوانەشە ببێتە هۆی وروژاندنی گومان و لەوانەیە زۆریش بخایەنێت.
- باشترین کات بۆ پرسیارکردن کاتی وتاردان یان بەر لە کۆتایی هێنانە بە وتارەکەت (بەر لەوەی کۆتایی بە بابەتەکەم بهێنم بوارم بدەن دەرگای گفتوگۆ و پرسیار بکەمەوە بۆ ماوەی چارەکە کاتژمێرێك و پاشان دەچمە سەر خاڵەکانی کۆتایی).
- باسی ئەوە مەکە کە لەبیرت چووە هەندێك شت باس بکەیت، ئەگەر بە ڕاستی لەبیرت چووبوو وازی لێ بهێنە و ئەگەر حەزیشت کرد لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا باسی بکە.



Scanned by CamScanner

## 5 هەندێك نموونەی شێوازی کۆتایی هێنان

- ئەمــە هەندێــك خاڵی بنەڕەتــی بابەتەکەیە. لای بەڕێزیشــتان ڕوونە کە ناتوانین بەم پەلەپەلە بابەتێکی لەم جۆرە هەمووی باس بکەین. بەڵام دەخــوازم کــە توانیبێتم بناغە یاخود دەرگای ئــەم بابەتەم بۆ کردبنەوە. بــۆ ئەوەی خۆشــتان بتوانن درێژە بە ڕێگاکە بدەن و لــەم بوارە نایابەدا پێش بکەون.
- لە کۆتاییدا دەمەوێت سێ پێشنیارتان بۆ بکەم............
- دەمەوێت کاتێك لێتان جیا دەبمەوە ئەم پرسیارەم لەلاتان بەجێ هێشتبێت: چی ڕوودەدات ئەگەر.......
- تــکام وایە ئەم شــوێنە جــێ نەهێڵن لە کاتێکدا هێشــتا بیر لە بابەتەکە بکەنەوە و چەند شتێك مابێت تێی نەگەیشتبن.
- دوای ئەوەی کە لایەنی تیۆرییەکەیتان زانی، هیوادارم ســوود لەم هەڵە زێڕینە وەربگرن و دەستبەجێ بیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.
- کەواتە و بە کورتی: بۆچی لە کۆمپانیاکەتاندا پێویستتان بە بەکارهێنانی ئــەم پرۆگرامە هەیــە؟ لەبەر ئەوەی بــە ڕێــژەی (٣٠٪) خەرجییەکانتان کــەم دەکاتــەوە و (٢٥٪)یــش کاتتان بــۆ دەگەڕێنێتــەوە و دوو هێندەش بەرهەمتان زیاد دەکات.




### وتەی بەنرخ

باشترینی شتەکان
کۆتاییەکەیەتی.
پەندێکی عەرەبی

### بەڵگە

کۆتاییەکەی میسکە.
پەندێکی عەرەبی.

١- ئەو خاڵانەی لەم دەروازەیەدا پێیان سەرسام بوویت:

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

٢- ئەو خاڵانەی کە دەتەوێت ئەنجامیان بدەیت:

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

٣- ئەو خاڵانەی دەتەوێت گۆڕانکارییان تێدا بکەیت (شتی بۆ زیاد بکەیت):

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

Scanned by CamScanner

Presentation

# دەروازەی

# پێنجەم

# «وتاربێژی»


| | |
|---|---|
| وتاربێژی | ١٥٨ |
| ناوازەیی | ١٥٩ |
| شێواز | ١٧٣ |
| جووڵە | ١٨٣ |
| پرسیارەکان | ١٩٦ |
| ئەو کەسانەی کێشە دەنێنەوە | ٢٠١ |




Scanned by CamScanner

# بەندی یەکەم

## ناوازەیی



پێغەمبەر (درروودی خودای لەسەربێت) دەفەرموویت: خوای پەروەردگار وای پێخۆشە کاتێك یەکێك لە ئێوە کارێك ئەنجام دەدات بە جوانی و وردەکارییەوە پێی هەستێت.

سیوتی و بەیهەقی تەخریجیان کردووە

- کەسێکی سروشتیبە (لەسەر ڕەوشت و سروشتی خۆتبە).
- متمانەت بە خۆت هەبێت.
- جێگای بڕوابوون.
- گوێگرتن.
- ناو و ناوبانگ.
- شارەزایی.

Scanned by CamScanner

# 1 کەسێکی سروشتیبە

(لەسەر ڕەوشتو سروشتی خۆتبە)

وتاربێـژی نـاوازە ئەو کەسـەیە کە بە بـێ زۆر لەخۆکردنو خۆ نواندن قسـەکانی دەکات. ئەمەش هەندێك نیشانەی هەیە کە هیواداریـن پێیانەوە پابەند بیت:

- لاسایی کەس مەکەرەوە لە دەنگ یان ئاستی دەنگ یان جلوبەرگی یان شێوازی جووڵەکردنیـدا (کێشـە نییـە کـە سـوود لـە تایبەتمەندییەکانـی خەڵکانی تر وەربگریت).
- جموجووڵی خێرا و پەلەپەل یان زۆر خاو و خلیچکانە مەکە، چونکە ئەوە شتێکی سروشتی نییە.
- با جووڵەکانت سروشـتی بن و بە جۆرێك قسـە بکە وەك ئەوەی لە پیاسەیەکی سەرشـەقامێکدا قسـە لەگەڵ هاوڕێیەکتدا دەکەیت (ئایا لەو دۆخەدا کەسێکی ئاسایی نیت؟ کەواتە لەسەر شانۆی قسەکردنیش هەر بەو شێوەیە ڕەفتار بکە).
- بە کوردی پەتی قسـە مەکە، هەروەها زۆر لە خۆشـت مەکە شێوازی ڕەوانبێژی یان سەرواداری بەکار بهێنیت، چونکە سروشتە ئاساییەکەی خۆت لەدەست دەدەیتو نامۆ دەکەویتە بەرچاو.
- هۆنراوەی زۆر مەخوێنەرەوە، کەسی وام بینیوە لەگەڵ هەموو بڕگەیەکدا دێڕێك هۆنراوە دەخوێنێتەوە، کە ئەمەش لە شێوازی قسەکردنی ئاسایی دەچێتە دەرەوە.
- کاتێك شـتێکی خۆش دێتەپێش یان ڕوودەدات پێبکەنە بەڵام لە کاتەکانی تردا پێ مەکەنە، چونکە حاڵەتێکی سروشتی نییە (هەروەها بۆ هەموو حاڵەتەکانی تریش کە پێویسـت بە دەربڕینی هەستوسـۆز دەکات هەستی خۆت دەربڕە بەو جۆرەی کە لەگەڵ حاڵەتەکەدا دەگونجێت).
- بە درێژایی کاتی وانەکە دەسـتەکانت شـۆڕ مەکـەرەوە، چونکە مرۆڤ لە کاتی ئاساییدا شتی وا ناکات، هەروەها ئەگەر جووڵاندیشت زیادەڕەویان تێدا مەکە.
- خاڵـی کۆتاییـش کە دەمانەوێت پێتی بڵێین ئەوەیە کە لەژیانی ئاسـایی خۆتدا چۆن دەژیت لەسـەر شـانۆی وتاردانیش هەر بەو جۆرەبە و، تەنها لەبەر ئەوەی لـە بەردەم خەڵکیـدا خەریکی قسـەکردنیت هیچ گۆڕانکارییەك لە شـێواز یان کەسایەتیدا مەکە.



**وتوویانە**

هەتا دەتوانیت فێر ببەو ڕاست بڵێ، چونکە قسەکردنت زیندوویەتی و بێدەنگیشت بێگیانیە.

**وتەی بەنرخ**

هەوڵ بدە تاکە پرشنگی کەسایەتی خۆت بناسیت، کە لە تەواوی خەڵکانی تر جیات دەکاتەوە.

دایل کارنیگی



Scanned by CamScanner

## 2 متمانه

وتاربێژی ئاوازە متمانەی بە خۆی و بەو زانیارییانەش هەیە کە دەیانڵێت، بە ڕادەیەك کە هەمووان هەست بەو متمانە بەخۆبوونەت دەکەن، بەڵام نابێت بگاتە ڕادەی لەخۆباییبوون، ئەمەش هەندێك ڕێنمایییە لەم بوارەدا:

- با متمانەت بە خۆت هەبێت، بەڵام بە ڕادەیەکی ئاسایی و بێ زیادەڕەویکردن تیایدا.
- جارێکی تر بەشی تایبەت بە چارەسەرکردنی ترس بخوێنەرەوە، بۆ ئەوەی زاڵبیت بەسەر دوودڵی و ڕاڕاییدا، کە دەبنە هۆی لاوازکردنی متمانە بەخۆبوون.
- ئەگەر وتارەکەت لەو وتارانە بوو کە شوێنەواری گەورەی دەبوو لەسەر خۆت یان خەڵکانی دیکە، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کاتی وتارەکەتدا زیاتر ڕاڕابیت و، پێش وتارەکەیش زیاتر پێویستت بە پاڕانەوە و پشت بە خوا بەستن و خاوکردنەوەی دەمارەکان بێت.
- پێش کاتی وتارەکەت خۆت شەکەت و ماندوو مەکە و، ئەو شەوەی کە بۆ سبەینێ بڕیارە وتارەکەت بدەیت بە باشی بخەوە.
- گومانت لە خۆت و تواناکانت نەبێت. شتێك هەیە کە وا دەکات لەم حاڵەتە بەدوور بێت، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە لە یادت بێت تۆ لە هەموو ئامادەبووانی ناو هۆڵی ڕاهێنانەکە باشتریت.
- ئەگەر ئاماژەت بۆ زانیاری یان سەرژمێری سەیر و نامۆ کرد، هیچ بوارێك بۆ دروستبوونی گومان و دوودڵی لای بەژداربووان مەهێڵەرەوە، بەڵکو پێیان بڵێ کەوا (بۆ نموونە) دووجار پێیدا چوویتەتەوە.
- بەر لە دەستکردن بە قسەکردن پۆزش مەهێنەرەوە (من ناگەمە ئاستی ئێوە، ئەزموونی من لەم بوارەدا تازەیە، بە باشی خۆمم ئامادە نەکردووە، درەنگ ئاگاداریان کردمەوە بۆ ئەم وتارە.......)، وتاربێژی زرنگو هۆشیار هەرگیز شتێك ناکات خەڵکی متمانەیان پێی لاوازبێت.



لیس براون

### لە یادت بێت

وا قسە بکە کە لەگەڵ یەك کەسدا دەدوێیت، ئەگەر قسەت بۆ سەدەها کەسیش دەکرد هەر هەمان شت بکە.

بۆب جێری وڵد

### زانیاری

لە هەر شوێنێك و بە هەر هۆکارێك بێت کاتێك بۆ قسەکردن هەڵت دەبژێرن، دەبێت بزانیت بۆیە هەڵیان بژاردوویت چونکە متمانەیان پێتە، بۆیە ئەوەت لەبیرنەچێت کە تۆ شایانی ئەوەیت قسە بۆ خەڵك بکەیت، ئەگینا بانگیان نەدەکردیت.

ڤیڤیان



Scanned by CamScanner

## 3 جێگای بڕوابوون (المصداقية)

وتاربێژی ئاوازە بریتی نییە لە توانای قسەکردن بە ڕەوانی و پاراوی هەروەها توانای هەڵبژاردنی وشەی گونجاو یان بریقەدار نییە، بەڵکو بریتییە لەوەی کە ڕاستگۆییەکی زۆری تێدا هەست پێ دەکرێت و، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بایەخدانی ڕاستگۆیانەی وتاربێژەکە بەو بابەتەی پێشکەشی دەکات و بەو خەڵکانەیشی کە قسەیان بۆ دەکات.

ئەو شتانەی کە بەشداری لە بەدیهاتنی ئەمەدا دەکەن بریتین لە:

- بە باشی هەڵبژاردنی ئەو شتانەی دەتەوێت بیانڵێیت (تەنها بۆ ئەوەی کات پڕ بکەیتەوە قسە مەکە، بەڵکو ئەو شتانە هەڵبژێرە کە پێت وایە بە ڕاستی سوودی تێدایە بۆ ئامادەبووان).
- بە گەرم و گوڕییەوە بگەڕێ بە دوای دوایەمین زانیاریی و ئاماری ئەو بوارەی دەتەوێت لەبارەیەوە بدوێیت و پشت مەبەستە بەو بابەتەی کە چەند ساڵێك لەمەوبەر پێشکەشت کردووە.
- ئەگەر دەتزانی ڕا و بۆچوونەکانی تر بەهێزترن لە ڕووی هەبوونی بەڵگەوە، ئەوا لە خستنەڕووی بابەتەکەتدا هاوسەنگی بپارێزە و سوور مەبە لەسەر لایەنگیری کردن لە بۆچوونێکی دیاریکراو، تەنها لەبەر ئەوەی خۆت ئەو بۆچوونەت هەیە.
- سەنگ و ڕێزی خۆت بسەپێنە لەلای بەژداربووان و لە قسەو دەربڕینەکانتدا ڕاستگۆبە.
- لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت بزانین وتاربێژی زرنگ و هەڵکەوتوو دەبێت سەرەتا لە خودی خۆیدا هەڵکەوتوو و هۆشیاربێت. جا بۆیە هەوڵ بدە زیاتر خۆت ڕۆشنبیر بکە و ئاستی توانای پێشکەشکردنی بابەتەکەت باشتر بکەو گەرم و گوڕبە لە ئەنجامدانی کارەکەتدا و با قسەکانت ڕەنگدانەوەی کردارەکانت بن (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ (٢) كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ) (٢-٣) الصف. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بۆچی شتێك دەڵێن و ڕەفتاری پێناکەن؟ خوا لەلای سەختە کەشتێك دەڵێن و کاری پێناکەن)

## 4 گوێگرتن

- گوێگرتن ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵەی کە مرۆڤ دەیدات بۆ گوێ هەڵخستن و گوێبیستن، خوای میهرەبان دەفەرموێت: (وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُوا لَهُ وَأَنْصِتُوا) الاعراف: ٢٠٤
- واتە: (هەر کە ئەم قورئانە دەخوێنرێتەوە، زۆر بە وردی گوێی بدەنێ)
- ئێمە گوێگرتنمان زیاترە لە قسەکردن و خوێندنەوە و نووسین.
- یەکێك لەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر قوتابیانی قوتابخانەکان ئەنجام دراوە دەری خستووە کە:
  - (٥٢,٥٪) چالاکی پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تردا لەڕێگەی گوێگرتنەوەیە.
  - (١٧,٣٪) لە ڕێگەی خوێندنەوەوەیە.
  - (١٦,٣٪) لە ڕێگەی قسەکردنەوەیە.
  - (١٣,٩٪) لە ڕێگەی نوسینەوەیە.

لێکۆڵینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە شارەزاییەکانی گوێگرتن بۆ سەرکەوتنی زانستی (للتفوق العلمي) لە شارەزاییەکانی خوێندنەوە گرنگترن.

**پێناسە**

جێگای بڕوابوونی وتاربێژ (Credibility) هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕازیکردن (قەناعەت پێکردن)ی خەڵك.

ئەرستۆ

**وتەی بەنرخ**

ناتوانیت کاریگەری لەسەر دڵی خەڵك دروست بکەیت ئەگەر لە دڵەوە قسەکانت نەکەیت.

## قۆناغەکانی پرۆسەی گوێگرتن




### زانیاری

جێگای بڕوابوون (المصداقیە) لە تۆوە دەڕژێت بەسەر ئامادەبوواندا، بۆیە بەردەوام ڕاستگۆ و ڕاستویست بە لەگەڵیاندا، تا بە ڕاستگەڕانی ڕاستەقینە دەست بخەیت.

### لە یادت بێت

بۆ ئەوەی سەربکەوین پێویستە خەڵك باوەڕمان پێ بکەن، بۆ ئەوەی خەڵك باوەڕمان پێ بکەن پێویستە ڕاستگۆ بین، بۆ ئەوەی ڕاستگۆ بین پێویستە ڕاستی بڵێین.

جیری سبنسر



Scanned by CamScanner

# گوێگرتنی باش

## وا بکە

- گوێگرتنی هاوسۆزی (پرسیار بکە، هانی بدە، وازی لێ بهێنە با قسە بکات، لە بری ئەو بڕیار مەدە).
- گوێگرتن بۆ تێگەشتن (لە کاتی گوێگرتن بۆ تێبینیەکان، بەر لە وتارەکە پێیان بڵێ ئاخۆ چیان دەوێت). پرسیاری ورد و درشتی شتەکان بکە، (داواکردنی زانیاری زۆر، ڕێکخستنی زانیارییەکان).
- گوێگرتن بە مەبەستی شیکردنەوە (بە داواکردنی زانیاری دەست پێبکە، هەڵی بسەنگێنە، بڕیار بدە).

## وا مەکە

- بە زۆر وا خۆت نیشان مەدە کە گوێ دەگریت (وەك نیشاندانی جموجوڵ و کاردانەوە بێ ئەوەی گوێت گرتبێت).
- گوێگرتن بۆ بەرگریکردن (کە ئیتر گوێ ناگریت، بەڵکو خۆت بۆ وەڵامدانەوە ئامادە دەکەیت).
- گوێگرتنی هەڵبژاردە (گوێگرتن تەنها لەو قسانەی کە بەلاتەوە گرنگن).
- گوێگرتنی ڕووکەشانە (گوێ دەگریت و تێش دەگەیت لەوەی کە دەوترێت، بەڵام نە قسەکان لەیەك دەدەیتەوە و نە سەرنجی ئەودیوی وشەکان دەدەیت و نە ئەوەی کە دەوترێت دەیبەستیتەوە بەو قسانەوە کە پێشتر کراون).

**وتوویانە**

ئەگەر قسەت کرد بزانە کە چی دەڵێیت، بەر لەوەی خێرا قسەکەت بکەیت لێی تێبگە، بۆیە دوو گوێچکە و یەک دەمت پێدراوە تاوەکو دوو ئەوەندەی ئەوەی دەیڵێیت ببیستیت.

ئیمامی شافعی

## ڕاهێنان

### ئایا تۆ بێدەنگیت ..... یان گوێگریت؟

مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە بە باشی فێری توانای گوێگرتن و بێدەنگبوون ببێت ئەگەر سووربێت لەسەر ڕەچاوکردنی ئەو شتانەی کە لەم پرسیارانەدا هەیە:

| ژ | پرسیار | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | لە ڕووی زانستیەوە سەلمێنراوە کە خێرایی بیرکردنەوە چوار ئەوەندەی خێرایی قسەکردنە، جا ئایا تۆ لەکاتی گوێگرتندا بیر و هۆشت بە هەندێك بابەتی ترەوە سەرقاڵ دەکەیت؟ | | |
| ٢ | ئایا وا دەکەیت لەو کەسەی قسەت بۆ دەکات کە وابزانێت گوێت بۆ گرتووە و بەڵام لە ڕاستیشدا وا نەبێت؟ | | |
| ٣ | ئەوەی قسەت بۆ دەکات شکڵی دەموچاوی و شێوازی سەیرکردنی و تەنانەت جوڵەکانی دەستی و هەروەها باری جەستەو وەستانیشی دەگۆڕێت، ئایا ئەو جموجوڵانەی ئەو هیچ مانایەکیان هەیە بەلای تۆوە؟ | | |



Scanned by CamScanner

## ڕاهێنان

| ژ | پرسیار | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ٤ | ئایا وەك چۆن گوێ بۆ شتی ڕاستەقینە دەگریت ئاوهایش گوێ بۆ دیدو تێڕوانینەكانیش دەگریت؟ | | |
| ٥ | زۆر هـۆكار هـەن یارمەتیمـان دەدەن بۆ ئـەوەی بڕیاری پێشـوەختە بدەین لەسـەر ئەو شتانەی كەسـی بەرامبەر لە بارەیانەوە دەدوێت، وەك جلوبەرگ و شێواز و شێوەزارو شـێوازی كۆكـردن، ئایا ئەو هۆكارانـە دەبنە هۆی ئەوەی گوێ بە قسەی بەرامبەرەكەت نەدەیت و تێیان نەگەیت؟ | | |
| ٦ | ئایا ئەگەر هەندێك لەو قسانەی بەرامبەر دەیانكات لەگەڵ بیركردنـەوەی تـۆدا نەگونجێـن دەبنە هـۆكاری ئەوەی بە شێوەیەكی بابەتیانە گوێ لە قسەكانی نەگریت؟ | | |
| ٧ | كاردانـەوەی ناوەنـاوە بـۆ ئـەو قسـانەی بەرامبەرەكـەت دەیانـكات بەڵگـەی ئەوەیـە كـە تـۆ بایـەخ بە قسـەكانی دەدەیتو ئاگات لێیەتی، ئایا تۆ ئەم كارە دەكەیت؟ | | |
| ٨ | كاتێك ئـەو شـتانەی بەرامبەرەكـەت دەیڵێـت و تووشـی سەرسـامیت دەكات، ئایـا ڕوو وەردەگێڕێـت و پەنا دەبەیتە بـەر ئـەوەی كە ڕای تایبەت بە خۆت لە بـارەی بابەتەكەوە ئاووتوێ بكەیت؟ | | |
| ٩ | كاتێك هەسـت دەكەیـت ئـەو قسـانەی بەرامبەرەكـەت دەیانكات جێ بایەخی تۆ نین، ئایا هەوڵ دەدەیت بابەتەكە بگۆڕیت؟ | | |
| ١٠ | لـەو بڕوایەدام باشـتر وایە خاڵ بە خـاڵ لەگەڵ بەرامبەردا گفتوگـۆ بكـەم، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕامـان جیاوازبوو لە هەر خاڵێكدا ڕای بكرم، ئایا تۆ وا دەكەیت؟ | | |
| ١١ | ئایـا هەوڵ دەدەیت گـوێ نەگریت كاتێك هەسـت دەكەیت ئەو بابەتەی كە گفتوگۆی لە بارەوە دەكەیت پێویسـتی بە هەوڵ و كاتی زیاتر هەیە؟ | | |
| ١٢ | خەریكبوونم بە ڕێكخسـتنی ئۆفیسەكەمەوە كاریگەری نابێت لەسەر ئەوەی بەرامبەرەكەم بە ئازادانە قسەكانی خۆی بكات، ئایا تۆ ئەمە بە ڕاست دەزانیت؟ | | |
| ١٣ | ئایـا پێـت وایـە نووسـینەوەی هەمـوو ئـەو شـتانەی بەرامبەرەكەت باسیان دەكات بیرۆكەیەكی باشە؟ | | |
| ١٤ | ئایـا خۆت سـەرقاڵ دەكەیت بـە بەیەككەیاندنی ئەو شـتانەی بەرامبەرەكـەت دەیانڵێـت لەگـەڵ ئەوشـتانەدا كـە پێشـبینی دەكەیت بیانڵێت؟ | | |

### ئاگاداربە

چاو وەرگێڕان لە گوێگرەكەت یەكەم هەنگاوە بۆ ئەوەی بەرامبەرەكەت بایەخ نەدات بە قسەكانت و چیتر ئاگای لە تۆ نەمێنێت.

ڤیڤیان



Scanned by CamScanner

راهێنان

| ژ | پرسیار | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١٥ | ئایا دەنگو دیمەنی دەرەکی کاریگەری دروست دەکات لەسەر رادەی باش گوێ گرتنت لە قسەکەرو، دەبێتە هۆکاری ئەوەی باش تێبگەیتو ئەوەی وتویەتی بیڵێیتەوە؟ | | |
| ١٦ | لە بواری کاردا، ئایا تەنها ئەوەندەت بەسە کە گوێ بگریت بۆ ئەو شتانەی بەرامبەرەکەت دەیانڵێت، بێ ئەوەی پێویست بکات بزانیت لە ناخەوە پێویستی بە چیە؟ | | |
| ١٧ | سەرەڕای ئەوەی پێویستە گوێ ئەو شتانەی کە بەرامبەر دەیانڵێت وەریان بگرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو شتانەی کە راستین و ئەو شتانەی تەنها هەست و سۆزی قسەکەرن، ئایا تۆ وا دەکەیت؟ | | |
| ١٨ | کاتێك دید و تێروانینەکان جیاواز دەبن، ئەو شتانەی بەرامبەر وتوویەتی دووبارەی دەکەمەوە و راوبۆچوونی خۆمی بۆ باس دەکەم و یەکەمجار خۆم دەپارێزم لەوەی مشتومڕی لەگەڵدا بکەم، ئایا تۆ سووری لەسەر ئەوەی وا بکەیت؟ | | |
| ١٩ | زۆرجار قسەکەر شێوازێکی هێندە خۆش بەکار دەهێنێت کە بواری ئەوەم نادات ئاگام لەو بیرۆکە سەرەکیانە بێت کە ئاماژەیان بۆ دەکات، ئایا تۆ وات لێ دێت؟ | | |
| ٢٠ | توانام هەیە لە یەك کاتدا بتوانم گوێ بگرم لەو کەسەی قسەم بۆ دەکات و تەلەفۆنیش بکەم، ئایا تۆ ئەمە دەکەیت؟ | | |
| ٢١ | نابێت لە کاتی گوێگرتن لە کەسانی تردا رێگە بدرێت بە هاتنە ژوورەوەی هیچ کەسێك، ئایا تۆ وا دەکەیت؟ | | |
| ٢٢ | قسەکەر مافی خۆیەتی لەو ماوەیەدا کە گوێی لێدەگرم لە شێوازی دانیشتنمدا ئازادیم سنووردار بکات و نەیەڵێت بەو جۆرەی خۆم دەمەوێت دانیشم. | | |
| ٢٣ | پێم وایە سەیرکردنی کاتژمێری دەست هۆکارێکی هێمنانەیە بۆ ئەوەی بە بیری قسەکەر بهێنمەوە کە کاتم بەنرخە، ئایا تۆ وا دەکەیت؟ | | |
| ٢٤ | زەردەخەنەکردن بە درێژایی کاتی قسەکردن، هانی قسەکەر دەدات کە بەردەوام بێت لەسەر قسەکردن، ئایا کاتێك گوێ دەگریت بۆ قسەی بەرامبەرەکەت وادەکەیت؟ | | |
| ٢٥ | ئەگەر قسەکەر درێژەی دا بە قسەکانی داوای لێ دەکەم قسەکانی کورت بکاتەوە، چونکە کات لای من بەنرخە | | |



## وتەی بەنرخ

رەوشتی باش بریتیە لە هونەری ئەوەی کاتێك یەکێك قسەمان بۆ دەکات هەست بە ئارامیی بکات.

جوناسان سونیت



Scanned by CamScanner

راهێنان

## وەڵامی ڕاهێنان

ئایا تۆ بێدەنگیت ..... یان گوێگریت؟

| ژ | وەڵام | هۆکار |
|---|---|---|
| ١ | نەخێر | گوێگـری بـاش بیرۆکـەی ئـەو بابەتـەی گوێی لـێ دەگرێت لێکدەداتەوە نەك بیرۆکەی بابەتی دیکە. |
| ٢ | نەخێر | گوێگـری باش وا خـۆی دەرناخات کە گوێ دەگرێتو گوێشـی نەگرتبێت. |
| ٣ | بەڵێ | لەبـەر ئەوەی ئەو کاردانەوەیە واتای زۆر شـت دەگەیەنێت کە لە قسەکاندا دەرناکەون و هەستیان پێ ناکرێت. |
| ٤ | بەڵێ | ڕاسـتیەکان هیـچ گومانێکیـان تێـدا نییـە بـە پێچەوانـەی بیرۆکەکانـەوە کـە کۆمەڵێـك ڕا و بۆچوونیان تێدایە شـیاوی ئەوەن گوێیان بۆ بگیرێت. بەڵام بە هەمان شێوەی ڕاستیەکان ملکەچیان نابین. |
| ٥ | نەخێر | گوێگری باش بڕیاری پێشـوەختە نـادات (ئەگەرچی ئەم جۆرە شـتانە لەوانەیە سـەرنجو بۆچوونێکی سـەرەتایی لادروست بکەن، بەڵام مەهێڵە سەربکێشـێت بۆ ئاستی بڕیاردان بەسەر شتەکەدا ) |
| ٦ | نەخێر | گوێگـری بـاش دەزانێت بە باشـی گوێ بگرێـت، تەنانەت لەو کەسانەشی کە وەکو ئەو بیرناکەنەوە. |
| ٧ | بەڵێ | چونکە جموجۆڵو کاردانەوەکانی دەموچاوت زۆر مانا دەگەیەنن، بـەڵام مەیانکـە بـە هۆکارێك بـۆ دەمارگرتـنو تووڕەکردنی قسەکەرەکە. |
| ٨ | نەخێر | ئەگەر تێنەگەیشتی ئەوە قسەکە بە قسەکەرەکە ببڕە و پێی بڵێ لەو خاڵە تێنەگەیشـتم یاخود ئاگام لێی نەبوو (قسەکەی پـێ مەبڕە بۆ ئەوەی قسـە بکەیت بەڵکو بـۆ ئەوەی تێبگەیت لەو شتەی ڕوون نییە). |
| ٩ | نەخێر | چونکە لەوانەیە لەو قسـانەی ئێسـتا بۆتـی دەکات لەکۆتایی قسەکانیدا بیروبۆچوونی گرنگی زۆریان لێوە دەربهێنێت. |
| ١٠ | نەخێر | بەڵکـو ڕا و بۆچـوون و قسـەکانت هەڵگرە بۆ کۆتایی قسـەی بەرامبەرەکەت. |
| ١١ | بەڵێ | ئەگەر هاتوو کەسەکە بە لاتەوە کەسێکی گرنگ نەبوو. |

ماوەیەتی

### وتوویانە

نەیارەکەت مافی گوزارشت کردن لە بۆچوونی خۆی هەیە، لەوانەشە بەڵگەو هۆکاری بەهێز پاڵپشتی بۆچوونەکەی بکەن، بۆیە پێویستە مل بە بۆچوونەکەی بدەیت.

ڤیڤیان بۆکان



Scanned by CamScanner

راهێنان

| ژ | وەڵام | هۆکار |
| --- | --- | --- |
| ١٢ | نەخێر | گوێگری باش بە تەواوی رووی لەو کەسەیە کە قسەی بۆ دەکات. |
| ١٣ | بەڵێ | هەندێك جار نەك هەموو کاتێك، بیرۆکەیەکی باشە، چونکە جاری وا هەیە سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی گرژیو ناکۆکیو دەبێتە هۆی ئەوەی کە نوسینەکە وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ وەڵامدانەوەی قسەکەر بێتە بەرچاوو ئەمەش گوێگر تورە دەکاتو دەماری دەگرێت. |
| ١٤ | نەخێر | کارێکی گرنگە ئەگەر بتوانیت بیرۆکەکان وابەستەی یەك بکەیتو پێشبینی ئەو شتانە بکەیت کە دەوترێن، بەڵام بەرادەیەکی ئەوتۆش نا کەنەزانیت بەرامبەرەکەت لە ئێستادا باسی چی دەکات. |
| ١٥ | بەڵێ | شتێکی سروشتیە دەنگە دەنگی دەرەوە و ئەو جووڵانەی لە دەوری هۆڵەکە روو دەدەن کاربکاتە سەر گوێگر، بەڵام گوێگری باش داوای روونکردنەوە دەکات لە هەر شتێکدا کە لەدەستی چووە و ئاگای لێی نەبووە. |
| ١٦ | نەخێر | پێویستە تا دەکرێت بزانیت حەزو ویستە ناوەکیەکانی قسەکەر چین، چونکە لەوانەیە کاربکاتە سەر تێگەیشتنی تەواوت بۆ بابەتەکە. |
| ١٧ | بەڵێ | هەروەك چۆن جیاوازی دەکەین لە نێوان راستی و بیرو بۆچوونەکاندا، ئاوهایش جیاوازی دەکەین لە نێوان دید و تێروانین و هەست و سۆزەکاندا (کە تەنها هەست و سۆزن و دید و بۆچوونیان تێدایە و راستییان تێدا نییە) لەبەر ئەوە لە رووی گرنگییەوە یەکەم جار راستیەکان پاشان دید و بۆچوون پاشان هەست و سۆز بە هەند وەردەگرین. |
| ١٨ | بەڵێ | بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی بە راستی تێگەیشتووم لە تێروانینی قسەکەر و بنیاتنانی بناغەیەکی روون بۆ وەڵامدانەوەبی و دەربرینی دیدی خۆم. |
| ١٩ | نەخێر | وێرای ئەوەی قسەکەر قسەکانی خۆشن و چێژ دەبەم لە گوێگرتن لێی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوێگری باش بوار نادات ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی ئاگای لای بیرۆکە سەرەکیەکان نەمێنێت. |



**بیرۆکە**

فێری بۆنکردنی دووکەڵ بە...
واتە هەر دەبێت هەست
بکەیت بە هەستی کەسانی تر
کاتێک قسەت بۆ دەکەن.



Scanned by CamScanner

راهێنان

| ژ | وەڵام | هۆکار |
|---|---|---|
| ٢٠ | نەخێر | تەنانەت ئەگەر بتوانیت ئەو کارەش بکەیت، نیشانەی رەوشتی جوان گوێگرتن نییە. |
| ٢١ | بەڵێ | کاتێك گوێ لە یەکێك دەگریت هەموو کاتی خۆتی بۆ تەرخان بکە، بەڵام ئەوەی کە بەهەموو شێوەیەك رێگە نەدەیت کەس بێتە ژوورەوە لەوانەیە زیادەرەوی بێت. بۆیە تەنها رێگە بەو حاڵەتانە مەدە بێنە ژوورەوە کە گرنگ نین. |
| ٢٢ | بەڵێ | بۆ نموونە دروست نییە لە کاتی گوێگرتندا راکشابم، بۆیە مافی خۆیەتی داوام لێبکات جوان دابنیشم. |
| ٢٣ | نەخێر | ئەمە هۆکارێکی بێزارکەرە نەك نارام بەخش (تەماشای وەڵامی (٢٥) بکە بۆ زانینی رێگەیەکی باشتر) |
| ٢٤ | نەخێر | زەردەخەنەکردن بە درێژایی ماوەی قسەکردنی بەرامبەر، کارێکی گرانە. بە هەمان شێوە پێویستە کاتی گونجاویشی بۆ هەڵبژێرین نەك بە درێژایی کات پێیبکەنین |
| ٢٥ | نەخێر | ئەمە شێوازێکە بەهۆیەوە ئەو هەستە لای قسەکەر دروست دەکەیت کە بایەخ نادەیت بە قسەکانی. لەمەش باشتر ئەوەیە کە سەرپشکی بکەیت (بەهۆی کەمی کاتەوە لە ئێستادا) لە نێوان ئەوەی کاتێکی کەم گوێی لێبگریت یاخود دواتر بە وردی گوێی بۆ بگریت. (من قسەکانتم بە لاوە گرنگن بەڵام لە ئێستادا زۆر سەرقاڵم، پێت باشە ئێستا (٥) خولەك گوێت بۆ بگرم یاخود لە کاتێکی تردا کە لەسەری رێك دەکەوین کاتژمێرێکی تەواو لە خزمەتتدا بم). دەبینیت زۆربەی خەڵك کاتە کەمەکە هەڵدەبژێرن. |

**لە یادت بێت**

دەستەواژەی وەك "بیرۆکەکانت گرنگن بەلامەوە" یان "من پێویستم بە بیرۆکەکانت هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە" بەکار بهێنە.

ڤیڤیان بوکان





Scanned by CamScanner

## 5 سەنگی ناوبانگ

وتاربێـژی زرنـگ و هۆشـیار وردە وردە سـەنگی ناوبانگ بۆ خـۆی پەیدا دەکات، تاوەکـو دەگاتـە رادەیـەك خەڵکی سـەرنجێکی باشـیان لە بارەیەوە بۆ دروست دەبێـت، لەبـەر ئەوە ناوبانگ نـە لە کتوپڕێکدا پەیدا دەبێت و نـە بە وتارێك یان ئەنجامدانی چالاکییەکی ناوازەیش دروست دەبێت. بەڵکو ئەنجامی کەڵەکەبوونی پێشکەشکردنی چەندین چالاکی سەرکەوتووە کە سەرەتا لە خاڵێکی دیاریکراوەوە دەسـت پێـدەکات و پاشـان بە تێپەڕبوونـی ڕۆژگار گەشـە دەکات تاوەکو دەگاتە ئاستی ناوبانگێکی باش، لەبەر ئەوە تۆش لە یەکەم پلیکانەوە دەست پێ بکە و بە پشتبەستن بەم ئامۆژگارییانەی خوارەوە خشت بە خشت بینای ناوبانگی خۆت بنیات بنێ :

- سـوود لـە بڕوانامـەی زانسـتی و بڕوانامـەی خولەکانـی ڕاهێنانـت وەرگرە و ژیاننامەی خۆت باس بکە.
- بە تەواوی شارەزای ئەو بابەتەبە کە باسی لێوە دەکەیت و، هەوڵ بدە پەڕاوێك یان زیاتری لە بارەوە بنووسیت.
- ئەگەر کۆڕگێڕەکە بە بەژداربووانی نەناساندیت ئەوا خۆت لە کاتی قسەکانتدا خۆت بناسێنە، بە تایبەتی لە پێشەکیدا.
- بـا لە زۆربەی بوارەکاندا زانیاری باشـت هەبێت، چونکـە ئەمە ناوبانگت زیاتر دەکات و خەڵکیش زیاتر متمانەیان پێت دەبێت.
- بـە باشـی خۆت فێری یەکێك لـە زمانە جیهانییەکان بکە (بـە تایبەتی زمانی ئینگلیزی) چونکە ئەمە پرۆسـەی گەڕانت بە دوای زانیاری و ئامارە نوێیەکاندا ئاسانتر دەکات.
- دڵنیابە لەوەی کە ئاگاداریت لە دوایەمین تیۆرەکانی ئەو بوارەی باسی دەکەیت.
- ئەو جووڵە جەستەییانە بەکار بهێنە کە ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی تۆ بەهێزیتو متمانەت بەخۆت هەیە.
- بەڵگە بە ئەزموونە کرداری و کەسیەکانی خۆت بهێنەرەوە، چونکە ئەم شێوازە ئەو سـەرنجە لای بەژداربووان دروسـت دەکات کە قسەکانت تەنها شتی تیۆری نین.
- خۆش ڕەفتاربە، چونکە ناوبانگی ڕاسـتەقینەی تۆ بریتیە لەو ڕەفتارەی لەسەر شانۆی ژیان پێشکەشی دەکەیت.



ئەنتۆنی رابنز

### تێبینی

ئەوە ڕەفتارەکانتە نەك تواناکانت کە ڕادەی قەناعەتکردنت بە بەرامبەرەکانت دیاری دەکات.

زگ زگلر

### بەڵگە

خوای مەزن دەفەرموێت:

(قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ).

یوسف/ ٥٥

واتە: بمکە بەسەرکاری خەزێنەو واریداتی میسر، چونکە من بۆ ئەو کارە چاودێرێکی باش و پارێزەرێکی زانا و بەئاگام.



Scanned by CamScanner

## 6 شارەزایی

لەگەڵ هەر وتار یان وانەیەکدا کە دەیڵێیتەوە ئاستت بەرەو پێشتر دەچێت. بۆیە هەرچەند خۆت ئامادە بکەیت و لە ڕووی تیۆرییەوە شارەزای هونەرەکانی وتاربێژیو وانەوتنەوە بیت. جێگەی بە کرداری ئەنجامدانی بابەتەکەت بۆ ناگرێتەوە. بۆیە ئەزموون ئاستی پێشکەشکردنی وتاردانت جوان دەکات. وە لە دوای ئەنجامدانی هەر ئەزموونێکەوە شارەزایی نوێ فێر دەبیت و دوور دەکەویتەوە لە هەندێك هەڵەی ئەوتۆ کە هەستیان پێ ناکەیت. کەواتە با لە پاڵ تیۆرییەکاندا کردار و جێبەجێکردن هەبێت و لەگەڵ زانیارییەکانیشدا شارەزایی.

**لە خوارەوە هەندێك خاڵ دەخەینە ڕوو کە پەیوەندیان بە شارەزاییەوە هەیە:**

- شارەزایی بە تێپەڕبوونی کات بنیات دەنرێت. لەبەر ئەوە پەلە مەکە.
- شێواز و ڕێبازی وانەوتنەوەت لەگەڵ پەرەسەندنی شارەزاییەکانتدا گەشە دەکەن، لەبەر ئەوە چاوەڕێی ئەوە بکە.
- کاتێکی دیاریکراو نییە کە بڵێیت ئیتر گەیشتمە لووتکەی شارەزایی، بەڵکو بە درێژایی ژیان شارەزاییەکان باشتر دەبن.
- لە بری ئەوەی هەر لە سەرەتاوە هەرچی خاڵی لاواز و بەهێزت هەیە پەرەیان پێبدەیت. هەوڵ بدە لە سەرەتادا سەرنج بخەیتە سەر خاڵە بەهێزەکانت و پەرەیان پێ بدەیت.
- گرنگترین ئەو خاڵانەی کە پێویستە سەرنجیان بخەیتە سەر (ئامادەکاری، ئامێرەکان، ناوەڕۆکی وتار، جووڵەی جەستە و کاردانەوەکانی ڕووخسارت).
- هیچ هەلێك لەدەست مەدە (کۆبونەوەکانی شوێنی کارەکەت، کۆنگرەکان، لە مزگەوتدا، کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری، کۆبوونەوەی قوتابخانە، بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیو، ئەم جۆرە شتانە.....)، لەبەر ئەوەی هەتا زیاتر مەشق بکەیت شارەزاییەکانت زیاتر دەبن، کەواتە نەك هەر دوودڵ مەبە بەڵکو دەستپێشخەرییش بکە لە قسەکردندا.
- تۆ ئامادەییەکی باشت تێدایە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی خۆت لە بواری هونەری جوان وتارداندا (ئەگەر وانەبووایە ئەوا هەندێك لە کاتی خۆتت تەرخان نەدەکرد بۆ خوێندنەوەی ئەم پەڕاوە).
- لەبەر ئەوە بەردەوامبە لەسەر ئەم ڕۆحە ئەرێنیانەت و هیچ هەلێك بۆ قسەکردن لە دەست مەدە و بە باشی سوودی لێ وەرگرە.
- بەردەوام بگەڕێرەوە بۆ ئەم پەڕاوە، بۆ بیرکەوتنەوەی ئەو خاڵانەی کە یارمەتیت دەدەن لە باشترکردنی ئاستی پێشکەشکردنی وتارەکەتدا.

**وتەی بەنرخ**

تۆ وەك ڕەسەنێك لەدایك بوویت، مەبە بەکۆپی کەس.
جون میس

# بەندی دووەم

## شێواز



پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەربێت) ئەگەر وتاری بدایە چاوەکانی سوور هەڵدەگەڕان و دەنگی بەرز دەکردەوە و تووڕە دەبوو، وەك ئەوە وابوو لە سوپایەك ئاگادارمان بکاتەوە کە بەیانی یان ئێوارە دەدەن بەسەرماندا.

موسلیم گێڕاویەتیەوە

- دەنگ
- هەمەڕەنگی
- وەستانەکان

Scanned by CamScanner

## 1 دەنگ

هەر یەکێك لە ئێمە خاوەنی دەنگ و شێوازی قسەکردنی تایبەت بە خۆیەتی، ئەمەش جیامان دەکاتەوە لە خەڵکانی تر (دەنگ لە پەنجەمۆر ئاوازە و دەگمەنترە. دەنگمان کەسایەتی و میزاج و ئاراستەی بیرکردنەوە و زیان و هەست و سۆزمان دەردەخات. هەر کاتێك دەمت هەڵدەهێنیتەوە بۆ ئەوەی قسە بکەیت، ئەوە بەو کارەت خۆت و بیرکردنەوەکانت بۆ بەژداربووان نمایش دەکەیت...)

هەوڵ مەدە لاسایی کەس بکەیتەوە، بەڵکو مەشقو ڕاهێنان بکە تاوەکو ئاستی دەنگت باش دەبێت. بۆ ئەوەی لای بەژداربووان کاریگەر و پەسەندتر بێت. ئەگەر وشەکانت بە باشترین شێوە دەرنەبڕێت ئەوە ئەو وشانەی کە زۆر بە وریاییەوە هەڵت بژاردوون وەکو با بە لای گوێی بەژداربوواندا تێ دەپەڕێت.

**چوار خەسڵەتی چینەکانی دەنگت کە گوێگرت لێ دوور دەخاتەوە:**




### زانیاری

جیاوازی دەنگ بەیەکێك لە چەکە بەهێزەکانی جبەخانەی چەکی قسەکەر دادەنرێت.

لەپەڕاوی «هێزی وشە»وە

### ئاگاداربە

بۆ سەرنجڕاکێشانی ئامادەبووان تەنها ئەوەندە بەس نییە کە دەقێکی جوان بهێنیت، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی ڕاست و کاریگەر بیخوێنیتەوە، کە تیایدا ڕەچاوی ئەوە بکەیت بە ئاوازەوە نەبێت و، جەخت لە هەندێك وشەی ناو دەقەکە بکەیتەوەو بە دەنگێکی ئاشکرا و دیار بیڵێیت و پەلەی تێدا نەکەیت، هەروەها ئەگەر زانیت سوودی هەیە دەقەکە دووبارە بکەیتەوە.

### بەڵگە

خوای مەزن دەفەرموێت:
(وَاغْضُضْ مِنْ صَوْتِكَ). (لقمان ١٩)
واتە: دەنگیشت نزم بکەرەوە لە گفتوگۆدا.



Scanned by CamScanner

دەنگ

| پەلە بکە | بووەستە | هێواش بە |
| --- | --- | --- |
| بۆ قسەی خۆش (لە سەرەتادا). | کاتێك بەژداربووان کارلێك لەگەڵ بابەتەکەدا دەکەن (پێکەنین، سەرسامبوون). بۆ ڕستە درێژەکان، لە نێوانیاندا بووەستە و بەیەك جار هەمووی مەڵێ. | بۆ کاتی خستنەڕووی بیرۆکەی ئاڵۆز و گران. بۆ بیرۆکەیەکی جدی. لە کۆتایی نوکتەکردندا. بۆ وروژاندنی بیرۆکەیەك یان هۆشی بەژداربووان. |

## أ- چینی دەنگ:

وەك پێشتر باسمان کرد هەریەك لە ئێمە خاوەنی جۆرە دەنگێکی تایبەت بە خۆیەتی، بۆیە دۆخی سروشتی ئەوەیە کە دەنگی سروشتی خۆت بەکار بهێنیت، بەڵام یەکێك لەو شتە کەمانەی کە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر ئاستی پێشکەشکردنی بابەتەکەت بریتییە لە فرەچەشنیی چینەکانی دەنگت (وتاربێژە ناکاراکان لە هەر وتارێکدا یەك ئاستی چینی دەنگیان بەکار دەهێنن).

بەکورتی پەیامی ئێمە بۆ تۆ ئەوەیە کە: بیر لەو کاتە بکەرەوە کە تیایدا قسە دەکەیت لەگەڵ ئەو کەسانەی قسەیان بۆ دەکەیت و ئینجا ئاستەکانی دەنگت بە جۆرێك لێ بکە وەك ئەوەی کە چیرۆکیان بۆ دەگێڕیتەوە (بە بێ زیادەڕەوی).

## ب- ڕادەی بەرزی دەنگو بەکارهێنانی مایك:

- دەنگت ئەوەندە بەرز بکەرەوە کە دوایەمین کەسی ناو هۆڵەکە گوێی لێت بێت و، ئازاری گوێچکەی ئەوانەیش مەدە کە لە بەردەمتدا دانیشتوون.
- ئەگەر هۆڵەکە گەورەبوو مایکرۆفۆن بەکار بهێنە و، بەر لەوەی دەست بکەیت بە قسەکردن دڵنیابە لەوەی کە دەنگەکەی ڕوونە و هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، خۆت تاقی بکەرەوە.
- ئاگاداری ئەوەبە کە دەنگت لای خۆت بەرزتر دەبێت وەك لەوەی لای بەژداربووانەوە دەبیسترێت (بەهۆی نزیکی گوێیەکانتو هەبوونی دەنگی تر لە چواردەوری بەژداربووان)دا.
- ئەگەر هاتوو مایکەکە دەنگێکی بێزارکەری لێوە دەهات یاخود دەنگەدەنگ لەناو هۆڵەکەدا هەبوو دەنگت زیاتر بەرز مەکەرەوە، بەڵکو بووەستە تا ئەو کاتەی کێشەی مایکەکە چاك دەکرێت یاخود سەپەرشتیارانی خولەکە ژاوەژاوەکە چارەسەر دەکەن.
- تەقەتەق بە مایکەکە مەکە، فووی پیادا مەکە، هاوار مەکە، پیایدا مەکۆکە کاغەزەکان مەجووڵێنە لە بەردەمیدا، چونکە ئەم شتانە دەبنە مایەی بێزاری بەژداربووان.



**وتوویانە**

دەگێڕنەوە کە یەکێك لە وتاربێژەکان لە ئەسینای کۆن ڕاهێنانی دەکرد لەسەر دەنگ ڕەوانی، بەوەی کە هەندێك چەوی دەخستە دەمیەوەو ئینجا دەستی دەکرد بە مەشقکردن لەسەر وتارەکەی.



**ئایا دەزانیت**

پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی دەنگ سەرەتای مەشق کردنێکی باشە بۆ ڕاهێنەرە باشەکان. لە پەڕاوی «هێزی وشە» وە



Scanned by CamScanner

دەنگ

## ج- دەستگرتن بەسەر دەنگدا:

- لە ڕێگەی مەشق و ڕاهێنانەوە دەتوانیت دەست بگریت بەسەر دەنگ و جیەکانی دەنگتدا.
- سەنتەری تایبەت بە ڕێککردنەوەی گۆکردن و ڕێککردنەوەی دەنگ هەیە.
- لەوانەیە مەشق و ڕاهێنانی هەڵە ئەنجامی نەرێنی لێ بکەویتەوە.

## د- جۆری دەنگ:

هەریەك لە ئێمە خاوەنی دەنگێکی جیاوازی خۆیەتی، ئەمەش یەکەم شتە کە خەڵك لە دەنگتدا هەستی پێ دەکەن، بۆ نموونە: بەرز، نەرم، گڕ، تیژ، .... تد

دوو پێوەری گرنگ بۆ بەکارهێنانی دەنگ هەن:

١- ڕەوان (واتە ئاسان تێی بگەیت).

٢- هێواش‌و نەرم (خێرایی، هێز، توندیی).

## هـ- هەڵەکانی دەنگ:

- پیت قوتدان: هەندێك جار ئەم حاڵەتە لەگەڵ شێوازی خێرا قسەکردندا ڕوودەدات و هەندێك پیت بە ڕوونی دەرناکەون.
- گۆڕینی پیتەکان: (کشاندن لەبری شکاندن) هەروەها ئەم حاڵەتە بە هۆی خێرایی و تەرکیز نەکردنیشەوە ڕوودەدات.



برایان تریسی

**وتوویانە**

بەرزی دەنگت کار دەکاتە سەر شێوازی تێڕوانینی خەڵك بۆت.

تۆنی جێری

**لە یادت بێت**

(٣٨٪) ی پەیوەندی نێوان خەڵك لە ڕێگەی دەنگەوە ئەنجام دەدرێت.

**وتەی بەنرخ**

زمانی خاو و خلیچك دەنگی خاو و خلیچکی لێوە دێتەدەرێ.

ڤیڤیان بۆکان



Scanned by CamScanner

دەنگ

### وا بکە

- مەشــق لەسەر باشکردنی پلە و ئاوازی دەنگت بکە، چونکە ئەم شتانە شیاوی ئەوەن بگۆڕێن.
- مەشق و ڕاهێنان بکە و داوا لە خزم و هاوڕێیانت بکە هەڵت بسەنگێنن.
- هەموو وشــەیەك بە ڕوونی گۆ بکە و مەهێڵە وشەکان تێکەڵ و پێکەڵ بن.
- بە گوێرەی سروشتی قسەکەت خێرایی قســەکانت بگۆڕە: خاڵە سەرەکی یان قورس یان جدییەکان بە لەسەرخۆیی بڵـێ، هەرچــی کورتکردنــەوە و خاڵە لاوەکی یــان جووڵێنەرەکانیشە ئەوە کەمێك بە خێرایی بیانڵێ.
- لەگەڵ قسەکاندا کاردانەوەت هەبێت: تووڕە ببە/ پێ بکەنە/ گاڵتە بکە..هتد، با ئەمەش بە ڕوونی لە بەرزکردنەوەی دەنگتدا هەستی پێ بکرێت.
- دڵنیابە لەوەی دەنگت هێندە بەرزە کە دوایەمین کەســی نــاو هۆڵەکە گوێی لێت دەبێت.
- دڵنیابە لــەوەی هیــچ دەنگێــك لــە هۆڵەکەدا نییە کــە وانەکەت لێ تێك بدات (تەقەتەقی ئامادەکردنی خواردن یان منداڵ یان خشەخشی مایکرۆفۆن یــان دەنگی ئامێــری داتاشــۆ (ئەگەر هەبوو) هەوڵ بدە خێرا چارەســەریان بکەیت.
- ئــەو چینــەی دەنگــت بەکاربهێنــە کــە پێــی ئاســودەیتو لەگــەڵ ئاســتی پێشکەشکردنی بابەتەکەتدا دەگونجێت.

### وا مەکە

- ئەگەر هاتوو گوێت لە دەنگی خۆت بوو لە ڕیکۆردەردا و پێت سەیربوو بێزار مەبە، چونکە هەموو کەسێك لــە ڕیکۆردەردا دەنگی خۆی بەلاوە سەیر و نامۆیە.
- ئەگەر کێشــەت هەبوو لە شێوازی گۆکردندا، ئــەوە هیچ دوودڵ مەبە لــەوەدا کــە ســەردانی ســەنتەری ڕێککردنەوەی گۆکردن بکەیت.
- لاســایی وتاربێژان یــان بێژەرەکان مەکــەرەوە، بەڵکــو بــا شــێوازی تایبەتی خۆتت هەبێت.
- لە قســەکردندا پەلــە مەکە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگت ناخۆش بێــت (مەگەر زۆر بەتوانابیت ئینجا بە پەلە قسە بکە).
- بەیەك ئاستی دەنگ قسە مەکە.
- بە جۆرێك قسە مەکە وەك ئەوەی کە شت بخوێنیتەوە یان هەواڵەکان بخوێنیتەوە، بەڵکو بە شــێوەیەکی ئاسایی قسە بکە.
- هیــچ وشــەیەك زۆر دووبارە مەکــەرەوە، چونکــە بەرامبــەر بێــزار دەکات (وەك بەکارهێنانــی: لــە ڕاســتیدا واتــە....) ئەمــە پێــی دەوترێت (گیرخــواردن tic) دەنگت تۆمــار بکــە و دڵنیابــە لــەوەی کە وشەی دووبارەی تێدا نییە.

### ئایا دەزانیت

- پشیلە زیاتر لە (١٠٠) دەنگی هەیە.
- سەگ (١٠) دەنگی هەیە.
- زەرافە دەنگی نییە.

### ئاگاداربە

هەڵبژاردنی دەنگی گونجاو لەگەڵ قسەکانتدا مانای زیاتر بە وشەکان دەدات.

ڕۆبەرت فرۆست

### ڕاهێنان

بە دەنگێکی ڕوون وتارێکی نووسراوە بخوێنەرەوە و تۆماری بکە، پاشان ژمارەی ئەو وشانە بژمێرە کە لە خولەکێکدا دەیخوێنیتەوە، (تێکڕای ئاسایی بریتییە لە (١٥٠) وشە لە خولەکێکدا). تا دەگەیت بەو ڕێژەیە لە تۆمارکردنی دەنگی خۆت بەردەوامبە.



Scanned by CamScanner

## 2 هەمەڕەنگ

### گاڵتە و گەپ

قسەی خۆش دەستپێکردن سوودی خۆی هەیە، لەوانە ئاگادارکردنەوەی بەژداربووان لەوەی کە تۆ مرۆڤێکی ڕۆح سووك و سنگ فراوان و کراوەیت. هەروەها بەربەستە دەروونییەکانی نێوان تۆ و بەژداربوان دەشکێنیت و بە خێرایی سەرنجیان بۆ لای خۆت ڕادەکێشیت و وایان لێ دەکەیت هەست بە ناسودەیی بکەن... دەتوانیت هەموو ئەمانە بهێنیتە دی بە گێڕانەوەی چیرۆکێکی پێکەنیناوی یاخود نوکتەیەك لە سەرەتای قسەکانتدا. قسەی خۆش و مستەق بەکار دەهێنرێت بۆ بەهێزکردنی وتار و زیاتر سەرنج ڕادەکێشێت. بەڵام هەندێك کێشەی سەرەکی هەن کە بە هۆی قسەی خۆش یان نوکتەوە لە ڕێی دەستپێکردنی وتار و، دەبنە هۆی خراپکردنی ئەو ئەنجامە باشانەی ئامان کردن و کاردانەوەی خراپی دەبێت لەسەرت... جا بۆیە کاتێك دەتەوێت لە وتارەکەتدا قسەی خۆش بکەیت ئاگات لەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

- دڵنیابە لەوەی کە قسە خۆشەکە لەگەڵ دۆخەکەدا دەگونجێت، چونکە هەندێك وتار هەن کە هەر بە سروشتی خۆیان جددین، وەك پرسە و کارەساتو ...هتد
- بگونجێت لەگەڵ بابەتەکە و بەژداربووانیشدا (بۆ نموونە لەوانەیە ئەو گاڵتەو گەپەی بۆ مامۆستایان دەگونجێت جیاوازبێت لەوەی کە بۆ ئابووریناسان دەگونجێت).



- سووکایەتی بۆ هیچ کام لە بەژداربووان تێدا نەبێت.
- لەگەڵ شێوازی قسەکردنی تایبەتی خۆتدا بگونجێت (لە قسەی خۆشکردندا لاسایی کەسانی دیکە مەکەرەوە).
- دەبێت ئامانجی ئەو قسە خۆشەی دەیکەیت پەیوەندی هەبێت بەو خاڵەوە کە باسی دەکەیت.
- دەبێت خەڵك ئاسان لێی تێ بگەن ئۆ ئەگەر هاتوو هەندێك لە بەژداربووان تێی نەگەشتن ئەوە بۆیان ڕوون مەکەرەوە، بەڵکو لەسەر قسەکانت بەردەوام بە).
- دەبێت تازەبێت و زۆر بڵاو نەبێت.

**ئاگاداربە**

بۆئەوەی خەڵك بهێنیتە پێکەنین درۆ مەکە ...درۆ مەکە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: من بەڵێنی ماڵێك لە ناوەڕاستی بەهەشتدا دەدەم بەو کەسەی واز لە درۆکردن بهێنێت، هەرچەندە درۆکردنەکەشی بە گاڵتە و گەپەوە بێت.

ئەبوداود گێڕاویەتیەوە

**لە یادت بێت**

با بە ڕوونی و بێپەردە قسە بکەین: نوکتە و قسەی خۆش لە هونەری وتاربێژیدا مەترسیدارە، وە هەتاکو ئەو مەترسیەش زیاتر بێت هەلی خەڵك هێنانە پێکەنین زیاتر دەبێت. هاوشان لەگەڵ ئەمەدا ئەگەری ڕووشاندنی هەستی یەکێك لە بەژداربووانیش زیاتر دەبێت، لەوانەیە ئەو کەسە نوکتەکەی بیر نەمێنێت بەڵام بە دڵنیاییەوە سووکایەتی کردنەکەی بیر دەمێنێت.

دان فینو شارو

وتاربێژ و قسەخۆش.

## هەندێك ئامۆژگاری بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی پێکەنیناوی

- پـۆزش مەهێنەرەوە بـەوەی کە تۆ لێهاتوو نیت لە گێڕانەوەی قسەی خۆشدا.
- چیرۆکەکـە ڕوون مەکەرەوە و پێشـەکی دوور و درێژیشـی بۆ باس مەکە.
- بەڵێنـی ئەوەیـان پێ مـەدە کە زۆر پێدەکەنن بەو نوکتە یان قسـە خۆشەی کە بۆیان دەکەیت.
- مەڵێ ئەوە باشترین نوکتە بوو کە زانیبێتم.
- چێژ وەربگرە لە باسکردنیو زەردەخەنە بکە، چونکە ئەمە باشترە.
- لـە کاتـی گێڕانەوەی قسـە خۆشـەکەدا ڕاسـتەوخۆ سـەیری چاوی بەژداربووان بکە.
- درێـژە مـەدە بـە چیرۆکەکـە، چونکـە دەبێتـە مایـەی ماندووبونی بەژداربووان.
- دوای گێڕانەوەی چیرۆکەکە ماوەیەك بێدەنگ بە، بۆ ئەوەی ماوەیەکیان بدەیتێ بۆ پێکەنین و قسەکردن لە نێوان خۆیاندا.
- لەسـەرخۆ و بە ڕوونی قسـە بکـە، بەتایبەتی کاتێـك دەگەیتە ئەو خاڵـەی چیرۆکەکـە کە پێکەنینەکـەی تێدایە، ئەگـەر وا نەکەیت ئەوە ڕەگەزی کتوپڕیت لەدەست دەردەچێت و ناتوانیت بیانهێنیتە پێکەنین.
- قسەخۆشـی بە ڕادەیەکی زۆر پشـت دەبەستێت بە شێوازی وتاردان، لەبەر ئەوە سووربە لەسەر ئەوەی زۆرباش شارەزای ئەو شێوازە بێت.
- لەکاتی وتارداندا نە لە خۆتەوە نوکتە دروسـت بکە و نە بیریش لە نوکتە بکەرەوە، بەڵکو پێشتر ئامادەی بکە.
- ئەگـەر گومانـت هەبوو لەوەی شـوێنو کاتەکە گونجـاو نییە، ئەوە وازی لێ بهێنە و مەیکە.

## گاڵتە و گەپی نەگونجاو

جۆرێك قسـەی خۆش هەیە کە مەترسـیدار و خراپە و سـەرەنجامێکی باشی نابێت، کە ئەویش بریتییە لە قسەی خۆشی نەگونجاو یان ئەوەی سووکایەتی تێدایـە یـان بێزارکەرە، لەبەر ئەوە ئامۆژگاری هەمـووان دەکەین کە خۆیانی لێ بەدوور بگرن.. بۆیە خۆت بپارێزە لە بەکارهێنانی ئەو قسە خۆشانەی کە یەکێك لەم بابەتە نەگونجاوانەی تێدایە:

- ئاین
- هۆزگەرایی
- ڕەگەز
- وڵاتێکی دیاریکراو.
- هەندێك شوێنی دیاریکراو.
- هەندێك تیرەی دیاریکراو.
- کەمئەندامان.
- سەرکردە سیاسیەکان.
- نەژۆکی
- شکڵ و شێوەی مرۆڤ.
- بیر و بۆچوونی سیاسی.
- سوکایەتیکردن بە کەسێکی دیاریکراو.

هەمەڕەنگ

### وتوویانە

قسەی خۆش و پێکەنیناوی مەکە تەنها کاتێك نەبێت کە گونجاو بێت و بتوانیت بە ڕۆح سووکانەوە بیڵێیت.

کارین

### تێبینی

پێکەنینی بەژداربووان مانای ئەوە نییە کە تۆ بویتەتە هونەرمەندێکی بەناوبانگ، لەوانەیە هەندێك پێکەنین هاوسۆزی دەربڕین بێت یاخود ڕێزنواندن.

ڤیڤیان بۆکان

هەمەرەنگ

## سەرچاوەکانی قسەی خۆشی بەسوود

- زۆر ئاساییە ئەو قسە خۆشانە دووبارە بکەیتەوە کە لە وتاربێژانی ترت بیستووە (بە مەرجێك ئەوان پێش تۆ و بۆ هەمان ئەو کەسانەیان باس نەکردبێت کە بڕیارە تۆ بۆیانی باس بکەیت).
- پەڕاوی قسەی خۆشی تایبەت بە وانەبێژان هەیە کە دەتوانیت سوودیان لێ وەربگریت، بەڵام نەکەیت ئەو پەڕاوانە بکڕیت کە نوکتەکانیان کۆ کردووەتەوەو خستوویانەتە بازاڕەوە، لەبەر ئەوەی لە وتارەکاندا سوودیان کەمترە.
- باشترین قسەی خۆش ئەو جۆرانەن کە بەسەر خۆتدا هاتوون (بە شێوەیەکی کاریگەر باسی چیرۆکێکی پێکەنیناوی بکە کە بەسەر خۆتدا هاتووە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بەژداربووان بێزار نەبن، بە پێچەوانەی باسکردنی شتێکی پێکەنیناوی لەسەر یەکێك لە بەژداربووان کە لەوانەیە تووڕە و بێزاریان بکات).
- لێدوان لە بارەی ڕووداوە ناوخۆیی یان جیهانییەکان بە شێوەیەکی پێکەنیناوی (بە مەرجێك نە دووبارەبێت و نە یەکێك لە بەژداربووانیش بێزار بکات).
- باسکردنی ئەو ڕووداوانەی کە خۆت بینیوتن یان بیستوتن و شتی سەیرو پێکەنیناویان تێدا بووە، ئەمانە لە قسەی خۆشی گشتی کاریگەری زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوەی هەستێکی خۆش دەبەخشێت بە بەژداربووان بەوەی کە گوێیان لە شتێکی ڕاستەقینە دەبێت و بەربەستەکانی نێوانتان لادەبات، هەروەها بە لایشیانەوە تازەیە و پێشتر نەیان بیستووە.
- زۆر ئاساییە سەرلەنوێ قسەیەکی خۆش کە پێشتر باسکراوە دای بڕێژیتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ سروشتی بەژداربووەکانی ئێستادا بگونجێت.



**بیرۆکە**

بیرۆکە: قسەی خۆش هونەرێکە پێویستە ئاوازەکەی نموونەیی بێت و کۆتاییەکەشی چاوەڕوان نەکراو بێت.

ڤیڤیان بوکان

**ئایا دەزانیت**

ئەو بڕە پارەیەی خەڵك لە پێناوی قسەی خۆشدا خەرجی دەکەن زیاترە لەو بڕە پارەیەی کە لە ڕێگای فێربووندا خەرجی دەکەن.

جونی کارسون
پێشکەشکاری بەرنامەیەکی بەناوبانگ



Scanned by CamScanner

### ب- جدی بوون




بنەڕەت لە وتاردانـدا ئەوەیە کە جددی بێت، چونکە تۆ لەسەر شانۆی گاڵتە و گەپ پێشکەشکردن نەوەستاویت و ئیشت ئەوە نییە خەڵك بخەیتە پێکەنین، بەڵام وتاری جددی بە تەواوی خاڵییە لە خەڵك هێنانە پێکەنین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شتە هەندێك بنەما و هەڵاویری تێدایە، وەك:

- دەبێت شتەکە پەیوەندی هەبێت بەو بابەتەوە کە باسی دەکەیت، چونکە هەندێك بابەت گونجاو نییە بۆ پێکەنین (بۆ نموونە قسەکردن لە بارەی دواڕۆژەوە).

بە پێچەوانەشەوە هەندێك شت هەیە زیاتر دەست دەدات بۆ پێکەنین (وەك ئەو هەڵانەی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕوو دەدەن).

- تەنها لە پێناوی ئەوەی خەڵك بهێنیتە پێکەنین لە بابەتێکی پێکەنیناویەوە مەچۆ بۆ بابەتێکی ناخۆش یان بە پێچەوانەوە، بەڵکو پێویستە ئامانجت تیایدا هەبێت و پەیوەندییەکی گونجاویش هەبێت لە نێوان پێکەنینەکە و ئەو شتەی باسی دەکەیت.

- جددیەت ئەوە نییە دان ڕیچ بکەیتەوە، بەڵکو وا بکە ڕووخسارت میهرەبانی پێوە ببینرێت (گرنگیش نییە دەموچاوت پێکەنیناوی یان زەردەخەناوی بێت) بۆ هەڵوێستێکی دیاریکراویش نەبێت دانت ڕیچ مەکەرەوە.

### ج – زمانی نافەرمی

بنەڕەت لە قسەکردندا ئەوەیە کە بە زمانێکی پاراو و ڕوون قسە بکەیت، لەبەر ئەوە ئەگەر زۆر ناچار نەبوویت بەکاری مەهێنە، کە لێرەدا هەندێك لەو هۆکارانە باس دەکەین:

- کاتێك پەندێکی پێشینان باس دەکەیت، هەوڵ مەدە بیگۆڕیت بۆ شێوەی ڕێزمانی، بەڵکو خۆی چۆنە ئاوها بیخەرە ڕوو پاشان بۆیان ڕوون بکەرەوە.
- بۆ تەڕ و پاراوکردنی قسەکانت دەتوانیت لە نێوان ڕستەکاندا چەند وشەیەکی کەمی نافەرمی بەکار بهێنیت.
- ئەگەر وتارت بۆ خەڵکی وڵاتێکی تر دەدا، ئەوە هیچ ڕێگرییەك نییە ئەگەر هەندێك وشەی نافەرمی ئەو وڵاتە بەکار بهێنیت.

**وتەی بەنرخ**

تۆ نەیاریزانیت تەنافبازیت و نە قۆشمەچی، بەڵکو تۆ پەیامبەری زانستیت و خاوەنی هەیبەت و ڕێزی خۆتیت، لەبەر ئەوە زیادەڕەوی مەکە لە گاڵتەوگەپ و پێکەنیندا، ئەوە بزانە کە هەرکەس زۆر پێکەنی ڕێزوسەنگی کەم دەبێتەوە، ئەو کەسەیشی گاڵتەوگەپی زۆرکرد بەچاوی سووکەوە سەیری دەکرێت، بۆیە پێویستە لەنێوانی هەردوو حاڵەتەکەدا بیت، واتە لەنێوان جددیەت و گاڵتەجاڕیدا.



Scanned by CamScanner

وەستانەکان

بیرۆکە

نیشانەکانی خاڵبەندی لە قسەکانتدا بەکاربهێنە، لەقسەکردندا بۆشایی دانان یان خاڵدانان ئەوەیە کە بوەستیت.

ڤیڤیان بۆکان

تێبینی

فێربە کە چۆن هێزی بێدەنگیت بەکار دەهێنیت، ئەگەر بۆ چەند چرکەیەکیش بێت.

ئایا دەزانیت

وەستانەکان بەنرخترین شتن لە وتاربێژیدا.

سیورالف ریتشاردسون.
هونەرمەندێك

## 2 وەستانەکان

- دەبێت وتاربێژ لە هەندێك شوێنی گونجاوی قسەکانیدا ڕەچاوی وەستان بکات بۆ ئەوەی گوێچکەی بەژداربوو ساز و ئامادە بکات بۆ ئەو شتەی کە دوای وەستانەکە دەیڵێت و، پەیوەندی نێوان بیرۆکەکانیش بپارێزێت.

## ڕاهێنان

- ئەم ڕستەیەی خوارەوە بخوێنەرەوە و ئینجا نیشانەی (/) دوای هەر وشەیەك دابنێ کە پێت وایە دەبێت لەسەری بوەستیت. بۆ ئەوەی بەژداربووان لە قسەکانت تێ بگەن:

**محمد دەڵێت ئەحمەد پێویستی بە خولێك هەیە لە بواری وتاربێژیدا.**
جارێکی تر ڕستەکە بنووسەرەوە، پاشان بە شێوەیەکی تر بیخوێنەرەوە، بەوەی کە لەسەر چەند وشەیەکی تر بوەستیت و چەند جارێك ئەمە دووبارە بکەرەوە. لە ئەنجامدا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە دەتوانیت لە ڕێگای گۆڕینی شوێنی وەستانەکانەوە واتای دەستەواژەکان بگۆڕیت.




### شەش وەستانەکان

١. پێش دەستپێکردن.
٢. پێش قسەکردن.
٣. پێش ئەوەی پرسیار ئاراستەی بەژداربووان بکەیت.
٤. بەر لەوەی بچیتە سەر بەندێکی نوێ.
٥. دوای وتەی کۆتایی.
٦. بەر لەوەی پێیان بڵێیت سوپاس.

## خشتەی هونەری وەستانەکان

| وا بکە | وا مەکە |
|---|---|
| - تەرکیز بخەرە سەر وشە گرنگەکان و بە چاکی دانیان پێدابنێ. | - لە ناوەڕاستی ڕستەدا مەوەستە، چونکە ئەوە لە گرنگی قسەکانت کەم دەکاتەوە. |
| - لە پێش و دوای هەر ڕستەیەکی گرنگدا بوەستە، بۆ ئەوەی بەژداربووان هەست بە گرنگیەکەی بکەن. چونکە هەندێک جار وەستانەکان لە خودی قسەکە گرنگترن. | - وەستانەکانت پڕ مەکەرەوە بە وتنی (ئا....نا)، چونکە زۆر بێزار و ماندووکەرە و بەڵگەی لاوازییە. |
| - دوای تەواوکردنی هەر بەشێکی بابەتەکەت کەمێک بوەستە، بۆ ئەوەی وایان لێبکەیت هەست بکەن کە بابەتێکی نوێ دەست پێدەکات. | - با ماوەی وەستانەکانت وەك یەك نەبن، چونکە ڕۆشتن بۆ بابەتێکی سەرەکی پێویستی بە کاتێکی درێژتر هەیە وەك لەوەی بچیتە سەر بابەتێکی لاوەکی. |
| - ئەوەت لە یاد بێت کە وەستانە گرنگەکان لای تۆ وا دەردەکەون زۆر درێژن، بەلام لای بەژداربووان وا نییە، لەبەر ئەوە هیچ پەلە مەکە. | - هیچ دوودڵ مەبە لە بەکارهێنانی وەستانەکاندا، چونکە ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە تۆ بەژداربووان ئاراستە دەکەیت و هیچ کەس هێرش ناکاتە سەرت ئەگەر بوەستیت. |
| - لە کاتی ڕوودانی هەر حاڵەتێکی بێزارکەردا لە قسەکردن بوەستە. | - وەستانەکانت زۆر درێژ مەکەرەوە، چونکە ئەوە نیشانەی ڕاڕایی و باش خۆ ئامادە نەکردنە. |
| - پێش دەستپێکردنی ماوەی پشوودان کەمێک بوەستە و ئینجا پێیان بڵێ (ئەوا کاتی پشوودان دەستی پێکرد بۆ ماوەی ..............). | - بۆ جەختکردنەوە لە شتێك نەبێت لە قسەکردندا مەوەستە. |
| - لە پێش و دوای هەر خاڵبەندییەکی نوێدا ڕابوەستە (ئێستاش دەچینە سەر برگەی سێیەم......). | - کاتێك خەریکی باسکردنی بیرۆکەیەکیت مەوەستە، چونکە خەڵك وادەزانن چوویتە سەر بیرۆکەیەکی نوێ. |
| - ئەوەت لە یاد بێت کە وەستان لە قسەکردندا شوێنی خاڵ و بۆشایی دانان لە نووسیندا دەگرێتەوە. | - لەبیرت بێت کە لای تۆ وەستانەکە وا دەردەکەوێت کە زۆر درێژە، بەلام لای بەژداربووان وا نییە، لەبەر ئەوە هیچ پەلە مەکە. |
| - وەستان یارمەتیت دەدات، لەبەر ئەوە هیچ دوودڵ مەبە لە بەکارهێنانیدا. | - لە وەستانەکان مەترسە، چونکە نەك ئەو شتانەت بیر ناباتەوە کە دەیڵێیت، بەڵکو یارمەتیشت دەدات لە کۆکردنەوەی بیر و بۆچوونە پەرت و بڵاوەکانتدا. |
| - لەگەڵ مەشقکردنی بەردەوامدا کاریگەری باشی وەستانەکانت بۆ دەردەکەوێت لە زیادکردنی ڕێژەی کارلێککردن و بە ئاگابوونی بەژداربووان لەگەڵ بابەتەکەدا. | |



### لەیادت بێت

وەستان یاخود فشار خستنە سەر هەندێك وشە دەرمانی دەردی ئەو شەکەتیەیە کە لەلای گوێگر دروست دەبێت.

هێزی وشە



### وتەی بەنرخ

وەستان نهێنی هەرە گەورەی دنیای وتاردانە.

غریفل جانر

# بەندی سێیەم

# جووڵە



بەکەم سەرنج کە لای بەژداربوو دروست دەبێت لەسەر تۆ وەك وانەبێژ، سەرەتا لە ڕێگەی شکڵ و شێوە و جموجووڵەکانی جەستەتەوە بەرجەستە دەبێت.

تۆنی جێری

- چەند پێشەکییەکی گشتی.
- هەڵبژاردنی جووڵەکان.
- جۆرەکانی جووڵە لەسەر شانۆی وتاردان.
- شکڵ و شێوە.
- کاردانەوەکانی ڕووخسار و ڕوانینی چاوەکان.
- وەستان و ڕۆیشتن.
- جووڵەی دەستەکان.
- چەند ئامۆژگارییەك بۆ جووڵەکردن.
- جووڵەی بەژداربووان.

Scanned by CamScanner

## چەند پێشەکییەکی گشتی

جووڵەکردن لە خودی ناوەڕۆکی قسە و تەنانەت شێوازی وتاردانیش گرنگترە. لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی پرۆفیسۆر (البرت مهرابیان) کە لە زانکۆی لوس انجلس ئەنجامی داوە ئەوەی سەلماندووە کە کاریگەری جووڵەکردن بە (٥٥٪) دادەنرێت لە کاتێکدا شێوازی وتاردان (٣٨٪) کاریگەری هەیە و ناوەڕۆکیش تەنها (٧٪) کاریگەری هەیە.

**سەبارەت بەم لێکۆڵینەوەیە لە خوارەوە هەندێك سەرنج دەخەینە پێش چاوتان:**

- ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئەمریکا ئەنجام دراوە، سروشتی خەڵکی ئەویش وایە کە بایەخ دەدەن بە شکڵ و جموجووڵەکانی مرۆڤ، دەرەنجام ئەم لێکۆڵینەوەیە هەمان شتە بۆ ئەو کەسانەی لەوان دەچن.
- شتێکی ڕوونە ئەو شتانەی خەڵك دەیبینن زیاتر بیریان دەمێنێت وەك لەوەی کە دەیبیستن، هەر ئەمەش هۆی کاریگەری گەورەی جووڵەیە.
- ئاماژە و جووڵەکان مانایان هەیە، خەڵك حەز دەکەن بە شێوەیەکی سروشتی و خۆسەری (تلقائي) لێکیان بداتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی جووڵەکان کاریگەرییەکی گەورەیان هەبێت.



**لە یادت بێت**

بەو جۆرە بجووڵێ کە جوانیت و متمانەت بەخۆت هەیە، ئیتر بەو جۆرە دەبێت.

ویلیام جیمز



Scanned by CamScanner

## 1 هەڵبژاردنی جووڵە

ئایا تۆ بە باشی دەتوانیت جووڵە بکەیت یاخود بە باشی دەتوانیت جموجووڵەکانی بەزداربووان بخوێنیتەوە؟
ژمارەی جووڵەکە لە بەردەم ئەو مانایەدا دابنێ کە لەگەڵیدا دەگونجێت:

| جووڵە |
|---|
| ١- سەر لەقاندن |
| ٢- مل خوراندن. |
| ٣- یاریکردن بە قژەسەر. |
| ٤- درێژکردنی دەست بۆ پێشەوە. |
| ٥- مشتەکۆڵە |
| ٦- لە پشتی سەرتەوە دەستەکانت کردوون بەناو یەکدا. |
| ٧- دەست خستنە سەر ڕوومەت. |
| ٨- قاچ لەقاندن. |
| ٩- لەسەر نوکە پێ وەستان. |
| ١٠- دەست خستنە سەر کەلەکە. |
| ١١- گوێچکە ڕاکێشان. |
| ١٢- هەنگاوی درێژ و خێرا بەرەو شانۆی وتاردانەکە. |
| ١٣- بە قنجو قیتانە (ڕێك و ڕەوان) ڕاوەستان |
| ١٤- کەمێك بەرزکردنەوەی برۆکان. |
| ١٥- بە سەری پەنجەکان کێشان بە مێزەکەی بەردەمتدا. |
| ١٦- خوراندنی بەردەوام |
| ١٧- دەست خستنە سەر چەناگە. |
| ١٨- بۆ ماوەیەکی کەم دەست خستنە سەر تەختەی دوانگەکە. |
| ١٩- لەسەر سنگت دەستەکانت کردوون بەناو یەکدا. |
| ٢٠- ڕوو گرژی و مۆنی. |

| واتا | |
|---|---|
| أ – وریایی و بە ئاگایی. | |
| ب- وەڕسی و بێزاری. | |
| ج- پەیوەندییەکی باش. | |
| د- ڕەزامەندی. | |
| ە – دڵەڕاوکێ | |
| و – بیرکردنەوە. | |
| ز – لەخۆباییبون. | |
| ح- تێنەگەیشتن. | |
| گ – بڕوانەکردن. | |
| ی – هێز. | |
| ك – متمانە بەخۆبوون. | |
| ل – ڕاتان چییە؟ | |
| م – سەرکەوتن. | |
| ن – شت شاردنەوە. | |
| س – درۆ. | |
| ع – تێڕامان. | |
| ف – پشتگیری نەکردن. | |
| ص – حەزکردن بە چوونەدەرەوە. | |
| ق – نائاسودەبوون بەو شتانەی دەیڵێیت. | |
| ر – ئاسودەیی‌و کرانەوە. | |

**بۆ وەڵامەکان تەماشای کۆتایی ئەم بەندە بکە.**



**بیرۆکە**

دەستەکانت بۆ جەختکردنەوە لە بیرۆکەکانت بەکار بهێنە نەك بۆ ئاڵۆزکردنی بیرۆکەکانت.

ڤیڤیان بزکان



Scanned by CamScanner

## 2 جۆرەکانی جووڵەکردن لەسەر شانۆی وتاردان



**شێری ناو قەفەس:**
وانەبێژ لە ناو هۆڵی وانە وتنەوەکەدا دێت و دەچێت و هەمووانی بە جووڵەکانیەوە سەرقاڵ کردووە. هەر کە دەگاتە قەراغی یەکێك لە لایەکانی هۆڵەکە بە جووڵەیەکی خێرا دەسووڕێتەوە و بەژداربووەکانیش سەیری دەکەن و پێوەی سەرقاڵن.



**نەعامە:**
ئەمە ئەو کەسەیە کە سەری کردووە بەناو کاغەزەکانیدا و دەیان خوێنێتەوە و هیچ سەیری بەژداربووەکانی ناکات کە ماندوو بوون بەدەست گوێگرتن لێیەوە، ناچار بە شتی ترەوە خۆیان سەرقاڵ دەکەن.



**پاڵەوانی سێرك:**
کە زۆر لێهاتووانە تۆپەکان هەڵدەدات بەهەواداو دەیانگرێتەوە. وتاربێژی لەم جۆرەش زۆر یاری دەکات بە پێنووس و کاغەز و تەباشیرو شتەکانی تری کە بەدەستیەوەیە، ئەمەش بۆیە وا دەکات چونکە نازانێت چی لە دەستەکانی بکات، لەبەر ئەوە هەرچی بێتە بەردەستی خۆیو بەژداربووانیشی پێوە خەریك دەکات.



**باڵندەی باڵ ڕاوەشێن:**
بەردەوام جووڵە بە دەستەکانی دەکات بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بەو قسانەوە هەبێت کە دەیانکات، خۆی بێزارە و بەژداربووانیش تووشی بێزاری دەکات.

**ئایا دەزانیت**

کاتێك خەڵك چاوت لەسەر هەڵناگرن مانای ئەوە نییە کە خۆشیان دەوێت.

جۆرەکانی جوڵەکردن لەسەر شانۆی وتاردان

**قەساب:**
یەك جوولەی هەیە و هەمیشە ئەو جوولەیە دەکات. بۆ نموونە هەمیشە جوولەی قەساب دەکات (گۆشت لەت دەکات). دیارە هەموو جوولەیەکی بەردەوامیش بەژداربووان بێتاقەت دەکات.

**لار وەستان:**
ئەو کەسەیە کە لەسەر یەك قاچ و بە لاری لە شوێنی خۆیدا وەستاوە و قسە بۆ بەژداربووان دەکات.



**خۆ پێچدان:**
ئەو کەسەیە کە لە شوێنی خۆیدا وەستاوە و یەکێك لە قاچەکانی ئاڵاندووە بە قاچەکەی تریەوە و خەڵکیش سەریان سوڕماوە لەو جۆرە وەستانە.



**کەنغەر:**
لە شوێنی خۆیدا وەستاوە. لەسەر نووکی پەنجەکانی خۆی بەرز دەکاتەوە و خۆی دادەنێتەوە. یاخود لە شوێنێکەوە خۆی هەڵدەدات بۆ شوێنێکی تر و وایش دەزانێت کە ئەمە نیشانەی چوستی و چالاکیی ئەوە. لە کاتێکدا خەڵك خەریکی چرپەچرپن و گاڵتە بە جموجوولەکانی دەکەن.



### ئایا دەزانیت

کاتێک بەشداربووان چاوت لەسەر لانابەن و هەمیشە چاویان لەسەرتە مەرج نییە واتای ئەوە بێت کە خۆشیان دەوێت.

## 3 شكڵ و شێوە

### وا بكە

- ئـەو جلوبەرگانە لەبـەر بكە كە لەگەل بۆنەكەدا دەگونجێت.
- دڵنیابە لە ڕێكوپێكیی و پاكێتی بەرگەكانت.
- جوان سـەرنجی شـكڵ و شـێوەت بدە، خۆ ئەگەر ئافرەتانیش بەژداری وتارەكە بوون ئـەوە سـەرنجی ورد و درشـتی شـكڵ و شێوەت دەدەن.
- ئـەو جلوبەرگانـە لەبەر بكە كـە پێیانەوە هەست بە ئاسودەیی دەكەیت.
- ئەگـەر ڕەنگی دیكۆری پشـتەوەت كراوە و كاڵ بوو ئەوا جلوبەرگی تاریك لەبەر بكە و بە پێچەوانەیشەوە.
- جەخـت بكـەرەوە لـە هەماهەنگـی نێوان جل و بەرگەكانت.
- پێڵاوەكانـت بە وردەكارییەوە هەڵبژێرە و با بەجۆرێك بن كە لەگەڵ جل و بەرگەكانتدا بگونجێن.
- دڵنیابە لە ڕێكوپێكی دەموچاو و قژەسەرت.
- دڵنیابە لە ئوتوكراوی جل و بەرگەكانت.
- هەموو قۆپچەكان دابخە (دوای دەستكردن بە قسەكانت ڕاستەوخۆ قۆپچەی چاكەتەكەت بكەرەوە).
- جلوبەرگی سـوكەڵە لەبەر بكە (بەر لەوەی دەست بكەی بە قسەكردن جلە قورسەكانت دابكەنـە) چونكە شـانۆی وتـاردان دەبێتە هۆی گەرمای زیاد لە پێویست!
- دڵنیابـە لـەوەی پێڵاوەكانت بۆیـاخ كراون و پاك و خاوێنن.
- دڵنیابە لەوەی هیچ قۆپچەیەكت نەكەوتووەو هەموویان تەواون.
- ئەگـەر كرا بەر لـەوەی بچیت بۆ وتارەكەت خۆت بشۆ، چونكە ئەمە هێز دەهێنێتەوە بە بەردا و ئارەق كردنەوەش كەم دەكاتەوە.
- بۆن برە بدە لە خۆت.
- بۆن بدە لە خۆت و هەروەها دڵنیاشبە لەوەی بۆنی دەمت خۆشە.
- شـەوی بـەر لـە وتارەكـە بە باشـی بنوو، ئەگەرنـا لە هۆڵـی وانە وتنـەوەدا ماندوو دەردەكەویت.
- كارتی خۆناساندن ئامادە بكە و لەگەڵ خۆت بیبە بۆ شـوێنی وانە وتنەوەكە business Card .
- با دەستەسڕ یان كلینس لە گیرفانتدا بێت.

### وا مەكە

- لە خۆڕازاندنەوەدا زیادەڕەوی مەكە.
- جـل و بەرگـی سـەیر و نامـۆ و دژەباو لەبەر مەكە.
- خـۆت بەدوور بگـرە لە ڕەنگـە نامۆكان (ئـاگاداری جیـاوازی وڵاتەكانیـش بـە سـەبارەت بەو جلوبەرگانەی كە تیایاندا نامۆن).
- خۆت بەدوور بگرە لە پۆشینی كاتژمێر و زێڕ و زیوە گرانبەهاكان.
- خـۆت بـەدوور بگـرە لـەو گۆرەویانـەی ڕەنگەكانیان سەیر و نامۆن.
- بـەر لـەوەی دەسـت بە وتـاردان بكەیت گیرفانت سـووك بكە (یاخود بەر لەوەی بچیتە سەر شانۆی وتاردانەكەت).
- ئـەو پێڵاوانـە لـە پـێ مەكـە كـە پڕ بەپێكانتن، بەڵكو با تۆزێك گەورەتربن، چونكە ئاوا ئاسوودەتر دەبێت.
- ئەو بەرگانە مەپۆشە كە پەڵەیان پێوەیە یاخود دڕاون.
- ئەو جلوبەرگانە لە بەر مەكە كە ڕێژەی نایلۆنیـان زۆرە، چونكە گەرمە و دەبێتە هۆی ئارەق كردنەوە.
- بیرت نەچێـت ئەو پارچە كاغەزە لە جلە تازەكانـت بكەیتەوە كـە نرخی جلەكەی پێوەیە (چەندیـن جار وتاربێژمان بینیوە بیریان چووە لێی بكەنەوە).
- ئەگەر قژت كرێشی هەبوو بیرت نەچێت كە شامپۆی گونجاوی تایبەت بە لابردنی كرێش بەكار بهێنیت.
- بیرت نەچێت نینۆكەكانت بكەیت.
- گرنگی و بایەخی شكڵ و شێوە و سپێتی دانەكانت لەبیر نەكەیت.
- ئەو جلانە لەبەر مەكە كە سـایزی خۆت نین.
- لە بەردەم بەژداربوواندا بنێشـت مەجوو (تەنانەت لەپێش و دوای وتاریشدا).
- خواردنو ئاوی زۆر مەخۆ و مەخۆرەوە.
- خـۆت بپارێـزە لـە مادەی بـە ئاگاهێن و كافایین.
- پێنووسی هەرزان بەكار مەهێنە.

**ئاگاداربە**

تا بۆت دەكرێت مەهێڵە جلەكانت سەرنجی بەژداربووان لە بابەتەكە دوور بخەنەوە.

كارین



Scanned by CamScanner

## 4 کاردانەوەکانی ڕووخسار و ڕوانینی چاوەکان

- بەهێواشی تەماشای بەژداربووان بکە و بە جووڵە یان لاکردنەوەی لەناکاو چاوت مەخەرە سەریان.
- ئەگەر دەترسایت ئەوە تەماشای ناوچەوانیان (تەوێل) بکە نەك چاویان (ئەوان هەست بەوە ناکەن).
- تەماشای ئەو کەسانە بکە کە لە لاکانەوە دانیشتوون نەك ئەوانەی ڕاستەوخۆ لەبەردەمتدان.
- سەیری هەموو ئامادەبووان بکە و تەنها چاو مەبڕەرە هەندێکیان.
- ئەو هەستە لای هەرهەموویان دروست بکە کە وا بزانن بەتایبەتی قسە بۆ ئەو دەکەیت.
- سێ بۆ چوار چرکە تەماشای بەژداربوویەك بکە و ئینجا تەماشای کەسێکی تر بکە (یاخود تا ڕستە یان بیرۆکەیەکی کورت تەواو دەکەیت سەیری یەکێك بکە و ئینجا تەماشای بەژداربوویەکی تر بکە).
- (ئەگەرچی بەلامانەوە باش نییە وا بێت) بەڵام ئەگەر شتت دەخوێندەوە ئەوە باشتر وایە بۆ ماوەیەك کاغەزەکە بخوێنیتەوە و پاشان سەری لەسەر هەڵگریت و تەماشای بەژداربووان بکەیت، نەوەك وشەیەك بخوێنیتەوە و سەر هەڵبڕیت و وشەیەك بخوێنیتەوە و سەر هەڵبڕیت.
- زەردەخەنەی پێش دەستکردن بە قسە کاریگەرییەکی جادوویانەی هەیە لەسەر ئاسوودەیی خۆت و بەژداربووانیش.
- لەسەر ڕووی ئەو کاغەزانەی لە سەرەتادا بەکاریان دەهێنیت بنووسە (زەردەخە بکە).
- مەهێڵە مایکرۆفۆنەکە دەمووچاوت بگرێتو بەژداربووان نەیبینن (یان نزمی بکەرەوە یان بیخەرە یەکێك لە لاکانەوە).
- دڵنیابە لەوەی کە لەکاتی پێشکەشکردنی وتارەکەتدا تەماشای هەموو بەژداربووان دەکەیت و هیچ کامیان فەرامۆش ناکەیت.



- بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری زەوی مەکە.
- بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری ئاسمان یان سەقفی هۆڵەکە مەکە.
- لە یادت بێت کاتێك ڕاستەوخۆ تەماشای چاوی بەژداربووان دەکەیت ئەوە مانای ئەوەیە کە تۆ متمانەت بەخۆت هەیە و، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەژداربووان زیاتر ئاگایان لێت بێت و، هیچ شتێك وەك تەماشا نەکردنیان پەیوەندی نێوان ئەوان و بەرامبەرەکەیان ناپچڕێنێت.

### لەیادت بێت

بچڕانی پەیوەندی نێوان چاوت و بەژداربووان یەکەم هەنگاوی لەدەستدانی گرنگی پێدانت و بەردەوامبوونی بەژداربووانە لەگەڵتدا.

ڤیڤیان

### بیرۆکە

چاوەکان درۆ ناکەن، جا ئەگەر یەکەم شت کە وتت ئەوە بێت کە تۆ خۆشحاڵیت بەئامادەبوونت لەگەڵیاندا و پاشان تەماشای سەر زەوی بەردەم پێڵاوەکانت کرد، ئەوە بەژداربووان تێدەگەن کە دەبێت بڕوا بەو قسەیەت نەکەن، بە دڵنیاییشەوە ئەم یەکەم سەرنجەی بەژداربووان لەبارەی تۆوە شتێکی خراپە.



Scanned by CamScanner

# 5 وەستان و ڕۆیشتن

## وا بکە

- بۆ ئەوەی بە لای پێش و دواوا لار نەبیتەوە، ئەوە بە جۆرێك بوەستە کە یەکێك لە قاچەکانت بە نیو هەنگاو لەوی تر هاتبێتە پێشەوە.
- وەستان لە دانیشتن باشترە و ڕێژەی تێگەیشتنی بەرامبەرەکانیشت زیاتر دەکات.
- ڕۆیشتنیش باشترە لە وەستان لە شوێنێکدا.
- ڕۆیشتنی هێواش کاریگەرە نەك خێرا.
- ئەگەر وەستایت ئەوە لەسەر هەردوو قاچەکانت بوەستە و خۆت بەسەر یەکێکیاندا لار مەکەرەوە.
- بە ڕێك و ڕەوانی بوەستە.
- سەرت بەرز بکەرەوە.
- بە هێواشی برۆ بەرەو ئامانجەکەت.
- پێڵاوێکی ئارامبەخش لە پێ بکە، چونکە یارمەتیت دەدات لە ڕۆیشتن و کەمکردنەوەی ئازاری پشت.
- دڵنیابە لەوەی کە هەمووان بە باشی دەتبینن.
- ئەگەر ژمارەی بەژداربووان زۆربوو ئەوا لەسەر شانۆی هۆڵەکە یان مینبەرەکە قسە بکە.
- ئاساییە لە دیدارە فەرمیەکاندا لەسەر کورسی دابنیشیت یاخود لە پشتی دوانگەوە قسە بکەیت.

## وا مەکە

- تەنانەت لەکاتی ڕۆیشتن یان خستنەڕوو باسکردنی بابەتی سلایدەکەشدا پشت مەکەرە بەژداربووان.
- لەلایەکی شانۆی وتارەکەوە مەوەستە (خەڵکەم بینیوە کەوتوونەتە خوارەوە).
- کاتێك لە شوێنی خۆتدا وەستاویت قاچ یان شانەکانت مەجووڵێنە.
- ئەگەر بابەتەکە تەواو ئاینی بوو ئەوە بە پێوە مەوەستە.
- لەلایەکی مێزەکەوە دامەنیشە و قاچەکانت بلەرێنیتەوە.
- کاتێك دانیشتویت قاچەکانت مەلەرێنەوە.
- لەناو بەژداربوواندا دامەنیشە و پشتت لەو بەژداربووانەی تر بێت کە لە پێشەوە دانیشتون.
- ئەگەر هۆکاری ڕوونکاریت لە وتارەکەتدا بەکار هێنا ئەوا دامەنیشە، چونکە وەستان باشترە.
- لە بەردەم شاشە یان ڕووناکی ئامێری نمایشکردن (داتاشۆ یان ئۆڤەرهێد)دا مەوەستە.
- هەتا بۆت دەکرێت لە پشتی دوانگەوە ڕامەوەستە، بەڵکو بجووڵێ و هاتوچۆ بکە (ئەگەر دۆخەکە لەباربوو).
- نە وەکو مرۆڤی ئالی بجووڵێ و نە لە شوێنی خۆشتدا چەق ببەستیت و نەجووڵێیت.

**لەیادت بێت**

تۆ هەواڵەکان ناخوێنیتەوە... بۆیە لە شوێنەکەت هەستەو پەیوەندی لەگەڵ بەژداربوواندا بکە.



Scanned by CamScanner

## 6 جووڵەی دەستەکان

### وا بکە

- دەستەکانت بەو جۆرەی لەگەڵ قسەکاندا دەگونجێن بجووڵێنە.
- یاخود شتێك بگرە بەیەکێك لە دەستەکانتەوە.
- یاخود بە بەرزکراوەیی دەستێکت بگرە بەوی تریانەوە.
- یاخود وازیان لێ بهێنە با لە لاتەنیشتەکانتەوە بن.
- ئەگەر پێنووست بەدەستەوە بوو یاری پێ مەکە.
- دەستەکانت لە شانەکانتەوە بجووڵێنە نەك لە مەچەکەکانتەوە (ئەگەرنا بە وشك و بێ جووڵە دەتبینن).
- جووڵەی سروشتی بە دەستەکانت بکە.
- بە جووڵەی دەستەکانت مانای وشەکان دەرببڕە.
- قەبارەی شتەکانیان پێ دەرببڕە.
- بەرزییان پێ دەرببڕە.
- تەنها دەستەکانت بەکار مەهێنە بەڵکو پەنجەکانیشت بەکار بهێنە.
- جووڵە بەناوبانگەکانی دەستیان پێ بکە، وەك جووڵەکانی (ماڵئاوایی، نزاکردن، تۆمەتبارکردن،....تد).
- ئەگەر هەستت کرد دەستت دەلەرزێت ئەوە بۆ ماوەیەکی کورت شتێك بگرە بە دەستتەوە.
- لە کاتی ترساندا ئاسابیە بیانخەیتە پشتتەوە.
- ئەگەر لە کاتی وتاردا پێنووس یان تەباشیرت بەکار هێنا ئەوە با بەردەوام بە دەستتەوە نەبێت، بەڵکو کە شتەکەت پێ نووسی دای بنێ.
- دڵنیابە لەوەی ئەو جووڵەیەی بەدەستەکانت دەیکەیت نەکەوێتە پێش یان دوای قسەکەتەوە.

### وا مەکە

- یاری بە شت یان پێنووس یان پارە مەکە.
- دەستت مەخەرە گیرفانتەوە (مەگەر بۆ ماوەیەکی کەم).
- بە دانەکانت نینۆکت مەقرتێنە.
- یاری بە کاتژمێرەکەی دەستت یان موستیلەکەی پەنجەت مەکە.
- یاری بە موو مەکە (مووی سەرت یان قژڵت یان ...).
- خۆت خەریك مەکە بە کارتەکانی دەستتو بەردەوام خەریکی ڕێکخستنیان مەبە.
- لە کاتی قسەکردندا کاغەز مەگرە بەدەستتەوە.
- لاشەت مەخورێنە.
- دەست مەگرە بە دوانگە یان پشتی کورسییەوە.
- بە دەستێکت دەستەکەی ترت مەگرە و بیانخەیتە خوار ناوکتەوە.
- بە دەستێکت دەستەکەی ترت مەگرە و بیانخەیتە پشتتەوە.
- لەسەر سنگت دەستەکانت مەکە بەناو یەکدا.
- جووڵەی ناکاوو کتوپریان پێ مەکە.
- زیادەڕەوی مەکە لە جووڵە پێکردنیان، بەڵکو با بە شێوەی سروشتی خۆیان جووڵە بکەن.
- بیر لە دەستەکانت مەکەرەوە بەڵکو بیر لە بابەتەکەت بکەرەوە.
- دەستەکانت مەخەرە سەر کەلەکەت، چونکە ئەوە نیشانەی لەخۆباییبون یان تەحەداکردنە.
- بە پەنجەت ئاماژە مەکە بۆ بەژداربووان، چونکە ئەوە مانای تۆمەتبارکردن دەگەیەنێت، ئاسابیە ئەگەر ئاماژەیان پێ بکەیت بۆ سەرەوە یان بۆ هەرشتێکی تر (جگە لە بەژداربووان).
- پەنجەکانت مەتەقێنە.
- بە دەستێکت ئەنیشکی دەستەکەی ترت مەگرە، چونکە وەکو بریندارێك دێتە پێش چاو.



**بیرۆکە**

لەوانەیە کەسانێك هەبن بپرسن: کاتێك وتارێك دەدەم چی لە دەستەکانم بکەم؟ وەڵامەکەی ئاسانە: با بە لاتەنیشتەکانتەوە بن تا ئەو کاتەی خۆت بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ناتوانیت هەتا سەر ئاوا بیان هێڵیتەوە.



Scanned by CamScanner

## 7 چەند ئامۆژگارییەك سەبارەت بە جووڵەكردن



- با جووڵەكەت ڕەنگدانەوەیەكی سروشتی كاردانەوەكانت بن.
- با جووڵەكە لەگەڵ قسەكەدا بگونجێت.
- با ئەو جووڵانەی دەیانكەیت كاریگەربن و بەژداربووان ڕازی بكات.
- جووڵەكانت كاتبەند (توقیت) بكە، بە جۆرێك كە لەگەڵ قسەكانتدا بگونجێن و میكانیكی نەبن.
- هەركاتێك دۆخەكە لەبار بوو بۆ زەردەخەنە كردن زەردەخەنە بكە.



### واتای جووڵەكان:

**- ئاماژەكردن بە پەنجە:**

بە پەنجەت ئاماژە مەكە بۆ بەژداربووان، چونكە ئەوە مانای تۆمەتباركردن دەگەیەنێت. دەتوانیت ئاماژەی پێ بكەیت بۆ سەرەوە یان هەر ئاڕاستەیەكی تر، چونكە ئەوە جەخت لەڕاستیی قسەكەت دەكاتەوە، یاخود سەرنجی بەژداربووان ڕادەكێشێت بۆ ئەو بیرۆكەیەی خراوەتە ڕوو.



**- لەپی دەستەكان (یان یەكێكیان) بۆ خوارەوە:**
واتای فشارخستنە سەر یان دڵنیاكردنەوە دەگەیەنێت.

- لەپی دەست ڕاوەشاندن بەملاولادا: واتای هەڵوەشاندنەوە دەگەیەنێت (بۆ نموونە: لە بارەی ئەم شتەوە قسە ناكەین، یاخود ئەم شتەمان باسكرد).



**- ناو لەپەكان (یان یەكێكیان) بۆ سەرەوە:**
واتای وەستان یان بەرزكردنەوە دەگەیەنێت، دەیشتوانرێت بەكار بهێنرێت بۆ ئاماژەكردن بۆ شتێكی گرنگ یان بەرز و باڵا.

**ئاگاداربە**

هەندێك جووڵە هەن خەڵك بە هەڵە لێیان تێ دەگات.... لەبەر ئەوە بەژداربووەكانت بناسە.



Scanned by CamScanner

## چەند ئامۆژگارییەك سەبارەت بەجووڵەكردن



**- جوولەی برین بەدەست:**
(وەك جوولـەی وردكردنـی گۆشـت بە دەسـتێك) ئەمە مانای كۆتایی هاتنی شتێك و دەستپێكردنی شتێكی نوێیە، هەروەها دەكرێت بۆ دڵنیاییكردنەوە لە شتێكیش بەكار بهێنرێت.



**- جوولەی وەستان بەدەست:**
(وەك پۆلیسـی هاتوچـۆ) بـەكار دەهێنرێـت بـۆ هێمنكردنەوەی بەژداربووان یاخود بۆ كۆتاییهاتنی خاڵێكی پێكەنیناوی‌و دەستكردن بە خاڵێكی جددی، هـەروەك بەكاریـش دەهێنرێت بۆ خسـتنەڕووی خاڵێكـی نـوێ دوای ئەوەی كۆتایـی دەهێنیت بە خاڵەكەی پێش ئەو.



**- بۆكسی بەرزكراوە:**
واتـای توڕەیی یاخود شـەڕكردن دەبەخشـێت (لە كاتی بەكارهێنانیدا ئاگاداربە).

**- لەگەڵ سـەیركردنی ئاسـماندا هەردوو دەست بەرەو ئاسمان بەرز كراونەتەوە:**
باوەڕ و نزا و هانابردن بۆ لای خوای مەزن.



## سوودەكانی جووڵەكردن:

- ڕەنگدانەوەی هەست و كاردانەوەكانتن.
- سەرنج ڕادەكێشن.
- هۆكارێكی یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن.
- هەوڵێكی زۆری پێویسـت نییە بۆ ئەوەی فێری ببیت.
- كاریگەرییەكـەی لە كاتی چوونت بۆ ناو هۆڵو پێش ڕۆیشـتنت بـەرەو شـانۆی وتاردان دەسـت پێدەكات.

**وتوویانە**

هەموو خەڵكی دنیا بە زمانی بیانی پەیوەندی لەگەڵ یەك دەكەن بێ ئەوەی یەك وشەیش لەیەك تێبگەن، ئەوان ئەم كارە لە ڕێگەی زمانی جەستەوە ئەنجام دەدەن.
ڤیڤیان بۆكان



Scanned by CamScanner

## 8 جووڵەی بەژداربووان

هەمیشە ئاگاداری جموجووڵەکانی بەژداربووان بە، چونکە جووڵەکانیان پێت دەڵێت کە تا چی ڕادەیەك ئاگایان لای تۆیە و لێت تێدەگەن.



### جووڵە باشەکان

نیشانەکانی تێگەیشتنی بەژداربووان:
- سەرلەقاندن بەشێوەی ڕەزامەندی (نیشانەی پشتگیری کردنە).
- جەستەی لار کردووەتەوە بەرەو پێشەوە (وریا و بەئاگایی).
- پەنجە خستنە سەر ڕوومەت یان لایەکی سەر (تێفکرین‌و بیرکردنەوە).
- بەردەوام سەیرت دەکەن (نیشانەی ئەوەیە کە ئاگای لەتۆیە).
- سەری بەلایەکدا خستووە و سەیرت دەکات (بیردەکاتەوە).
- زەردەخەنە و پێکەنین.
- دووبارەکردنەوەی ئەو وشانەی تۆ دەیانڵێیت.
- نووسین و تۆمارکردنی خاڵەکان.



### نیشانە خراپەکانی جووڵە (بەڵگەی بێزاری یان بێئاگاییە)

- ئارام لەبەربڕان و زۆر جووڵەکردن لە شوێنی خۆیدا.
- زۆر هاتنە دەرەوە و چوونە ژوورەوە.
- سەیرکردنی کاتژمێر.
- سەیرکردنی ئەملاولای ژوورەکە یان سەیرکردنی دواوە.
- دانیشتن و دەست خستنە پشت مل (بە ڕاست نەزانین یان هاوڕا نەبوون).
- لەسەر سنگ دەستکردن بەناو یەکدا (هاوڕانەبوون) (هەندێك جار).

### وتوویانە

ئەزموونم لەگەڵ خەڵکدا ئەوەی فێرکردووم کە زۆربەی جار ئەو شتە دەکەن کە تۆ چاوەڕێ بوویت بیکەن.
ماری ئاش

### لەیادت بێت

لە کاتی وتارداندا کەمێك هەست و سۆزیش بەکار بهێنە، چونکە خەڵك ئامێرێکی کەڕ و لاڵ نین هیچ هەست و سۆزێکیان نەبێت، نەخێر وانییە، بەڵکو میزاج و کاردانەوەکانیان کار دەکاتە سەر بڕیار و بژاردەکانیان.

وەڵامی هەڵسەنگاندنی جوڵە

- باوێشکدان.
- ڕوو گرژ و مۆن کردن (بە دڵ نەبوونی ئەو شانەی دەیلێیت).
- زۆر هەڵکلۆفینی چاو بە ئاشکرا (زیاد لە (١٥) جار لە خولەکێکدا) بەڵگەی توورەیی و ناناسودەییە.
- چاو هەڵنەکلۆفین بەڵگەی شەکەتییە.
- وەنەوزدان (خەوەنوچکە) یان خەوتن.
- چرپەچرپی زۆری لابەلا.
- سەیرکردنی گێژو وێژانە (تینەگەیشتن).
- زۆر خوراندنی سەر یان جەستە.



**زانیاری**

ئەو کەسەی کە باوەڕی بە قسەکانت هەیە بە ڕێکی دادەنیشێت، یاخود بە پێوە دەوەستێت، لەوانەیشە بە ئاراستەی تۆدا خۆی بچەمێنێتەوە.

## وەڵامی هەڵسەنگاندنی جوڵە

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | د | ١١ | ن |
| ٢ | ح | ١٢ | ك |
| ٣ | ب | ١٣ | م |
| ٤ | ج | ١٤ | ل |
| ٥ | ى | ١٥ | ص |
| ٦ | گ | ١٦ | س |
| ٧ | و | ١٧ | ع |
| ٨ | ە | ١٨ | ر |
| ٩ | ا | ١٩ | ف |
| ١٠ | ز | ٢٠ | ق |



Scanned by CamScanner

# بەندی چوارەم

## پرسیارەکان



قۆناغی پرسیار و وەڵام: ئەم مەسەلەیە زۆر زۆر گرنگە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لە خودی قسەکردنەکەش گرنگترە، پێویستە بە متمانە بەخۆبوون و لێهاتووانە و خۆشەویستییەوە وەڵامی هەموو پرسیارێك بدەیتەوە، تۆ ناتەوێت تەنانەت یەك پرسیاریش بمێنێتەوە کە نەتوانیت وەڵامی بدەیتەوە.

کارین

- بەڕێوەبردنی کاتی پرسیار و وەڵام.
- وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.
- ماوەی پرسیارکردن.

Scanned by CamScanner

## 1 بەڕێوەبردنی پرسیارەکان

وتاربێژ لە بەشی تەرخانکراو بۆ پرسیارەکاندا پێویستی بە لێهاتووییەکی ئەوتۆ هەیە کە خەزێنەی زانیارییەکانی بۆ بەژداربووان ئاشکرا بکات و خاڵە گرنگەکان یاخود ئەو خاڵانەی کە لە وتارەکەیدا مافی خۆیی پێ نەداون دەوڵەمەندتر بکات. هەروەها هەلی گفتوگۆ و چوونە ناو وردەکاری بابەتەکانیش بۆ بەژداربووان برەخسێنێت.

. پێویستە ئامادەبیت بۆ برگەی پرسیار و وەڵام، ئەگەر وتارێکی بەهێزت پێشکەش کرد بەڵام لە برگەی پرسیار و وەڵامدا شکستت هێنا ئەوە دوایەمین سەرنجی بەژداربووان لە بارەتەوە خراپ دەبێت. تۆ ناتەوێت پرسیارێکت ئاراستە بکرێت کە نەزانیت چۆن بە متمانەوە وەڵامی دەدەیتەوە.

کارین

. ئەگەر پرسیارێکت ئاڕاستەکرا و وەڵامەکەییت نەزانی، شەرم مەکە لەوەی بڵێیت (نازانم). چونکە نازانم نیوەی زانستە و، هەرکەس بە بێ زانست وەڵام بداتەوە ئەوە ئەو شتانەی تێکیان دەدات زیاتر دەبێت لەوانەی چاکیان دەکات. بەڵام هەندێك جار دەتوانیت وەڵامی پرسیارەکە دوا بخەیت یاخود ئاڕاستەی بەژداربووانی بکەیت بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەن یاخود داوایان لێبکەیت بیری لێ بکەنەوە و ڕۆژی دواتر وەڵامی بدەنەوە، یان هەر ڕێگایەکی تر کە بە پەسەندی دەزانیت.

د.علی الحمادی

**لە یادت بێت**

ئەگەر زانیت ناتوانیت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە کە ئاڕاستەت کراوە، ئەوە دەتوانیت هیچ خۆت تێك نەدەیت و بە ئاسانی بە پرسیارکەرەکە بڵێیت: دوای تەواوبوونی وتارەکە بیرم بخەرەوە بۆ ئەوەی وەڵامت بدەمەوە!





Scanned by CamScanner



## وا مەڵێ....

- مەڵـێ: کـەس پرسـیاری هەیـە! بەڵکو بڵـێ: بیر لە هەندێك پرسیار بکەنەوە، یان ئایا هیچ خاڵێك هەیە پێویسـت بە ڕوونکردنەوەی زیاتر بکات، یاخود کەس تێبینی هەیە، یان هەرخاڵێکی تر کە وایان لێ بکات بیر بکەنەوە.
- کاتەکـە کـورت مەکـەرەوە! بەڵکـو کاتـی پێویسـت تەرخـان بکـە بۆ پرسـیارکردن، چونکە بەژداربوو پێویسـتی بـە هەندێك کات هەیە بۆ ئـەوەی بیـر بکاتەوە و پرسـیارەکەی داڕێژێـت، ئەوە سـەلمێنراوە کە هـۆکاری یەکەمـی بەژداری نەکردنـی بەژداربـووان ئەوەیە کە کاتی پێویستیان بۆ بیرکردنەوە پێ نەدراوە.
- هەموو پرسـیارەکان دوا مەخە بۆ کۆتایی: تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە فشـاری کات لەسەر بێت یاخود ژمارەی بەژداربووان زۆربن، بەڵکو بە سـنگێکی فراوانەوە پرسـیارەکان وەربگرە و بـە گوێرەی جۆری باس و خواسـەکە هانـی پرسـیارکردن بدە، چونکـە ئەم شـێوازە خەڵك هان دەدات بۆ بەژداریکردن.

### وتەی بەنرخ

لەو کاتەدا کە وتاربێژێك خەریکی وتاردان بوو بەژداربوویەك هەستا و هاواری کرد: ئەوە ڕاست نییە!!
وتاربێژەکەش زۆر بە سادەیی وەڵامی دایەوە: ئەوە ڕای خۆتە .... و ئیتر لەسەر وتارەکەی بەردەوام بوو.



Scanned by CamScanner

## 2 وەڵامدانەوەی پرسیارەکان

لە ڕاستیدا ئەوەی لە ماوەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا ڕوو دەدات جۆرێکە لە جۆرەکانی وتاربێژیی سەرپێیی، لە خوارەوە هەندێك ئامۆژگاری سەرەکی تایبەت بەو بوارە دەخەینە بەردەستت:



- لەگەڵ ڕێکخەرانی بۆنەکەدا ڕێك بکەوە لەسەر نەرخانکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ پرسیار و وەڵام لە کۆتایی یاخود لە کاتی قسەکانتدا (کە ئەمەیان قورسترە).
- ئەوە دیاری بکە کە ئایا بە شێوەیەکی زارەکی پرسیارەکان لە بەژداربووان وەردەگرێت (کە ئەمەیان قورسە) یاخود تەنها بە شێوەی نووسراو.
- هەندێك جۆری وتار هەیە پرسیارکردن تیایدا باش و پەسەند نییە، وەك وتاری ئیمانی یان گێڕانەوەی چیرۆك و هەروەها وتاری جۆش و خرۆشدان یان هەڵنان یان بەخێرهێنان یان شتی دیکەی لەم جۆرە.
- هەروەها پرسیارکردن پەیوەندی بە ژمارەی ئامادەبووانیشەوە هەیە، هەتا ژمارەی بەژداربووان زیاتربێت باشتر وایە تەنها پرسیاری نووسراو قبوڵ بکرێت.
- ئەگەر ژمارەی بەژداربووان زۆربوون و تۆیش بە زارەکی پرسیارەکانت وەردەگرت، ئەوە هەتا بۆت دەکرێت هەوڵ بدە هەمووان گوێیان لە دەنگت بێت یاخود مایکرۆفۆنێکی جووڵاو دابین بکە بۆ بەشداربوان، یان پرسیارەکە دووبارە بکەرەوە، بۆ ئەوەی بەژداربوانی تریش گوێیان لێبێت.
- ئاساییە کە پرسیارە قورسەکان سەرلەنوێ دارێژیتەوە، بۆ ئەوەی بۆ خۆتو بەژداربووانیش ڕوون بێت و تێی بگەن، بەڵام دڵنیابە لەوەی کە خاوەنی پرسیارەکە ڕازییە لەسەر دارشتنەوەکەی تۆ (بۆ نموونە پێی بڵێ: ئایا پرسیارەکەت ئەمە بوو؟ یاخود ئایا بە شێوەیەکی گونجاو پرسیارەکەتم دەربڕیوە؟)
- ئەگەر زانیت هەرپرسیارێك تەنگەتاوکردن یان سوکایەتی تێدایە بۆ خۆت یان بۆ یەکێك لە بەژداربووان یان لایەنی ڕێکخەری بۆنەکە، دەتوانیت بەوەندە واز بهێنیت کە بڵێیت (سوپاس، یاخود باسی دەکەین ئینشەڵا، هیچ قسەیەکم نییە یان شتی دیکەی لەم جۆرە).

### لەیادت بێت

کارێکی زۆرباش دەبێت کاتێك کە خۆت بۆ وتارەکەت ئامادە دەکەیت خۆت بۆ پرسیارەکانیش ئامادە بکەیت، هەلی تۆ لێرەدایە کە وەڵام ئامادە بکەیت بۆ ئەو پرسیارانەی پێدەچێت ئاراستەت بکرێت، خۆت بخەرە جێگەی بەژداربووان و خاڵە گرنگەکانی ناو وتارەکەت دیاری بکە، پاشان ئەو پرسیارە دروست بکە کە ئەگەری هەیە ئاراستەت بکرێتو ئینجا لە ناو دەقەکەدا وەڵامەکە دیاری بکە، بەم ڕێگەیە دەتوانیت دڵنیابیت لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لەوانەیە لە دەقی نووسراوی وتارەکەتدا نەبێت و نەتەوێت بە بێ وەڵامیش جێی بهێڵیت.

وتاربێژی سەرکەوتوو



Scanned by CamScanner

ماوەی تەرخانکراو بۆ پرسیار و وەڵام

- بۆ کۆتایی پرسیار و وەڵامەکان کۆتاییەکی جیا لەوەی وتارەکەت ئامادە بکە کە ببێتە هۆی جێهێشتنی سەرنجێکی بەهێز لای بەژداربووان.
- ئەگەر کەس پرسیاری نەکرد ئەوە خۆت ئامادە بکە بۆ ئەوەی پرسیارێکی وروژێنەر لە بەژداربووان بکەیت. بۆ نموونە بڵێ: (یەکێك لەو پرسیارە گرنگانەی بابەتەکە ئەوەیە ئایا...) یان (یەکێك لەو پرسیارانەی کە پێشتر کردتان ئەوەبوو ئایا....).
- ئەگەر پرسیارێکت لێکرا پێویستی بە بیرکردنەوە هەبوو:
- لە بارەی شتی گشتییەوە قسە بکە.
- پرسیارەکە دارێژەرەوە (ئەمە کاتت دەداتێ بۆ بیرکردنەوە).
- بیر بکەرەوە بزانە بەژداربووان دەیانەوێت گوێیان لە چی وەڵامێك بێت.
- با وەڵامەکانت کورت بن.
- پێیان بڵێ کە بابەتەکە پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە.
- بەوەنــدە واز بهێنــە و بڵــێ: لەوانەیە لە داهاتوودا بە فراوانی باسـی ئەم مەسەلەیە بکەین.
- بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەیتەوە بە باشی بیری لێ بکەرەوە.

## 3 ماوەی تەرخانکراو بۆ پرسیار و وەڵام

١- زۆربــەی جــار ماوەی تەرخانکــراو بۆ پرســیار و وەڵام ١٠ – ١٥ خولەکە، باشــتریش وایــە کــە لەو ماوەیــە زیاتر نەبێــت، تەنها لــە هەندێك کاتدا نەبێت کە وا پێویســت دەکات شــتێکی گرنگ ڕوون بکەیتەوە، یان خاڵێکی گرنگ باس بکەیت کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەژداربووان باشتر لە وتار یان وانەکەت تێ بگەن.



٢- ئەگەر خولەکە درێژ بوو، ئەوە دەکرێــت دوای هەر بەندێکی ســەرەکی ماوەیــەك تەرخان بکەیــت بــۆ وەڵامدانــەوەی پرسیارەکانی ئەو بەندە، ئەمە باشــترە لەوەی کە تا کۆتایی خولەکە چاوەڕێ بکەیت.

٣- ئەگەر ژمارەی بەژداربووان کەم بوو، ئەوە دەتوانیت ئەو ماوەیە لابەریت کە لە کۆتایی وتارەکەدا تەرخانکراوە بۆ پرســیار و وەڵام و، بە پرسـیاری ڕاستەوخۆ لە کاتی پێشکەشکردنی وتارەکەتدا قەرەبوی بکەیتەوە.

**بیرۆکە**

ئەگەر بە پرسیارەکانی بەژداربووان تەنگەتاو بوویت ئەوە پێیان بڵێ کە لە کۆتایی وتارەکەدا وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەدەیتەوە.



Scanned by CamScanner

# بەندی پێنجەم

## ئەو کەسانەی کێشە دەنێنەوە



بەلایەنی کەمەوە لە ناو هەر ١٠٠ گوێگرێکدا یەکێکیان لەوانەیە کە کێشە دەنێنەوە.

دیفید پیوپڵز

- ئەو بەژداربووەی پرسیاری بێزارکەر دەکات
- هەمیشە ناکۆك
- زۆر پرسیارکەر
- ئەو کەسەی کە هەموو شتێك دەزانێت
- ئەو کەسەی کە قسەت پێ دەبڕێت
- چپەچپکەر
- بێدەنگ
- سەرقاڵ
- خەوتوو

Scanned by CamScanner

## پێشەکی

خەڵک لە سروشت و جۆری مامەڵەیاندا جیاوازن، لە کاتێکدا زۆربەی خەڵک نەرم و لەسەرخۆن و سوورن لەسەر ئەوەی لێت سوودمەندبن و سەرکەوتنت دڵخۆشیان دەکات، بەڵام چەند حاڵەتێکی زۆر کەم و دەگمەن هەیە کە هەندێک کەس لەناو بەژداربووندا هەڵدەکەون بە شێوازێکی وشک یان بێشەرمانە یان شێوازی دیکەی بێزارکەر قسە دەکەن، لە خوارەوە هەندێک لەو حاڵەتانە و چۆنیتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا دەخەینە ڕوو:

## 1 ئەو بەژداربووەی پرسیاری گاڵتە ئامێزانە دەکات

- بەو جۆرە سەیری پرسیارەکە مەکە کە گاڵتە ئامێزانەیە، بەڵکو بە جۆرێک وەڵامی پرسیارەکە بدەرەوە کە هەر گوێیشت لە بەشە گاڵتە ئامێزییەکەی پرسیارەکە نەبووە

(ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ (٣٤) وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ) (٣٥) فصلت.

واتە: بە ئاکاری جوان و جوانتر وەڵامی خراپەکار بدەرەوە، ئەوسا دەبینیت ئەو کەسەی کە لەنێوان تۆ و ئەودا دوژمنایەتیەک هەبوو، وای لێدێت دەڵێی دۆستێکی نزیک و بەسۆزە. خۆ ئەو ئاکار چاکیەیش بەوانە نەبێت کە بە ئارام بوون بە کەس نادرێت، بە هەموو کەسێک نادرێت، مەگەر بە کەسێک کە خاوەنی بەشێکی گەورەبێت لە چاکی و ئارامگرتن.

- با دەنگت ئارامی و هێمنی پێوە دیار بێت و، شێوازی وەڵامدانەوەکەت با بە جۆرێک بێت کە وەڵامی هاوڕێیەکت دەدەیتەوە نەک دوژمنێک.
- زەردەخەنەت لە یاد نەچێت، بەڵام وریابە وا دەرنەکەوێت کە زەردەخەنەی گاڵتەجارانەیە.
- لە وەڵامەکەتدا دەستپاک و ڕاستگۆبە، ئەگەر هەڵەت کرد دان بە هەڵەکەتدا بنێ، یان ئەگەر وەڵامەکەت نەدەزانی بڵێ نازانم.
- دەستخۆشی لە پرسیارەکە بکە و باسی ئەوە بکە کە ئەم جۆرە پرسیارانە دەبنە هۆی ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە.
- ئەگەر نەتتوانی دڵی خاوەنی پرسیارەکە ڕازی بکەیت بە لایەنی کەمەوە دەتوانیت دڵی بەژداربووان ڕازی بکەیت.
- وریابە لەگەڵ پرسیارکارەکەدا نەچیتە ناو دەمەقاڵەوە، خۆ ئەگەر نەگەیشتنە ئەنجام ئەوە پێی بڵێ (ڕای جیاواز خۆشەویستی تێک نادات و مەرج نییە لە هەموو شتێکدا وەک یەک بیر بکەینەوە، ئەوەندە بەسە کە لە زۆربەی شتەکاندا هاوڕابین).

### لەیادت بێت

هەمیشە لە یادت بێت:
جڵەوی دەستپێشخەری
بەدەستی تۆوەیە...
وتاربێژەکەیش خۆتیت.



Scanned by CamScanner

## 2 هەمیشە ناکۆك و ڕا جیا

- لە کاتی قسەکردنتدا هاوار دەکات:
- من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم.
- من وانازانم ئەو شتە وا بێت.
- ئەم شێوازەی تۆ باسی دەکەیت سەرکەوتوو نابێت.
- لەم خاڵەدا زانیارییەکانت کۆنن.

ئەمەیش قورسترین و خراپترین جۆری کێشەسازکارانە.

### تێبینی

هەمیشە کەسانێك هەن وەك تۆ بیر ناکەنەوە، بۆچوونی خەڵکانی ترت قبوڵ بێت... سەرسوڕمانی خۆت بەو تێبینیانە نیشان بدە کە دەیخەنە ڕوو.

## چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین؟

- بەر لەوەی پرسیارکارەکە کاربکاتە سەر بەژداربووەکانی تریش، هەوڵ بدە سەرەتا پشتیوانی ئەوان بۆ خۆت بەدەست بهێنێت. وەك ئەوەی لە سەرەتاوە بڵێیت: تکام وایە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بە هۆشێکی کراوە و بە وردییەوە گوێبگرین و تێبینی و ڕەخنەکانمان هەڵ بگرین بۆ دواتر.
- ئەگەر بەو خاڵەی پێشوو ڕازی نەبوو. ڕای بەژداربووان لە بارەی پێشنیارەکەی سەرەوە وەرگرە (ئەوان پشتی تۆ دەگرن)
- پێویستە ئامادەباش بیت بۆ ڕەخنە باوەکان و لە کاتی قسەکانتدا ئاماژەیان پێ بکەیت و وەڵامیشیان بدەیتەوە. بەم شێوەیە ڕێگە لە ڕوودانی ئەم حاڵەتە دەگریت.
- سوود لە ڕێنماییەکانی تایبەت بە خاڵی یەکەم وەربگرە. (خاوەن پرسیارە گاڵتە ئامێزەکان).
- لێی بگەڕێ با خۆی خۆی لەناو ببات. بەوەی کە بە پرسیارێك وەڵامی بەرهەڵستیەکەی بدەیتەوە. وەك ئەوەی پێی بڵێیت (مادام ڕای تۆ وایە کەواتە چارەسەری تۆ چییە؟) یان (بێ زەحمەت کامانەن ئەو ئامارانەی کە لەم بوارەدا لە لای تۆ هەن؟).
- تووڕە مەبە. دەمەقاڵەیش مەکە. خۆ ئەگەر هەر قەناعەتی نەکرد و هیچ چاری ترت نەما ئەوا بڵێ:- (وا دیارە پێویستمان بەوە هەیە دوای وتارەکە بە دوورودرێژی لەسەر ئەم خاڵە گفتوگۆ بکەین) کاتێك ئەمە دەڵێیت بۆت دەردەکەوێت کە زۆربەی بەژداربووان دڵگەرم نین بۆ بەردەوامی گفتوگۆکە.





Scanned by CamScanner

## 3 زۆر پرسیارکەر

- مەرج نییە وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەیتەوە.
- هەوڵ بدە وەڵامی چەند پرسیارێك لە وەڵامێکدا کۆ بکەیتەوە.
- تەرکیز بخەرە سەر پرسیارە گرنگەکان.
- هەوڵ مەدە لە هیچ پرسیارێك ڕا بکەیت، بەڵام دەتوانیت بڵێیت: (ئەگەر کاتی زیاترم هەبوایە وەڵامی پرسیارەکەم دەدایەوە) یان (ئەم پرسیارە پێویستی بە کات و ڕوونکردنەوەی تەواو هەیە. خۆشحاڵ دەبم کە دواتر بە خزمەتت بگەم یاخود لە ڕێگەی تەلەفۆن یان نامەی ئەلیکترۆنییەوە بە یەك بگەین) و بەم جۆرە.
- ئەگەر بیرت نەدەکەوتەوە یان لە پرسیارەکە تێنەدەگەیشتیت ، هیچ دوودڵ مەبە لەوەدا کە داوای دووبارەکردنەوە یان ڕوونکردنەوەی پرسیارەکە لە بەژداربووەکە بکەیت.

## 4 ئەو کەسەی هەموو شتێك دەزانێت

ئەم بەژداربووە (بە گومانی خۆی) وادەزانێت کە هەموو شتێك دەزانێت. هەمیشە باسی ژمارەی ساڵە زۆرەکانی خزمەتی خۆی یان بڕوانامە بەرزەکانی یان ئەزموونە دوورودرێژەکەی یان پۆستە بەرزەکانی دەکات، ئەمەیش بۆ ئەوە دەکات تاوەکو بەبەژداربوو بڵێت: (کەواتە من لە تۆ تێگەیشتووترم).

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە بەژداربووەدا ئەم پێشنیارانە دەکەین:
- گاڵتەی پێ مەکە و لە بەها و بایەخیشی کەم مەکەرەوە.
- بە زمانی ڕاستییەکان و ئامار لەگەڵی بدوێ و مەچۆرە ناو لایەنی تیۆرییەوە لەگەڵیدا.
- گومان لەسەر شارەزاییەکانی ئەو دروست مەکە، بەڵکو تەنها باسی شارەزایی خۆت و ئەو شتانە بکە کە لەو بابەتەدا دەیانزانیت.
- بەڵگە بە قسەی ئەو کەسانە بهێنەرەوە کە لەو بوارەدا جێگەی بڕوای خەڵکن.

## 5 قسەبڕ

ئەم کەسە هەمیشە حەز دەکات قسە بە وانەبێژ ببڕێت یاخود قسە لە دەمی بەژداربووەکانی تر بسەنێتەوە و خۆی تەواوی بکات، زۆربەی جاریش مەبەستی ئەوە نییە کە سووکایەتی بە کەسەکە بکات، بەڵکو هەرخۆی ئارام ناگرێت و کەفوکوڵی زۆرە.

**ئاگاداربە**

زۆر بێدەنگبوون لە کاتی قسەکردندا ئەو هەستە لای بەژداربووان دروست دەکات کە تۆ بێزار و زویریت.

چەپەچپ کار

## چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین؟

- باشتر وایە راستەوخۆ بەم کەسە بڵێیت (خالید بەیارمەتیت با بوار بدەین بە ئەحمەد بۆ ئەوەی قسەکانی تەواو بکات) خۆ ئەگەر جارێکی تر ئەو کارەی دووبارە کردەوە تۆیش هەمان داواکاری لێ بکەرەوە.
- خۆ ئەگەر دیسان قسەکەی بە کەسەکە بڕی و بە خێرایی سەرنجەکەی خۆی خستە ڕوو، ئەوە رووی قسەکانت بکەرە ئەو کەسەی کە قسەکەی پێ بردراوە و پێی بڵێ: (ئایا ئەوەی خالید وتی ئەوە بوو کە تۆ دەتویست بیڵێیت؟) جارێك یاخود چەند جارێك بەکارهێنانی ئەم کارە چارەسەری حاڵی قسەبڕەکە دەکات.

تێبینی

بۆ بەژداربووانی ڕوون بکەرەوە کە تۆ ڕێزی یادەوەری و شارەزاییەکانیان دەگریت، ئەگەر وات کرد ئەوە گڕ لە هەست و سۆزیان بەردەدەیت بەرەو بەرزخوازیی و کارکردن.
ستیف ریتشارد

## 6 چپەچپکار



### چی راهێنەر توورە دەکات؟

هیچ شتێك هێندەی ئەوە ڕاهێنەر توورە ناکات کە دوو بەژداربوو لە نێوان خۆیاندا خەریکی چپەچپ کردن بن، بە تایبەتیش ئەگەر زیاد لە جارێك ئەم شتە دووبارە بوویەوە، بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتەش لە خوارەوە هەندێك چارەسەر دەخەینە ڕوو:
- لە چپەکارەکە نزیك ببەرەوە و ڕاستەوخۆ سەیری ناوچاوی بکە.
- یاخود بوەستە و هیچ قسە مەکە، تاوەکو بێدەنگی باڵ دەکێشێت بەسەر هۆڵەکەدا و هەموان تەنها دەنگی ئەو دەبیستن، بەڵکو ئەمە ڕووگیری بکات و واز لەو کارەی بهێنێت.
- پرسیارێك ئاڕاستەی هەمووان بکە و پاشان ڕوو بکەرە بەژداربووە چپەچپ کارەکەو بڵێ (خالید ڕای تۆ لەم بارەیەوە چییە؟) ئەم شێوازە زۆر زۆر بەرامبەر تەنگەتاو دەکات، ئێمە ئامۆژگاری هیچ ڕاهێنەرێك ناکەین پەنای بۆ بەرێت تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە هەموو چارەسەرەکانی تر شکست بهێنن.

## 7 بێدەنگ

ئەو کەسەیە کە لە دواوە دادەنیشێت و هیچ ناڵێت، لەوانەیشە خۆی بە خوێندنەوەوە خەریك بکات و زۆر سەیری ئەملاولا بکات، قاچێکی لەسەر قاچەکەی تری دادەنێت و دوای ماوەیەك دەیان گۆڕێت، کێشەمان لەگەڵ ئەم جۆرەی بەژداربووەدا ئەوەیە کە نازانین کێشەکەی چییە، ئایا ماندووە؟ یاخود بابەتەکەی بەلاوە گرنگ نییە؟ یاخود تێناگات؟ یاخود خەیاڵی بە شتێکی ترەوە مەشغووڵە؟ یان شەرمنە؟ یان شتێکی تری هەیە.

سەرقاڵ

- ئەو چارەسەرەی ئێمە پێشنیاری دەکەین بریتییە لە (پرسیاری کراوە)، شێوازەکەیشی ئەوەیە کەسەکە بە ناوی خۆیەوە بانگ بکەیت و پرسیارێکی گشتی لێ بکەیت کە نەتوانێت وەڵامەکەی بە بەڵێ و نەخێر بداتەوە، بەڵکو پرسیارێکی گشتی بێت، وەکو: ڕات چییە لە بارەی.......................؟ چ ئەزموونێکت هەیە لە ........................؟
- هەروەها هەوڵ بدەیت سوود لەکاتی پشووەکان وەربگریت بۆ ناسینی ئەو کەسە لە نزیکەوە و لەبارەی ئەو بابەتەوە کە باسی دەکەیت بیدوێنە و بزانە ڕای لەسەری چییە.
- ئەوە بزانە کە هیچ چارەسەرێکی سیحری نییە دەستبەجێ حاڵەتەکە چارەسەر بکات، بەڵکو ئارامی لەگەڵ بگرە و بەردەوامبە لە بەکارهێنانی ئەو ڕێگایانەی لەسەرەوە باسمان کرد.

وتوویانە

لە یەکێك لە وانەکاندا، هۆڵەکە زیاد لە هەزار کەسی تێدا بووە، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کە تەنانەت گوێم لە دەنگی یەك مۆبایلیش نەبوو لێ بدات!

د.ابراهیم فەقێ

## 8 سەرقاڵ



ئەم کەسە زۆر دێتە ژووری و دەرواتە دەری و نامەی بۆ دێت، یاخود دەچێتە دەری بۆ ئەوەی وەڵامی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی گرنگ بداتەوە، زۆربەی جار ئەمانە کەسانی بەرپرسی پلە باڵای ئەو شوێنەن کە خولەکەی تێدا ڕێکخراوە، بەڵام بەم کارەی کاتی خۆی دەفەوتێنێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە نە خۆی و نە بەژداربووانی تریش سوود وەرنەگرن لە وانەکە، چارەسەرە پێشنیار کراوەکانیش:

- لە شوێنی کاری ئەو کەسەدا هیچ خولێك مەڵێرەوە.
- هەروەها لە کاتی دەوامی فەرمیدا وانەکان مەڵێرەوە.
- پێشتر کاتی پشووەکان بە بەژداربووان بڵێ و داوایان لێ بکە چوونە دەرەوەو هاتنە ژوورەوە کەم بکەنەوە و ئیشەکانیان دوا بخەن بۆ کاتی پشووەکان.
- ئەگەر پێشتر دەتزانی ئەم جۆرە کێشانە ڕوو دەدەن ئەوە بەر لە دەستکردن بە بابەتەکە قسەی لەگەڵ بکە و داوای لێ بکە وانەکان بخاتە ئەو کاتانەوە کە دەستی بەتاڵ دەبێت (ئیتر خۆی لە پەیامەکەت تێ دەگات).
- بەر لە دەستکردن بە وتارەکەت داوایان لێ بکە مۆبایلەکانیان دابخەن.

# بیرۆکە کەسیەکانت

١- ئەو خاڵانەی لەم بەشەدا پێیان سەرسام بوویت کامانەن:

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

٢- ئەو خاڵانەی دەتەوێت ئەنجامیان بدەیت:

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

Scanned by CamScanner

# بەندی یەکەم

## کۆتایی هێنانو پەرەپێدان



ڕێگای سەرکەوتنی ڕاستەقینە بەو ڕێگایەدا تێپەڕ دەبێت کە ویست هەبێت بۆ گەشەپێدانی بەردەوام.

تونی جیری

- کۆتایی
- پەرەپێدان

Scanned by CamScanner

## 1 کۆتایی هێنان

کاتێك کۆتایی بە قسەکانت دەهێنیت ئاگاداری ئەم خاڵانەی خوارەوەبە:

- بە زەردەخەنە و ئاماژەکردن بە دەست وەڵامی سڵاوی ئامادەبووان بدەرەوە.
- بە لێوی بە خەندە و متمانە بەخۆبوونەوە لە بەردەم بەژداربووواندا بوەستە.
- ئەگەر دوای تۆ کەسێکی تر قسەی دەکرد، ئەوە بە هێواشی برۆ بەرەو ئەو کورسیەی کە بۆت تەرخان کراوە لەسەری دابنیشیت.
- کاتێکیش دانیشتیت لەگەڵ تەنیشتەکەتدا قسە مەکە، چونکە بەژداربووان هێشتا هەر چاویان لەسەرتە.
- با پێتەوە دیار بێت کە ئاگات لای وانەکەیە و خۆت بە هیچەوە خەریك مەکە.
- لە چوونە دەرەوەدا پەلە مەکە.
- کاغەز و شتوومەکەکانت کە لە شوێنی وانەوتنەوەکەدایە کۆ بکەرەوە.
- لەگەڵ بەژداربوواندا قسە بکە و سوپاسیان بکە و ڕا و بۆچوونیان وەربگرەو بواریان بدە بۆ وەڵامدانەوە.
- ئەگەر هەبوو، بڕوانامە و خەڵاتەکان دابەش بکە.
- داوا لە بەژداربووان بکە فۆرمی هەڵسەنگاندنەکە پڕ بکەنەوە.
- خۆت فۆرمەکە کۆ مەکەرەوە، چونکە لەوانەیە ڕووگیر ببن و بە شێوەیەکی زانستیانە فۆرمەکە پڕ نەکەنەوە، بەڵکو داوا لە یەکێك لە یاریدەدەرەکانت بکە ئەوە بکات، یاخود لە سندوق یان شوێنێکی دیاریکراودا دایبنێت.
- هەندێك جاریش دەتوانیت هەڵسەنگاندنێکیان بەسەردا دابەش بکەیت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە تا چی ڕادەیەك لە بابەتەکە تێگەیشتوون.
- سوپاسی خوای مەزن بکە و داوای لێ بکە پاداشتی کارەکەت بە خێر بۆ بنووسێت.



**وتەی بەنرخ**

زۆر «سوپاس»ی بەژداربووەکانت بکە.
دوروثی والترز

## چەند ئامۆژگارییەکی سەرەکی

کاتێك پرسیار لە شارەزاکانی دنیای وتاردان دەکرێت سەبارەت بە گرنگترین ئەو ئامۆژگاریبیانەی هەیانە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت شێوازی وتاردانیان پەرەپێ بدەن، وەڵامەکانیان جۆراو جۆر دەبن، لە خوارەوە هەندێك لەو ئامۆژگارییانەت بۆ دەخەینە ڕوو:

- من هەوڵ نادەم بۆ باشکردنی بەشە باشەکانی وتارەکەم، بەڵام چەندین کاتژمێر بە دیار باشترکردنی بەشە لاوازەکانی وتارەکەمەوە بەسەر دەبەم.

کورنیلا سکیز

- کەسێکی سروشتی و دەستپاك و سەرڕاست و بێ پێچ و پەناو ڕاستگۆبە، لە دڵەوە قسەکانت بکە و لاسایی هیچ کەسیش مەکەرەوە.

راسل سپنس

- لە ڕیزەکانی پێشەوە بگەڕێ بە دوای یەك یان دوو یان سێ کەسدا کە بە باشی دەیان ناسیت و بەشێك لە قسەکانت بە دەم سەیرکردنی ئەوانەوە بکە، چونکە ئەم شێوازە کۆسپ و لەمپەری نێوان تۆو بەژداربووان ناهێڵێت و جووڵەی چاوەکانیشت باشتر دەکات.

دیڤید وینز

- بە خێرایی قسە مەکە.

هاری فرانك

- وتارەکەت مەخوێنەرەوە و بە باشی مەشقی لەسەر بکە.

دین أکسل

- بە باشی بەژداربووەکانت بناسە و بە باشی لە بابەتەکەیشت شارەزابە، پاشان سووربە لەسەر ئەوەی کە سەیری ناوچاویان بکەیت و لەکاتی وتارداندا قسەیان لەگەڵدا بکەیت.

روبرت بریتان

### زانیاری

ئەوەی کەسانی پیشەگەر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە هەمیشە داوای پاڵپشتی دەکەن، داوای کات و کۆمەك و ڕێنمایی و ئاراستەکردن دەکەن.

جاك کانیفل



Scanned by CamScanner

## 9 خەوتوو

لە بەکێك لە وانەکاندا هەندێك کەسم بینی چاوەکانیان وردە وردە دادەخران، کێ دەزانێت لەوانەیە خەویشیان لێکەوتبێت. بۆیە پێم وتن: دەزانم هەندێك کەس هەیە دەیەوێت پرسیار بکات بەڵام شەرم دەکات لەوەی دەست بەرز بکاتەوە! بۆیە لە نێوان خۆماندا لەسەر ئاماژەیەك رێك دەکەوین کە بریتییە لە چاونوقاندن، جا هەر کەس ببینم چاوی نوقاندووە ئەوە دەزانم کە پرسیاری هەیەو داوای لێ دەکەم قسە بکات. کاتێك ئەمەم وت بینیم لە ژێرەوە زەردەخەنەیان دەکرد و پێ دەکەنین، هەموویان زانیان کە لە ئێستا بە دواوە ئیتر کەس چاوی داناخات.
ماکولاف

### بیرۆکە

چێژ لەو ساتانەت وەربگرە کە لەسەر شانۆی وتاردانیت، چونکە ئەگەر تۆ چێژی لێ وەربگریت ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەوانیش تام و چێژی لێ وەردەگرن.
تۆنی واڵکەر.

خۆی لە بنەڕەتدا نابێت هیچ کەسێك نوستبێت کاتێك وتار دەدەیت، بۆ ئەوەی ئەمە ڕوو نەدات ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکە:
- یا گفتوگۆی بەردەوامت لەگەڵ بەژداربووواندا هەبێت.
- یاخود هۆکاری ڕوونکاری جۆراوجۆر بەکار بهێنە.
- بەردەوام گۆڕانکاری لە دەنگتدا بکە.
- هەر ٧ خولەك جارێك شێوازی قسەکردنت بگۆڕە (گفتوگۆ، هۆکاری راهێنان، وتاردان، راهێنان، وتاردان، .....).
- قسەی خۆش یاخود شێوازی چیرۆك گێڕانەوە بەکار بهێنە، چونکە سەرنجی بەژداربوو زیاتر رادەکێشێت.
- دەتوانیت بە بەرزکردنەوەی لە ناکاوی دەنگت یاخود ناوهێنان، کەسە خەوتووەکە بەئاگا بهێنیتەوە، یاخود لەکاتی تێپەڕبوونت بەلایدا بە هێواشی دەستێك بەسەرشانیدا بهێنە.
- ئەگەر هەموو ئەم شێوازانە سوودیان نەبوو، ئەوە وازی لێ بهێنە با بۆخۆی بنوێت و خۆتی پێوە خەریك مەکە، چونکە لەوانەیە زۆر شەکەت و ماندووبێت.





Scanned by CamScanner

٣- ئەو خاڵانەی دەتەوێت گۆڕانکارییان تێدا بکەیت (یان شتی بۆ زیاد بکەیت):

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

٤- ئەو بیرۆکە کردارییانەی لەم بەشەوە فێریان بویت:

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

Scanned by CamScanner

Performance Evaluation

# دەروازەی
# شەشەم
## «هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەشکردنی وتار»


| | |
|---|---|
| هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەشکردنی وتار | ٢١٠ |
| کۆتایی هێنان و پەرەپێدان | ٢١١ |
| هەندێك گرفتو هەڵەی باو | ٢١٦ |
| وتارێك بدە و هەڵی بسەنگێنە | ٢٢٣ |
| هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی وتارەکە | ٢٣٠ |
| چەند نموونەیەك لەسەر ئامادەکردنی وتار | ٢٤٧ |




Scanned by CamScanner

## 1 هەندێك گرفتی باو

| گرفت | چارەسەر |
|---|---|
| قسەکەرەکەی پێش تۆ نیوەی ئەو شتانەی وتووە کە تۆ دەتەوێت بیڵێیت | - ئەوەی وتراوە تۆ دووبارەی مەکەرەوە.<br>- قسەکانت کورت بکەرەوە.<br>- ئاماژە بۆ ئەو شتانە بکە کە وتراون. |
| قسەکەرەکەی پێش تۆ زیاد لە کاتی خۆی قسەی کردووە | - کورت بڕی بکە.<br>- بە خێرایی بچۆرە سەر کۆتایی |
| یەکێك لە بەژداربووان پرسیارێکی لێ کردیت و وەڵامەکەییت نەزانی | - بڵێ نازانم.<br>- دەتوانیت بەڵێنی پێ بدەیت کە بەدوای وەڵامەکەدا بگەڕێیت و بۆی بهێنیتەوە.<br>- ئەگەر دەزانیت بەڵێنەکەت نابەیتە سەر ئەوە بەڵێنی پێ مەدە. |
| لە هۆڵەکەدا دەنگە دەنگێکی زۆر هەیە | - هەوڵ بدە دەنگە دەنگەکە ڕابگریت.<br>- هەوڵ بدە دەنگی مایکرۆفۆنە زیاد بکەیت.<br>- ئەگەر نەتتوانی ئەوە بکەیت ئەوە بە بەژداربووان بڵێ کە دەنگە دەنگەکە زۆرە وە دەنگت بەرز بکەرەوە و بەردەوامبە لەسەر قسەکانت. |
| کەمێك بەر لە کاتی وتارەکەت بابەتەکە گۆڕدرا (هەندێك جار بەهۆی هۆکاری ناکاو یان ڕووداوێکی گرنگەوە دەگۆڕێت) | - مەشڵەژێ.<br>- دەستبەجێ هەستە بە نووسینی هێڵە گشتیو لاوەکییەکانی وتارە نوێیەکەت.<br>- ئەگەر بەژداربووەکان نەیان دەزانی بابەتە سەرەکییەکە چی بووە ئەوە پێیان مەڵێ کە گۆڕاوە.<br>- خۆ ئەگەر دەیانزانی ئەوە بە کورتی پێیان بڵێ کە بابەتەکە گۆڕاوە و ئینجا بچۆرە سەر وتارەکەت. |
| زمانت تێکەڵ دەبوو یان لە کاتی قسەکانتدا بە هەڵە قسەت دەکرد | - پۆزش مەهێنەرەوە.<br>- هەڵەکە ڕاست بکەرەوە و بەردەوام بە. |
| سەرسمت دا یاخود کەوتیت | - بە خێرایی هەستەرەوە.<br>- پێبکەنە یان زەردەخەنە بکە. |

**وتەی بەنرخ**

لەوانەیە هەندێك هەڵە ببنە هۆی گەیشتنت بە لوتکە.

کۆتایی هێنان

- باشترین ئامۆژگاری کامەیە؟ ئەوەیە کە بە باشی مەشق بکەیت.

مارشا لیندسای

- لە وتارەکەت تێبگە و لەبەری مەکە.

الفرد بوت

- ئەو شتانە بۆ خەڵك باس مەکە کە دەیزانن، بەڵکو ئەو شتانەیان پێ بڵێ کە نایزانن.

روبرت میلبورن

- بەژداربووەکانت بناسە.
١- ئامادەیی دەروونیان (میزاجیان).
٢- زانیاریان چەندە.
٣- پاشخانی رۆشنبیریان.
٤- پاشان حەزی زانینی شتی زیاتریان تێدا بوروژێنە.

کارل ویجل

- ئەم ئامۆژگارییەشمان لە بڵاوکراوەی (مؤلفوا الخطب)دا بینی: ئەگەر جارێکی تر بگەڕامایەتەوە بۆ زانکۆ ئەوە کۆبیرم دەخستە سەر دوو شت، یەکەمیان (هونەری نووسین) و دووەمیشیان (هونەری وتاردان)، چونکە لە ژیاندا هیچ شتێك لە هەبوونی توانای پەیوەندیکردن بە خەڵکەوە گرنگتر نییە.

فۆردی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا.

- هەمیشە لە یادت بێت کە تۆ زاڵ و باڵادەستیت.

تونی جبری

## وتوویانە

چاوم بە زۆر کەسی وا کەوتووە کە لە من زیرەکتر بوون و زانیارییەکانیشیان لە بواری ئۆتۆمبیلناسیدا دیسانەوە لە من زیاتر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیومە پێشیان بدەمەوە، نەك لەبەر ئەوەی من باڵادەست تر و بەهێزتر بووم، بەڵکو بەهۆی توانای قسەکردنمەوە بووە بە شێوەیەکی ڕوون و ساکار.

اياكوكا. رئيس كرايسلر

## ئاگاداربە

ئازارەکانی سەر ڕێی پەرەپێدان زۆرو ماندووکەرن، چونکە کات و هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت.

هارفی مکای



Scanned by CamScanner

## 2 پەرەپێدان

بۆ ئەوەی بەردەوام تواناکانی خۆت پەرە پێبدەیت ئامۆژگاریت دەکەین بەم خاڵانەی خوارەوە:

- سوود لە فۆرمی هەڵسەنگاندنەکان وەربگرە بۆ باشترکردنی ئاستی وتاردانی داهاتووت.
- لە وتارەکانی داهاتووتدا هەمان هەڵەی وتارەکانی پێشووت دووبارە مەکەرەوە.
- هۆکاری ڕاهێنانی نوێ بەکار بهێنە.
- بەردەوام ئەو هۆکارانەی بۆ ڕوونکردنەوە و پێشکەشکردنی بابەتەکەت بەکاریان دەهێنیت باشتریان بکە و پەرەیان پێ بدە.
- ڕێگە و شێوازی داهێنەرانە بەکار بهێنە، بۆ ئەوەی هەمیشە شتی نوێ پێشکەش بکەیت.
- کاتێک فۆرمی هەڵسەنگاندنەکان دەخوێنیتەوە لە یادت بێت کە (کرپار هەمیشە لەسەر حەقە).
- لە ڕێکخراوەکانی ڕاهێنان یان وتارداندا ببە بە ئەندام.
- تەماشای وتاری وتاربێژە سەرکەوتووەکان بکە و شێوازی وتاردانیان شیتەڵ بکەرەوە و سوودیان لێ وەربگرە.
- بەژداری ساڵانە بکە لە گۆڤارەکانی تایبەت بە بواری ڕاهێنان و وتاربێژیی و بۆ ئەم مەبەستەیش سوود لە ئینتەرنێت وەربگرە.
- چەند جارێك ئەم پەڕاوە بخوێنەرەوە!!
- بە بەردەوامی ڕاهێنان بکە... ڕاهێنان بکە... ڕاهێنان بکە!
- هەمیشە داوای سەرکەوتن لە خوا بکە.

### ئایا دەزانیت

کێشەی گەورەی زۆربەی خەڵك ئەوەیە کە پێداهەڵدانی وێرانکەریان لە ڕەخنەی بنیاتنەر بە لاوە باشترە.

تونی جیری






Scanned by CamScanner

# بەندی دووەم

## هەندێك گرفت و هەڵەی باو



هەموو کەسێك هەڵە دەکات و
باشترینی هەڵەکارانیش
ئەوانەن کە وازی لێ دەهێنن.

ترمزی و ئیبنوماجە ئیخراجیان کردووە

- هەندێك گرفتی باو.
- هەندێك هەڵەی باو.
- خاڵە لاوازەکانی وتاربێژ.
- هەڵەکانی مامەڵەکردنی وتاربێژ لەگەڵ بەژداربووانی ئافرەتدا.

Scanned by CamScanner

## هەندێك گرفتی باو

| گرفت | چارەسەر |
|---|---|
| هەندێك لە بەژداربووان خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەكردیت، یاخود سەرەڕای ئەوەی هەوڵت لەگەڵدا داون كەچی هەر ئاگایان لەلات نەبوو | - جیهان پڕیەتی لە خەڵكی خراپ یان پوچگەرا یان سەرقاڵ، لەبەر ئەوە بێزار مەبە.<br>- سەرەڕای ئەوەی كە بێزارن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابنە هۆی پەككەستنی وتارەكەت.<br>- ئەگەر نەتتوانی پشتگوێیان بخەیت ئەوە پەنا بەرە بۆ ڕێكخەرانی خولەكە (لە ڕێگەی بێدەنگبوونت یان سەیركردنیان).<br>- هەندێك جار هەر خودی بێدەنگی كێشەكە چارەسەر دەكات.<br>- ئەگەر سوكایەتییەكە دووبارە بوویەوە ئەوە (بە ڕاشكاوی) داوا لە ڕێكخەرانی خولەكە بكە هەستن بە چارەسەركردنی كێشەكە. |
| هەندێك لە بەژداربووان خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەكردیت، یاخود سەرەڕای ئەوەی هەوڵت لەگەڵدا داون كەچی هەر ئاگایان لە لات نەبوو | - شین بۆ ڕابردوو مەكە و خۆت بۆ داهاتوو ئامادە بكە.<br>- خۆت بەراورد مەكە بە باشترینی وتاربێژەكان، بەڵكو خۆت بە ڕابردووی خۆت بەراورد بكە.<br>- بزانە گرنگ هەڵسەنگاندنی بەژداربووانە بۆ تۆ، نەك هەڵسەنگاندنی خۆت بۆ خۆت.<br>- بەردەوام برەو بە تواناكانی خۆت بدە. |

### وتوویانە

هەندێك جار پەیوەندیكردن لەگەڵ بەژداربوواندا شكست دەهێنێت بە هۆی خراپ تێگەیشتن لە دەستەواژە و ڕێنماییەكانەوە، بۆیە هەمیشە زاراوەو دەربڕینی باو و بڵاو بەكار بهێنە.

ڤیڤیان بوكان



## 2 هەندێك هەڵەی باو

| گرفت | چارەسەر |
| --- | --- |
| کات بەش ناکات | - هەوڵ مەدە هەموو ئەو شتانەی ئامادەت کردوون بیانڵێیت، بەڵکو تەنها شتە گرنگەکان باس بکە.<br>- بۆ پێشکەشکردنی وتارەکەت پشت بە کاغەزی نووسراو مەبەستە.<br>- خۆت وا ئامادە بکە بۆ وتارەکەت کە لە کۆتاییدا ماوەیەك بمێنێتەوە و هەموو کاتەکە بۆ قسەکردن تەرخان مەکە.<br>- مەشق و ڕاهێنان لەسەر پابەندبوون بە کاتەوە بکە. |
| وەڵامدانەوەی پرسیار بە هەڵە (دوای ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت دایەوە بۆت دەرکەوت کە باش لە پرسیارەکە تێنەگەیشتوویت) | - پرسیارەکە دووبارە بکەرەوە و «ئەگەر گومانت هەبوو لە تێگەیشتنت» دڵنیابە لەوەی کە لە پرسیارەکە تێگەیشتوویت بەر لەوەی وەڵامی بدەیتەوە.<br>- بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەیتەوە داوا لە پرسیارکەرەکە بکە پرسیارەکە دووبارە بکاتەوە. |
| ئاڵۆزیی و گرانی (بابەتەکە ئاڵۆز و قورسە) | - یەکەم جار زاراوەکان ڕوون بکەرەوە و دڵنیابە لەوەی لێی تێگەیشتوون.<br>- هەوڵ مەدە باسی هەموو بابەتەکە بکەیت.<br>- نموونە و بەڵگەی زۆر بهێنەرەوە و هۆکاری زۆری ڕوونکاری بەکار بهێنە. |
| قسەکردن بۆ کۆمەڵێکی تایبەت (نموونە و بەڵگەکان لەگەڵ هەندێك لەبەژداربووان نەك هەموویاندا دەگونجێت) | - بەر لە دەستکردن بە قسەکانت بزانە بەژداربووانت کێن.<br>- دوای پێشەکی لێیان بپرسە کە ئاخۆ پێیان خۆشە بایەخی تایبەتی بدەیت بە هەندێك لایەنی تایبەت.<br>- با نموونە و بەڵگەکانت جۆراوجۆربن. |
| نازانی بەژداربووەکانت کێن (وتارەکەت بەو جۆرە پێشکەش بکە کە ئامادەت کردووە گوێ مەدە بەوەی بەژداربووانت کێن) | - پێشتر پرسیار لە ڕێکخەرانی خول یان وتارەکەت بکە.<br>- بەر لە دەستپێکردن پرسیاریان لێ بکە.<br>- لە هۆڵی وانە وتنەوەکە ئامادەبە، بۆ ئەوەی لەگەڵ بەژداربوواندا تێکەڵ ببیت و لە نزیکەوە بیان ناسیت.<br>- ماوەیەك دابنێ بۆ یەکترناسین.<br>- پرسیار لە بەژداربووان بکە بۆچی ئامادەبوون؟ |



**تێبینی**

هەرگیز شەرم مەکە لەوەی بڵێیت: نازانم، داوای کاتێکی زیاتر بکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی ئاراستەت دەکرێت.

هەندێک هەڵەی باو

| گرفت | چارەسەر |
|---|---|
| کەم تەمەنی (قسەکەرەکە ڕاڕایە لەبەر ئەوەی تەمەنی لە زۆربەی بەژداربووان کەمترە) | - بە باشی بابەتەکەت ئامادە بکە و لێی تێ بگە.<br>- متمانەت بە خۆت هەبێت.<br>- سوود لە شارەزاییەکانی ئەوان وەربگرە. بەوەی کە داوایان لێبکەیت باسی شارەزاییەکانی خۆیان بکەن.<br>- بۆ هەر خاڵێکی سەرەکی یان لاوەکی کە باسی دەکەیت نموونە یان بەڵگەیەک بهێنەرەوە.<br>- کۆبیر بخەرە سەر گرنگترین خاڵەکانی ناو ئامارەکە. |
| نوقوم بوون لە ناو وردەکاریدا (ژمارە و زانیاری ورد و زۆر) | - تەرکیز بخەرە سەر خاڵە گرنگەکان.<br>- تەنها یەك ئامار یان نموونەیەك بخەرەڕوو لەسەر خاڵێکی سەرەکی یان لاوەکی.<br>- تەرکیز بخەرە سەر گرنگترین خاڵەکانی ناو ئامارەکە. |
| بابەتەکە جێی بایەخی بەژداربووان نییە | - ڕازی مەبە هەموو جۆرە قسەیەك بۆ هەموو جۆرێك لە خەڵکی بکەیت.<br>- بەژداربووەکانت بناسە.<br>- قسەکانت بەو جۆرە دابڕێژە کە جێی بایەخی بەژداربووانە. |
| خوێندنەوە (خوێندنەوەی ئەو بابەتەی کە لەسەر کاغەز نووسراوەتەوە یان ئەوەی لە سەر هۆکاری ڕوونکاری نووسراون) | - تەنها سەرە بابەتەکان بنووسە.<br>- یاسای ٥×٥ بەکار بهێنە (تەماشای بەندی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە بکە).<br>- زانیارییەکان بە بێ پشتبەستن بە کاغەز بخەرە ڕوو.<br>- هەوڵ بدە زانیارییەکان لە بەژداربووان دەربهێنیت لە ڕێگەی پرسیار و تەکنیکەکانی ترەوە. |
| ڕاهێنان نەکردن لەسەر بابەتەکە (بابەتەکە بۆ چاو نووسراوە نەك بۆ گوێ) | - لە بەردەم خێزانەکەتدا پێشکەشی بکە.<br>- لە ڕیکۆردەرێکدا تۆماری بکە.<br>- بە بێ کاغەز قسە بکە. |

**ئاگاداربە**

برینەکانی زمان سارێژبوونی هەیە، بەڵام ئەوەی زمان برینداری دەکات سارێژ نابێتەوە.





Scanned by CamScanner

## 3 خاڵە لاوازەکانی وتاربێژ



- گاڵتە و قسەی خۆش نەکردن
- سەرنجی یەکەمی نەرێنی
- باش خۆ ئامادەنەکردن
- دیاری نەکردنی ئامانجەکان
- بەشداری پێ نەکردنی ئامادەبووان
- بابەت و هۆکاری ڕاهێنانی ماندووکەر
- بەکارهێنانی هۆکاری ڕوونکاری خراپ و نەگونجاو
- درێژەدان بە باسکردنی خاڵێکی دیاریکراو
- بێ توانایی‌و نەبوونی جۆش و خرۆش
- لاوازی پەیوەندیکردن بەچاو
- کۆتاییەکی لاواز
- لاوازی دەربڕینەکانی ڕووخسار

لە پەڕاوی (الالقاء و زیادە)ی دیڤید پیوپلزەوە وەرگیراوە

**ئاگاداربە**

با توانای ئەوەت هەبێت ڕەخنە لە خۆت بگریت‌و ڕەخنە و ئامۆژگاری کەسانی تریش بە سنگێکی فراوانەوە وەربگریت.



Scanned by CamScanner

## 4 هەڵەکانی مامەڵەکردنی وتاربێژ لەگەڵ بەژداربووانی ئافرەتدا

ئەو بنەمایانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن بە شێوەیەکی گشتی بۆ قسەکردن لەگەڵ هەموو بەژداربوویەکدا دەگونجێت. بەڵام ئەگەر هاتوو بەژداربووان هەموو یان زۆربەیان ئافرەت بوون ئەوە پێویستە ئاگاداری هەندێك شت بین کە تایبەتن بە ئافرەتانەوە. لە گرنگترین ئەو خاڵانەیش:

- ئەگەر ئافرەت لە سەرەوە بۆ خوارەوە سەری لەقاند ئەوە مانای وانیە کە (من ڕازیم بەوەی دەیڵێیت)، بەڵکو مانای ئەوەیە کە (من تێگەیشتووم).
- ئافرەت زیاتر لە پیاو هێنانەوەی نموونەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بە لاوە گرنگە.
- وریابە لە قسەکانتدا تەنها وشەی پیاو بەکار نەهێنیت، بەڵکو وشەی ئافرەتیش بەکار بهێنە.
- ئاگاداری ئەو وشە یان نوکتە یان نموونانەبە کە لەوانەیە ئافرەت پێی دڵگران بێت.
- زیاد لە پێویست قسەکانت سادە مەکەرەوە، چونکە ئافرەت وەك بە سووك سەیرکردنی عەقڵی خۆی بۆی دەڕوانێت.
- بەڵگە و نموونە بە ئافرەتە مەزن و پێشەنگەکان بهێنەرەوە.
- گاڵتە بە تواناکانی ئافرەت مەکە (بۆ نموونە: گاڵتە کردن بە شۆفێریکردنی ئافرەتان).
- ئەو نموونانە مەهێنەرەوە کە ئاماژەن بۆ بایەخدانی ئافرەت بە شکڵ و شێوەی (جلوبەرگ، میکیاج کردن، ....) چونکە ئەمە وا دێتە پێش چاو کە لە توانا و عەقڵی کەم دەکەیتەوە.
- دەستەواژەی ئەی «کچان» یان «هاوسەران» بەکار مەهێنە، بەڵکو دەستەواژەی گونجاو بەکار بهێنە وەك: خانمان، خوشکان......
- ئاگاداری بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەبە کە ئافرەتان گۆشەگیر دەکات وەك (پیاوانی خاوەن کار) بەڵکو بڵێ: (پیاوان و ژنانی خاوەن کار).



**لە یادت بێت**

هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت کە بەژداربووان چاوەڕێی ئەوەت لێ دەکەن تۆ بە گوێرەی سروشت و دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەو شتانە قسەیان بۆ بکەیت کە بەلای ئەوانەوە جێی بایەخە.



Scanned by CamScanner

# بەندی سێیەم

## وتارێك بدەو پاشان هەڵی بسەنگێنە



پێغەمبەر «دروودی خوای لەسەر بێت» فەرموویەتی:
ان من البیان لسحرا.
بوخاری گێڕاویەتیەوە
واتە: زمان پاراوی‌و ڕەوانبێژی کاریگەریی‌و سەراسیمەی خۆیی هەیە.

- مەشقکردن لەسەر وتاردان.
- هەڵسەنگاندن‌و شیکارکردنی هەڵسەنگاندنەکە.
- نموونەیەکی فۆرمی هەڵسەنگاندنی وانەبێژ.
- نموونەیەکی فۆرمی هەڵسەنگاندنی گشتی.
- شیکارکردنی هەڵسەنگاندن.

Scanned by CamScanner

مەشق لەسەر وتاردان

## 1 مەشق لەسەر وتاردان

١- بابەتێك بۆ وتنەوە هەڵبژێرە لە سنوری ١٠ بۆ ١٥ خولەکدابێت (بە کاتی بەڕێوەبردنی گفتوگۆ و پرسیارەکانیشەوە).
٢- بە باشیو بە بەکارهێنانی شێوازی 5P·S بابەتەکەت ئامادە بکە.
٣- هەتا بۆت دەکرێت هۆکارەکانی ڕوونکاری ئامادە بکە، ئەگەر دەکرا ئامێر و کۆمپیوتەر و فلیپ چارت یان وایت بۆرد بەکار بهێنە.
٤- داوا لە ٤ بۆ ٥ لە هاوڕێیانت بکە کە گوێت بۆ بگرنو دواتر هەڵت بسەنگێنن.
٥- نموونەی هەڵسەنگاندنی وانەبێژ و هەڵسەنگاندنی گشتی بەکار بهێنە، کە لەم پەڕاوەدا باسمان کردووە.
٦- بە جددییەوە مامەڵە لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکەدا بکە.
٧- دوای ئەوەی دەستت پێکرد ڕامەوەستە، چونکە کاتت لەسەر حسابە (داوا لە یەکێك لە هاوڕێکانت بکە کاتت بۆ ڕابگرێت، کاتژمێرێك لەبەر دەمتدا دابنێ).
٨- دەتوانیت لە کاتی قسەکردندا بوار بدەیت بە پرسیارە ئاسانەکان، یان داوایان لێبکەیت هەموو پرسیارەکانیان هەڵگرن بۆ کۆتایی قسەکانت.
٩- داوایان لێ بکە خۆشڕوویی (موجامەلە) نەکەن لە هەڵسەنگاندنەکەیاندا، چونکە ئامانجی هەڵسەنگاندنەکە ڕەخنەگرتن نییە لە تۆ بەڵکو یارمەتیدانتە بۆ باشترکردنی تواناکانت.
١٠- ناوبەناو ئەم مەشقە دووبارە بکەرەوە، بۆ ئەوەی بەردەوام برەو بە تواناکانت بدەیت.

خوات لەگەڵ بێت و داواکارین لێی سەرکەوتووت بکات.



**بیرۆکە**

مەشقکردن لەسەر وتاردان لاوازی نییە، بەڵکو نیشانەی بایەخدانی وتاربێژە بە ئامادەبووانی وتارەکەیو سووربوونیەتی لەسەر سەرکەوتنی لە کارەکەیدا.



Scanned by CamScanner

## 2 هەڵسەنگاندن و شیکارکردنی

داواکردن لە بەژداربووان بۆ ئەوەی هەڵت بسەنگێنن شتێکی زۆر بەسوودەو بە بەردەوامی یارمەتیت دەدات لە باشترکردنی توانای وتاردانتدا. لەبەر ئەوە سووربە لەسەری، دواتر شیکاری بکە، بۆ زانینی خاڵە لاوازەکان و چارەسەرکردنیان و زانینی خاڵە بەهێزەکان و پەرەپێدانیان. هەرگیز لەگەڵ خاڵە لاوازەکاندا شێوازی پاساوهێنانە پەیڕەو مەکە (ئەوان لێم تێنەگەیشتوون، هۆکارگەلێک هەیە بۆیە تێنەگەیشتوون ...) چونکە ئەم پاساو هێنانەوەیە هێندەی زیانت پێ دەگەیەنێت ئەوەندە سوودت پێ ناگەیەنێت.

**هەڵسەنگاندنیش جۆری زۆرە و لە خوارەوە هەندێك ئامۆژگاری گشتی و تایبەت بە ئامادەکردنی هەڵسەنگاندن دەخەینە بەردەستتان:**

### ئاگاداربە

تێبینیەکانی خەڵك لەسەر ئاستی پێشکەشکردنی وتارەکەت زۆر زۆر گرنگن بۆ باشکردن و پوخت و پاڵفتەکردنی تواناکانت.

### هەندێك ئامۆژگاری بۆ ئامادەکردنی هەڵسەنگاندن

- با وەڵامەکان تەنها ژمارە نەبن، بەڵکو لە خواری فۆرمەکەوە بوارێکیش بۆ نووسین بەجێ بهێڵە.
- با پرسیارەکان روون و راستەوخۆ بن.
- پرسیاری زۆر مەکە، چونکە خەڵك لە هەڵسەنگاندن بێزارو وەڕسن.
- با وەڵامدانەوەی پرسیار و زانیارییە کەسیەکان سەرپشکانە بێت، بۆ ئەوەی بە ئازادی خۆیان وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.
- ئەگەر خولەکە چەند رۆژێك بوو، ئەوە ئەگەر بە زارەکیش بووە سووربە لەسەر ئەوەی لە کۆتایی هەموو رۆژێکدا بەژداربووان ئاستی خولەکە و خۆیشت هەڵسەنگێنن بە ئامانجی باشترکردنی تواناکانت.
- با هەڵسەنگاندنەکە بە ئاسانی بخوێنرێتەوە و وەڵامی بدرێتەوە و کۆبیربخەرە سەر بابەتە گرنگەکان و، پێویست ناکات هەموو شتێکی تێدا باس بکەیت.



Scanned by CamScanner

## 3 نموونەیەکی هەڵسەنگاندنی وانەبێژ

ناوی وانەبێژ:

ناوی وانەکە:

ناوی بەژداربوو (سەرپشکانەیە):

تکایە بەو جۆرەی لە خوارەوە دیاریکراوە لە بەرامبەر هەر بڕگەیەکدا ژمارەیەك دابنێ:

١ لاواز ٢ پەسەند ٣ باش ٤ زۆرباش ٥ ناياب

| بڕگە | خاڵەکان | نمرە | تێبینیەکان |
|---|---|---|---|
| یەکەم: پلاندانان | ١- ڕادەی لێهاتویی لە بابەتەکە و متمانە بەخۆبوون. | | |
| | ٢- ڕادەی ڕێك و پێکی و پەیوەندی نێوان بەشەکانی وتارەکە. | | |
| | ٣- ئامانجی روون و هەڵبژاردنی بابەتەکە بە باشی. | | |
| | ٤- گونجاوی قسەکان لەگەڵ بەژداربووواندا. | | |
| دووەم: ئامادەکاری | ١- سوود وەرگرتن لەو شتانەی لە شوێنی وتارەکەدا دابین کراون. | | |
| | ٢- هۆکاری ڕوونکاری زۆر. | | |
| | ٣- هۆکارەکانی ڕوونکاری بە باشی ئامادەکراون. | | |
| | ٤- هۆکارەکانی ڕوونکاری جۆراو جۆرن. | | |
| | ٥- وانەبێژ بە باشی مامەڵەی لەگەڵ هۆکارەکانی ڕوونکردنەوەدا کردووە. | | |

**وتوویانە**

«کراوم بە دەسەڵاتدارتانو باشتریتان نیم، جا ئەگەر باشم کرد ئەوە پشتگیریم بکەنو خراپیشم کرد ئەوە راستم بکەنەوە»
ئەبو بەکری صدیق - بەشێك لە وتاری بوون بەجێنشین.



Scanned by CamScanner

نموونەیەکی هەڵسەنگاندنی وانەبێژ

| برگە | خاڵەکان | نمرە | تێبینییەکان |
|---|---|---|---|
| سێیەم: ریزبەندی لە قسەکاندا | ١- پێشەکییەکە بەهێز و ڕوون بوو.<br>٢- خاڵە سەرەکیو لاوەکییەکان ڕوون بوون.<br>٣- بەڵگەی زۆری تێدا بەکارهێنراوە.<br>٤- زانیارییەکان تازە و بەسوود و ڕەزامەندی بەخش بوون.<br>٥- کۆتایی وتارەکەیش بەهێزو ڕوونو کاریگەربوو. | | |
| چوارەم: وتاربێژ | ١- شکڵ و شێوەی شیاو بوو.<br>٢- وەستان و ڕۆشتنەکان کاریگەر بوون.<br>٣- جووڵەی دەستەکان گونجاو و کاریگەر بوون.<br>٤- دەربڕینەکانی ڕوخسار گونجاوو کاریگەربوون.<br>٥- ڕوانینەکانی چاو بە باشی دابەش کرابوو.<br>٦- ئاستی دەنگ و دەربڕینەکانی کاریگەر بوو.<br>٧- وەستانەکانی نێوان وشە و ڕستەکان ڕاستبوون.<br>٨- زەردەخەنە و قسەی خۆش.<br>٩- زمانی بەکارهێنراو ساکار و گونجاو بوو ڕستەکانیش کورت بوون.<br>١٠- ڕۆشتن لە خاڵێکی سەرەکیەوە بۆ خاڵێکی تر کاریگەر بوو. | | |
| پێنجەم: هەڵسەنگاندنی وتارەکە و کۆتایی | ١- پابەندبوون بە کاتەوە باش بوو.<br>٢- بەژداربووان بەردەوام ئاگایان لای بابەتەکە بوو بەژدارییان تێدا دەکرد.<br>٣- پرسیار و گفتوگۆکان بە شێوەیەکی چالاکانە بەڕێوە دەبران.<br>٤- گوێگرتنی وانەبێژ لە بەژداربووان.<br>٥- مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و قسە پێ بڕین و بێزارکردنەکان. | | |

**بەڵگە**

پێغەمبەر «درووودی خوای لەسەربێت» فەرمویەتی: ئێوە شایەتەکانی خوان لە زەویدا.

بوخاری و موسلیم لەسەری یەکدەنگن



Scanned by CamScanner

## 4 نموونەی هەڵسەنگاندنێکی گشتی

ناوی خولەکە
ناوی وانەبێژ
ناوی بەژداربوو (سەرپشکانەیە)
کۆمپانیا/ لایەنی سەرپەرشتیار
تکایە نیشانەی ( ✓ ) لەو چوارگۆشەیەدا دانێ کە لەگەڵ بۆچوون و قەناعەتی تۆدا دەگونجێت:

| لایەنی ڕێکخستن و کارگێڕی خولەکە | لاواز | ناوەند | باش | زۆرباش | نایاب |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- مێژووی ئەنجامدانی خولەکە | | | | | |
| ٢- ماوەی جێبەجێکردنی خولەکە | | | | | |
| ٣- ژمارەی کاتژمێرەکانی ڕاهێنان لە ڕۆژێکدا | | | | | |
| ٤- هۆڵی ڕاهێنان (فراوانی/ ڕووناکی) | | | | | |
| ٥- خزمەتگوزاری خواردن | | | | | |
| ٦- پشووەکان | | | | | |
| ٧- چوونیەکیی ئاستی ڕاهێنراوان لە ڕووی زانستیەوە | | | | | |
| ٨- هۆکارەکانی نمایشکردنی ڕاهێنانەکە | | | | | |
| ٩- لایەنی زانستی بابەتی خولەکە | | | | | |
| **ناوەڕۆکی زانستی و ئامانجەکان** | **لاواز** | **ناوەند** | **باش** | **زۆرباش** | **نایاب** |
| ١- گونجانی ئامانجەکانی خولەکە لەگەڵ پێویستیەکانی تۆدا. | | | | | |
| ٢- ناوەڕۆکی زانستیی خولەکە | | | | | |
| **شێوازەکانی ڕاهێنان کە لەخولەکەدا بەکارهاتوون** | **لاواز** | **ناوەند** | **باش** | **زۆرباش** | **نایاب** |
| ١- ئەو شێوازانەی ڕاهێنان کە بەکار هاتوون | | | | | |
| ٢- هاوسەنگی کردن لە نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیکیدا | | | | | |
| ٣- بەکارهێنانی هۆکارە ڕوونکارییەکان لە ڕاهێنانەکەدا. | | | | | |
| **ڕاهێنەر (وانەبێژ)** | **لاواز** | **ناوەند** | **باش** | **زۆرباش** | **نایاب** |
| ١- پابەندبوون بەکاتی دیاریکراوی وانەکەوە. | | | | | |
| ٢- شارەزای ئەو بابەتەبوو کە پێشکەشی دەکرد. | | | | | |
| ٣- لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکە و گەیاندنی زانیارییەکاندا بەتوانابوو | | | | | |
| ٤- شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ بەژداربووواندا. | | | | | |

تکایە هەر تێبینیەکی ترت هەیە لێرەدا بینووسە.

**وتوویانە**

ڕەحمەتی خوا لەوکەسەی هەڵەکان بەدیاری بۆ عومەر دێنێتەوە.
عومەری کوڕی خەتاب



Scanned by CamScanner

## 5 شیکارکردنی هەڵسەنگاندنەکە

زۆر گرنگە لایەنی ڕێکخەری خولەکەو خودی وانەبێژیش کاتێك تەرخان بکەن بۆ پوختەکردنی ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکەو، ئینجا وانەبێژ ئاراستە بکرێت بۆ ئەوەی بزانێت کە پێویستە کام لایەنی خۆی باش یان چارەسەر بکات.

### وتەی بەنرخ

هەرچەندە لە بواری ڕۆشنبیری و زانیاریدا باڵادەست بیت، ئەوا هەر دەبێت هەندێك شت هەبن کە پەیان پێ نەبەیت، لەو حاڵە گرنگانەش ئەوانەن کە پەیوەستن بە کەسایەتی و خودی خۆت و ئەو شێوازەی خەڵك بۆت دەڕوانن.






Scanned by CamScanner

# بەندی چوارەم

## هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی وتارەکە



عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەحمەتی خودای لێبێت) فەرموویەتی: لە خۆتان بپرسنەوە بەر لەوەی لێتان بپرسنەوە، کردەوەکانتان بکێشن بەر لەوەی بۆتان بکێشرێت.

- ڕاهێنانێك بۆ هەڵسەنگاندنی وتار.
- دوای پێشکەشکردنی وتارەکە.
- نموونەی هەندێك وەڵامی کرداری بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی قسەکردن.

Scanned by CamScanner

## 1 ڕاهێنانێك بۆ هەڵسەنگاندنی وتار

ئەم ڕاهێنانەی خوارەوە بریتییە لە وانەیەك (دوای پێشکەشکردنی وتارەکەت) لە بارەی هونەری وتاردانەوە (کورتکراوەیەکی باشی هەموو پەراوەکەی تێدایە). ئەم پرسیارانەمان لەسەر دروست کردووە. ئەوەی لە تۆ داوا کراوە ئەوەیە کە دوای خوێندنەوەی ئەم ڕاهێنانە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە. دواتر و لە کۆتایی ڕاهێنانەکەدا نموونەی هەندێك وەڵاممان بۆ داناویت کە لە خولەکانی هونەری وتاردانەوە وەرگیراون.

- ئامانجی وانەکە چی بوو؟
- خاڵە سەرەکییەکان کامانە بوون؟
- خاڵە لاوەکیەکانی هەر خاڵێکی سەرەکی کامانەن؟
- چۆن لە خاڵێکەوە چوینە سەر خاڵێکی تر؟
- چۆن پێشەکی وانەکە هەڵدەسەنگێنیت؟
- چۆن کۆتایی وانەکە هەڵدەسەنگێنیت؟
- ڕادەی بەکارهێنانی بەڵگەکان لە ڕووی چۆنێتیەوە چۆن بوو بە لاتەوە؟
- ئایا بەکارهێنانی قسەی خۆش باش بوو (ئەگەر هەبوو)؟
- ئایا ئەو زمانەی قسەی پێ دەکرا گونجاو و زنجیرەیی بوو؟ نموونەمان بۆ بهێنەرەوە.
- هەڵسەنگاندنی گشتی خۆت و تێبینیەکانت لەسەر وانەکە بخەرە ڕوو.

**لە یادت بێت**

سەرکەوتن دەرگایەك نییە لێوەی بچیتە ژوورەوە، بەڵکو پلیکانەیەکە.

ووتر ولترز






Scanned by CamScanner

## راهێنانێك بۆ هەڵسەنگاندنی وتار

# چۆن دەبیتە پێشکەشکارێکی چاك

وەرگێڕانی د. تاریق سویدان

**(ئەمـە دەقـی وانەیەکـی ڕاسـتەقینەیە کە باتریشـا براشـی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی یەکێك لە کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا لە کۆنگرەی ئافرەتان و پەیوەندییـەکان لـە میلوانکی ویسـکنس لـە مێـژووی ١٩٩٢/٨/١٨ی زایینیدا پێشکەشی کرد)**

سـوپاس بۆ سـوزان (ئەو کەسـەی باتریشـی بە بەژداربووان ناساند) ئەم هەلە پڕبەهایە بەرز دەنرخێنم کە بۆ منتان ڕەخسـاندووە، تاوەکو هەندێك لە بیـر و بۆچوونەکانـی خۆمتان لە بارەی ئامادەکردن و پێشکەشـکردنی وتارەوە پێشکەش بکەم.

لە جیهانی پەیوەندییەکاندا راسـتییەکی روون هەیە هەمووومان بە باشـی دەیزانیـن، کە بریتیە لـەوەی هەتاوەکو لە کارەکانماندا پلەمان بەرزتر ببێتەوە هەل و پابەندبوونی زیاترمان بۆ دێتە پێش لە پێشکەشکردنی وتاردا، هەروەها لە حیکمەتی زیادبوونی شارەزاییەکانیشـمان لەم بوارەدا تێدەگەین، سەرەڕای ئەوەش هەمووومان دەزانین بایەخی بەژداربوون لە خولێکی هونەری وتاردان بۆ برەودان بە لێهاتووییەکانمان لە بواری وتارداندا چەندە.

ئەمڕۆ دەمەوێت کۆبیر بخەمە سـەر سـێ لایەنی سـەرەکی: ئامادەکردن و ناوەڕۆك، پێشکەشکردنی وتار و، بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە.

بـا بە ئامادەکردنی وتار دەسـت پـێ بکەین کە هەمـوو لایەنەکانی وتاری کاریگـەر لەخـۆ دەگرێـت، وەك : بڕیـاردان لەسـەر ئـەوەی ئامانجـی خولەکە چییـەو، ئامادەکردنی ناوەڕۆکی وتارەکە و، پێشکەشـکردنی وتارەکە و هۆکارە یارمەتیدەرەکانی پێشکەشکردنی وتارەکە.

بـەر لـەوەی پەیامی وتارەکەمان دیـاری بکەین زۆر گرنگـە ئامانجەکەمان دیاری بکەین، پێویسـتە بەوە دەسـتپێبکەین کە پرسـیار لە خۆمان بکەین ئایا ئامانجمـان ئەوەیە زانیاری ببەخشـین بـە بەژداربووەکانمان یـان قەناعەتیان پێبکەین، یان ئیلهامیان پێ ببەخشین، یان هانیان بدەین، یان تەنها بۆ خۆشیە.

وەڵامەکـە تـا ڕادەیەکی زۆر پشـت دەبەسـتێت بـە جۆری بەژداربـووەکان، پێویسـتە وتارەکـە بە جۆرێك دابڕێژینـەوە کە لەگەڵ بەژداربـووان و بابەتی سەرەکی دیدار یان کۆنگرەکەدا بگونجێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە زۆرترین بڕی زانیاری کۆ بکەینەوە لەسـەر ئاسـتی زانیاری بەژداربووان و ئەو شـتانەی جێـگای بایەخی ئەوانە، پێویستیشـە لەسـەرمان هەوڵ بدەین بیان ناسـین و قسـەیان لەگەڵ بکەین و گوێیان بۆ بگرین و لە پێویسـتیەکانیان تێ بگەین، تەنهـا دوای ئەمانـەی باسـمان کـرد دەتوانیـن ئامادەبیـن بۆ گـەڕان بە دوای بابەتێکی گونجاودا.

**تێبینی**

کاتێك کەسێك لەبەردەم خەڵکیدا وتار دەدات شتی زۆر ڕوو دەدەن و بەناو یەکدا دەچن کە بەهەموویان کردەی پەیوەندیکردنی نێوان وانەبێژو بەژداربووانی لێ دێتە بەرهەم: وەك وشەکانی وتاربێژ، ئاماژەکانی، جوولەکانی، قەد و باڵای، بەرزی دەنگ، هەڵوێستی ئامادەبووان بەرامبەر وتاربێژ، ئەو شوێنەی وتاربێژ وتارەکەیی تێدا پێشکەش دەکات لە ڕووی پانتایی و ڕەنگ و ڕووناکی و دیزاینەوە.



Scanned by CamScanner

نموونەی مێژوویی ئەو کەسە بەناوبانگانەی پەیامەکەی خۆیان بە جۆرێك دارشتووە کە لەگەڵ ئاستی بەژداربووەکانیدا بگونجێت کریستۆفەر کۆلۆمبسی گەریدەی بەناوبانگی ئیسپانییە. بەر لەوەی کۆلۆمبس پادشای ئیسپانیا و ژنەکەی ببینێت. ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایانی دەریاوانیی پادشایان ئاگادار کردەوە لە مەترسی پاڵپشتی کردنی پرۆژە سەیرەکەی کۆلۆمبس کە بریتی بوو لە گەیشتن بە رۆژهەڵاتی دوور بە گرتنەبەری رێگای دەریایی رۆژئاوا. بەڵام کۆلۆمبس هونەری رازیکردن و گرنگیی دارشتنەوەی پەیامی بەو جۆرەی کە لەگەڵ ئامادەبووواندا بگونجێت دەزانی و، دەیزانی چۆن وتارێکی کاریگەریش ئامادە بکات.

بۆ نموونە کۆلۆمبس دەیزانی شاژن زۆر دیندارە و زۆر دڵگەرمە بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر بهێنێتە سەر دینەکەی خۆی. لەبەرئەوە لە قسەکانیدا ئاماژەی زۆری دەکرد بۆ هەبوونی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی دوور کە ئامادەن دینەکەیان بگۆرن. هەروەها ئەوەیشی دەزانی کە شاژن شەیدای هەڵۆ و باڵندە سەیر و نامۆکانە. بۆیە لە کاتی لێکۆڵینەوە زانستیەکانیدا لەسەر رۆژهەڵاتی دوور ئەوەی بۆ دەرکەوت کە مارکۆپۆلو (گەریدەی بەناوبانگ) لە کاتی باسکردنی میرنشینەکانی رۆژهەڵاتی دووردا باسی باڵندەی سەیر و نامۆ و هەڵۆی ناوازەی کردووە.



هەروەها کۆلۆمبس ئەوەشی زانی کە پادشا حەزی لە فراوانکردنی شانشینەکەی بوو لە روانگەی هێزی بازرگانییەوە، لەبەر ئەوە کۆلۆمبس زیاد لە جارێك ئاماژەی کرد بۆ ئاڵتون و بەهاراتو کەلوپەلی ناوازەی رۆژهەڵاتی دوور.

هەموو ئەم ئاماژانە لە وتارەکەی کۆلۆمبسدا کە لە بەردەم شا و شاژندا پێشکەشی کرد بوونە هۆی ئەوەی وایان لێ بکات پاڵشتی بکەن لەو گەشتەیدا، کە بووە هۆی دۆزینەوەی ئەمریکا.

لە کاتێکدا زۆر دەگمەن رێك دەکەوێت کەسێك لە ئێمە هەلی وتاردانێکی وای بۆ هەڵبکەوێت کە ئەم شوێنەوارە مێژووییەی هەبێت، بەڵام زۆربەمان هەلی ئەوەی هەیە وتارێکی کاریگەر بدات لەسەر گرێبەستێکی پڕ بایەخ، یاخود پرۆگرامی خستنە بازار، یاخود هەندێك جار داهاتووی پیشەکەمان.

**ئاگاداربە**

ئەوە گرنگ نییە حەز بکەیت لە وتارەکەتدا سەرکەوتوو بیت، چونکە هەموو مرۆڤێك حەز دەکات سەرکەوتوو بیت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە حەز بکەیت خۆت بۆ سەرکەوتن ئامادە بکەیت.

بونی نیت



Scanned by CamScanner

بەدەر لە سروشتی وتاردان، پێویستە پێشەکییەکی ئەوتۆیش ئامادە بکەین کە بیرۆکەیەکی ڕوون بدات بە ئامادەبووان لەسەر ئەو شتەی کە دەمانەوێت قسەی لە بارەوە بکەین و، هەروەها پلانی خستنەڕووی بابەتەکەیش زۆر گرنگە کە یەکەمجار بە توانجێکی ناباو یان چیرۆکێکی وروژێنەر یان زانیارییەکی سەیر یان پرسیارێك سەرنجیان رابکێشین، لەوانەیە ئەوەیشی بۆ زیاد بکەین: کە قسەکردنە لەسەر ئەو سوودە گرنگانەی دەستیان دەکەوێت لە ئەنجامی گوێگرتن لە بابەتەکە وەك ئەوەی کۆلۆمبس کردی، کەواتە ئامانجی سەرەکی پێشەکی بریتییە لە بنیاتنانی پەیوەندی لەگەڵ بەژداربووواندا (پێیان بڵێین کە چیان پێ دەڵێین)و کاتەکانی تر بە قسەکردنەوە بەسەربەرین لەگەڵیاندا.

لەو شتانەی کە پێویستە لە کاتی دارشتنی پەیامدا ئاگاداریان بین تاوەکو لەگەڵ ئامادەبوواندا بگونجێت ئەوەیە کە ڕەچاوی ئەوە بکەین زمانێکی ساکاری دوور لە زاراوە و هێما و زمانی نوخبە بەکار بهێنین.

بۆ ئەو مەبەستەیش دنیایەك ڕێگامان لەبەردەستدایە کە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی قسەکانمان، ڕێگاکانیش بریتیین لە ڕیزکردن لە ڕووی کات یان شوێن یان بابەت یان هۆکار یان ئەنجام یان چارەسەرکردنی کێشە یاخود ڕێگەکانی تری ڕاهێنان، پێویستیشە لەسەرمان ئەو ڕێگایانە هەڵبژێرین کە یارمەتیمان دەدەن لەوەدا بە شێوەیەکی ڕوون زانیاری و هەستو سۆزەکان بگەیەنین بە بەژداربووان.

هەروەها پێویستە وتارەکەمان لەسەر ژمارەیەکی کەمی خاڵی سەرەکیو هەستو سۆزی پەیوەست بە وتارەکەوە بنیات بنێین نەك لەسەر ڕاستیەکان (الحقائق). لەم جیهانی زانیارییە زەبەلاحەی ئەمڕۆماندا کە ماوەی کۆبیرکردنی گوێگر و ئاگابوونی لە وتاربێژ زۆر سنووردارە، ئامادەبووان شتێکی زیاتر لە ڕاستییان دەوێت. ئەوەتا تەلەفزیۆن هاوکار بووە لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکدا کە بێ ئارامە و، بینەر تیایدا چاوەڕێی ئەوە دەکات بە خێراییو بە ساکاری زانیارییەکانی پێ بگەیەنین، چونکە تێر بووە لە ڕاستیەکان خەڵك دەیانەوێت لە وێنە گشتیەکەی ڕووداوەکە تێبگەن، خۆ ئەگەر توانیمان بۆچوونەکەی خۆمان بە ڕوونی و جۆش و خرۆشەوە بگەیەنین ئەوا کاریگەرییەکەی بۆ ماوەیەکی درێژتر لە زەینیاندا دەمێنێتەوە و هەلی ئێمە زیاد دەکات لەوەدا کە ڕازیان بکەین بەوەی کە ئەو شتانەی پێیان دەڵێین زۆر بایەخدارە و شایانی لێکۆڵینەوە و تێڕامانە.



## وتوویانە

تەنها ئەو کەسە دەتوانێت دڵی بەژداربووان بهێنێتە جۆش و خرۆش کە ناخی خۆی پڕبێت لە جۆش و خرۆش و، متمانەی بەو شتانە هەبێت کە دەیانڵێت.

د.توفیق الواعی

دوای پێشکەشکردنی وتارەکە

جا بـۆ ئەوەی وتارەکەمان جۆش و خرۆشـی تێدا بێت، من بـاوەڕم وایە کە پێویسـتە دەرزی ئەدرینالین (هۆرمۆنی چالاك کردن) بدەین لە هەموو وتارێك، بە پلەیەکی زۆر وروژاندنی تێدا بێت لە بارەی ئەو پەیامەوە کە بۆ ئامادەبووانی دەخەینەڕوو و، ئەو هەسـتەیان لە لا دروسـت بکەین کە ڕێزمان لێ گرتوون و بـە تایبەتی وتارەکەمان بۆ ئەوان ئامادە کردووە و بەوەش هەسـت دەکەن کە وتارەکە بە تەواوی بۆ ئەوان ئامادە کراوە و لە ڕەفەی جلوبەرگی ئامادە کراوەوە بۆیان دانەگیراوە.

سەرەڕای روونی و جۆش و خرۆشی وتارەکە پێویستە لەسەرمان هەڵێکیش بدۆزینەوە بۆ ئەوەی قسـەی خۆشـی تێدا بکەین، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە پێویستە لەسەرمان نوکتەیان بۆ بکەین یاخود وایان لێبکەین ئەوەندە پێ بکەنن بە پشـتا بکەون، بەڵام ئەگەر لە قسـەکانماندا شتێکی تێدابوو کە پێکەنیناوی بـوو ئەوا پێویسـتە ئاماژەی بۆ بکەیـن، هەموو ئەوەی بـە لای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە بەلای کەمەوە کەمێك زەردەخەنە بکەین یان پێبکەنین.

مـن بـاوەڕم وایـە کە کاتی نموونەیی بـۆ وتاردان بریتییە لـە ٢٠ خولەك و، پێویسـتە زانیارییەکانمان ئەوەندەبێت کە بتوانین ١٠ ئەوەندەی ئەو کاتە قسە بکەین، چونکە ئەگەر تا ئەو ڕادەیە توانیمان لە بابەتەکەمان شـارەزابین ئەوە ڕاستگۆیی‌و متمانە بەخۆبوونمان پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی هەر کاتێك ویستمان سەرپێیی قسە بکەین و، پرسیارەکان بە متمانە بەخۆبوون و لێهاتووییانە وەڵام بدەینەوە، هەروەها ئەو زانیارییە زۆرە جۆش و خرۆشـمان دەداتێ و، تەنها کات بەربەسـتی نێـوان ئێمە و خسـتنەڕووی زیاتـری زانیـاری و بۆچوونەکانمانە بۆ ئامادەبووان.

پێم خۆشە سەرنجتان ڕابکێشم بۆ ئەوەی کە پێویستە نەهێڵین زیاتر لەو کاتە قسـە بکەین کە بۆمان تەرخان کراوە، زیاد قسەکردن بۆ ئەوەیە زانیاری‌و ورد و درشتی شتەکان بدەین بە ئامادەبووان، با لە یادمان بێت کە ڤۆلتێر دەڵێت: (نهێنی ئەوەی کە چۆن دەبێتە کەسێکی بێزارکەر ئەوەیە کە هەرچی بزانێت بیڵێت).

ئەی چی بکەین لە پرۆڤە (مەشـق کردن)؟! من کاتی تەواو بە خەرج دەدەم بۆ دڵنیابوون لەوەی کە وتارەکەم بە ڕیزبەندی دەچێت بەڕێوە، تەنانەت ئەگەر ناچاربم لەماڵیشـەوە کار بکەم. جا ئەگەر وتارەکە سـەرەکی بوو ئەوە پرۆڤە دەکەم (مەشـق دەکەم). خەڵکێکی زۆر پێیان وایە شـتێکی بەسـوودە لە کاتی مەشقکردندا دەنگی خۆیان تۆمار بکەن، ئەمەش بە باشترین ڕێگاکان دادەنرێت بۆ ئەوەی بە چاوی خۆت ببینیت کە تا چەند کەسێکی سروشتیت لە وتارەکەتدا.



تێبینی

ئەوە گرنگ نییە هەتا چەند بە جۆش و خرۆشی بۆ بابەتەکەت، بەڵکو ئەوەی گرنگە ڕادەی جۆش و خرۆشی بەژداربووانە بۆ بابەتەکەت دوای ئەوەی لە وتارەکەت تەواو دەبن.

تیم سالادای



خۆ ئەگەر بڕیارتدا ماوەیەك تەرخان بکەیت بۆ پرسیار و وەڵام ئەوە چاوەڕێی دوو جۆر پرسیار بکە، جۆری یەکەمیان بریتییە لەو پرسیارانەی کە پەیوەندیان هەیە بە بۆچوونی ئامادەبووانەوە، ئەمەیش جۆرە ئاسانەکەی پرسیارکردنە، بەڵام جۆری دووهەم ئەوەیە کە تەحەدای زانیارییەکانت دەکات و پێویستی بەوە هەیە لە وەڵامدانەوەکەتدا وردبیت وەك (کۆمپانیاکەتان ڕۆژانە چەند تەن گەنم دەکڕێت؟) خراپترین شتیش کە لە ئاست ئەم جۆرە پرسیارانەدا بیکەیت ئەوەیە کە هەوڵی ئەوە بدەیت وەڵامی پرسیارەکە بدەیتەوە بێ ئەوەی بە تەواوی وەڵامەکە بزانیت، لەوەش باشتر ئەوەیە کە بڵێیت (بوارم بدە بگەڕێم بە دوای ئەو زانیارییەدا و دواتر وەڵامەکەت پێ دەگەیەنم) دواتریش سووربە لەسەر ئەوەی وەڵامەکەی پێ بگەیەنیت.

پێشنیارێکی ترمان ئەوەیە کە پرسیارەکان دابەش بکەیت بەسەر شوێنی گونجاوی ناو وتارەکەتدا و دوای نەخەیت بۆ دوای وتارەکەت، چونکە ئەم شێوازە بوارت دەدات کام پرسیارانە دەگونجێن وەریان بگریت و پاشان بە کۆتاییەك کە پێشتر ئامادەت کردووە کۆتایی بە باتەکەت بهێنیت، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆتاییەکەت کاریگەرتر بێت و لە ژێرکۆنترۆڵی خۆیشتا بێت.



پێم وایە قورسترین قۆناغی دروستکردنی پردێك بریتییە لە قۆناغی دەستکردن بە بنیاتنانی پردەکە.

ڕوبرت بنشلی

### ئێستاش با لە بارەی پێشکەشکردنی وتارەکەوە قسە بکەین

ئامارەکان ئاماژە بۆ گرنگی پێشکەشکردن دەکەن، بە جۆرێك کە کاریگەری ناوەڕۆك تەنها بریتییە لە ٧٪ لە کاتێکدا پێشکەشکردن ٩٣٪ کاریگەری هەیە لەو ڕێژەیەش ٥٥٪ ی بۆ جووڵەیە و ٣٨٪ یشی بۆ شێواز و دەنگە.

بە کورتی بڵێین وشەکان کاریگەرییەکی دیاریکراویان هەیە لە کاتێکدا کاریگەری هەرە گەورە تۆ خۆتیت.

ئەگەر ڕاستیشت دەوێت ئەوە بەر لە چوونە سەر شانۆی وتاردان وتارەکەت دەست پێ دەکات، بەوەی کە ئامادەبووان هەر کە دەتبینن لەلای خۆیان و لە ڕێگای شکڵ و شێوە و جموجووڵەکانتەوە سەرنجێکیان لەسەر تۆ بۆ دروست دەبێت.

لە جیهانی ئەمڕۆیشماندا، یەکێك لە گرنگترین ئەو شتانەی بە شێوەی باش یان خراپ کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پەیوەندیکردن هەیە بریتییە لەوەی کە تا چەند خەڵك پێت سەرسام دەبن؟ سەرسامبوونیش زاراوەیەکی لێڵ و نارۆونە بەڵام لەو شتانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەری بریتیین لە: گەشبینی، بایەخدان بەوانی تر، توانای قۆستنەوەی دەرفەتەکان «تەنانەت لە حاڵەتە قورسەکانیشدا»، توانای خۆگرتن و قسەنەکردن، توانای بە ئاسانی پێکەنین تەنانەت بە خۆیشت، توانای بە جوانی وتاردان تەنانەت لە کاتی کێشەکانیشدا، توانای لە خۆبایی نەبوون تەنانەت لە کاتی سەرکەوتنیشدا.



Scanned by CamScanner

بەو پێیەی کە دەزانیت بەر لەوەی بکەیتە سەرشانۆی وتاردان لە ژێر وردبینی ئامادەبووانداییت، باشتر وایە بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە لەگەڵ دۆخەکەدا مامەڵە بکەیت، زەردەخەنە بکەیت و باوەڕت بە ئامادەکاری و ئامادەباشی خۆت هەبێت. وەڵامەکەی شاژنە ڤیکتۆریا بهێنەرەوە یادی خۆت کاتێك یەکێك پرسیاری لێکرد دەربارەی ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی ئەگەری شکستی بەریتانیا لە جەنگەکەدا تووشی دەبێت، ئەویش وەڵامی دایەوە و پێی وت: (ئێمە گوێ نادەین بە ئەگەرەکانی شکست).



بۆیە بەلای ئەوەوە ئەو جۆرە ئەگەرانە بوونیان نییە، چونکە لەوە تێگەشتبوو کە بیرکردنەوەی ئەرێنی سەردەکێشێت بۆ ئەنجامی ئەرێنی، وە بیرکردنەوەی ئەرێنی سەردەکێشێت بۆ ئەنجامی ئەرێنی.

هەر بەو جۆرە پێویستە تۆیش بڕوات بەوە هەبێت کە وتارەکەت بە باشی پێشکەش دەکەیت، هەر ئەم هەستە لە خودی خۆیدا دەستەبەری ئەوەت بۆ دەکات کە وتارەکەت بە باشی پێشکەش بکەیت و ئامادەبووانیش ئامادەبن و دەستخۆشیت لێ بکەن لەسەر لێهاتوویی و متمانە بەخۆبوونت، ئەوەیشت لە یاد نەچێت کە تۆ کەسێکی خۆشەویستیت و زۆر شارەزای بابەتەکەتیت و بە باشی ڕاهێنانت کردووە و ڕیزبەندی وتارەکەت بە چاکی دەزانیت و، هەموو شتێك لەپێش چاوتدا ڕوونە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا هێشتا کەسانێك هەن هەست بە ترس دەکەن لە کاتی قسەکردن لە بەردەم خەڵکدا، ئەی چارەسەر چییە؟ ئایا پێویست دەکات خۆت ڕزگار بکەیت لە ترس‌و لە کاتی وتارداندا هیچ ترسێکت نەبێت؟

بە پێچەوانەی ئەو تێگەشتنە گشتیەوە کە خەڵك هەیەتی، وەڵامی ئەم پرسیارە (نەخێرە)، بۆیە من لەو باوەڕەدام کە باشترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ترسدا بریتییە لەوەی هەوڵ نەدەیت بە تەواوی خۆت ئارام بکەیتەوە، چونکە لەو کاتەدا وا دێتە پێش چاوی ئامادەبووان کە تۆ کەسێکی مردوویت‌و هیچ کاردانەوەیەکت نییە و ماندوویت، باشتر وایە لە بری هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە پەپوولەکانی ترس، هەوڵ بدەین وایان لێبکەین لە شێوە و پێکهاتەی جوان‌و قەشەنگدا بفڕن.

## لەیادت بێت

ژمارەی بەژداربووان هەرچەند بێت، بە شێوەیەك قسە بکە وەك ئەوەی لەگەڵ جەماوەری گوێگردا گفت و گۆ بکەیت بێ گوێدانە ژمارەیان.

تونی جیری.



Scanned by CamScanner

ئەمەش مانای ئەوەیە کە لە بری ئەوەی ترس تووشی شپرزەییت بکات، باشتر وایە ئەم شپرزەیی و ترسەمان بگۆڕین بۆ وزەیەکی ئەرێنی و جۆش و خرۆش و کاردانەوەی ڕووخسار و لە جووڵەی جەستەی باشتردا خۆی نمایش بکات. چونکە لەم حاڵەتەدا ترس هەستێکی سروشتیە. بۆیە سوود وەرگرتن لێی دەبێتە هۆی ئەوەی لە بەردەم ئامادەبووواندا بە شێوەی کەسێکی بە جۆشو خرۆش و بە توانا بێیتە پێش چاو، کە هەر بە ڕاستی خۆیشت بەو جۆرەیت.

ئەی شێوازی وەستانت چی؟

وەستانی سروشتی و بێ خۆنواندن باشترە، لەوانەیە هەر شێوازێکی وەستان یان هەر جووڵەیەك ببێتە هۆی ئەوەی ئامادەبووان ئاگایان لە تۆ نەمێنێت. وەك:دەست کردن بەناو یەکدا لەسەر سنگ، یاخود دەستگرتن لە پشتەوە، یاخود دەست خستنە سەر کەلەکە، یاخود دەستگرتن لەسەر سك، یاخود خۆ لەرزاندن لەپێشەوە بۆ دواوە و بە پێچەوانەوە، یان یاریکردن بە پارەی ناو گیرفانەکان یاخود زۆر یاریکردن بە کاغەز.

هەروەها ئامۆژگاری ڕاهێنەران دەکەم بەوەی کە کۆبیر نەخەنە سەر لایەنی میکانیکی وتارەکەیان، بەڵکو زۆربەی وتاربێژان جەخت لەوە دەکەنەوە کاتێك لە شانەکانیانەوە نەك لە مەچەکیانەوە جووڵە بە دەستیان دەکەن ئاستی پێشکەشکردنیان باشتر دەبێت، چونکە ئەم شێوازە دەبێتە هۆی ئەوەی وا بێیتە پێش چاو کە تۆ کەسێکی ئاسوودەیت نەك تەختەیەکی ڕەق و تەق. هەروەها شتێکی بەسوودە کە بە جێگیری لەسەر زەوی بوەستیت نەك لەسەر یەکێك لە قاچەکانت بوەستیت و هەموو قورساییەکە بخەیتە سەری. هەروەها پێنج جار هەناسەدانی قووڵ بەر لە دەستکردن بە قسەکردن پشوو بە جەستەت دەدات و ڕێڕەوی هەوای سینەت دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەنگت باشتر گۆ بکات.



ئەنتۆنی رابنز

لە کاتێکدا دەتەوێت دەست بگریت بەسەر وزەو دەنگتدا ئەوە مانای ئەوەیە کە تۆ ناتەوێت بە یەك ئاستی دەنگ قسە بکەیت، چونکە ئەو کارە مرۆڤ شەکەت و ماندوو دەکات. ئێمە دەنگێکمان دەوێت کە جۆراوجۆربێت لە دەربڕین و ئاستی دەنگ و بەرز و نزمیدا، بۆ نموونە ئەوانەی بە هێواشی قسە دەکەن یارمەتیان دەدات لەوەدا کە بەر لە وتاردان بە خێرایی قسە بکەن.

**تێبینی**

دەگێڕنەوە وتاربێژێك هەبوو لەسەر مینبەرەکەی دەجووڵا، تەنانەت چەند پلەیەك دەهاتە خوارەوە و پاشان دەچوویەوە سەرەوە، بۆیە خەڵکەکە بە جووڵەکانیەوە سەرقاڵ دەبوون و هیچ لە قسەکانی تێ نەدەگەیشتن.



Scanned by CamScanner



پێویستە لەسەرمان خۆمان بە دوور بگرین لە وتن و دەربڕینی وشە یان دەنگی هەڵە بۆ ئەوەی بە ئامانجی بۆشایی نێوان وشە و رستەکانی پێ پڕ بکەینەوە، چونکە ئامادەبووان سەرقاڵ دەکات، لەو نموونانەش:

ئـااااا، چونکە سوکایەتیەکی گەورەیە و لە هەموو دەنگەکانی تری زمان ئەگەری زیاتری هەیە کە بە خراپی لێك بدرێتەوە.

خۆیشت دەتوانیت بۆ خۆتی هەڵبژێریت کامیان خراپترین سزایە: ١٠٠ رۆژ سزادان بە شێوازی چینی کۆن کە بریتیە لەوەی کەسی زیندانی بخرێتە ژوورێکەوە و بە هێواشی و بە بەردەوامی (تك تك تك) ئاو بێتە خوارێ بەسەرتدا یان ١٠٠ رۆژ گوێگرتن لە وانەبێژێك کە لەنێوان هەموو چوار وشەیەکدا بڵێ ئاااااا؟ من وەکو خۆم ئەوەیانم پێ خۆشترە کە بە گوێگرتن لە ئاوەکە سزا بدرێم.

هەروەها بۆ ئەوەی لە دووبارە کردنەوەی هەندێك وشەی دیاریکراوی وەك (لەڕاستیدا) یان (بە صەراحەت) خۆمان بەدوور بگرین. ئەم دوو دەربڕینە هیچ ئامانجێك ناپێکن و هیچ مانایەکیان نییە، لەوانەیە ئامانجی نەرێنی (سلبی)شیان لێ بکەوێتەوە کاتێك هەندێك لە گوێگران لە ناخی خۆیاندا پرسیار دەکەن لەوەی کە تاچی ڕادەیەك ڕاستگۆیت، یاخود پێشتر قسەکانت ڕاست بوون کاتێك پێیان دەڵێیت: ئەمجارەیان ڕاستیتان پێدەڵێم یان لەگەڵتان قسەلەڕوو دەبم.

هەروەها یەکێکی تر لە هۆکارە سەرەکیەکانی وتاردانی کاریگەر بریتییە لە پەیوەندیکردن لە ڕێگای چاوەوە لەگەڵ یەکێك لە ئامادەبوواندا بۆ ماوەی ٣ بۆ ٥ چرکە یاخود مانەوە لەگەڵیدا تا ئەو کاتەی ئەو بیرۆکەیە تەواو دەکەیت کە باسی دەکەیت.

به هەمان شێوە وانەبێژ خۆیشی سوود وەردەگرێت لەم پەیوەندیکردنەی چاو، چونکە وای لێدەکات ببێتە سەنتەری بایەخی گوێگران و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەردەوام کاردانەوەکانیان ببینێت، بۆ ئەوەی بزانێت ئاخۆ ئەو شتانەی کە باسیان لێوە دەکات ئامانجەکانی خۆیان بەدی هێناوە.



**زانیاری**

ئامادەبووان هەموو جووڵەیەکت دەبینن و گوێیان لە قسەکانیشتە، بەڵام بە زۆری سەیری چاوەکانت دەکەن!.

چونکە تۆ دەتوانیت لە ڕێگای کاردانەوە و دەربڕینەکانی ڕووخساریانەوە ئەوە بزانیت کە ئایا بە وردی گوێ دەگرن یاخود زەینیان پەرت و بڵاوە یان سەرسام بوون یان بێزاربوون یان هاوڕانین لەگەڵتدا. خۆ ئەگەر ئەو ئەنجامەت دەست نەکەوت کە مەبەستتە، ئەوە دەتوانیت شێوازی وتاردانەکەت بگۆڕیت.

## ئێستاش وەرن با بە کورتی باسی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە بکەین

سلایدەکان یاخود نمایشی ئۆڤەرهێد و هۆکارەکانی تر لەوانەیە هۆکارگەلێکی زۆرباش بن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وتاردانەکەت و، ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵەی کە دەیخەیتە ڕوو ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی دروست بەکارت هێنان، بەڵام ئەوە شتێکی ڕاست نییە کە بەکاریان بهێنیت تەنها بۆ ئەوەی بڵێیت ئەو هۆکارانەم بەکارهێناوە لە ڕاهێنانەکەمدا.

ئەگەر بەکاریشمان هێنان ئەوە دروست نییە هەموو وتارەکەمان بە پشت بەستن بەو هۆکارانە پێشکەش بکەین، چونکە ئامادەبووان خۆشیان دەتوانن وەك تۆ بیخوێننەوە و، ئەگەر هاتوو چاوی وانەبێژ هەر لەسەر شاشەکە بوو ئەوە پەیوەندی نێوان چاوی تۆ و ئامادەبووان دەپچڕێت.

پێویستە دڵنیابین لەوەی وشەی ناو هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە ئەوەندە گەورەن دوایەمین بەژداربووی ناو هۆڵەکە دەتوانێت بیبینێت. باشتریش وایە لە ٦ دێڕ زیاتر لە ناو سلایدەکەدا نەبێت و لە نێوان وشەکانیشدا بۆشایی بەجێ بهێڵێت.



هەروەها شتێکی بەسوود دەبێت ئەگەر تەنها وشە گرنگەکان بنووسیت و لە بری ڕستەکان وشە بنووسیت، بۆ ئەوەی بابەتەکەیشت ڕوونتر بێت باشتر وایە ڕەنگی ڕەش یان قاوەیی یان شینی تۆخ یان سەوزی تۆخ بەکار بهێنیت. بۆ ئاماژەکردن بۆ خاڵ یان وشە گرنگەکانیش (نەك بۆ نووسین) ڕەنگی سوور بەکار بهێنە.

٣- خاڵە لاوەکیەکان.
٤- ڕۆیشتن لەخاڵێکەوە بۆخاڵێکی تر.
٥- هەڵسەنگاندنی پێشەکی.
٦- هەڵسەنگاندنی کۆتایی.
٧- بەڵگەکان.

### وتەی بەنرخ

ئەگەر چاوەڕێی ئەوەبیت کە کەش و هەوات بۆ لەباربێت، ئەوە نە هیچ دەچێنیت وە نەهیچیش دەدووریتەوە.
ئینجیل



Scanned by CamScanner

باشتر وایە لە کاتی بەکارهێنانی داتاشۆ یان ئۆڤەرهێددا هۆڵەکە نیمچە تاریک بێت، بە جۆرێك کە ئامادەبووان بتوانن ئەو شتانە ببینن کە دەیاننووسێت. ئەمە وێڕای ئەوەی کە بوونی ڕووناکییەکی کەم دەبێتە هۆی ئەوەی ئامادەبووان وانبێژ ببینن‌و وانەبێژیش ئەوان ببینێت. چونکە هیچ شتێك وەك ئەوە وانەبێژ بێزار ناکات کە ببینێت ئامادەبووان سەرقاڵی شتی ترن یان ببینێت بەژداربوویەك سەری شۆڕ کردۆتەوە یاخود بەهۆی خەواڵوییەوە چاوی نوقاندووە، بەڵام ڕێگە مەدە ئەم دیمەنانە نیگەرانت بکەن، چونکە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت تۆ کەسێکی بێزارکەریت. پێویستە ئەوە بزانیت کە لە ناو ژمارەیەکی زۆری ئامادەبووندا یەك دوو کەسێکی لەو جۆرە هەر دەبن کە (حەزیان لە بابەتەکەیە بەڵام جەستەیان هێزی لێبڕاوە) بە هۆی ئەوەی ڕەنگە شەو کەم خەوتبن.



با بەردەوامبین لە باسکردنی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە بۆ ئەوەی سوودی زیاتریان لێ وەربگرین، من ئامۆژگاری هەمووان دەکەم بەوەی کە مەشق و ڕاهێنانی لەسەر بکەن‌و خۆتان فێر بکەن، لە یادیشتان نەچێت بابەتەکە بەو جۆرە ڕێك بخەن کە خۆتان دەتانەوێت، هەروەها باش وایە ژمارەبەندی کارتەکانی دەستتان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی ڕێکیان بخەنەوە ئەگەر هاتوو لە دەستتان کەوتە خوارەوە، هەروەها ڕێوشوێنە کارگێڕییەکانی خۆیشت ڕێك بخە، بە تایبەتی ئەگەر وانەبێژی دیکەشت لەگەڵدا بوو.

بزانە ڕیزبەندی ئەوانەی بڕیار وایە قسە بکەن چۆنە و هەر یەکێکیشیان لە کوێدا دادەنیشێت یان دەوەستێت و چۆن ئامێرەکان بەکار دەهێنن.

کاتەکەت بەڕێوە بەرە و، ماوەیەك تەرخان بکە بۆ ئەوەی ئامادەبووان لە شوێنەکانی خۆیاندا دابنیشن و ماوەکیش بۆ پرسیاری بەژداربووان دابنێ، بەو پێیەی باسی پرسیار دەکەم، بەر لەوەی کۆتایی بە قسەکانم بهێنم، بوارم بدەن لێرەدا بوەستم بۆ ئەوەی گوێم لە پرسیارەکانتان بێت. (ماوەی پرسیارەکان).

**وتوویانە**

مەزنترینی دەستکەوتەکان
ئەو دەستکەوتەیە کە سوود بە
خەڵکانی تر بگەیەنێت.

لیلیان غیلکریست



Scanned by CamScanner

## دوای پێشکەشکردنی وتارەکە

ئێستا دەمەوێت بابەتەکە کورت بکەمەوە و ئاماژە بکەم بە گرنگترین ئەو خاڵانەی کە لە قسەکانمدا باسم کردوون و دەڵێم: ئەو وانەیەی بە باشی ئامادە کراوە و پێشکەش کراوە ئەم خەسڵەتانەی تێدایە:

ئامانجێکی ڕوونی هەیە.

پێشەکییەکەی سەرنج ڕادەکێشێت و ئەو خاڵانەی تێدایە کە لە وتارەکەدا باس دەکرێن.

پەیامەکەی بە گوێرەی بەژداربووان دارێژراوە و بۆ دیدارەکە گونجاوە.

قسەی خۆش کردن لە شوێنی خۆیدا.

پێشکەشکردنی بابەتەکە بە شێوەیەکی چوست و چالاکانە و شارەزایی لە بابەتەکە و متمانە بەخۆبوون و جۆش و خرۆشانە.

کۆتاییەك کە جەخت لە خاڵە گرنگەکان بکاتەوە و وا لەبەژداربووان بکات لە بارەی خۆیان و بابەتەکەشەوە بە هەستێکی ئەرێییانە (ئیجابی)وە هۆڵەکە بەجێ بهێڵن.

پێم خۆشە ئەوە دووپات بکەمەوە ئەوەی باسم کرد مشتێکە لە خەروارێك و پێویستە لە کاتی وتارداندا ڕەچاو بکرێن.

بۆ ئەوەی ببیتە وتاربێژ و پێشکەشکارێکی باش، ئەوە دەبێت بزانیت ئەمە گەشتی تەمەنتە و کۆتاییەکی دیاریکراوی نییە، هەرکات وانەیەك یان وتارێکت پێشکەش کرد شتێکی نوێ لە بارەی خۆت و بابەتەکەشتەوە فێر دەبیت و وات لێدەکات لە پێشکەشکردنی وتاری داهاتووتدا باشتر بیت.

**هیوای بەختێکی باش بۆ هەمووتان دەخوازم کاتێك دەگەڕێنەوە و وانەکانتان پێشکەش دەکەن.**

### وتەی بەنرخ

وشەکان دڵەکان بە کێش دەکەن، هەرکەسیش بوو بە خاوەنی وشە، ئەوە دەبێتە خاوەنی کلیلی دڵەکان.

## 3 نموونەی چەند وەڵامێکی کرداری بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی قسەکردن

له وەڵامی بەژداربووانی خولەکانی هونەری وتاردانەوە وەرگیراوە

### نموونەی یەکەم

١- ئامانج لە پێشکەشکردنی وانەکە چی بوو؟
- هونەری وتاردانی سەرکەوتوو

٢- خاڵە سەرەکییەکانی وانەکە کامانەن؟
- ئامادەکاری و ناوەڕۆك
- پێشکەشکردن
- بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە

٣- خاڵە لاوەکیەکانی هەر خاڵێکی سەرەکی کامانەن؟
- ئامادەکاری: دیاریکردنی ئامانج
- کۆکردنەوەی زانیاری
- مەشق کردن

٤- چۆن لە خاڵێکەوە چووینە سەر خاڵێکی تر؟
- بە پێشەکییەکی گونجاو دەست پێ دەکات کە تیایدا ڕۆشتن بۆ خاڵێکی نوێ ڕوون دەکرێتەوە.

٥- چۆن پێشەکی وانەکە هەڵدەسەنگێنیت؟
- ڕوونە و ئاسانە و بە باشی ڕوونکراوەتەوە و هەموو لایەنەکانی خراوەتە ڕوو و، زۆر زۆر باشە.

٦- چۆن کۆتایی وانەکە هەڵدەسەنگێنیت؟
- چڕ و پڕ و نایابە.

٧- رادەی بەکارهێنانی بەڵگەکان لە ڕووی چۆنێتیەوە بەلاتەوە چۆن بوو؟
- هەمەڕەنگی لە ڕووی باسکردنی چیرۆك و ئامارەکانەوە.

٨- ئایا بەکارهێنانی قسەی خۆش باش بوو (ئەگەر هەبووە)؟
- هیچ قسەیەکی خۆشی تێدا نەبوو.

٩- ئایا ئەو زمانەی قسەی پێ دەکرا گونجاو و ڕیزبەندیی بوو؟ نموونەمان پێ بڵێ
- بەڵێ

١٠- هەڵسەنگاندنی گشتی خۆت و تێبینیەکانت لەسەر وانەکە بخەرە ڕوو.
- هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە ماوەی ئەم ٣ ڕۆژەدا باسمان کردووە



**زانیاری**

٣ شتە مەزنە بنەڕەتیەکە بۆ بەدیهێنانی هەرشتێك بریتییە لە:

یەکەم: کارکردنی جددی (شێلگیرانە).
دووەم: پابەندبوون بە ئامانجەکەتەوە.
سێیەم: بیرکردنەوەی لۆژیکیانە.

توماس ئەدیسۆن



Scanned by CamScanner

**نموونەی دووەم**

**١- ئامانجی وانەکە چی بوو؟**
- هونەری وتاردان و پەرەپێدانی تواناکان

**٢- خاڵە سەرەکییەکان کامانەن؟**
- ئامادەکاری و ناوەڕۆك
- پێشکەشکردنی وتارەکە
- بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە.

**٣- خاڵە لاوەکیەکانی هەر خاڵێکی سەرەکی کامانە بوون؟**
- ئامانج
- ئامادەکردنی ناوەڕۆك
- هۆکارە یارمەتیدەرەکان
- شکڵ و شێوە
- پێشەکی
- جووڵە
- دەنگ
- ڕوونی
- خۆ ئامادەکردن
- وروژاندن.

**٤- چۆن پێشەکی وانەکە هەڵدەسەنگێنیت؟**
- نایاب بوو

**٥- چۆن کۆتایی وانەکە هەڵدەسەنگێنیت؟**
- نایاب بوو

**٦- رادەی بەکارهێنانی بەڵگەکان لە ڕووی چۆنێتیەوە بە لاتەوە چۆن بوو؟**
- نایاب بوو

**٧- ئایا بەکارهێنانی قسەی خۆش باش بوو (ئەگەر هەبووە)؟**
- ئاسایی بوو (خراپ نەبوو)

**٨- ئایا ئەو زمانەی قسەی پێ دەکرا گونجاو و ڕیزبەندیی بوو؟**
- نموونەمان پێ بڵێ.
- بەڵێ، شیاوبوو، بە باشی هەموو خاڵەکانی بە دوای یەکدا باس دەکرد.

**٩- هەڵسەنگاندنی گشتی خۆت و تێبینیەکانت لەسەر وانەکە بخەرە ڕوو.**
- زۆر باش بوو.
- ئامانجەکەی ڕوون بوو.
- پێشەکی و کۆتایی بابەتەکە ڕوون بوون.
- ڕیزبەندی تیابوو سەرنج ڕاکێش بوو.

**وتوویانە**

ئەگەر هەڵپەمان (طماح) لە خەڵکانی تر زیاتر بوو، ئەوە ئەگەری سەرکەوتنمان زیاترە.

اولیفر ویندیل هولمز

نموونەی چەند وەڵامێکی کرداری بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی قسەکردن

## نموونەی سێیەم

**١- ئامانج لە پێشکەشکردنی وانەکە چی بوو؟**
- شارەزابوون لە هونەری وتاردان

**٢- خاڵە سەرەکییەکانی وانەکە کامانەن؟**
- ئامادەکاری و ناوەڕۆك و پێشکەشکردن و بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە.

**٣- چۆن لە خاڵێکەوە دەچیتە سەر خاڵێکی تر؟**
- هەبوونی بۆشایی و ناونیشانێکی سەرەکی

**٤- چۆن پێشەکی وانەکە هەڵدەسەنگێنیت؟**
- کورت بوو/ ڕوون بوو

**٥- چۆن کۆتایی وانەکە هەڵدەسەنگێنیت؟**
- نایاب بوو، چونکە پەیوەندی لە نێوان بابەتە باسکراوەکاندا هەبوو.

**٦- ڕادەی بەکارهێنانـــی بەڵگـــەکان لە ڕووی چۆنێتیـــەوە بە لاتەوە چۆن بوو؟**
- باش بوو.

**٧- ئایا بەکارهێنانی قسەی خۆش باش بوو (ئەگەر هەبووە)؟**
- هیچ قسەیەکی خۆشی تێدا نەکرا.

**٨- ئایا ئەو زمانەی قسەی پێ دەکرا گونجاو و زنجیرەیی بوو؟**
- نموونەمان پێ بڵێ.
- بەگشتی باش بوو، بەڵام هەندێك زاراوەی تێدابوو کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە بوو وەك وشەی «ئەدرینالین».

**٩- هەڵسەنگاندنی گشتی خۆت و تێبینیەکانت لەسەر وانەکە بخەرە ڕوو.**
- چڕ و پڕ بوو هەموو خاڵەکانی ناو پەڕاوی هونەری وتاربێژی دکتۆر تاریق سوەیدانی لەخۆ گرتبوو. (بە بێ ڕیکلام بۆ خۆ کردن).

### ئایا دەزانیت

بەر لەوەی ببیتە وتاربێژێکی مەزن پێویستە خاڵی بەهێز و لاوازی خۆت بزانیت.

نموونەی چەند وەڵامێکی کرداری بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی قسەکردن

## نموونەی چوارەم

**١- ئامانج لە پێشکەشکردنی وانەکە چی بوو؟**
- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی وتار - هونەری وتاردان

**٢- خاڵە سەرەکییەکانی وانەکە کامانەن؟**
- ئامادەکاری و ناوەڕۆك
- پێشکەشکردن
- بەکارهێنانی هۆکارە ڕوونکارییەکان.

**٣- خاڵە لاوەکیەکانی هەر خاڵێکی سەرەکی کامانەن؟**
- وتاردانی کاریگەر (بڕیاردان و بەڵگە و نموونەهێنانەوە و ئامادەکردنی ناوەڕۆك)
- پێشەکی
- هۆکارە یارمەتیدەرەکان.

**٤- چۆن لە خاڵێکەوە چوینە سەر خاڵێکی تر؟**
- بە ڕیزبەندییەکی ڕوون و لە چوارچێوەی بنەماکانی هونەری وتاربێژیدا.

**٥- چۆن پێشەکی وانەکە هەڵدەسەنگێنیت؟**
- زۆر جوان بوو

**٦- چۆن کۆتایی وانەکە هەڵدەسەنگێنیت؟**
- نایاب بوو.

**٧- ڕادەی بەکارهێنانی بەڵگەکان لە ڕووی چۆنێتیەوە بە لاتەوە چۆن بوو؟**
- لۆژیکی و لە شوێنی خۆیدابوو.

**٨- ئایا بەکارهێنانی قسەی خۆش باش بوو (ئەگەر هەبووە)؟**
- خراپ نەبوو.

**٩- ئایا ئەو زمانەی قسەی پێ دەکرا گونجاو و زنجیرەیی بوو؟**
- نموونەمان پێ بڵێ.
- بەڵێ ڕستەکان کورت بوون وشەکانیش ڕوون و ئاسان بوون.

**١٠- هەڵسەنگاندنی گشتی خۆت و تێبینیەکانت لەسەر وانەکە بخەرە ڕوو.**
- وانەیەکی باش بوو. هەموو ئەو ڕەگەز و پێوەر و بنەمایانەی تێدا بوو کە دەبنە بناغەی هونەری وتاربێژیی.

**بەڵگە**

(فَسَتَذْكُرُونَ مَا أَقُولُ لَكُمْ وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ ) غافر ٤٤
واتە: جا کاتێك سزاکەتان بینی قسەی منتان بەبیر دێتەوە، وە من تەواوی کاروباری خۆم بە خودا دەسپێرم.



Scanned by CamScanner

# بەندی پێنجەم

## چەند نموونەیەك لەسەر ئامادەکردنی وتار



وتوویانە: تەنها ئەوەندە بەس نییە مرۆڤ پێویستە بزانێت کە چی بوترێت، بەڵکو پێویستە بەو جۆرەیش بیڵێت کە پێویستە بوترێت.

- نموونەیەکی سەرەتایی ئامادەکاریی بۆ وتاردان.
- نموونەیەکی شیکارکردنی ئامادەبووان.
- نموونەی پێشنیارێکی گشتی بۆ ڕێکخستنی وتار.
- نموونەیەکی خاسیەتەکانی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە.
- نموونەیەکی ئامادەکارییەکانی تایبەت بە بواری کارگێڕی هۆڵەکە.
- نموونەیەکی دابەشکردنی کات.

Scanned by CamScanner

## ١. پێشەکی

لـەم بەشـەدا هەندێـك لـەو نموونانەت بۆ بـاس دەکەین کە لـەم پەڕاوەدا باسـکراون، بۆ ئەوەی لە ئامادەکردنی وتارەکەت و هەڵسـەنگاندنیدا بتوانیت بە ئاسانی سوودیان لێ وەربگریت.

### ١- نموونەیەکی سەرەتایی ئامادەکاری بۆ وتاردان

**لـە خوارەوە نموونەی فۆرمێکی ئامادەکاریی تایبەت بە خۆت پێشکەش دەکەین دەتوانیت پشتی پێ ببەستیت و سوودی لێ وەربگریت:**



ناوی وانەبێژ:

مێژووی وانەکە:    کاتژمێر

ئەو کاتەی لەبەردەستدا ماوە بۆ ئامادەکردنی وانەکە:    لایەنی ڕێکخەر:

ماوەی وانەکە:    کاتی تەرخانکراو بۆ من:

شوێنی وانەکە:    ژووری کۆبوونەوەکان:    ژووری پۆلی خوێندن:    ژووری ڕاهێنان:

ژووری میوان    هی تر

ژمارەی ئامادەبووان    ئاستیان

بودجەی تەرخانکراو    زۆرە    کەمە    نییە

چ هۆکارێکی یارمەتیدەری لێیە:    داتاشۆ    کۆمپیوتەر

وایت بۆرد    فلیپ چارت    هی تر

ئەو شتانە چین کە پێویستە بۆم دابین بکرێن / بە کرێ بگیرێن؟ یان هەر تێبینیەکی گرنگی تر:



**بیرۆکە**

ئەگەر بە دەنگێکی بەرز بۆ خۆت یان لە بەردەم هاوڕێیەکتدا بابەتەکە بخوێنیتەوە یارمەتیت دەدات لە باشترکردنی تەکنیکی وتاردان و گۆکردنی وشەکان و دانانی دەربڕینی گونجاو لە دەنگتدا.



Scanned by CamScanner

## 2 نموونەی شیکارکردنی بەژداربووان

| ژ | پرسیار | نموونە | وەڵامەکانت |
|---|---|---|---|
| ١ | ئامادەبووە سەرەکییەکان کێن؟ زۆربەی قسەکانم بۆ کێ دەکەم؟ | پیاوانی خاوەن کار، قوتابی، گەنجانی زانکۆ، مامۆستایان، زمبریاران، ڕاهێنەران، خانمانی ماڵەوە، کارمەندانی میری، پیاوانی پیشەساز،... | |
| ٢ | چی زانیارییەکم لەسەریان هەیە؟ | تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن، پلەی پیشەییان، زانیارییان لەسەر بابەتەکە، ئایین یان تیرە و هۆز.... | |
| ٣ | تێڕوانینیان چۆنە لە بارەی منەوە؟ | ئامناسن، سەرسامن بە من، لە دوورەوە دەمناسن، هەندێکیان بە باشی دەمناسێت، گومانیان هەیە لە تواناکانم.... | |
| ٤ | لە بارەی بابەتەکەوە چی زانیارییەکیان هەیە؟ | هەندێک زانیارییان هەیە لەسەری، شارەزان و حەز دەکەن شتی زیاتر فێربن، هیچ بیرۆکەیەکیان نییە لەسەری، زانیارییەکانیان جیاوازە .... | |
| ٥ | دەیانەوێت چی بزانن لە بارەی بابەتەکەوە؟ (گرنگترین شتەکان چین) | - هەندێک زانیاری دیاریکراو کە بریتیین لە........<br>- چەند لێهاتووییەکی دیاریکراو کە بریتیین لە....<br>- ئەگەر بابەتەکەیان جێبەجێ کرد چۆن ژیانیان دەگۆڕێت؟ | |
| ٦ | دەیانەوێت چی فێربن؟ (گرنگترین شتەکان چین) | - هەندێک زانیاری دیاریکراو کە بریتین لە........<br>- ئەم لێهاتووییانە.................<br>گۆڕینی ئەم چەمك یان باوەڕەی خوارەوە .......................... | |
| ٧ | گرنگترین ئەو کێشانەی لەم بابەتەدا ڕووبەڕووی بەژداربووان دەبێتەوە چین؟ | ترسان لە ............<br>بێتوانایی لە ...............<br>کاریگەری خراپ لەسەر ژیانیان ئەگەر........ لەکیسچوونی............... | |
| ٨ | گرنگترین ئەو خاڵانە چین کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەیانخەمە ڕوو ؟ | - دەکرێت بەسەر ترسدا زاڵ بین ئەگەر........<br>- بۆ ئەوەی شارەزایی پەیدا بکەیت پێویستە ئەمە بکەیت..............<br>- ئەگەر ئەمەت کرد دەتوانیت شوێنەواری ئەرێنی زیادو شوێنەواری نەرێنیش کەم کەیتەوە.......... | |
| ٩ | ئایا جگە لە ئامادەبووان کەسێکی تر هەیە بە لامەوە گرنگ بێت ڕا و بۆچوونی بزانم یاخود وانەکەی پیشان بدەم؟ | سەرکارەکەم، بەرپرسی ئەو کۆمپانیایەی کە فلان کەس نوێنەرایەتی دەکات، فلانە ڕۆژنامەنووس یاخود ڕاگەیاندنکار......... ئەو بینەرانەی کە دواتر لە تەلەفزیۆن یان ڤیدیۆدا وانەکە دەبینن. | |
| ١٠ | چۆن بابەتەکەم بە جۆرێك پێشکەش بکەم کە ڕەچاوی ڕاوبۆچوونی ئەو کەسانەش بکەم کە لێرە ئامادەنین؟ | ناردنی کۆپیەکی وانەکە بۆیان، ناردنی کورتەیەکی نووسراو یان تۆمارکراو بۆیان،کۆبیرخستنە سەر ئەو بابەتەی کە جێی بایەخی ئەوانە. | |

### وتوویانە

مرۆڤ کۆمەڵێك توانای زۆر زۆری هەن کە بەکاری نەهێناون، بە ڕادەیەك ئەگەری هەیە هەرگیز بەکاریشیان نەهێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە زۆربەی خەڵك جێمی یەکەم نابرن تاوەکو بزانن کە جێمی دووەمی یاریەکەیش هەیە.

ویلیام جیمس

ج- لقێك

١- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

٢- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

٣- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

٤- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

بەم جۆرە باسی خاڵە سەرەکی و لاوەکییەکانی تریش بکە.

**پێناسە**

کۆتایی هێنان بە وتار ئەو بەشەیە کە وتاربێژ تیایدا کۆتایی بە وتارەکەی دەهێنێت و، ئاخاوتنی پێ دادەخات و تەواوی بابەتەکەی پێ بە ئەنجام دەگەیەنێت، کە وەك ئەوەیە کۆتایی بە شتێك بهێنێت کە بە ئامانج و مەبەستی خۆی گەیشتبێت.

## چوارەم
## کۆتایی

١- ئەوەی وتوتە کورتی بکەرەوە.

٢- چیرۆکێکی کاریگەر یاخود یەکێك لە شێوازەکانی کۆتاییهێنان بەکار بهێنە.



## 3 نموونەی پێشنیارێکی گشتی بۆ رێکخستنی وتار

ئێستاش نموونەیەکی رێکخستنی وتار دەخەینە پێش چاوت. دەکرێت وەك نموونەیەکی گشتی بەکار بهێنرێت بەڵام لە ١٠٠٪ پێوەی پابەند مەبە. چونکە هەموو وتارێك خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی کە پێویستە قسەکانت بە گوێرەی ئەو تایبەتمەندیانە بگونجێنیت....(ئەم پێشنیارە رەچاوی بنەمای ٣ بۆ ٥ دەکات).

### یەکەم
### پێشەکی

أ- سەرنجی بەژداربووان رابکێشە.

ب- باسی ئامانجی خولەکە بکە.

ج - بیرۆکەیەکی گشتی لە بارەی بابەتەکەوە باس بکە.

### دووەم
### خاڵی سەرەکی یەکەم لە ناوەڕۆکی بابەتەکە

أ- لقێك

١- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

٢- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

ب- لقێك

ج- لقێك

١- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

٢- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

٣- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

### سێیەم
### خاڵی سەرەکی دووەم لە ناوەڕۆکی بابەتەکە

أ- لقێك

ب- لقێك

١- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

٢- خاڵێکی لاوەکی و بەڵگەکەی.

**بەڵگە**

وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ.

الروم ٥٨

واتە: بێگومان ئێمە لەم قورئانەدا هەموو جۆرە مەسەلێکمان بۆ هیدایەتی ئەو خەڵکە هێناوە.



Scanned by CamScanner

## 4 نموونەیەکی خەسڵەتەکانی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە

| | |
|---|---|
| ١- گونجاوبێت لەگەڵ ئامادەبووان و ئەو خاڵەشدا کە بەهۆیەوە بابەتەکە دەخرێتە ڕوو. | - دڵنیابە لەوەی ئەو هۆکارەی بەکاری دەهێنیت گونجاوبێت لەگەڵ ئەو خاڵەی دەیخەیتە ڕوو.<br>- لە یادت بێت هۆکاری ڕاهێنانەکەت بێبایەخ دەبێت ئەگەر پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبوو، ئیتر با زۆر سەرنجڕاکێشیش بێت.<br>- گونجاوبێت لە ناوەڕۆك و لە ڕادەی گاڵتە تێیدا. |
| ٢- گونجاوبێت لەگەڵ (ئامادەبووان، لە هەڵوێست و لەو خاڵەیشدا کە دەخرێتە ڕوو) | - کاتێك بە گشتی قسە بۆ خەڵك دەکەیت زۆر بەکارهێنانی وێنەی بەیانی گونجاو نییە.<br>- قسەکردن بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەتمەند لەوانەیە هەندێك وێنەی بەیانی و کۆمپیوتەری تێدا بەکار بهێنرێت و، قسەکردن بۆ خەڵکی گشتییش پێویستی بە بەکارهێنانی هۆکاری ڕاهێنانی ئاسانکراو هەیە.<br>- قسەکردن لە ئاهەنگی خێزانی یان مزگەوتدا دەکرێت هەندێك وێنەی گونجاو یان تابلۆی تێدا بەکار بهێنرێت، بەڵام پێویستە زۆر بە وردی هەڵبژێردرێن. |
| ٣- سەرنجڕاکێش بێت | - هۆکاری ڕوونکارییەکەت زۆر بە وردی و پاکی و ڕێك و پێکییەوە ئامادە بکە، بە جۆرێکی وا کە سەرنجڕاکێش بێت و ڕەنگەکانیشی جوان بێت.<br>- نوێگەری و داهێنانی تێدا بێت. |
| ٤- سادە بێت | - هۆکاری ڕوونکارییەکەت بە خاڵی زۆر پڕ مەکەرەوە، بەڵکو دابەشی بکە بەسەر زیاد لە هۆکارێکدا، چونکە بەو جۆرە ئاسانترە بۆ تێگەشتن و ڕوونکردنەوەی بابەتەکەش.<br>- بۆ هەر خاڵێکی سەرەکی هۆکارێکی ڕوونکاری بەکار بهێنە. |
| ٥- فۆنتی پیتەکان گەورەو ڕوون بێت | - ئەمەیش بۆ ئەوەیە تاوەکو ئەو کەسەی لە دوای دواوە دانیشتووە بتوانێت بە ڕوونی بیبینێت، چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی بێزارکردن و ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە.<br>- هۆکارێکی ڕوونکاری بەکار مەهێنە کە ئامادەبووان نەتوانن بیبینن و بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی ناچاری ئەوە نەبیت کە لە یەك کاتدا ڕوونیشی بکەیتەوە و بیشیخوێنیتەوە. |

ماویەتی

### وتەی بەنرخ

بەنرخترین شت لە بووندا
کە زۆربەی خەڵك وادەزانن
بەخۆڕاییە بریتییە لە کات.



Scanned by CamScanner

نموونەیەکی خەسڵەتەکانی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە

| | |
|---|---|
| ٦- هەمەڕەنگ بێت | - چەند جۆرێك هۆکاری ڕوونکاری بەکار بهێنە. چونکە ئەمە زیاتر سەرنج ڕادەکێشێت وەك لەوەی یەك هۆکار بەکار بهێنیت. هەر ٢٠ چرکە بۆ دوو خولەك بە پێی ئاستی سەرنجراکێشی هۆکارەکە بیگۆڕە. |
| ٧- زۆربێت | - ئامانج لە زۆر بەکارهێنانیشی بریتییە لە:<br>- هاتنەدی ئامانجەکە.<br>- یارمەتی تێگەیشتن دەدات.<br>- وا دەکات ئامادەبووان بایەخی زیاتر بە بابەتەکە بدەن. |
| ٨- گونجاوبێت | - ڕەنگەکان هەماهەنگیان لە نێواندا بێت.<br>- وێنەکە ڕوون و گونجاوبێت (ئەستێرە بۆ هاندان – وەرزش بۆ سەرکەوتن). |
| ٩- ئاسۆیی بێت | - ئاسۆیی بێت باشترە لە هۆکاری ستونی. |

### وتوویانە

ئەگەر خەڵك دەیان زانی کەوا هەتاوەکو گەیشتووم بە پلەی مامۆستایەتی چەندە ماندوبوونم کێشاوە، ئەوا بەو جوانیی و سەرسامیەوە مامۆستایەتیان نەدەهاتە پێشچاو کە ئێستا بۆی دەڕوانن..

میتشلا نفیلو






Scanned by CamScanner

## 5 نموونەیەکی ئامادەکاری کارگێڕی و ئامادەکردنی هۆڵەکە

| بڕگە | ئەو خاڵانەی کە جەختیان لێ دەکەیتەوە |
|---|---|
| شوێن | - شوێنی چوونە دەرەوە دیار بێت و ڕێنمایی چوونە دەرەوەش هەڵواسرابێت.<br>- تەوالێتەکان گونجاوبن و بە ئاسانی بتوانیت بیدۆزیتەوە.<br>- ناوی وانەکە و وانەبێژیش لە هۆڵەکەدا نووسرابێت.<br>- لە دەروازەی شوێنی ڕاهێنانەکەوە ڕێنمایی ڕوون هەڵواسرابێت بۆ شوێنی هۆڵەکە.<br>- شوێنێکی گونجاو بۆ نوێژی پیاوان و ئافرەتان تەرخان بکرێت. |
| هۆڵ | - دابەشکردنی کورسیەکان بە شێوەیەکی گونجاو.<br>- مێزەکان گەورە بن.<br>- هەواگۆڕکێی هۆڵەکە باش بێت.<br>- گەرمی هۆڵەکە گونجاو بێت. |
| ئامادەکاریی بۆ بەژداربووان | - دەستەسڕ.<br>- ئاوی خواردنەوە و پەرداخ.<br>- قەڵەمی ڕەصاص‌و لاستیك و قەڵەم دادەر.<br>- کاغەزی نووسین.<br>- تابلۆی ناوی بەژداربوان.<br>- باجی سەر سنگی تایبەت بە ناوی بەژداربووان.<br>- دۆسیەی خولەکە.<br>- نموونەی فۆرمی هەڵسەنگاندن.<br>- لیستی ناو و ناونیشانی بەژداربووان.<br>- کورتەی ژیانی وانەبێژ. |
| ئامێرو هۆکارەکان | - قەبارە و شوێنی شاشەکە گونجاو بێت.<br>- تەقسیمی کارەبایی دابین کرابێت و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئیش بکات.<br>- ئامێری ئۆڤەرهێد **overhead projector** دابین کرابێت.<br>- ماجیکی (بەکارنەهاتوو) بۆ نووسین + ڕەنگی گونجاو.<br>- ئامێری داتاشۆ **LCD PProjector** دابین کرابێت و بە باشی بخرێتە ڕوو.<br>- کۆمپیوتەر لە ئامێری داتاشۆکە بەسترابێت و ئەو فایلی پاوەرپۆینتەش کە بابەتەکەی تێدایە کرابێتەوە.<br>- فلیپ چارت و ڕەنگەکان (یان فلیپ چارت و تەختەسڕ).<br>- ئامێری دیکەی پێویست (تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، ئامێری داتاشۆ....) |

ماویەتی

### وتەی بەنرخ

کردەی کەسێك لە ناو هەزار کەسدا، کاریگەرترە لە قسەی هەزار کەس بۆ یەك کەس.



Scanned by CamScanner

نموونەیەکی ئامادەکاری کارگێڕی و ئامادەکردنی هۆڵەکە

**لەیادت بێت**

لە ڕۆیشتنی هێواش مەترسە، بەڵکو لە وەستان لە شوێنی خۆتدا بترسە.

پەندێکی چینی

| بڕگە | ئەو خاڵانەی کە جەختیان لێ دەکەیتەوە |
|---|---|
| مێزی وانەبێژ | - کاغەزی ئامادەکارییەکان و هێڵە کشتیەکان.<br>- ئاوی خواردنەوە و پەرداخ.<br>- قەڵەمی ڕەصاص و قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ بۆ نووسین.<br>- کۆپیەکی ئەو فایلەی بەسەر ئامادەبوواندا دابەش کراوە.<br>- کاتژمێری کات ڕاگرتن.<br>- ئەو کاغەز یان مەشقانەی کە دابەشیان دەکەیت.<br>- کەتیرە.<br>- دەرزی سەرپان و دەمبوس.<br>- مەقەست.<br>- کاغەزی سپی بەکارنەهاتوو.<br>- لیستی ناوی ئامادەبووان.<br>- تابلۆی ناوی وانەبێژ.<br>- ئامادەکاری تایبەت بۆ ڕاهێنانەکان.<br>- خشتەی دابەشکردنی کات.<br>- کاغەزی تایبەت بە ڕێنمایی و ئاراستەکردنی ئامادەبووان. |
| دەنگ | - با دەنگت بەهێز و ڕوون بێت.<br>- مایکرۆفۆنی گەڕۆك بۆ وانەبێژ تەرخان بکرێت<br>- ژمارەیەك مایکرۆفۆنی پێویست بۆ بەژداربووان دابین بکرێت.<br>- ئامێری تۆمارکردن و شریتی بەتاڵ. |
| مێزی سەرپەرشتی کردن | - لیستی ناوی بەژداربووان.<br>- وەصڵی وەرگرتنی پارەی بەژداربووان.<br>- پەڕاو و شریت بۆ فرۆشتن.<br>- تەلەفۆن بۆ پەیوەندیکردن.<br>- باجی تایبەت بە ناوی سەرپەرشتیاران.<br>- دابەشکردنی مێزەکان بە گوێرەی بەژداربووان (ئەگەر ژمارەیان زۆربوو).<br>- ڕاگەیاندنی خول یان وانەکانی داهاتوو.<br>- پارە بۆ خەرجکردن. |
| کاروباری تر | -ئامادەکردنی مێزی چا.<br>- ئامادەکارییەکانی تایبەت بە خواردن.<br>- کورسی زیادە بۆ خواردن یان پشوودان. |



Scanned by CamScanner

## 6 نموونەیەکی دابەشکردنی کات

**پێشنیاری دابەشکردنی کات بۆ وتاری کورت (٣٠ خولەك).**

| دابەشکردنی کات | ناوەڕۆك |
|---|---|
| ١ – ٥ خولەك | پێشەکی (ئامانج و خاڵە سەرەکیەکانیان پێ بڵێ) |
| ٢٠ خولەك | - ئامانج و خاڵە سەرەکیەکانیان بۆ باس بکە.<br>- باسی بەڵگە و نموونەکانیان بۆ بکە. |
| ١-٥ خولەك | کۆتایی (ئەوەی وتوتە کورتی بکەرەوە و بە بەڵگەیەکی سەرنجراکێش کۆتایی پێ بهێنە ) |

**پێشنیاری دابەشکردنی کاتی وتارێکی درێژ (یەك کاتژمێر) بە گوێرەی یاسای ٣ بۆ ٥**

| دابەشکردنی کات | ناوەڕۆك |
|---|---|
| ٣-٥ خولەك | پێشەکی – سوپاسکردن – سەرنجراکێشان – ئامانج و خاڵە سەرەکیەکانیان پێ بڵێ. |
| ١ خولەك | چوونە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکەوە. |
| ١٥ – ١٧ خولەك | ١- خاڵی سەرەکی یەکەم. پاشان: خاڵەکانی لقێك/ بەڵگەکان/ هۆکاری ڕوونکردنەوە. |
| ١ خولەك | چوونە سەر خاڵی دواتر |
| ١٥ – ١٧ خولەك | ٢- خاڵی سەرەکی دووەم<br>پاشان: خاڵەکانی لقێك/ خاڵە لاوەکیەکانی هەر لقێك/ بەڵگەکان/ هۆکاری ڕوونکردنەوە. |
| ١ خولەك | چوونە سەر خاڵی دواتر |
| ١٥-١٧ خولەك | ٣- خاڵی سەرەکی سێیەم<br>پاشان: خاڵەکانی لقێك/ خاڵە لاوەکیەکانی هەر لقێك / بەڵگەکان/ هۆکاری ڕوونکردنەوە. |
| ٣ خولەك | کۆتایی (ئەوەی وتوتە کورتی بکەرەوە و بە شتێکی سەرنجراکێش کۆتایی بە بابەتەکەت بهێنە) |

**وتوویانە**

مروڤ کاتێك بەپێوە دەوەستێت زیاتر لە هەر دۆخێکی تر کە تێیدایە ماندوو دەبێت.

غریغوری غریفت



Scanned by CamScanner

# بیرۆکە کەسیەکانت

١. ئەو خاڵانەی لەم دەروازەیەدا پێیان سەرسام بوویت

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

٢. ئەو خاڵانەی دەتەوێت ئەنجامیان بدەیت.

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

٣. ئەو خاڵانەی دەتەوێت گۆڕانکارییان تێدا بکەیت (شتی بۆ زیاد بکەیت).

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

Scanned by CamScanner

## فەرهەنگۆك

| | |
|---|---|
| شريحه | سلايد |
| الشفافيه | شەفافيەت |
| وسائل الايضاح | هۆكاری ڕوونكاری |
| صقل | مشتومالٌ كردن |
| منطق | بيرئاسا، ژيربێژی، لۆژيك |
| عرض | خستنەڕوو، نمايیش كردن |
| مهاره | لێهاتوويی |
| خبره | شارەزايی |
| الايجابی | ئەرێنی |
| السلبی | نەرێنی |
| النظره الاولی | سەرنجی يەكەم |
| الارتجال | سەرپێيی |
| تطبيقات | بەكارهێنان |
| الاسلوب | شێواز |
| تركيز | كۆبير |
| الافضلية | لەپێشتربوون |
| تغطيه | ڕوومالٌكردن |
| الاسترخاء | خاوكردنەوە |
| الاقناع | ڕازی كردن |



Scanned by CamScanner

# فن الإلقاء الرائع

د.طارق السويدان



## ئەم پەڕاوە بۆ کێیە؟

بۆ هەموو ئەو کەسانەیە کە خەڵکی گوێ بۆ قسەکانیان دەگرن...
ئەوانەی لە پۆلەکانی خوێندندا سەرقاڵی وانە وتنەوەن...
هەموو ئەو کەسانەی کە وتار دەدەنو کۆڕو سیمینار سازدەکەن....
بۆ بیرمەندانو ڕێبەرانی چاکسازی کۆمەڵایەتی...
بۆ ئەو کەسانەی لەسەر مینبەرەکان خەریکی وتاردانن ...

هەر لەم پەڕاوەدا ئەو بنەمایانەم باسکردووە کە ئەگەر بتوانیت جێبەجێیان بکەیت ئەوە دەبیتە وتاربێژێکی ناوازە.. وەك بنەماکانی کۆنترۆڵکردنی دەنگو جوڵەی کاریگەر، بە چاکی بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕوونکاری، چارەسەری ترس، چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان، خۆ ئامادەکردنو سیماکانی پێشەکیو ناوەڕۆكو کۆتایی کاریگەر، جێگاکانی وەستان، سەدەها بنەمای دیکەی گرنگ کە بۆ ئەوەی لە وتارو کۆڕو سیمینارەکانتاندا سەرکەوتووبن زۆر زۆر پێویستتان پێیان دەبێت.

بۆیە لەپێناوی تۆی وتاربێژ... تۆی وانەبێژ... تۆی سیاسەتوان... تۆی ڕاگەیاندنکار... هەموو ئەوانەی قسە بۆ خەڵك دەکەن...
ئەم پەڕاوەم نوسیوە

د. طارق محمد السویدان



0-4110-0000-4
9 780411 000004

نرخی (١٣٠٠٠) دینارە

Scanned by CamScanner